تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

تەئریخی جاف

دانراوی

کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف

لێکۆڵینەوەی

دوکتۆر حەسەن جاف

پێشەکیی

محەمەد عەلی قەرەداغی

چاپی یەکەم

١٤١٦ ك - ١٩٩٥ ز

داودبەگی جاف

• محەمەدبەگی فەتاحبەگی جاف

بسم الله الرحمن الرحيم

سەرەتایەك

ئەو کەسەی بیەوێ شتێك دەربارەی مێژووی گەلی کوردو کوردستان بزانێت ، لە یەکەم هەنگاودا یەکەم کۆسپ کە پێی لێی هەڵدەکەوێ نەبوونی سەرچاوەی باشە دەربارەی ئەو مەبەستەی ، چ بە زمانی کوردی بێت یان زمانانی دیکە ، هەر لەبەر ئەمەیشە هەندێ نووسەری پشووقووڵ ، کە دەیانەوێ شتێك بۆ مێژووی کۆنی کورد بکەن بە ناو کتێبە مێژوویییە گەورەکاندا دەگەڕێنو ، چییان دەربارەی باسەکە دەست بکەوێت کۆی دەکەنەوە .

ئەم دەردە سەختو کوشندە تا ماوەیەکی درێژ هەروا بەردەوام دەبێتو ، زانایانو لێکۆڵەرەوانمان بەدەستیەوە دەناڵێنن . خوالێخۆشبوو کەریم‌بەگی فەتاح‌بەگیش کە بیری لەوە کردوەتەوە شتێك دەربارەی مێژووی جاف بنووسێت ، ئەو تەگەرە گەورەی لەرێگەدا بوەو ، خەمبارانە دوای ئەوەی پێی‌هەڵکەوتوەو خەریك‌بوە نووچ‌بات ئاوا دەردی دڵی خۆی دەربڕیوە :

« بۆ موحافەظەی تێکنەچوونی ئیستیقلالی بابان زۆر بەگزادە لە بەگزادەکانی جافو پیاوی چاکی جاف کوژراونو ، بەم رەنگە رۆییونو ، خۆیان فیدای وەطەنی کورد کردوەو ناویشیان نیە ، ئەمەش بە واسیطەی ئەمەوەیە کە ئومەراو پاشاکانی کورد موبالاتیان بە تەئریخی کورد

نەکردوەو ، تیکرار ئەینووسمو بەیانی دلگیریی ئەکەم کە رابوردووی هەموو میللەتێ ئەچێتە عەوری ئەئریخەوە ، ئەمما رابوردووی کوردی بێچارە چۆتە ژێر خاکو خوێی بێ‌ئەئریخیوە • ئەکەنا ئەتوانم بنووسم بۆ موحافەظەکردنی ئەم خاکە کەمەی بابانە نیوەی میللەتەکەی خوێنی خۆی رژاندوەو ناویشیان نیە ! » •

کەریم‌بەگ بەم پێزانینەوە کە خاوەنی ئەو هەستو سۆزەیش بوە ویستوویەتی هەستەکەی بە هەناسەهەلکیشانی رووتو دەستەوسانیو دەستەوئەژنۆ دانیشتنەوە نەباتەسەرو ، بەوەی پێی‌دەکرێ شتێك‌بکات • ئەوەتا هاتوە ـ با کەمو بچووکیش بێت ـ گەوهەرێکی گرانبەهاو ملوانکەیەکی مرواریی دوای خۆی بە یادگارێکی زیندەو نەمر بۆ بەجێ‌هێشتووین • یادگارێك ، ئەگەر لە صەدانو هەزارانی زاناو رۆشنبیرانی پێشوومان یەکێکیان ـ هەرکەسەو لەبواری خۆی‌دا ـ کارێکی وای بکردایە ئێستە شتێکی دی دەبووینو ، ئێمەیش وەك گەلانی خوداپێداوی جیهان خاوەنی سەروکلاوی خۆمان دەبووین •

خوالێ‌خۆش‌بوو کەریم‌بەگی جاف هاتوە نووسینی مێژووی جافی هەلبژاردوە بۆ ئەوەی وەك یادگارێکی شاناری بابەتی خۆی بمێنێتەوەو ، پشتاوپشت یادی بکرێتەوەو ، ریزی زیاتر ببێت •

ئەگەر بمانەوێ بەکورتیی لە بایەخی ئەم کارە شاکارە بدوێین بایەخی سەرەکیی لەوەدایە پیاوێکی شارەزای کارامەی بەتەنگاوەهاتوو لە بوارێك‌دا، کە خۆی شاسوار بوە تێیی‌دا ، ئەسپی بیرو قەلەمی ژێری لنگ‌داوەو ، ئەنجامەکەی (تەئریخی‌جاف)بوە ، تەئریخێك کە نووسراوی دەستی پیاوێکی قالبووی ناو دیوەخانو رەشدەواری جافو ، گەرِیدەو دنیادیدەی بەهارو پایزو گەرمیانو کوێستانکەری ئێرانو عێراقەو ، هەرچی نووسیوە یان خۆی دیویەتیو تیا ژیاوە ، یان وەك تەواتور دەماودەم چەندین جار لە کۆرِو دیوەخانان‌دا بۆی گێرِراوەتەوەو بوە بە بەشێکی بیرو هۆش‌و هەستی •

ئەوەتا دەبینی کە گەرمیانو کوێستانت پێدەکات هەر ئەوەندەی لە تۆ دەوێ کە شوێن فەلەمەلەی بکەوی‌و بەس ، ئیتر ئەو لە قەرەتەپەوە بیگرە بە دەشتی ترکو کاکیی‌بەکاکیی گەرمیاندا دەت باو خاڵ بە خاڵو نوختە بەنوختە ، وارگەبوێری ناکات تا لەئەلی پەیکولیی ، یان سەگرمە ، یان هەر نوختەیەکی دیکەوە ئاوات دەکاتو ، ڕێگەی خێڵەکانت یەکە یەکە نیشاندەداتو ، گشتیان دەباتە ئێرانو ئەردەلانو وارگەو لەوەڕگەو بەهارخۆریی‌و هەوارەو هەواری ئەویشت بۆ دەنووسێ !

یان کە دێتە سەر هەڵدانی ناوی سەرەكهۆزو خێڵەکان بە ناوی خۆیانو باوباپیرو بنەچەیانەوە ناوی ئەو صەدانو هەزارانەی لەبیر ناچێت ..

هەروەها هەر فەصڵێك لەو سیازدە فەصڵەی کە نووسیویەتی ئەوەندە وردو شارەزایانە نووسیویەتی لەوە چاکترو باشتر نانووسرێت . ئەمانەیش هەمووی بێ ئەوەی کتێبێکی لەو بابەتەدا خوێندبێتەوە ، یان کەسێك پێش ئەو شتێکی وای نووسیبێ .

ئەمە بە تەنها بەسە بۆ ئەوە ئەم کتێبە لە بواری خۆی‌دا وەك شاکارێك بچێتە ناو مێژووی کوردەوەو ، بەردی بناغەی ئەم لایەنەی مێژووی گەلی کورد بێت‌و نەوەکانی دوای ئەو لێی‌زیاد بکەن .

خۆ ئەگەر لە کاتی خوێندنەوەی‌دا هەست بە هەندێ لاوازیی لە رووی داڕشتن‌و رستەسازی‌یەوە بکرێت ، ئەوە تێروتەسەلیی ناوەرۆكو ، پوخت‌و دروستیی زانیاری‌یەکانی‌و ، بەبڕشتیی‌و بەپێزیی تۆمارکردنی رووداوەکانی ئەو لاوازیی‌یە لەبیری خوێنەر دەبەنەوە .

لەگەڵ ئەوەدا ـ وەك گوتوومە ـ کە ئەم کتێبە لەسەرنووسینی زۆر هەڵدەگرێت‌و ، لەمەوولا دەمەتەقێی لەسەردەکرێت ، ئێستە ئەوەندە دەڵێم: ئەگەر بە وردیی سەرنجی ناوی تیرەکانی کۆن‌و نوێی جاف بدرێت لەوانەیە چەند تیرەیەك ناویان لەم کتێبەدا نەبێت ، وەك تیرەکانی : گورگ‌کوش‌و ،

قەڵخانچكو ، ئیلیاسییو ، گاخۆرییو ، داراو ، بیبانییو ، خێڵی صۆفیو ، گشكیو ، یوسف‌یارئەحمەدیی (یوسوور ئەحمەدیی) ، هورمزیارو ، زەهاوییو ، دارخۆرو ، كافرۆشییو ، چنگنییو ..

منیش كە ئەم كتێبەم دۆزییەوە چیم‌كرد ؟ بێ‌گومان نووسەری ئەم كتێبە كە خاوەنی ئەو بیرو هەستە پیرۆزو دڵسۆزییە‌یە كەم وێنەیە بوو‌بێت ، ئاواتی گەورەیشی ئەوە بوە رۆژێ لە رۆژان كتێبەكەی بگاتە دەست خوێنەرانی كوردو ، وەك دەڵێن : (ماڵو پیاوی شارەزوور) تا (ماڵو پیاوی كورد) دانەیەكی لە كتێبەی هەبێت‌و ، مێشكیان بە زانیارییەكانی زاخاو بدەنەوەو ، شتێك لە رابوردووی بەشێك لە گەلەكەیان بزانن . جا بۆ هێنانەدیی ئەم‌ئاواتەو ، خزمەتێك بە مێژووی گەلی كورد لەم دەرفەتەدا ئەم كتێبە ـوەك خۆی‌ـ وەك بەڵگەنامەیەكی مێژوویی ، دوای ئەوەی بە رێنووسی باوی ئەمڕۆی كوردی نووسیمەوە .. پێشكەشی كتێبخانەی كوردیی ئەكەم .

گومان لەوەدا نیە ئەم كتێبە كەلێنێكی گەورە لە كتێبخانەی كوردی‌دا پڕدەكاتەوەو ، لەمەولا سوودی باشی لێ‌وەردەگیرێ‌و ، سەرچاوەیەكی دروست‌و جێگەی متمانەی كاری ئەمەولای ئەو كەسانە دەبێت دەیانەوێ شتێك بۆ مێژووی گەلی كورد بكەن . جگە لەوەیش ئەم كتێبە جێگەی دەمەتەقێ‌و قسەوباس دەبێت‌و ، لە فرە لاوە لەسەر نووسین هەڵدەگرێت . بەڵام ئێمە لەم دەرفەتەدا تەنها كتێبەكە دەبووژێنینەوەو گیانی پاكی نووسەرە دڵسۆزە بەڕێزەكەی لە ئارامگای هەمیشەیی‌دا بەوە شاد دەكەین كە بەرهەمەكەی لە چنگی مۆتەكەی لەناوچوون رزگار دەكەین‌و بڵاوی‌دەكەینەوە .

لێرەدا ئەوەندە نابوێرم کە دۆزینەوەی کتێبێکی ئاوا بەڵگەی زیانی قەرەبوونەکراوەیە لەگەلەکەمان ، چونکە پیاوێکی وەکوو کەریم‌بەگ کە ماوەیەکی زۆر نییە ماڵئاوایی لە جیهان کردوەو ، لە ژیانی خۆیدا بەدەستەلاتو دەستڕۆیشتوو بوەو ، مەبەستیشی بوە رەنجەکەی بەفیڕۆ نەڕواتو ، دوای خۆیشی ماڵو شوێنەواری پارێزراوەو ، نەوەکانیشی خوێندەوارو رۆشنبیر بوون ، کەچی ئەم کتێبە بەنرخەی ، کە یادگاری گەورەی بوە بۆ گەلەکەی ، بەو دەردە چوە کە تا ئێستە سەرو سۆراخی نەکراوەو ، لەوانەیش بوو بۆ یەکجاریی سەری تێدابچێت ئەگەر ئەو رێکەوتە نەبوایەت کە ئەم دەستخەتەم تێدا دۆزییەوە ! جا ئەمە حاڵی ئەم کتێبە بێت دەبێ مەلایەکی هەژاری بێدەرامەت کە ٢٠٠-٣٠٠ ساڵ یا زیاتر لەمەوپێش لە کوێرەدێیەکی چەپەکی دوور لە ئاوەدانیی کوردستاندا ژیابێت ، هاتبێ بەرهەمێکی باشی بەسوودی بۆ گەلو وڵاتەکەی نووسیبێ ، کە بەهەزار ناری عەلی کاغەزو مەرەکەبی نووسینەوەی نوسخەیەکی دەستکەوتبێتو ، نوسخەکەیش لەژیانیخۆیدا بڵاونەبووبێتەوەو ، دوای خۆیشی دەست بێوەژنێکو دوو سێ زەڕنەقووتەی سەلکەوپێچکە کەوتبێت .. دەبێ چی لێچاوەڕوان بکرێت ؟ گومانیش لەوەدا نیە لەم بابەتانەمان زۆر بوە .

ئەم دەستخەتە چۆن دۆزرایەوە ؟

ئەم پیاوە -خوالێخۆشبوو کەریم‌بەگ- پیاوێکی وردبینو دووربین بوەو ، بەپارێزەوە بۆ شتی روانیوە ، هەر ئەو پارێزو دووربینییەیشی ئەم کتێبەی لە چنگی لەناوچوون -کە دەیانو صەدان بەرهەمی کۆنو نوێی زانایانی کورد بەقوڕگیدا چوون - پارازتوە . چونکە -وەك دەحەسەنی کوڕی دەڵێت - کاتی خۆی کە ئەم کتێبەی داناوە چوار نوسخەی لێ نووسیوەتەوەو ، بۆ لای پیاوانی رێزلێگری ئەم جۆرە شتانەی ناردوون ،

کەچی هێشتا لەم ماوە کەمەدا خەریك بوە ئەمانیش تێدابچن‌و ، تەنها ئـــەم دانەیان ـ کە تا ئێستە زانرابێت ـ بە پەلەقاژە قوتاربوە •

خوالێخـۆشبـوو نوسخەیـەك لـەو چوارەی بـۆ لای مێژوونووسی بەناوبانگ خوالێخۆشبوو عەباس عەزاویی ناردوە • ئەمیش بـەداخەوە ـ کە خۆی نەخۆشیی کەنەفتی کردوە ـ هێشتا لە ژیانداو لە سەر نوینی نەخۆشی‌و پەککەوتەیی‌و سەرەمەرگ بوە ، نەوەکانی دەستیان خسنوەتە تیبخانەیی‌و پرژوبلاویان کردوەتەوە ، لە پاشماوەی ئەو کتێبانەو ـ دیارە دوای چەنـــد کەوو بێژنگێك ـ کۆمەڵێ شڕەوپڕە ماونەتەوە راجیحەخانی کچی ـ کاری راست بێت ـ لە باتی ئەوەی بیاندا بە دەمی گڕی ئاگرەوە هێناونی بۆ (دار صـدام للمخطوطات)و ، لە ناو ئەوانەیش‌دا (تەئریخی جافی کەریم بـەگ) بـوو ؛ بەڵام کە هاتبوە ئەوێ بێ‌ناوونیشان‌و بێ‌نازو ناو لە سـەری نووسرابـــوو (مخطوط ترکی ...)و ئەگەر ئەم گەشت‌وگێلەی من نەبوایـە لەوانە بـوو ـ هەر هیچ نەبێ ـ تا ماوەیەکی دوورو درێژ هەواڵێك لەم یادگارە نەبوایەت •

ئەم نوسخەی بەردەستیشمان پەڕەی یەکەمی کەوتوەو هەندێـك لـە پێشەکی‌یەکەی دانەر تێداچوە •

دوایی کە بەڕێز حەمەسەعیدبەگی جاف نموونەی ئەم دەستخەتەی بینی ئاگاداری کردمەوە کە ئەمە خەتی رەزابەگی جافەو ، ئەم پیاوەیش سـاڵی ١٩٤٠ کۆچی دوایی کردوە • واتە دەبێ ئەم دەستخەتە پێش ئەو مێژووە نووسرابێتەوە •

ئەم دەستخەتە لە(دارصدام للمخطوطات)دا بە ژمـارە (١٤٢٧٠) پارێـزراوە •

دەمێنێتەوە ئەوە بڵێم ـ کەزووتریش ئیشارەم بۆ کرد ـ دانەری ئـەم کتێبە مێژووی گێڕاوەتەوەو ، شێوازی ئەدەبیی لە گێڕانەوەکەدا بەکـار ـ

نەهێناوەو ، جارجاریش دووچاری ئاڵۆزیی‌و لاوازیی لە داڕشتن‌دا بوەو ، کەم‌کەمیش لەبیرچوونی هەیە • ئەوانەم وەك خۆیان نووسیوەو چەند جارێك، لە پەراوێزەوە ـبۆ نموونەـ هەندێك لەو کەم‌وکوورییانەم دیاریی کردوەو ، ئەوانی دیکەیشیم داوەتە دەست هەست‌و بیرو شارەزایی خوێنەر •

دەبێ ئەوەیشم لەبیرنەچێت کە دانەری ئەم کتێبە ناوی دەیان گـوندو شاخ‌و کانیاوو ملـەو هەڵـەت‌و ••• هێنـاوە ، ئـەو ناوانـەیش گەرمیـانو کوێستانی ئێران‌و عێراقیان گرتوەتەوە ، خۆشبەختانە لەگەڵ بەشێکی زۆری ناوی ئەو شوێنانەی گەرمیان‌و سەنگاوو قەرەداغ‌و شارەزوور ، شـارەزا بووم‌و ، هەندێکیشیانم لە شارەزایان پرسی‌و ، بە تایبەتیی حاجی ئیبراهیمی شاتریی گەلێ شوێنی پێ‌وتم‌و ، یارمەتیی‌دام لەوەدا ناوەکـان بە گوێـرەی ڕێنووسی ئێستە بە دروستیی بنووسم ، خودا لەشی ساغ‌و تەمەنی درێـژی پێ ببەخشێت • هەرچەند هێشتا چەند ناوێکیشم وەك پێویست بـۆ ساغ نەکراوەتەوە •

محەمەدعەلی قەرەداغی

لێکۆڵینەوەیەکی « تەئریخی جاف »

ئـەم کـوردە کـە لە لاپەڕەی مێژووی دێرینیـدا بـەو ناوەوە کـە نەتەوەیەکە ناسراوە • بێگومان کورد لە چەند هۆزو ، تیرەو ، خێڵو بنەماڵەو خێزان پێکهاتوە ، بەمانەو بە مەرجەکانی تری نەتەوە ، وەك بوونی مێژووی هاوبەش‌و ، سەرزەمینێکی ناسراو کە ولاتیان بێ‌و ، ئابووریی هاوبەش‌و ، هاوقازانجیی‌و ،•• چەند مەرجێکی تریش •• بنچینەی بوونی نەتەوایەتیی بۆ خۆی چەسپاندوە کە پێی‌دەڵێن (نەتەوەی کورد) •

بۆ زیاتر شارەزابوون لە نەتەوەی کـوردو ، زانینی مێژووی گـەلی کورد پێویستمان بە شارەزابوون لە تیرەکانی کورد هەیەو ، هۆزێك لـە هۆزەکانی گەلی کوردیش هۆزی ناسراوی جافە ، کە یەکێکـە لە هـۆزە سەرەکییەکانی میللەتی کورد ، کە مێژووی پڕ لەشانازیی ئەم میللەتەیـان پێکهێناوە •

ئاشکرایە زانینی مێژووی هۆزی جاف دەبێتە بەڵگەنامەیەکی شایان کە مێژوونووسان لە داهاتوودا سوودێکی باشی لێ‌وەربگرن بۆ نووسینی مێژووی میللەتی کورد ؛ چونکە ئەوانەی ئەیانەوێ دەربارەی گەلی کـورد شتێ بزانن‌و تۆماری بکەن لە یەکەم‌هەنگاودا یەکەم کۆسپ کە پێیان لێی هەڵدەکەوێ نەبوونی سەرچاوەیەکی باشە دەربارەی گەلەکەیـان • ئـەم

دەردە سەختە کوشندە تا ماوەیەکی درێژ هەروا بەردەوام دەبێتو ، نووسەرانو لێکۆلەرەوانو رۆشنبیران بەدەستیەوە دەنالێنن •

بێگومان یارمەتیدەری نووسەران بۆ زالبوون بەسەر ئەو کۆسپانەدا یاداشتو نووسینی پیاوەناسراوەکانی میللەتی کوردە کە لە قۆناغێکی تایبەتیی مێژووی گەلەکەماندا نووسراون • ئەم جۆرە نووسراوانە یارمەتیەکی شایانی رۆشنبیرانو زانایانی میللەتی کورد ئەدەن بۆ باشترلێکۆلینەوەی مێژووی کۆمەلایەتیو سیاسییو ئابووریی میللەتەکەیان، چونکە نووسین لەسەر هەر بابەتێکی سیاسییو کۆمەلایەتییو زانستیی پێویستیی بە چەند گەرانەوەیەك بەرەودواوە هەیە بۆ بنەوانی مەسئەلەکەو رای مێژوو بەلگەی باوەرپێکراوی نووسراو ، یان قسەی ریشسپییو پیاوە بەتەمەنەکان ئەگەر رووداوەکە دوور نەبێت ، چونکە بەم جۆرە لە حەقیقەتی مێژوویی نزیك ئەبینەوەو غایەی مێژوویش گەیشتن بەحەقیقەت بەولاوە شتێکی تری تێدا وەدەر ناکەوێ •

خوالێخۆشبوو کەریمبەگی جاف ١٨٨٥ – ١٩٤٩ یەکێ لەو پیاوە ناسراوانەیە کە دەربارەی مێژووی هۆزی جاف نووسراوێکی بەنرخی بۆ بەجێهێلاوین • ئەوەی شایانی باسە ئەم نووسراوو یاداشتانە بوونە مایەو کەرەسەی نووسراوی زۆربەی مێژوونووسەکانی وەك خوالێخوشبووان : محەمەد ئەمین زەکی بەگو ، عەلادین سەجادیو ، عەباس عەزاوییو ، هەندێ لەمێژوونووسانی تر کە لەم دواییەدا لە مێژووی کورد دوواون •

کەریمبەگی جاف (تەئریخی جاف)ی بە چوار نوسخە نووسیبووەوە : یەکەمیان : لای مستەفابەگی کوری بوو ، لە رووداوەکانی ١٩٦١دا لەناو چوو •

دوەمیان : لای حەسەن فەهمیجاف بوو •

سێیەمان : لای مێژوونووسی کورد ئەمینزەکی بەگ بوو • کە باسی

جافی لە کتێبەکانیدا نووسیوە پەنجەی بۆ نووسینەکەی کەریم بەگ راکێشاوە •

نوسخەی چوارەم : لای خوالێخۆشبوو عەباس عەزاویی بوو •

بەندە لە وتارێکدا بە سەردێڕی دۆزینەوەی هەندێ یاداشتی ونبووبەشێ لەو یاداشتانەم لە کتێبخانەی حەسەن فەهمی جافدا وەچنگ کەوتو بڵاوم کردەوە(1) •

لەو وتارەدا هیوام دەربڕی کە نوسخەیەکی تەواومان دەست کەوێتو لە هەلێکا پێشکەشی خوێندەوارانی کوردی بکەین ، چونکە ئەو نووسراوە بەنرخە یادگارێکی گەورەی باوکم بۆ مێژووی گەلی کورد بوو •

لە راستیدا ئەگەر هیمەتی دۆستی بەڕێز مامۆستا شێخ محەمەدعەلی قەرەداغی نەبوایە لەوانەبوو هەتا هەتایە بەدەست نەکەوتایەو ، ئەم بەرهەمە لە کیسی میللەتی کورد بچوایە • بێگومان دۆزینەوەی ئەم نووسراوە لەلایەن شێخ محەمەدعەلی قەرەداغییەوەو ، خستنە سەر رێنووسی باوی کوردی کارێکی بەنرخەو جێی سوپاسو پێزانینە •

شایانی باسە دانەری ئەم کتێبە مێژووی گێڕاوەتەوەدو ، شێوازی ئەدەبیی لە گێڕانەوەکەدا بەکارنەهێناوەو جارجاریش دووچاری ئاڵوزییو لاوازیی لە دارشتنی نووسینەکانیدا بوەو ، کەمکەمیش هەڵەی مێژوویی تێدا دەبینرێ ، چونکە ناوبراو سەرچاوە فارسییو تورکیەکانی چنگ نەکەوتوە بۆیە دووچاری ئەو هەڵانە هاتوە •

بەندە هەوڵ ئەدەم لە لێکۆڵینەوەی ئەم کتێبەدا دەست بۆ ئەو هەڵانە راکێشمو ، بەگوێرەی توانا تێبینیەکانم تۆمار بکەم ، بەهیوای ئەوەی

(1) بڕوانە : رۆژنامەی (العراق) ژمارە ٢٧٦٧ چوارشەمە ٦ی ئازاری ١٩٨٥ ز

سوودمەند بن • بێگومان ئەم هەڵانەو ئەو لاوازیە کەمانە لە رستەسازیـدا نابنە هۆی کەمکردنەوەی نرخی بەرزی ئەم بەرهەمە ، چونکە تێرو تەسەلیی ناوەرۆكو ، پوختو دروستیی زانیاریەکانی ئەو لاوازییانە لـە بیری خوێنەر دەبەنـەوە •

کەریم‌بەگی نووسەری ئەم کتێبە دڵسۆزی هۆزو میللەتەکەی بوەو ، ئاواتی گەورەی ئەو بوە رۆژێ لە رۆژان کتێبەکەی بگاتە دەست خوێنەرانی کورد • جا بۆ هێنانەدیی ئەم ئاواتەو خزمەتێك بە مێژووی گەلی کـورد ، لەم دەرفەتەدا ، بە یارمەتیی مامۆستا شێخ محەمەدعـەلی قەرەداغـی ئـەم کتێبەمان بەرێکوپێکیـی وەك بەڵگـەنامەیەکـی مێژوویـی پێشکەش بـە کتێبخانەی کوردی کرد •

گومان لەوەدا نیە ئەم کتێبە کەلێنێکی گەورە لە کتێبخانەی کوردیدا پڕدەکاتـەوەو ، لەمـەودوا سوودی بـاشی لێ وەردەگیـرێو ، ئەبێتـە سەرچاوەیەکی دروستو جێگەی متمانەی مێژوونووسانی کورد •

بێگومان ئەو نەتەوانەی مێژوویێکی هەژارو لاوازیـان هـەیە دەبێ رۆڵەکانیان هەوڵو تەقەلا بدەن مێژووی نەتەوەکەیان نە هەموو روویەکەوە تێروتەسەل بکەن • ئێمەی کورد ناڵێین مێژووەکەمان لاوازە ، بەلام زۆریش بەسامان نیەو ، پێویستمان بە کۆششو هەولێکی فراوانو بەربلاوە کـە نەخشی هەر مرۆڤێکی هەڵکەوتووی کورد لەهەر چینێك بێ ، لەهـەر رشتەیەکدا هەڵکـەوتبێ ، بخەینـە بەرچاوو پێیـدا هەڵـدەینو گەورەی بکەینو ، پتر رەنگو رووی ئاشکرا بکەین •

بەڵام بەداخەوە ، هەر وەك مامۆستای بەڕێز مەسعوود محەمەد دەڵێ ، رۆشنبیری کوردی سەردەم وەها لەبەر زمانی خۆش‌دێت هەڵنانو رێزلێنان بۆ مرۆڤـی بێسامـانو رووتوقووت بێ ، رقـی لە شۆرەتـی پیاوانـی خاوەن‌سامانو دەسەڵات هەڵدەستێت ، حاڵ گەیشتۆتە ئەو بارەی رۆشنبیرە

نەوباوەکانمان بە نووسینی بێ پێچوپەنا هەموو سەرۆك شۆڕشەکانی لەمەوپێشی کورد سەرکوت و تاوانبار دەکەن ، ئاشکرایە ئەو کوردەی بە چاوێکی سووکەوە بڕوانێتە گەورەپیاوانی میللەتەکەی خۆی بەهەلەدا چوە ، چونکە ئەوەی رێز لە گەورەپیاوانی نەتەوەکەی نەگرێ بەهیچ جۆرێ نیشتمانپەروەر نیەو ، شۆڕشگێڕو خەباتگێڕانی میللەتانی تریشی خۆش ناوێ • ئەمجا برا سەیرێکی دڵو دەروونی خۆت بکەو ، خورتەی هەناوت بەعەیارە دابنێ بۆ بەرتەك (رد فعل)ی ئەو خەبەرەی کە لە بارەی داخوازیی مەردایەتیی دەرەبەگێکی ٢٠٠ـ٣٠٠ساڵ لەمەپێشت بۆ باس دەکرێ ، تا ئەگەر خەبەرەکە بەلای تەبیاتەوە تاڵو تفت بوو خێرا بڕۆ بۆ لای پزیشکێکی نەفسیی‌و لێیمەگوێزەوە هەتا ئەو پێژدۆکە دەمارەی هەناوت لە رەگەوە هەڵدەبڕێتەوە ، تۆ ئەگەر ئەو نەخۆشییە دەروونییەت چارەسەر نەکەیت هەمیشە ئامادەئەبیت لە بۆ برێ بەرژەوەندیخۆت پابدەیتەوە سەر دۆستو هاوڕێو هاومەذهەبو هاوئامانجەکانتو تەپڵی تۆپانیان پێبکەیتو بۆیاخێکی درۆزنیی لە کارەکەت هەڵسویو بیکەیت بە فەرمانی خەبات مێژوو چاکەی گەل چارەنووس(٢) •

میللەتی کورد بە درێژایی مێژوو قارەمانی لە هەموو چینو توێژاڵەکانی هەڵکەوتوەو هەڵیش دەکەوێ ، بێگومان نەتەوەی کورد لەم بارەوە نەزۆك نیە ، کەوابوو دانمان بە قەدیسیەتی کوردا نا بۆمان دەرئەکەوێ نەتەوەی کورد هەیەو ، نەتەوەیش هەبوو ئەبێ هەموو جۆرە کەسێکی تیدا هەبێ ، چونکی وەکوو بێشەلانی لێ دێ ، چۆن بێشە هەموو جۆرە دارێکی تێدایە لە : گەورە ، لە بچووك ، لە وەچ••• نەتەوەیش هەموو جۆرە

---

(٢) بڕوانە : حەمەئاغای گەورە ، مەسعوود محەمەد ، بەغدا ١٩٨٦ ، ل : ٥ ـ ١٠ •
هەروەها : شێخ مەحموودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارەوەی کوردستان ، لەندەن ، ١٩٩٠ ، ل : ١٧ •

کەسێکی تێدایە ، کەوابوو ئێمەی کوردیش هەموو جۆرە کەسێکمان تێدا پەیدابوە چ لە خاوەن شیر یابیر ، بێجگە لەوانەش کەلێ لەو پیاوە غەیری کوردانە کە ئێستا لە بەرچاوی منو تۆدا بە دیمەن وەك کێوی هەلگورد دێتە بەرچاومان ئەوە خاوەن قەلەمەکانیان نەیانهێشتوە ئەو دیمەنانەیان ون بێ ، ئەگینا لە راستیدا وەنەبێ دیمەنی ئەوان زۆر لە دیمەنی پیاوەکانی ئێمە بەرزترو بەتەنو مەتتر بووبن •

ئەگەر پیاوانی ئێمەیش بنووسرایەنەوەو کردەوەکانیان بخرایەتە بەرچاو لەوان کەمتر نەئەبوون • جا بۆ ئەوەی زیاتر مێژووی میللەتەکەمان بە راستیی بنەخشێنین و بچەسپێنین پێویستمان بە لێکۆلینەوەی بێپشووی زۆر هەیە ، بەلام بێ ئەوەی لە رابوردوو و ئێستەمان بتۆقین و شەرم بمانگرێ •

دەبا بە راستەقینە کێ لە مێژووی پڕ لە شانازیی کوردەواریدا هەلکەوتوە پیاهەلدەین و ببوورن بەندە نەختێ زیاتر لەم رووەوە پێرادەکێشم دەلێم : ئەگەر بۆرەقارەمانێکیشمان لێهەلکەوتبێ بیکەینە قارەمان ساختە نیەو جێی خۆیەتی ، وابزانم هەر ئەمەیشە کە ئەرکی قسەڕاستەکانی سەرشانی رۆشنبیری و خوێندەوارانی کوردە لەم قۆناغەدا(۳) •

لە بارەی وشەی جافەوە :

بەشێ لە مێژوونووسان مێژووی هۆزی جاف ئەگێڕنەوە بۆ ۳۹٤۰ سال لەمەوبەرو دەورەی ساسانیەکان(٤) • بەلام ئەوی راستیی بێ هێچ

(۳) بڕوانە : نەخشی هۆزی جاف لە سایەی چەند سەرۆکێکیەوە لە مێژووی کوردا ، د. حەسەن جاف . گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ، دەستەی کورد ، ژ : ۲۱ ــ ۲۲ .

(٤) بڕوانە : جریدة العرب مێژووی ۱۹۹۰/٥/۲۹ .
هەروەها : رۆژنامەی ژیان ، ژمارە : ٤٥١ سالی ۱۰ ، ۱۹۳٥ .

جۆرە بەڵگەیەکی زانیاریی لەم ڕووەوە بەدەستەوە نیە قسە نەبێت‌و ، قسەی ڕووتیش ، وەکوو وتراوە ، ناڕواتە گیرفانی مێژووەوە •

لە دەورەی فوتووحاتی ئیسلامدا ، بە تایبەت لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خەلیفەی دووەمی ئیسلام عومەری کوڕی خەتابدا ـخودا لێی ڕازیی بێ ـ ئەنصاریی لە سیروان ئەکەنە ئەوبەرەوەو ، لە شەڕێکدا عوبەیدیللای
ئەنصاریی لە سیروان ئەکەنە ئە وبەرەوەو ، لە شەڕێکدا عوبەیدیللای
ئەنصاریی ئەکوژرێ‌و ، لە جێگایەکدا کە لە بناری چیای شنروێی نزیک بە هەڵەبجە کە پێی دەڵێن : (عەبابەیلێ) نێژراوە ، واتە ڕێکەوتی ساڵی ١٨ کۆچیی کوردەکانی شارەزوور ، کە مەڵبەندی ئێلاتی جافە ، دێنە سەر ئایینی ئیسلام • بەڵام هیچ سەرچاوەیەکی ئیسلامیی باسی ئێلی جافی لەو ناوچەدا بەسەربەخۆیی نەکردوە •

وە لە سەردەمی دەوڵەتەکانی ئیسلامدا ئەمەوییەکان‌و عەباسییەکان‌و ئەو دەوڵەتانە پاش ڕووخانی بەغدا لە لایەنی هۆلاکۆوە لە ئێران‌و ناوچەکانی کوردستاندا فەرمانڕەواییان کرد ناوی ئێلاتی جافمان بەرچاو ناکەوێ •

مایەی سەرسامییە خوالێخۆشبوو شەرەفخانی بەدلیسیی لە شەرەفنامەکەیا کە لە سەدەی یازدەهەمی کۆچی (١٠٠٥ك ١٥٩٦ز)دا دایناوە ، باسی خێڵی جافی نەکردوە • وا دیارە ئەم خێڵە لەو سەردەمەدا دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبوەو پەرەی نەسەندوە بێ بە شایانی ئەوەی ناوی بچێتە دووتوێیی مێژوویەکی وەك شەرەفنامەوە ، بۆیە ئەویش خۆی لە قەرەی نەداوەو باسی نەکردوە •

بەڵام ئەوەی ڕاستیی بێ ناوی جاف پێش ئەو سەردەمەش‌و ، ئەگەر بمانەوێ ورد مێژوو دەستنیشان بکەین ، لە سەدەی حەوت‌و هەشتی کۆچیدا لە کتێبە دەسنووسەکانی تایفەی (یارسان)ی ئەهلی حەقدا بەروونیی بەرچاو ئەکەوێت • بۆ نموونە دایکی سوڵتان ساق (سوڵتان ئیسحاق)

سوهاك[٥] تازەکەرەوەو گەشەپیدەری ئایینی یارسان ناوی (دایراکخاتوون)ی کچی حسەین بەگی جلەیجاف بوە[٦] بەڵکو ئاشکرایە هەندێ لە زانایانی یارسان خۆیشیان لە تایفەی جاف بوون ، وەك عێل بەگی جاف[٧] ، عابدینی جافو ئیبراهیمی جاف • پاشتریش لە سەردەمی سەفەوییەکانو نادرشای ئەفشار ، (٦٨٨-١١٦٠/١٧٤٧)[٨]دا باسی جاف کراوە • میرزا مەهدی استرآبادی کە مونشی نادر بوە دوای کوشتنی نادر داوای یارمەتیی لە تیرەو هۆزەکانی کورد کە بریتیی بوون لە پەنجا طایفەی ناودار لە کرماشانو کوردستاندا کردوە • بەڵام لەو سەرەك هۆزانەدا جگە

---

(٥) لە بارەی مێژووی لەدایکبوونی سوڵتان ساقەوە کە لە بنەماڵەیەکی ئایینیی دانیشتووی بەرزنجە بوە ، جیاوازییەکی زۆر لە نێوان نووسەرەکاندا هەیە ، حاجی نیعمەتوڵلای جەیحوونئابادیی ئەڵێ : لە ساڵی ٦١٢ی کۆچیدا لەدایك بوە • بەڵام لە دەستنووسێکی فەیضی کارکاردانی ، کە لە سەدەی نۆهەمی کۆچیدا نووسراوە ، وتراوە لە ساڵی ٤٤٥ی کۆچیدا لەدایك بوە • ماشائەڵڵاسووریش ساڵی ٥٢٨ی نووسیوە • بڕوانە : شاهنامە حقیقت ، تهران ١٩٦٦ ، ل:٤٢٦ هەروەها سرودهای دینی یارسان ، تهران ، ١٣٤٤،ل:٩٥٨ •

(٦) بڕوانە : برهان‌الحق ، نور علی الهی ، تهران ، ١٣٢٤ ، ل٣٨ • هەروەها: بزرگان یارسان ، صدیق صفی‌زادە ، تاران ، ١٣٥٧ ، ل : ٦ •

(٧) عێل بەگی جاف (٨٩٨ - ٩٦١)سۆفیەکی ناودار بوە،هاوچەرخی صەفەوییەکان بوە ، زوربەی مێژوو نووسان ئەیگێرنەوە سەر طایفەی جافو ، پێشگۆیەکانی بە شیعر ، بە ناوی (هەروا بوەو هەروا دەبێ) لەناو کوردا زۆر بەناوبانگە • بڕوانە : پێشبینییەکانی عێل بەگی جاف ، صدیق صفی‌زادە بۆرەکەیی ، تهران ، ١٣٦٠ ، ص : ٥ ـ ٦ •
هەروەها : حیات فرهنگی کورد در پرتوی ئیسلام پایان نامەدکتوراه ، د. حەسەن‌جاف ، سالی تحصیلی ٥٢ ـ ١٣٥٣ ، ص : ٢١٥ •
هەروەها : گۆڤاری کەلاوێژ ، ژ : ٣ ، ساڵی شەشەم ، ساڵی ١٩٤٥ •

(٨) بڕوانە : تاریخ نادرشاه ، مینورسکی ، ترجمه رشیدیاسمی ، تهران ، ١٣١٣ ، ص : ٨ •

لە سەرۆکی هۆزی جافو هـۆزی مەنگـوڕ هۆزێکـی تر نەهاتـوە بـە دەنگیەوە[٩] •

وە لە سەردەمی دەسەڵاتی زەندیەکانا (١١٦٦ هـ - ١٢٠٩هـ ١٧٥٣ - ١٧٩٤ م) هۆزی جاف بەم ناوە ناسراوبوە[١٠] •

ئەمە لە بارەی خێڵی جافەوە ، لە بارەی وشـەی جافیشـەوە ئـەوەی ئاشکرایە بۆچوونی زۆر بۆ ئەم وشەیە لە ئارادایە • گومـان لەوەدا نیـە زورِبەیان بەهەڵەدا چوون لەم روەوە • کەریمبەگی باوکم لەو بڕوایەدایـە کە ناوی جاف لە جەفاکێشەوە هاتوە • ناوبراو لەم بارەوە ئەڵێ : هۆزیجاف هۆزێکی ئازاو دلێر بوەو ، هەمیشە پێشتازی لەشکـری کاربەدەستـانو حوکمڕانانی کوردستان بون ، لە پێناوی ئەو لەشکرانەدا دەردو جەفایان کێشاوە • بۆیە پێیان وتـوون جـەفاکێشو ، بە تێپـەڕینی سـاڵ وشـەی جەفاکێش گۆڕاوە بە جەفاو جەفا بە جاف[١١] • قانیعی شاعیریش هەر لـەو بڕوایەدایە کە عەشیرەتـی جـاف پاشمـاوەی سوارە جەفاییەکانـە ، کـە طایفەیەکی هەڵبژاردەی شاەسولتانحسەین ، ئاخرینفەرمانڕەوای صەفەوین (١٦٩٤ - ١٧٢٢)کە پێیان سپێرابوو دەورو بەری ئەصفەهـان لە چەتـەو ڕێگر پاكکەنەوە ، ئەم سوارانە خۆیان بوونە چەتەو ستەمێکی فراوانیان لە دانیشتوانی دێهاتی ئەو ناوچەیە ئەکردو بە سوارەی جەفایی ، واتە سوارەی زۆردارو بێ بەزەیی ، ناوبانگیان دەرچوو • ئەو سوارانە کە پێیان ئەوتـن

---

(٩) بڕوانە : خواجه تاجدار ، ژانگوره ، ترجمەذبیح الله منصوری ، جلد ١ ، ص : ١١٠ •

(١٠) بڕوانە : مجمل التواریخ افشاریه وزندیه ، ابوالحسن بن محمدامین گلستانه به اهتمام مدرس رەضەوی ، تهران ١٣٤٤ ، ص : ٣٠٠ •

(١١) مێژووی ئێلی جاف ، دەستنووسی مستەفابەگی کەریم بەگ کە لای منە. خوالێخۆشبوو عەلادینسەجادی ئەم قسەی وەرگرتوەو ، باسی ئـەوەی نەکردوە لە کێی وەرگرتوەو ، بۆ خۆی تۆمارکردوە • بڕوانە : مێژووی ئەدەبی کوردی ص : ٤٧١ •

سوارەی جەفایی ، هەندێکیان ناویان ئاوابوو : هاروون ، شاتر ، میکائیل ، ئیسماعیل عوزەیر ، کەمال ••• هتد ئێستایش بە خێلەکانی جاف ئەلێن : هاروونیی ، شاتریی ، میکائیلی ، ئیسماعیل عوزەیریی ، کەماڵەیی •••(١٢)

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مدرس لەو بڕوایەدایە کە جاف ئەسلەکەی (ژاف)ە بە مەعنای تەڕە ، بەو مەعنایە عەشایری کۆچەریی جاف هەموو ساڵێ سەرکەوتوون بۆ کوێستانەکان بۆ سوودوەرگرتن لە گیاو خواردەمەنیی تەڕ بۆ خۆیانو حەیوانیانو ، وشەی (ژاف) بوە بە (جاف) •

خوالێخۆش بوو مامۆستا عەلادین سەجادیش لەو بڕوایەدایە کە باپیرەگەورەی جاف ناوی جەعفەر بوە ، جەعفەریش بە کوردی بوە بە (جافر) ئێستاش کورد بە (جافر) ئەلێن (جافە)و (جافە)یش بە درێژایی رۆژگار بوە بە جاف •

مامۆستا سەجادی لەم رووەوە بەڵگەش ئەهێنێتەوەو ئەڵێ : لە ناو کوردا (مەعرووف) ئەبێ بە (مارف)و (مەحموود) ئەبێ بە (خولە) و (موحەممەد) بە (حەمە)و (قادر) بە (قالە)•• (جەعفەر)یش هەر بەو جۆرە بوە بە (جافە)و پاشان بوە بە (جاف)(١٣) •

وشەی (جاف) بە عەرەبیی بە مانای (وشك)ە ، ئیتر وشکی مادیی بێ یا وشکی مەعنەویی ، بە فارسیش بە پێی قامووسە باوەڕپێکراوەکانی وەك (برهان قاطع) واتایەکی ناپەسەندی هەیە • کە واتە ئەم وشە چ بەعەرەبیی لێکی بدەینەوەو چ بە فارسیی ، بۆ ئەوە ناشێ بکرێ بە ناوی عەشیرەتێکی ناسراوو بەناوبانگ •

بەپێی باوەڕی مامۆستا مەلا جەمیلی رۆژبەیانیی وشەی جاف لە ناوی هۆزی جاوانەوە وەرگیراوە • ناوبراو ئەڵێ : جاوانیەکان هۆزێکی کوردن ،

---

(١٢) بڕوانە : گۆڤاری هەتاو ، ژمارە : ١٨٦ ، ساڵی ١٩٦٠ .

(١٣) مێژووی ئەدەبی کوردی عەلادین سەجادی ، بەغدا ، ١٩٥٢ ، ل : ٤٧١ .

کانی خۆی له ئێرانەوه کوچیان کردوه بۆ خوارەوەی عێراقو ، لەگەڵ هۆزی (بنی‌اسد) شاری حیسەیان دروست کردوه(١٤) پاشماوەی ئەم هۆزه ئێستا له ناوچەی (دەماوەند)ی ئێراندا نیشتەجێن(١٥) وەك مامۆستای رۆژبەیانیی ئەیگێرێتەوه • بەپێی نووسینی مێژوونووسی عەرەب (مەسعوودی) جاوانەکان له ناوەڕاستەکانی چەرخی چواردەی کۆچیدا لە هۆزه هەرەبەناوبانگەکانی کورد بوونو(١٦) له ناوچە شاخاویەکانەوه بەرەوخوار بوونەتەوه • ئەنجا مامۆستای رۆژبەیانیی ئەڵێ : (جاوان) لە پێشا(چاڤان)بوه • ئەمەش بە پێی شێوەی زمانی کرمانجیی سەروو کە لە جیاتیی هەموو پیتێکی (واو) (ڤێ) ئەخوێننەوەو ، شێوەکانی تری کوردی هەر (واو) ئەخوێننەوه • هەرچەند له زمانی فارسیدا ئەم وشەیە بە(جابان)هاتوه • دوور نیە وشەی (جاڤان) عەرەبەکان بە (جافان)یان خوێندبێتەوه ، کە وشەیەکی دوانە (تثنیه)یەو بە درێژایی ساڵ بوویێتە (جاف)(١٧) •

مێژوونووسی بەناوبانگی رووس مینۆرسکی(*) باوەڕی وایە جاوانەکان له ناوچە شاخاویەکانی ئێرانەوه بەرەوسنووری رۆژاوای ئێرانو باشووری

---

(١٤) بڕوانە : هۆزی لەبیرکراوی گاوان ، د. مستەفا جەواد ، ترجمە هەژار ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل : ١٩ •

(١٥) رەزمارا ئەڵێ : جابان دێیەکە لە ناوچەی ئەبرشیوی پشتکۆ ، ٢٧ کیلۆمەتر له باشووری رۆژهەڵاتی دەماوەندەوه . بڕوانە : فرهنگ رزم‌آرا ، جغرافیای ایران ، ج : ١ ، ص : ٥٠ •

(١٦) مروج الذهب ، چاپی ئەوروپا ، ج : ٣ ، ل : ٢٥٤ •

(١٧) بڕوانە : محمد جمیل رۆژبیانی ، ایل جاوانو ناموران آن ، [وتارێکە له کۆنگرەی ساڵی ١٣٥٥ی تەحقیقاتی ئیرانیدا خوێندوویەتەوه] •

(*) The G[illegible] Minorsky [illegible] P. (1)

هەروەها بڕوانە : وتاری نووسەر بۆ گۆڤاری (بررسیهای تأریخی)لە ژێر نیشانەی (تحقیق در مورد یك طائفەی ناشناختەی ایرانی) ، گۆڤاری (بررسیهای تأریخی ، شماره ٢ ، سال‌سیزدهم) •

عێراق رۆیشتوون • دوور نیه هەر جاوانەکان بووبن کە نیشتەجێی ناوچەی سەرچەمی سیروان بوە هۆزی جوانڕۆی ئیمڕۆ بوبن • ناوی هۆزی (جوانڕۆ) لە راستیدا (جوادروود) بوەو ، لە ئیران بە هەموو جافو تیرەکانیان ئەڵێن (جافیجوانڕۆ) • واتە (جاوان) بوە بە (جوان)و (جاف)یش هەر لەم دوو ناوەوە وەر گیراوە •

ئەوەی شایانی وتنە ئەوەیە لە قۆناغی سەدەی چوارەمو پێنجەمی کۆچیدا ناوی هەندێ لە تیرە ناسراوەکانی جاف وەکوو : (کەلالیی)و (هاروونیی) لە کتێبە مێژووییە عەرەبییەکانی زانا موسوڵمانەکاندا هاتوە • بۆ نموونە (قەلقەشەندیی) باسی تایفەی گەلاڵیی کردوە(١٨) •

لەم لێکدانەوەی سەرەوەوە بۆمان دەرئەکەوێ کە نزیکترین باوەڕێك لە راستیەوە ئەوەیە وشەی (جاف) لە (جاوان)ەوە هاتبێ‌و ، هۆزی (جاوان) بنەچەی هۆزی (جاف) بێ‌و بەتێپەڕینی زەمان ناوەکە گۆڕابێ‌و هۆزی تریش لەملاو لەولاوە لە دەوری هۆزی جاف کۆبووبنەوەو ، بە هەموویانەوە ئەم عەشرەتی جافەی ئیستایان لێ پێکهاتبێ •

ئەو ناوچانەی کە هۆزی جافیان تێدا نیشتەجێیە : ئەم عەشیرەتە لە عێراقدا بە زۆریی لە قەزاکانی پێنجوێن‌و هەڵەبجەو کەلارو سەنگاو دائەنیشن ، بگرە شاری هەڵەبجەو کەلار بە مەڵبەندی سەرۆکەکانی عەشرەتی جاف دائەنرێن • جافی تەلانو سمایل عوزێریش لە ناوچەی دووکانو سووورداش‌و ، جافەڕەشکەیش لە ناوچەی پشدەر نیشتەجێن • جافەکانی ئێرانیش لە ناوچەی مایدەشتەوە تا دەورو بەری قەسری شیرین‌و ، بە تایبەتیی لە ناوچەی زەهاو ، نیشتەجێن‌و ، تا سەرحەدی چەمی سیروان

---

(١٨) بڕوانە : صبح‌الاعشى ، القلقشندى ، ج ٤ ، ص ٣٧٤ هەروا : تنبیه الاشراف ، المسعودي ، ترجمه فارسى ابوالقاسم پاپنیده ، ص : ٨٤.

درێژئەبنەوە • جافی جوانڕۆ ئەمڕۆ سەر بەفەرمانداریی پاوەن‌و لە ناوچەی قەڵای جوانڕۆو ناوچەی دڕۆڵەو مەڕەخێڵ‌و شنشێرو تا ناوچەی هەورامان نیشـــتەجێن •

هۆزی جاف لە مێژوودا :

مێژووی نووسراوی جاف لە زاهیربەگی کوڕی یارئەحمەدبەگەوە[19] دەست‌پێ ئەکـا • لە پەیمانەکـەی نێوان سولتـان مـورادی چوارەم‌و[20] (١٦١٢ - ١٦٤٠ ز)شاه صەفیی[21] (١٦٢٩ - ١٦٤٢ز)صەفەویدا کـە لـە ساڵی (١٠٤٩ك ١٦٢٩ز)دا[22]••بەسترا ، ناوی عەشیرەتی ضیائەدین کـە بوە بە ضیائیی‌و بە کوردی بوە بە صەدانیی‌و ، هاروونیی‌و جاف هاتوەو ، ئەو دوو تیرەیە بە سەربەخۆیی لەگەڵ عەشیرەتی جافدا لەو پەیمانەدا باسیان

---

(١٩) یارئەحمەدبەگ چوار کوڕی بوە : زاهیربەگ ، تاهیربەگ میرەبـەگ ، خانەبەگ • بەگزادەی کەیخوسرەوبەگی‌و ، بارام‌بەگیی ، نەوەی زاهیـر بەگن ، تاهیر بەگ ، دوای کوشتنی زاهیربەگ چوە بۆ شـام‌و ئێستـا نەتەوەی لە گەڕەکی کوردەکانە لە صاڵحیـە لە دیمـەشق ، میرەبـەگ نەتەوەی ماوە لە سلێمانیی ئەویش بە کاسبیوە خەریکن • خانەبـەگیش باپیرەگەورەی بەگزادەی وەلەدبەگییە (١٠١٨-١٠٤٩ ، ١٦١٢ - ١٦٤٠)•

(٢٠) سولتان مورادی چوارەم هەڤدەهەمین پاشای عوثمانیـە • لە تەمەنـی ١٤ساڵیدا بوە بە پاشا لە (١٠٤٨ - ١٦٣٨ك)دا بە یەکجاریی بەغدای گرت‌و لە دەستی ئێرانیەکانـی سەنـدەوەو بەستیـەوە بە ئیمپـراتۆریەتـی عوثمانیەوە •

(٢١) شاه صەفیی (١٦٢٩ - ١٦٤٢ك) کوڕەزای شاه عەباسی گەورەیە ، کوڕی صەفیی میرزایە کە شاه عەباسی باوکی کوشتی •

(٢٢) ئەم پەیمان‌نامە بە پەیمان‌نامەی زەهاو بە ناوبانگە ، کە دوای پەیمانەکانی ئاماسیا ساڵی ١٥٥٥و پەیمان‌نامەکانی ساڵانی (١٥٦٨ - ١٥٩٠-١٦١٣) یەکەمین پەیمان‌نامەی راستەقینەیە کە سنووری لە نێوان دەوڵەتـی عوسمانیی‌و ئێراندا دابین‌کـردوەو ، عەشیرەتـی جاف بـە هۆی ئـەم پەیمان‌نامەوە زوربەی تیرەکانی کەوتە بەشـی عوسمانیـەوەو ، ئـەم عەشیرەتە بوە هۆی هەڵگیرسانـی ئاشووب بۆ هەردوو دەوڵەتەکـە • بڕوانە : (تأريخ العراق في العهد العثماني ، علي شاكر علـي ، بغـداد ، ١٩٨٤ ، ص ٨١) •

کراوە[٢٣]. ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ ئەو کاتە ئەم دوو تیرەیە سەربەخۆبوون ، بۆیە وا بە جیا لە جاف باس کراون . ئەم دوو تیرەیە تەنانەت ئەمڕۆش بە دوو تیرەی ناسراوی عەشیرەتی جاف دائەنرێن .

خوالێخۆشبوو حەسەنفەهمی جاف (١٣٢٣ - ١٩٠٤ / ١٣٩٣ - ١٩٧٣) لەم بارەوە ئەڵێ : وشەی (جاف) ناوە بۆ عەشیرەتێکی گەورە کە بریتیە لە سێ بەش : جافی مورادییو جافەڕەشکە ، جافی جوانڕۆ ، جافی گۆران . جافی مورادییو جافەڕەشکە لە عێراقدان ، بەشی جافەڕەشکە لە وڵاتی پشدەر ئەژینو هەزارماڵێک ئەبن . جافی جوانڕۆیش کە بریتین لە ڕۆستەمبەگیی یا بەگزادەی وەکیلی ، قوبادیی ، باوەجانیی ، ئینانخیی ، ئیمامیی ، ساتیاریی ، زەردۆیی ، وەلەدبەگییو... چەند هۆزێکی تری بچووك . جافی گۆرانیش بریتین لە : تایشەیی ، قادرمیروەیسیی ، تیرژییو ، چەند هۆزێکی تری بچووك[٢٤] .

زوربەی سەرچاوە مێژووییەکان لەو باوەڕەدان کە عەشیرەتی جاف لە سەردەمی سوڵتان مورادی چوارەمی عوسمانیدا (١٩٢٣ - ١٦٤٠) بەسەرۆکایەتیی زاهیربەگ لە جوانڕۆوە هاتوونەتە خاکی عێراقو[٢٥]

---

(٢٣) یەکێ لە خاڵەکانی پەیماننامەی زەهاو ئەمەیە شارەکانو ناوچەکانی خوارەوە ئەچنە بەشی دەوڵەتی عوسمانیەوە ، دەرەنەو ، جەسانو بەدرەو ، مەندەنیجو ، دەرەتەنگو ، جافو ، ضیائەدینو ، هاروونییو ئەو دێهاتانەی هان لە ڕۆژاوای زنجیرەوە تا قەڵای سالم لە ناوچەی شارەزوورو ڕێگوزەرەکانی بەردەمی شارەزوورو قەڵای زەڵمو قزلجەو تابیعەکانی ... بڕوانە : (العراق في العهد العثماني ، علی شاکر علی ، بغداد ، ١٩٨٤ ، ص : ٧٨) .

(٢٤) دەستنووسی یاداشتەکانی حەسەنفەهمی جاف . حەسەن فەهمی جاف لەکوڕ : مەحموودو هۆشمەندو ، لە کچیش : نازەنینو ، پەروینو ، بانوو ، پەریخانو ، نەسرینی بوو .

(٢٥) ئەم نووسەرانە بریتین لە مامۆستا عەلادین سەجادی ، مێجەرسۆن ، ئەدمۆندز ، باسیل نیکیتین ، ئەمین زەکی بەگ ، کەریم بەگی فەتاح بەگیش لەم تەئریخەدا هەر لەو بڕوادایە .

ناوچەی (دزیایش)یان کردوە بە هەواری خۆیان • زاهیربەگ بەرەنگاری خان ئەحمەدخانی ئەردەلان بووەو لە جەنگدا دیل کراوەو دراوە لە فەنارە • سوڵتان موراد ئەم دەستەیەی لەبەر شەڕوشۆڕیێت کە لە نێوان ئەوانو شای ئێراندا رووی‌داوە ، گرتوەتەخۆیو ، لەمەوە پێیان وتراوە (جافی‌مورادیی) کە لە کاتی فەتحی بەغدادا لە سالی (۱۰٤۸)ی کۆچیی (۱٦۳۸-۱٦۳۹)دا یارمەتیی سوڵتان موڕادیان داوەو ، ئارایەنییو لێهاتووییان نیشان‌داوەو، ئەویش لەقەبی (مورادیی)پێ بەخشیون[26]• بەلام شاعیرەی بەناوبانگی کورد ماهشەرەف‌خانم (مەستوورەی کوردستانی)و ، ئایەتوللا شێخ موحەممەدمەردۆخی کوردستانی ، کۆچی عەشایری جاف بە سەرۆکایەتیی زاهیربەگ ئەگێڕنەوە بۆ سەردەمی نادرشای ئەفشارو سالی ۱۱۵۵ی کۆچیی (۱۷٤۲ - ۱۷٤۳) بۆ ئەو رووداوە دەسنیشان ئەکەن[27] •

بە باوەڕی من بۆچوونی ئەم دوو نووسەرە لە راستییەوە نزیکترە • حەسەن‌فەهمی جافو ، مستەفابەگی جافیش لەگەڵ ئەمان هاودەنگو هاوبڕوانو ، لایان وایە ئەم مێژوەی مەستوورەو مەردۆخ دەسنیشانیان کردوە ، بە مێژووی لێشاوکردنی جاف بۆ عێراق دابنرێ • بەلگەشیان ئەوەیە لە خۆیانەوە بە هەشت پشت یا هەشت ئەلقە ئەگاتە زاهیر بەگ ، کە ئەگەر لە سەردەمی سوڵتان موڕادی چوارەمدا هاتبێ بۆ عێراق ئەکاتە ۳۳۵ سالو ، بە راستیش زۆر لە ئەقلەوە دوورە هەشت پشت توانیبێتی ۳۳۵سال ببینێ ، چونکە لە کەیخوسرەوبەگەوە تا زاهیربەگ چوار پشتە ، کەیخسرەوبەگ لە ۱۸۲۰ی زایینیدا چاوی بە مستەر کلۆدیۆس جەیمس ریچ

(۲٦) تأریخ سلیمانیو ولاتی محمدامین زکی بەغدا ، ۱۹۳۹ ، ۷۹ •
(۲۷) مێژووی ئەردەلان ، ماهشەرەف‌خانم (مەستوورەی ئەردەلانیی)وەرگێڕانی د.حەسەن‌جافو شکوڕمستەفا ، بەغدا ، ۱۹۸۹ ، ل:۹۷ • هەروەها تەئریخی مەردۆخ ، بەرگی (۲) ل : ۱۲۲ •

کەوتوە[٢٨]کە لەو ساڵەدا هاتوەتە سلێمانیو لەو کاتەوە تا ئیستا ئەکاتە ١٤٣ساڵ • چوار سالێتی بۆ جیاوازیی سای کۆچیو زایینیی زیادبکەین ، واتە لە کەیخوسرەوبەگەوە تا حەسەنفەهمی جاف ئەکاتە پێنج پشتو ، ئەم پێنج پشتەیش هەمووی ١٤٧ی ساڵی بڕیوەتەوە •

کەوابوو ئەگەر پێنج پشت ١٤٧ی بڕیبێ چۆن هەشت پشت٣٣٥ ساڵ ئەبڕێ ؟ دیارە ئەمە لە ئەقلەوە دوورە •

بەلای منیشەوە ـ هەر وەکوو تەئریخی مەردۆخیش ئەڵێ ـ ئەبێ زاهیربەگ لە ساڵی ١١٥٥ی کۆچیدا هاتبێ بۆ کوردستانی عوسمانیی ، بەم حیسابە لە زاهیربەگەوە تا ئەمڕۆ ئەکاتە ٢٢٥ساڵو ئەمەش لەگەڵ هەشت پشتەکە جووتئەبێو ـ ئەقڵیش پەسەندی ئەکا •

هەروەها دیاریکردنی مێژووی کوشتنی زاهیربەگ بە فەرمانی خانئەحمەدخانی سێهەمی ئەردەلان[٢٩] لەلایەن مەستوورەی کوردستانییەوە ، کە لە خانەوادەی ئەردەلانەو ، مێژووی ئەردەلانی بە باشیی نووسیوەتەوە پشتگیرییەکی بەهێزە بۆ راستیی ئەم بۆچوونە کە زاهیربەگ لە ساڵی١١٥٥ی کۆچیدا هاتبێتە عێراق ، هەرچەند ئەوەش بێ وەلام ئەمێنێتەوە کە : ئەی ئەم لەقەبی (مرادی)یە لە کوێوە هات بۆ جافی عێراق ؟ مادام لەولاوە ئاشکرایە کە ئەم لەقەبەیان لە سەردەمی سوڵتان موورادی چوارەمدا دراوەتێ ، واتە پێش هاتنی زاهیربەگ بە خۆیو عەشرەتیەوە بۆ عێراق ئەم لەقەبە پەیدابووبێ ، بەڵێ رێی تێ ئەچێ پێش هاتنی زاهیربەگ بە خۆیو عەشرەتیەوە بۆ عێراق هەندێ تیرەی جاف

---

(٢٨) بروانە : رحلة ريج في العراق عام ١٨٢٠ ، كولديوس جيمس ريج ، ترجمة بهاءالدين نوری ، ص : ١٣٢ .

(٢٩) دوای کوشتنی زاهیربەگ لە لایەن خانئەحمەدخانەوە ، تاهیربەگی برای کۆچی کردووەو رۆشتوە بۆ شام • جاف لەو شوێنەدا ، کە ئێستە بەدێی چەمەرگە بەناوبانگە لە ناحیەی وارماوا کۆتەڵو چەمەرانە بۆ زاهیربەگ ئەگێڕنو هەر لەو شوێنەدا بەخاکی ئەسپێرن .

خۆیان سەربەخۆ کۆچیان کردبێ بۆ عێراق و[30] لە موناسەبەتێکدا ئەم لەقەبەیان وەرگرتبێ[31] .

هۆی هاتنی زاهیر بەگ و عەشرەتەکەی بۆ خاکی عوسمانیی ئەوە بوە هەموو ساڵێ هەندێ جەردەو پیاوخراپ لە ئێرانەوە هاتوون و لە سیروان پەڕیونەتەوە بۆ ناوچەی (دزیایش) و (پێواز) و (بانیخێلان) و هەندێ جێگای ترو تالانیان کردوەو ، مەڕو ماڵاتی خەڵکەکەیان بردوە . میرەکانی بابان بە دەست ئەم دزو جەردانەوە داماون ، وەلامیان ناردوە بۆ زاهیربەگ بۆ ئەوەی ئەم جەردانە لەناوبەرێ ، ئەویش بە چوارسەد ماڵێکەوە گواستوویەتیەوە بۆ ناوچەی دزیایش و لەوێ دامەزراون و ، جەردەکانیان تەفرو تووناکردوە . بابانەکانیش لە پاداشی ئەم کردەوەیەدا ئەو ناوچانەیان پێ بەخشیون[32] .

---

(30) باسیل نیکتین لەو بڕوایەدایە کە تیرەکانی هاروونیی و گەلالیی هاوبەشی هێرشەکەی سولتان موورادی چوارەمیان بۆ سەر بەغدا کردوەو ، لەقەبی مورادییان وەرگرتوە . بڕوانە : الاکراد باسیل نیکتین ، ترجمة دار الروایة ، بیروت ١٩٥٠ ص : ١٦٦ .

(31) لەمەولایش لە (تەئریخی جاف) دا بەدرێژیی ئەم بابەتە دەخوێنیتەوە ، کە (کەریم بەگ) هۆکارەکەی شیی کردوەتەوە .

(32) ادمونس بە هەڵە هاتنی زاهیربەگ بۆ دزیایش بۆ ساڵی ١٢٨٦ك ١٧٧٢ز ئەگێڕێتەوە ، کە ئەو سەردەمە ئەحمەد پاشای بابان فەرمانڕەوای میرنشینی بابان بوەو لەو ڕووەوە ئەڵێت : کە ئەحمەدپاشا تاوانی سەرۆکایەتی چل جەردەیەك ، کە ناوچەکانی ئیمارەتی بابانیان تێکدابوو .. سەپاندیە سەری زاهیر بەگداو ، لە سەر ئەم تاوانە کوشتی هەر وەکو قادربەگی کوڕی جەردەکانی گرت و کوشتنی . (بڕوانە : کرد ، ترك ، عرب ، ترجمة جرجیس فتح‌الله ، بغداد ، ١٩٧١ ، ص : ١٣١) .

چەند ساڵێك ئەم جافانە بەهاوین‌و زستان لە ناوچەی دزیایش ئەمێننەوە ناپەرمنە خۆیان بچنەلویستان ، نەوەك عەشایرە ئەسلییەکانی نیشتەجێی ئەو ناوچانە وەك : گەلالیی‌و ، شێخ‌سمایلیی‌و ، سمایل‌عوزێریی‌و تایفەکانی تربچن بەگژیانا • ساڵێکیان پێ‌بەجەرگی خۆیانا ئەیێن‌و ئەچن‌و لەگەڵ ئەو عەشایرانە ئەبێ بە شەڕیان‌و لە شەڕەکەدا زاڵ‌ئەبن بەسەریانا • ئیتر ئەم سەرکەوتنە ئەبێ بە هۆی کۆبوونەوەی هەموو تیرەکانی جاف لەژێر فەرمانڕەوایی زاهیربەگداو ، زاهیر بەگ ئەبێ بە سەرۆکی هەموو جافی کوردستانی عوسمانیی •

پاش کوژرانی زاهیربەگ سەرۆکایەتیی جاف ئەکەوێتە دەستی قادربەگ‌و[٣٣] سلێمان‌بەگی کوڕانی زاهیربەگ • لەسەردەمی ئەم قادربەگەدا بوە کە جاف زۆر پەرەئەسێنن •

نەخشی هۆزی جاف لەسایەی چەند سەرۆکێکیەوە لە مێژووی کورددا :

هەوڵ دەدەین لەم کورتەباسەدا باسی چەند سەروکێکی هۆزی جاف بکەین کە نەخشێکی لە مێژووی نەتەوەکەماندا بەئاشکرا هەبوە • وا بزانم روونکردنەوەی ئەم نەخشە کەلێنێکی چکۆلە لە مێژووی نەتەوەکەماندا پڕدەکاتەوە •

بێگومان ئەم سەرۆك‌هۆزانە نەخشێکیان لە توندوتیژکردنی زۆرانبازیی‌و کێشەوبەرەی عوسمانیی‌و ئێرانیاندا هەر لەسەر کوردستانەکە خۆی هەبوە • ئەم کێشەوبەرەیش زۆرتر لە دووبەرەکیی میرە کوردەکان ، بەتایبەتیی میرنشینی بابان‌و ئەردەلاندا ، بەدیاردەکەوێ •

---

(٣٣) حسەین بەگی حەسەن لە نامەیەکدا نووسیویە کە قادر بەگ کوڕی عەبدوڵلابەگە ، عەبدوڵلابەگیش کوڕی زاهیربەگە .

خوالیخۆشبوو کەریم بەگ نەیتوانیوە ، لەبەر چەند هۆیەك ، بەدرێژیی پەنجە بۆ بارو نەحسی سیاسیی ئەم سەروەندە لە مێژووی میللەتی کوردا رابێشێ • وا دیارە چەند تێبینیی سیاسییو کەمیی سەرچاوەو دەستنەکەوتنی بەسەرچاوە بیانیەکان هۆی ئەم لەمولورنیەن کە لە نووسینەکەیدا بەرچاو دەکەون •

لە دوای سەدەی پانزەو سەرەتای سەدەی شانزەهەمدا بەرەبەرە توندوتیژبوونو پەرەسەندنی کێشەو هەرای نێوان دەولەتی عوسمانییو دەولەتی سەفەویی لەسەر داگیرکردنی کوردستان ، بە نیازی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی گەورەو بەربلاو خۆی نواندو ، کێشەکە گەیشتە ئەوپەڕیو لە شەڕی چالدێراندا خۆی نواندو ، کوردستان زەرەرو زیانێکی زۆری لیکەوتو ، ئەم ولاتە لە نێوان دەولەتیعوسمانییو دەولەتی سەفەویدا دابەش کرا(٣٤) •

بەلام سەرۆکهۆزو تیرە کوردەکان کە ناوبەناو سەربەخۆو جاربەجار نیوەسەربەخۆ مافی میرایەتی خۆیان پشتاوپشت دەپاراست ، نەیاندەتوانی بێلایەن بمێننەوەو خۆیان ئەداپاڵ یەکێ لەو دۆ هێزە ، چونکە لەو قۆناغەدا هەستی سەربەخۆیی لەناو ئەو نەتەوانەی ، کە لە ژێر سێبەری ئیمپراتۆریەتی عوسمانییو دەولەتی سەفەویدا دەژیان ، هێشتا بە تەواویی خۆی نەنواندبوو ، دیارە هۆی ئەمەیش روونە ، چونکە زۆربەی ئەو نەتەوانەی

---

(٣٤) بروانە : شەرەفنامەو راپەڕینی کوردەکان سالی ١٨٨٠ ، نووسینی د. جەلیلی جەلیل • وەرگێڕانی د. کاوس قەفتان . بەغدا ، ١٩٨٧ ، ل : ٧١ •

هەروا : مێژووی کورد لەسەدەی شازدەهەمدا ، نووسینی د. شەمسەدین محەمەد ئەسکەندەر ، تەرجەمەی شوکور مستەفا ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ، دەستەی کورد ، ژ: ٢٠ ، ١٩٨٩ •

که موسوڵمانبوون بیریان له جیاوازیی نەتەوایەتیی نەدەکردەوە ، بەڵام بیریان له جیاوازیی مەدهەبیی ئەکردەوە .

هەردوو دەولەتەکەیش هەمیشه هەوڵی ئەوەیان دەدا کوردەکان له دژی یەکترو بۆ یارمەتیدانو پشتگیریلێکردنیان بەکاربێنن . سەفەویەکان بۆ ئەوەی وڵاتی ئێران له عوسمانیەکان ، له خۆیان به میرانگری خەلافەتی ئیسلامیی دەزانی[٣٥] بپارێزن . لەگەڵ دەولەتە رۆژئاواییەکان دژی عوسمانیەکان رێکدەکەوتنو ، بۆ ئەوەی بتوانن رقی گەلانی ئێرانو گەله موسوڵمانەکانی تر له دژی عوسمانیەکان بجوولێننەوە ، له هەر جۆره پڕوپاگەندەیەك بۆ ئەم مەبەسته درێغییان نەدەکردو ، بەڕاستیی تەنگیان به عوسمانیەکان هەڵچنیبوو ، له کاتێکدا هێزی چەکداری عوسمانیەکان وڵاته مەسیحیەکانی ئەوروپای رۆژئاوای خستبوه مەترسیەوەو ، توانیی شاری (ڤیەننا) ی پایتەختی دەوڵەتی (نەمسا) گەمارۆ بدا (١٥٢٩)[٣٦] لەو کاتەدا له پڕ له پشتەوە سەفەویەکان جەبهەیەکیان له عوسمانیەکان کردەوەو هێرشیان بردە سەر سنوورەکانی عوسمانیی‌و ، صەفەویەکان له سەردەمی شائیسماعیلەوە شەڕو شۆڕێکی سەختو بەردەوامیان لەگەڵ عوسمانیەکاندا دەستپێکردو ، ئەم کێشه بوه هۆی ئەوەی عوسمانیەکان له دەورو بەری ڤیەننا پاشەکشێ بکەن[٣٧] .

---

(٣٥) انظر : لمحات اجتماعية من تاريخ العراق الحديث ، علي الوردي ، بغداد ١٩٦٩ ج : ١ ، ص : ٤٩ .

(٣٦) هەندێ له مێژوونووسان لەو بڕوادان دواکەوتنو لاوازیی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پاش پاشەکشەی عوسمانیەکان له دەورو بەری ڤیەننای پایتەختی نەمسا له ساڵی١٦٨٣زدا دەستپێدەکا . (بڕوانه : السلطان عبدالحميد ، حياته واحداث عهده ، اورخان محمد علي ، مطبعة الخلود ١٩٨٧) .

(٣٧) بڕوانه: تشيع علوى وصفوى ، د.علي شريعتي ، چاپخانه ارشاد ل : ٥٥-٥٦ .

لەم زۆرانبازیە خوێنینەدا نەتەوەی کورد زیانێکی گەورەی لێ‌کەوت‌و ، کوردەکان بە ناوی دوژمنایەتیی سونیگەریی‌و شیعەگەریەوە بوون بە داردەستی ئەم دوو دەوڵەتەو ، کوردستانیش بوو بە مەیدانی شەڕو شۆڕی خوێنینی ئەم دوژمنە سەرسەختانەو ، هەراو هوریای سنوورو دووبەرەکیی‌و نەفامیی کوردەکان هەموو کاتێک مەبەستی بەگژیەکاچوونی بۆ ئەم دوو حوکوومەتە ئەدۆزیەوە •

ئەگەر کوردەکان تەربیەی سیاسییان ببوایە لەم کێشەیەدا بە جۆرێك هەڵئەسووڕان کە هەردوو دەوڵەتەکە زەبوون‌بکەن ، بەڵام ، بەداخەوە ، بیرو هۆشێکی وەها بەکەڵك لە سەری سەردارە کوردەکاندا بەدی‌نەدەکرا •

سەفەویەکان بۆ لەناوبردنی میرنشینە کوردەکان لەبەر ئەوەی زۆربەیان سونی‌مەزهەب بوون تێکوشیون(٣٨) • بەڵام سەرەڕای ئەوەی ئەم سەفەوییانە بەهێز بوون توانستی لەناوبردنی یەکجاریی میرنشینە کوردەکانیان لە وزەدا نەبووەو ، هەرکاتێ دەستیان ڕۆیشتبێ هەولیانداوە بە هێز لەناویان بەرن(٣٩) ئەگەر نەشیان‌توانیبێ ئەوە هەوڵی ئەوەیان داوە سیاسەتی خۆنزیك‌کردنەوە لە میرەکان بەکاربێنن‌و ژنیان داوە بە میرە بەهێزەکانیان‌و ، بە خەروار ئەلقاب‌و نیشان‌و شمشێری مورەسەعیان پێشکێش کردوون ، ئەمە لە لایەکەوە ، لە لایەکی تربشەوە هەوڵیان داوە دەس‌بخەنە ناو بارودۆخی ناوخۆی میرنشینەکانەوەو ، دوژمنایەتیی نێوان

هەروەها بڕوانە : امبراطوری عثمانی ، ویسن‌ووسبینج ، ترجمه سهیل آذری ، تهران ١٣٤٦ هـ ص : ١٥ — ١٩
تأریخ الشعوب الاسلامیة ، عبدالعزیز سلیمان نوار ، بیروت ١٩٧١ ، ج/١ • ص : ٢٨ •

(٣٨) بڕوانە : مێژووی نەتەوەی کورد ، صالح‌قەفتان ، بەغدا ، سالی ١٩٦٥ ، ل : ٣٤ •

(٣٩) هێرشی شاعەباس بۆ سەر قەڵای دمدم بۆ لەناوبردنی خانی لەپزێرین‌و کۆتایی بەدەسەڵاتهێنانی لە کوردستاندا نموونەی‌ئەمەیە •

بنەماڵەکانیان بەتین بکەنو ، دژی هۆزو میرنشینە بەهێزەکانی کورد کە لەژێر فەرمانیاندا نەبوون بیانجوولێننەوە • ئەم سیاسەتە تا زەمانی نادرشاو زەندیەکانو ناصرەدین شای قاجار بەردەوام بوەو ، نموونەی ئەم سیاسەتە بەتایبەت کە سیاسەتی قاجاریەکان بوەو لەگەڵ میرنشینی ئەردەڵاندا نواندوویانە سیاسەتی نالەباری پاشاکانی ئێران بوە لە دژی کوردەکانی ژێردەستیان(٤٠) •

ئەوەی راستیی بێ عوسمانیەکان ، لەم بارەوە ، لە سەفەویەکان بەسیاسەتتر بوونو ، بۆ ئەوەی کەڵکی زۆرتر لە کوردەکان وەربگرن هەستی دینییو مەزهەبییانیان هاوردۆتەجۆشو ، سەربەخۆیی‌یەکی تەسکیان پێداون • مەلائیدریسی‌بەدلیسیی کەزاناو هۆشیارێکی کورد بوە کردوویانەتە دەمسپیی خۆیانو ، بەدلیسیی بەباشیی هەوڵی داوە میرنشینە کوردەکان یەكبخاتو بیانکاتە پاڵپشت بۆ عوسمانیەکانو عوسمانیەکانیش سەربەخۆیی‌یەکیان داوە بە میرنشینە کوردەکان •

ئەم هەڵوێستەی مەولانا ئیدریس لە چیەوە هاتوە ؟ لەم روەوە ئەسکەندەر مونشیی لە عالەم‌ئارای عەباسیدا نووسیویە : کورد کە هەست بە مەترسیی دوژمن دەکەن دەگەڵ یەکتریی رێك دەکەونو یەكدەگرن ، بەڵام کە ئەم مەترسییە لەگۆڕێدا نەما دەبنە دوژمنی گیانیی یەکترییو شیرو تیر لەیەك دەسوون (٤١) •

مەلا ئیدریسی بەدلیسیی کە هەستی بە پرژو بڵاویو بێ‌سەرو

---

(٤٠) بۆ رۆشنایەکی زۆرتر لەم بارەوە بڕوانە ئەم کتێبانەی خوارەوە : (زبدة التواریخ)ی سەنەندەجی ، مەلاشەریفی قازیی سەنەندەجیی ، فەسڵی یازدەهەم ، ل : ٣٨٨ ـ ٥٢٣ . مێژووی ئەردەڵان ، مەستوورەی کوردستانی ، وەرگێرانی د. حەسەن جافو ، شوکور مستەفا •

(٤١) بڕوانە : مێژووی کورد لە سەدەی شازدەهەمدا ، نووسینی شەمسەدین محەمەد ئەسکەندەر ، وەرگێرانی شوکور مستەفا گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ، دەستەی کورد ، ژمارە : ٢٠ ، ١٩٨٩ . ل : ١٥٠ .

بەری کورد کردبووو ، سووریش دەیزانی کورد تا ئاوابن نە بەهیچ دەبن‌و • نەهیچیان بۆ دەکرێت‌و ، بەڵکو وردە وردە چیشیان هەیە لە دەسی دەدەن، بۆیە زیرەکانە ـ بە گوێرەی بارو دۆخی ئەو سەردەمە ـ لەگەڵ مەسەلەکەدا رەفتاری کرد ، بەڵام دووبەرەکیی‌و ناتەبایی‌و تێنەگەیشتوویی میرە کوردەکان لەوە قووڵتر بوو دەرمانی دەستی مەلائیدریس دەردەکەیان دەرمان‌و برینەکەیان تیمار بکات(٤٢) •

---

(٤٢) ئەوەی لێرەدا نابێ پشتگوێ بخرێت ئەوەیە ، بەداخەوە ، هەندێ لە رۆشنبیرانی کورد ، لەبەر ناشارەزاییان لە مێژووی زانایان‌و ناودارانی کورد ، وا چەسپوەتە دڵیان کە مەولانا ئیدریسی بەدلیسی وەك کەوڵ‌سووری بەرلەشکرو نۆکەری عوسمانییان دەستی لەشکری عوسمانی گرتوەو میرەکانی کوردی بۆ بەنگ کردوون‌و ، کوردستانێکی گەورەو فراواوان‌و دەوڵەمەندی وەك هێلکەی پاکراو خستۆتە بەردەستیان !
بەڵام راستیەکە زۆر پێچەوانەیەو ، مەولانا ئیدریس یەکەم زاناو رۆشنبیری کوردە ـ تا ئێستە زانرابێت ـ زۆر زیرەکانە هەوڵی‌داوە بۆ وەدیهێنانی فەرمانڕەوایەکی ناوخۆی کوردستان کە لەگەڵ کەش‌و هەوای ئەو سەردەمەدا بگونجێ‌و ، یەکەم کەس بوە نیظامی (ڤیدراسیون)بۆ کورد بێنێتەدی‌و ، ئەو بوو کارێکی وای بۆ میرنشینە کوردیەکان کرد ، کە ئەگەر ئەو میرانە ئەو ئیدارەو رێکخراوەی ئەویان بپاراستایەو خۆبەخۆ بەرنەبوایەنە گیانی یەکتریی ئەوا پاشەڕۆژێکیان دەبوو جێگەی دڵخۆشیی‌و مایەی سەرفرازیی کورد بێت •
هەر مەولانا ئیدریسیش بوو ئیمارەتی (حصن کیف)ی دروست کردو مەلیك‌خەلیلی لەسەر داناو ، بەو شێوە نەیهێشت کوانووی ئەییووبیان کوێربێتەوە •
جگە لە گەلێ کاری گەورەی دیکەی کە مایەی شانازی گەل‌و وڵاتێکە •
(بڕوانە : مشاهیرالکردوکردستان • محمد امین زکی ، الجزء الاول بغداد ، مطبعة التفیض الاهلیە ، ١٣٦٤هـ١٩٤٥م ، ص : ١٠٤ـ١٠٦)
هەروەها : هەڵوێستێکی جوانمەردانەی مەلا ئیدریسی بەدلیسیی • محەمەدعەلی قەرەداغی • هاوکاری ٢٠٦٩ ، ١٩٩٤/١١/٦ •
هەروەها : مەولانائیدریس بتلیسی ، م• جەمیل‌ڕۆژبەیانیی • رەنگین ژمارە : ٧٤ ، ١٩٩٤ •

دوژمنانی کوردو داگیرکەرانی کوردستانیش هەمیشە ئەم بارە ناڵەبارەی دووبەرەکیی‌و ناتەبایی نێوانیانیان فۆسوەبەوەو ، لەو ریگەوە هەوڵی لەناوبردنی سەربەخۆیی میرنشینەکانی کوردیان داوە ، ئەوەی راستیی بێ کوردەکان هەتا نیوەی یەکەمی‌سەدەی نۆزدەهەم دەستبەرداری سەربەخۆیی خۆیان‌نەبوون(٤٣) .

گومان لەوەدا نیە کە دەوڵەتی عوسمانی‌و دەوڵەتی ئێران هەمیشە رێبازی سیاسەتی (لێکیان‌کەرەوەو تێکیان‌بەرەوە)یان لە نێو هۆزو بنەماڵە ناسراوەکانی کورددا بەکارهێناوە ، تا بتوانن لەو ریگاوە بەئاسانیی بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان لە کوردستاندا بەدەست‌بێنن‌و ، نەهێڵن یەکێتیی‌و یەکدلیی‌و هاوکاریی لەنێوان کوردەکاندا بچەسپێ‌و ، بۆ ئەم ئامانجە بەگژیەکداکردنی هۆزو تیرەو بنەماڵە کوردەکان چاکترین چەك‌و نزیکترین رێگەبوە . بۆ نموونە حوکمڕانانی ئەردەڵان بە پیلانی ئێرانیەکان دژی بابانەکان دەجووڵانەوە ، یا وەکوو بابانەکان بە پیلانی عوسمانیەکان دژی ئەردەڵانیەکان کاریان دەکردو ، بە درێژایی تەمەنی ئەم دوو میرنشینە بەپیلانی ئەم دوو دەوڵەتە لەشکریان لەیەك کردوەو هەزاران کوردی بێچارەو بێتاوان لەم شەڕانەدا خوێنیان رژاوەو گوندیان تالان‌کراوە(٤٤).

عەلی سەیدۆ گۆرانیی لەم بارەوە دەڵێت : ئەگەر میرنشینی ئەردەڵان‌و میرنشینی بابان‌و باقیی میرنشینە سەربەخۆکانی کورد یەکیان‌بگرتایە هیچ هێزێکی بێگانە نەیدەتوانی زەفەریان پێ‌بەرێت‌و لەناونەدەچوون(٤٥) .

---

(٤٣) راپەرینی کوردەکان ، نووسینی د. جەلیلی جەلیل ، وەرگێرانی لە رووسیەوە د. کاوس‌قەفتان ، بەغدا ١٩٨٧ ل : ١٩ .

(٤٤) بروانە نەخشی جاف لە سایەی چەند سەروکێکیەوە لە مێژوودا ، د. حەسەن‌جاف ، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق دەستەی کورد ، ژمارە ٢١/٢٢ .

(٤٥) من عمان الی عمادیه ، علی سیدو الگورانی ، عمان ١٩٣٩ ، ص ٩٧ .

ئەم بارو دۆخە کارێکی زۆری بوە کە ئێرانیەکانو تورکەکانو والیەکانی بەغدا بتوانن بە ئاسانیی تووی دووبەرەکیی‌و دوژمنایەتی لە نێوان بنەماڵەی میرنشینە کوردەکانو سەرۆکهۆزە کوردەکاندا بچێننو بیانکەن بە گژ یەکداو ، دوژمنایەتی ناوخۆی بنەماڵەی بابان نموونەی ئەمەیە • یەکێ لە فەرمانڕەوایانی بابان لەم بارەوە بەم شێوە لای میستەر ریچ سکاڵای کردوە : حەسوودیی بەینی ئومەرای ئێمە بوەتە هۆی ماڵوێرانیی بەبە ، بەڕاستیی ئەگەر نیفاقو حەسادەتی بەینی ئومەرای بەبە نەبوایە نە تورکو نەئێران نەیانئەتوانی زەفەرمان پێ ببەن[٤٦] •

ئەوەی ئاشکرایە میرە کوردەکان هەمیشە خۆیان زیاتر لە پێناوی عوسمانییو ئێراندا بەختکردوەو خوێنیان بۆ رشتوون ، یا بە فەرمانو پیلانی ئەوان دژی یەکتری راستبوونەتەوە ، ئەم کارەیش ئەوەندەی تر لە بەرچاویاندا سووکی کردوون ، تەنانەت زۆریان بوون بە ژێر دەستەو کەوتوونەتە تەنگانەوەو بوون بە دەسکەلای دەستیانو ، لەناوبردنی میرەکوردەکانو میرنشینەکانیان مەبەستو ئامانجی بەرو دوایان بوە[٤٧] •

ئەم سیاسەتە بوو بە هۆی ئەوە ئیتر لە ساڵی ١٨٤٨ زدا هیچ میرنشینێکی کورد سەربەخۆیی نەمێنیو دوا ئیمارەتی کورد کە ئیمارەتی بابان بوو ، لە دوای دووصەد ساڵ فەرمانڕەوایی ، لە ساڵی ١٢٦٧ک ١٨٥١زدا بە تەواویی لەناوچوو[٤٨] ، هەموو وڵاتی کوردستان راستەوڕاست کەوتە ژێر حوکمی داگیرکەرانەوە •

---

(٤٦) تأریخ سلیمانیو وڵاتی محمد امین زکی ، بەغدا ، ١٩٣٩ ل : ١٦ •
هەروەها : عرب وکرد ، منذر الموصلی ، بیروت ١٩٨٦ ، ص : ١٨٥ ـ ١٨٦ •

(٤٧) یادداشتەکانی رەفیق حیلمی ، بەشی یەکەم ، بەغدا ، ساڵی ١٩٨٩ ل: ٢٦

(٤٨) تأریخ سلیمانیو وڵاتی ، ل:١٦٢ • هەروەها : میژووی نەتەوەی کورد ، صالح قەفتان ، بەغدا ، ١٩٥٩ ، ل : ٣٢ •

هۆزی جافیش وەك هەموو هۆزە ناسراوە بەهێزەکانی کورد لەو قۆناغەدا هەمیشە کاربەدەستانی ئەم دوو دەوڵەتە لە چوارچێوەی سیاسەتی (جیاکەرەوەزاڵدەبی)دا نەیانهێشتوە هاوکارییەکی بەتین لەگەڵ حوکمڕانانی ئەردەلانو باباندا بکەن ، هەروەها حوکمڕانانی ئەم دوو میرنشینەیان هانداوە بێوچان دەسدرێژیی بکەنە سەر هۆزی جافو ، دەستبخەنە بارودۆخی تایبەتیانەوە ، ئەگەر ڕێکیش کەوتبێ سەرۆکێکی جاف بەپێچەوانەی ئەم سیاسەتە جووڵابێتەوە ، یان بیروباوەڕی سەربەخۆیی کەوتبێتە کەللەیەوە ئەوە دەسبەجێ هەوڵیانداوە لەناوی بدەن •

کاتێك بەوردیی سەیری کتێبی (مێژووی ئەردەلان)ی مەستوورەی کوردستانی دەکەین چمکێکی ئەم دیاردەی باسمانکرد بەڕوونیی دەردەکەوێ ، ئەگینا ئەبێچۆن هەڵوێستی میرئەمانوڵڵاخان کە هۆزی جافی تالانو قەلاچۆ کردوە لێك بدەینەوە ؟ ئەگەر نەڵێین هاندەرێکی نەبوە جا بۆ ئەوەی خوێندەوارانی بەڕێز باشتر لەم سیاسەتە تێبگەن نووسینەکەی مەستوورەتان سەبارەت بەم هێرشە دووبارە بۆ دەنووسینەوە ، مەستوورە دەڵێت :

(دووسێ ساڵێ پاش بەخۆشی گوزەراندن رابواردن لە بەر ئەوەی کوردی ناوچەی سلێمانییو شارەزوورو هۆزی جاف کە لەسەر سنووری ناوچەی سنە پەزو ئاژەڵیان دەلەوەڕاند ، پێیان لە بەری خۆ زێتر راکێشابووو ئاژاوەیێکی زۆریان لە ناوچەکەدا نابوەوەو ، والیی هەرچەندی دەکرد ، ئەم کردەوەیەی بۆ قووتنەدەچوو ، بڕیاری سەرکوتکردنیانی داو، تیرەو هۆزەکانی جافی سەرلەبەر چەپاوداو ، تالانو بڕۆی کردنو ، زوربەی ناودارو بەڕێزانیانی لە شیرکێشا • لەم دەگژداچوونو شەڕو شۆڕەدا لەشکری سەرکەوتووی ئەمانوڵڵاخان پەنجا هەزار تمەنی زێتر بەدەسکەوتو ، هەمووی بۆ سنە نارد • والیی خۆیشی بە تەنتەنەو

هەیتوهووتەوە لە سەر مەریوانو شارەزوورەوە هاتە ناو شاری سلێمانیەوە ، کە مەلبەندی پاشانی بابان بوو ، ئەو سەروبەندە مەحموودپاشا میری بابان بوو . ئەو سەروبەندە مەحموودپاشا بەخۆیو دەسو دایەرەو پیاوماقوولانو بازرگانییو بازارییانەوە شاری سلێمانییان چۆڵکردو بۆی دەرچوونو ، هەرچی مانو سامانێکی لە مزگەوتو تەکیەو خەلوەتخانەو کولبەدا شاردبوویانەوە هەموو وەگیر لەشکری ئەمانوڵلاخان کەوت . وەڵەدبەگی جافیش ، کەیەکێ لە هەرە پیاوەگەورەکانی کورد بوو و ئەم هەڵکردنەسەرمەڵبەندی بابانەش هەر لە بنەڕەتدا بۆ سەرکوتکردنی ئەو بوو ، دەسگیرکراو ، والیی لەگەڵ خۆیدا هێنایە شاری سنەو ، ڕۆستەمبەگو حەبیببەگو کوڕانی ناودارانی لە قەڵای قەسڵان زیندان کردن)[٤٩] .

هەر ئەو نووسەرە لە باسی دەوری عەلیقولیخان لە ئەردەڵاندا دەڵێت :

(عەلیقولیخان پاش ئەوەی بۆ کوردستان گەڕایەوە لەبەر توندوتیژییو زمانپیسیی خۆی زوربەی پیاوماقووڵانو ناسراوانی ئەردەڵانی لەگەڵ حسێنبەگی مامۆییدا دەستیان تێکەڵکردو لە دژی وەستان . عەلیقولیخان توانی بەرەنگاربوونیانی لە خۆیدا نەدەبینی ، ناچار هەڵاتو رووی کردە قەڵای پالنگانو ، هەر لەوێ جێگیربوو داوای یارمەتییو پشتگیریی لەخانەپاشای بابان کرد ، خانەپاشایش ڕۆستەمبەگی جافی لەگەڵ هۆزەکەیدا بەبانگیەوە ناردو ، هەردو لا بڕیاریان دا شەڕ بکەن)[٥٠] .

---

(٤٩) بڕوانە : با وردتر لە رووداوە مێژووییەکان بکۆڵینەوە ، د. حەسەنجاف گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژ : ١١٦ ، ساڵی ١٩٨٨ .
مێژووی ئەردەڵان مەستوورەی کوردستانیی ، وەرگێڕانی د. حەسەنجافو شوکور مستەفا . ١٩٠ - ١٩١ .

(٥٠) سەرچاوەی پێشوو ، ل : ٨٥ .

ئەم ڕووداوەیش هەر نموونەیێکی تـرە بۆ ئـەوە کە بابانەکـانیش جافەکانیان دژی ئەردەڵانەکان بەکارهێناوە •

ئەزیەت و ئازاریك کە میرەکانی ئەردەڵان سەبارەت بە هۆزی جافیان ئەنواند بوە بە مایەی ئەوە کە بەشی زۆری تیرەکانی جاف ناچار ناوچەی جوانڕۆ بەجێبێڵن[٥١] و ، پەرت و بلاوبینەوە زۆربەیان لە تەك زاهیربەگـی کوڕی یارئەحمەدبەگی کوڕی سەیفوڵڵابەگی کوڕی ئەحمەدبەگی جوانڕۆدا دێنە ناوچەی میرنشینی بابانەوەو لە دزیایش و بانیخێڵان جێگیر ئەبن ئەمانە بە جافی مورادیی ناوبانگیان ڕۆیشتوە •

باسیل نیکتین دەربارەی هۆی هێرشی میرەکانی ئەردەڵان بۆ سـەر هۆزی جاف ئەڵێت : ئەردەڵانیەکان ئەیانویست ناوچـەی جافی جـوانڕۆ داگیربکەن ، ئەمەیش بۆ دوو هۆ :

یەکەم ناوچەکە ناوچەیەکی پڕ لە بەرەکەت و دەغڵ و دان بوو •

دوەم لە هێزی عەشرەتی جاف ، کە عەشرەتێکی ئازاو نەبەزبوون[٥٢] ئەترسان • تەنانەت دوژمنایەتیی و ناحەزیی هۆزی جـاف و ئەردەڵانیەکـان گەیشتە ڕادەیەکی زۆر سەخـت ، بەتایبەتیی پـاش کوژرانی زاهیربەگـی جاف لە لایەن خانئەحمەدخانی سێیەمەوە • ئـەم خانئەحمەدخانـە ، کـە میرێکی هەڵکەوتووی بنەماڵەی ئەردەڵان بووا ەگەڵ نادرشادا تێکـچوو و کەوتە بەر ڕق و شـالاوی ناوبراوەوە • لەبـەر ئەوەی خانئەحمەدخـان عەماری لەشکـری نادرشـای لـە ناوچەی سنەدا بەهـۆی قات و قڕیی ئەو ساڵانەوە بەسەر فەقیرو هەژاراندا دابەش کـردبوو ، خانئەحمەدخـان بـە لەشکرێکی قورسەوە لە ساڵی ١١٥٥دا ناوچەی سنـە بەجێدەهێڵی و لـە ناوچەی پـاوەزەوە لە سیروان ئەپـەڕێتەوە ، خـۆی بە خـاکی عوسمـانیی

---

(٥١) مێژووی ئەدەبی کوردی عەلائەدین سەجادیی ل : ٤٧ .

(٥٢) الاکراد ، باسیل نیکیتین ، بیروت ، ١٩٥٨ ، ص : ١٦٦ .

ئەگەیەنی بۆ کۆمەکخوازیی[٥٣] • زاهیربەگ ، سەرۆکی عەشایەری جاف بەرەنگاری لەشکرەکەی خانئەحمەدخان دەوەستیو هەموو لەشکری جافو ئەو دێهاتانە کۆئەکاتەوەو ڕێ بەلەشکرەکەی خانئەحمەدخان دەگرێ • دوای لەناوچوونی زاهیربەگی سەرۆکی عێلیجاف ، هۆزی جاف ، ماوەیەك توانستو بڕستیان کزدەبیو لە دەسەلات دەکەون ، بەلام سەرەڕای ئەوەش ، لە مەیدانی سیاسەتدا دەوری خۆیان ئەگێڕنو بەرچاودەکەون • بۆنموونە ژانگورە ، مێژوونووسی فەڕەنسزی دەلێت : پاش کوژرانی نادرشا میرزا مەهدی ئەسترابادی ، کە میرزاو لێپرسراوی نادرشا بوو ، داوای یارمەتیی لەسەرەكتیرەو هۆزەکانی کورد کرد کە بریتیی بوون لە پەنجا تایەفەی نیشتەنیی ناوچەی کرماشانو ، کوردستان • لەم هۆزانە تەنها سەرەكهۆزی جافو سەرەكهۆزی مەنگوڕ بەیارمەتیی میرزا مەهدییەوە هاتن[٥٤] • تایبەتێتیی ناوچەی قەلەمڕەوی جاف ، ئازایەتییو لێهاتوویی جاف ، بەژمارەزۆریی جاف ، هەمیشە بوە بە مایەی هەستبەتوانو لەباریی ئەم خێلە کە لەگەل دەولەتی ئێرانو عوسمانیدا بکەونە بەربەرەکانیەوەو سولتانەکانی عوسمانییو شاکانی ئێران والیبکەن ، بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دلی سەرۆکەکانیان ڕاگرنو نوازشتیان بکەنو تێکۆشیون لە خۆیانیان نزیككەنەوە[٥٥]• بەتایبەت سولتانەکانی عوسمانیی زیاتریان نازدەکێشان • بۆ نموونە ، بەشێ لەم هۆزی جافە لە دەورو بەری سالی١٦٢٨زدا کاتێ سولتان مورادی چوارەم بەغدای گرتەوە ، دەستی یارمەتییان بۆ درێژکردو لەو سەرکەوتنەدا کەلەمێردییو ئازایەتیەکی مەردانەیان نواند • هەرسەبارەت

(٥٣) مێژووی ئەردەلان ل:٩٧ . تەئریخی مەردۆخ ، بەرگی٢ ، ل : ١٢٢ .

(٥٤) بڕوانە : کتێبی خواجەتاجدار ، ژانگورە ، ترجمە ذبیح‌الله منصوری ، انتشارات امیرکبیر ، بەرگی ١ ، ل : ١١٠ .

(٥٥) الاکراد دراسة جغرافية اثنوغرافيه ، شاكر خصباك ، بغداد ١٩٧٢ ، ص : ٣٧ .

بەمە سوڵتان موراد نازناوی موڕادیی پێبەخشیون • ئـەم نازنـاوە لـەو سەروبەندەدا بە نازناوێکی زۆر گەورە دەژمێردرا [٥٦] •

من لام وایە شاعیرێکی زەبردەستی وەك شێخ رەزای تاڵەبانیی هەروا لە خۆڕایی بە هـۆزی جافیدا هەڵنـەداوەو بەبێسۆنگـە بە قوللەی قافـی نەشوبهاندوون کە ئەڵێ :

خزمینە مەدەن پەنجە لـەگەڵ عەشـرەتی جافا
مێروولـە نەچێ چاکـە بەگـژ قوللـەیی قافـا
کـێ بێ لـە دلێرانی عـەشـایر کـە نەچووبـێ
وەك تیری ئەجەل نووکـەڕمی جافی بـە نافا ؟
خوێنڕێژو شـەڕەنگێزو عەدوبـەندو تـەنومەند
کامیان کە گەنە شێرە لە مەیدانی مەسافا ![٥٧]

ئەم نزیکبوونەوەو متمانەی عوسمانیەکـان لە عێلی جـاف بوو بـە مایەی ئەوە کە هۆزی جـاف لە مەیـدانی زۆرانبـازیی نێوان دەوڵەتـی عوسمانییو دەوڵەتی ئێراندا بەئاشکرا بەرچاوکەوێ •

محەمەدئەمین گولستانە لەم بارەوە شتێکمـان بۆ روون دەکاتـەوەو دەڵێت :

« عەبدوڵلا پاشا • لێپرسراوی عوسمانیەکان ، کە حاکمی ناوچـەی زەهاو بوو و ، ناوچەکە لەژێر دەسەلاتی عوسمانیەکـاندا بـوو ، لەگـەڵ محەمەدخـانی زەنـددا تێكدەچێ • ئـەم محەمەدخـانە یەکێـك بوە لـە سەرلەشکرەکانی زەند ، پەلاماری ناوچەی زەهاو دەدا ، عەبدوڵلا پاشـا داوای یارمەتیی لە عێلـی جـاف بەسەروکـایەتیی قادربەگـی زاهیربەگو باجەلانەکان کردوە ، ئەوانیش بەدەنگیەوە چوونو ناوچەکەیان لەدەسـت

(٥٦) الاكراد ، باسيل نيكيتين ، ص ١٦٧ •
(٥٧) بڕوانە دیوانی شێخ رەزای تاڵەبانیی •

رزگارکـردوون[٥٨] • وا دیـاره دوای کوژرانـی زاهیربـەگ لەلایـەن ئەردەلانەکانەوە ، بابانەکان تا رادەیێکی زۆر پێوەندییان لەگەڵ جافەکاندا بەهێز دەکەن ، بەتایبەت زۆر چاکیان زانیوە کە هێزی جافەکـان رۆژبەڕۆژ لە پەرەسەندندایە ئەحمەدپاشـای بابان داوای لە قادربەگـی زاهیربەگـی سەرۆکی عێلی جاف کردوە ، چەند پیاوخراپو جەردەیێ کـە ئاسایشـی ناوچەی میرنشینی بابانیان شێوانـدبوو ، لە ناوبـەرێ • قادربـەگ ئـەم خواستە بە رێکوپێکیی‌و بە تەواوەتیی بەجێدەهێنێ‌و هاوکارییەکـی تەواو لە نێوان هۆزی جاف‌و بابانەکاندا بەرقەرار دەبێ‌و ،[٥٩] ئـەم یارمەتیـی‌و پشتیوانیە تا سەردەمی قادربەگی کوڕەزای زاهیر بەگ هـەر بـەردەوام دەبێت • بەڵام لە سەروبەندی کەیخوسرەوبەگی کوڕی سلێمان‌بەگدا ئەم پێوەندیە بچڕاو نێوان تێکچوە • وا دیارە میرانی بابان هەوڵیان‌داوە دەست لەکاروباری بنەماڵەی سەرۆکەکانی جـاف وەردەن ، ویستوویانـە بەشـی وەڵەدبەگیی بەگزادەکانی جـاف کەخاڵوانیـان بـوون[٦٠] سەرۆکـایەتیی هۆزی جافیان بەدەستەوە بمێنێ ، جگە لەم هۆیە ، وا دیارە میرانی بابـان حیسابێکی زۆریان بۆ پەرەسەندنی هێزی عەشرەتی جاف کردوە • ریچ لەم بارەیەوە ئەڵێت : عەشرەتی جاف هـەزارسوارو چوارهـەزار تفەنگچیـی پیادەیان هەیە • پیاوانی ئـەم هۆزە ئازاترین پیاوانـی هـەموو عەشایـری

---

(٥٨) بڕوانە : مجمل التواریخ افشاریە وزندیە ، ابو الحسن محمد بن محمد امین گلستانە ، بە اهتمام مدرس رضوی ، تهران ، ١٣٤٤ ، ص : ٣٠٠

(٥٩) ئەدمۆنس بە هەڵە نووسیویە کە ئەحمەدپاشای بابان زاهیربەگی کوشتوە بڕوانە : کرد ، ترک‌و عرب . ترجمة جرجیس فتح‌الله ، بەغداد ، ١٩٧٥ ، ل : ١٣ •

(٦٠) کلودیوس جیمس ریچ لە گەشتەکەیدا کە باسی راکردنی حەسەن بەگی برای مەحموودپاشای بابان بۆ بەغدا بە پیلانی داودپاشا دەکات بەهەڵە ، دەڵێ : حەسەن‌بەگ خوشکەزای کەیخوسرەوبەگی جافـە . بـەڵام لـە راستیدا حەسەن‌بەگ خوشکەزای وەڵەدبەگی جافە . بڕوانە : رحلە‌ریچ في العراق عام ١٨٢٠ • ص : ٦٠ •

کوردن ، ئەوەندە ئازان ئازایەتیەلەیان لەناو هەموو عەشایرەکاندا دەنگی داوەتەوەو چەلدارانی ئەم عەشیرەیە ئازاترین جەنگاوەرانی لەشکری کوردن[٦١] .

ریچ بەم شێوە باسی بینینەکەی کەیخوسرەوبەگی سەرۆکی جافی کردوە . لە هەوارەکەی هۆزی جافدا نزیك بە گۆلی زرێوار سەعات ٩/٥ گەیشتینە خێوەتەکانی کەیخوسرەوبەگ کە دوو میل دووربوون لە خوارووی گۆمی زرێبارەوە کەیخوسرەو بەگ خۆیو سێ کوڕیو محەمەدبەگی قادربەگ[٦٢] کە برازای بوو ، هاتن بەپیرمانەوە . کەیخوسرەوبەگ سواری ئەسپێك بووبوو دەمێ ساڵە ئەسپی وا چاكو جوانم نەدیبوو ، چەند سوارێکی رێکوپێکی باشی جافی لەگەڵا بوو ، پاڵتاوێکی ئەستەمبوولیی کردبوە بەر ، کە داوێنەکەی ئاڵتوونکاریی کرابوو ، کوڕەگەورەکەشی دەستێ جلی وەکوو جلەکانی باوکی لەبەرابوو ، سەڵتەی کوڕەکانیو برازاکەی هەموو بە تەلی ئاڵتوون چنرابوو ، خێوەتێکیان بۆ من هەڵدابوو بۆ ئەوەی پێشوازیی پیاوانی تیا بکەم .

کەیخوسرەوبەگی سەرۆکی هۆزی جاف پێنج کوڕی هەبوون : سلێمانبەگ کە نەتەوەی لێنەکەوتوەتەوە . عەبدوڕەحمانبەگ ، قادربەگ کە بۆ جێگیربوونی عەشیرەتی جاف خزمەتێکی زۆری کردوە[٦٢] .

---

(٦١) هەمان سەرچاوە ل : ٧٨ .

(٦٢) ئەم محەمەدبەگی قادربەگە باپیرە گەورەی بەگزادەکانی بارامبەگییە ،

(٦٣) قادربەگ باوکی ئەمنەخانی شاعیرەی بەناوبانگە کە شووی کردوە بەبارامبەگ بۆ زانینی زیاتر سەبارەت بە ئامینەخان بڕوانە وتاری د. حەسەنجاف ، بەسەردێڕی ئامینەخانی سەردارو مەولەویو چەند تێبینیەك ، ڕۆژنامەی عێراق ، ژمارە ٢٧٩٦ ١٠ نیسانی/١٩٨٥ .

عەبدوڵڵابەگ[٦٤] کە لە شەڕی گردەگڕۆیدا ، کەیخوسرەوبەگی باوکی ناردبوویە یارمەتیی سلێمانپاشای بابانەوە لە دژ مەحموودپاشای بابان کە برای بوو ، کوژراوەو لە کردی سەیوان نێژراوەو[٦٥] ، محەمەدبەگ ، کە کوڕی بچووکی بوەو ، دەورێکی زۆری لە کێشەو زۆرانبازیی ئێرانو عوسمانیدا گێڕاوە • وا دیارە کەیخوسرەوبەگی جاف دژی مەحموودپاشای بابان بوەو لەگەڵ عەبدوڵڵاپاشادا لە دژ مەحموود پاشای بابانی مامی دەستی تێکەڵکردوەو[٦٦] ، ئەم دەستتێکەڵکردنو ڕێککەوتنە لە شەڕی قەرەگۆلدا بە ئاشکرایی روون دەبێتەوە • ئەم شەڕە لە نێوان لەشکری مەحموودپاشا، بە یارمەتیی لەشکری داوودپاشاو، عەبدوڵڵا پاشا، بەیارمەتیی محەمەدعەلی میرزا[٦٧] ، وەلیعەهدی ئێران ، ڕووی‌داوەو ڕێکەوتی ئەیلوولی سالی ١٨٢١ز قەوماوە • لەم شەڕەدا لەشکری مەحموودپاشاو داوودپاشای والیی بەغدا ، بە سەختیی شکاوەو محەمەدعەلی میرزا عەبدوڵڵاپاشای بابانی

---

(٦٤) عەبدوڵڵابەگ لە شەڕی گردەگڕۆیدا کوژراوە . داستانی کوشتنی عەبدوڵڵاپاشا خەسرەوجاف بەشێوەیەکی زۆر شیرین لە ڕۆمانەکەی (پاشایان‌کوشت)دا داڕشتوە . بڕوانە : پاشایان کوشت، بەغدا ، ١٩٩٣ ، ل : ٨٧ •

(٦٥) بڕوانە : تأریخ سلیمانیو ولاتی ، محمد امین زەکی‌بەگ ، ل : ١٥٣ .

(٦٦) د. عەبدولعەزیز سولەیمان نەوار ئەڵێت : هێزی مەحموود پاشا یەکجار لاوازبوو دوای ئەوەی هۆزی جاف بەسەرۆکایەتیی کەیخوسرەوبەگ دایانە پاڵی هێزی عەبدوڵڵاپاشای مامی مەحموودپاشا بە پشتیوانیی محەمەدعەلی میرزا وەلیعەهدی ئێران هێزی داوود پاشاو مەحموودپاشا بابانیان شکاند . بڕوانە : تأریخ الشعوب الاسلامیة في العصر الحدیث ح/١ ، ص : ٢٠٩ •

(٦٧) محمد علی‌میرزا کوڕی گەورەی فەتحعەلی‌شاە سالی ١٢٠٤ لەدێی نەوا لەدایك‌بوە ، نازناوی دەولەتشایەو حاکمی ناوچەی‌کرمانشاەبوە . دوای سەرکەوتنی بەسەر لەشکری داودپاشادا لەشەڕی قەرەگۆلدا محەمەدئاغای کەهیە لە ترسی داودپاشاخۆی تەسلیمی شازادە محەمەدعەلی‌میرزا کردو، دوای ئەم ڕووداوە ئابلووقەی بەغدای دا . بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی ڕشانەوە لە لەشکرەکەیدا خۆیشی بەو نەخۆشییە سالی١٢٣٧هـ لە شاری کرند وەفاتی کرد .

کردوه بە حاکمی سلێمانی[٦٨] • خوالێخوشبوو محەمەدئەمین زەکی بەگ ، بۆ تەوجیهی سیاسەتی دووڕوانەی میرەکانی بابان ئەڵێت : (واقیعەن ئەگەر بە چاوێکی ئینصافو بێتەرەفیی لە ئەحوال وردبینەوە ، ئەبێ سیاسەتی دووڕوویی ئومەرای بەبە لۆمە نەکەین ، چونکە زەمانەیان دووڕوو بووو لەبەر ئەوە ئەوانیش گیرۆدەی زەمانە بوون • ئەگەر بە نەوعێکی تر حەرەکەتیان بکردایە ئیشیان سەری نەدەگرتو زووبەزوو لەناو دەچوون • لەگەڵ ئەمە لازمە ئیعتیراف بکەین کە بەعزێکیان زۆر لەحەد چوونەدەرەوەو هیچ مولاحەزەی مەنافیعی موشتەرەکەی خۆیانو خەڵکی ولاتەکەیان نەکردوە)[٦٩] •

وا بزانم تا رادەیەکی زۆر ئەم بیروباوەڕەی خوالێخوشبوو محەمەدئەمین زەکیبەگ لە راستیەوە نزیکە ، مولاحەزەنەکردنی مەنافیعی بنەماڵەکەیانو تێکچوونیان لەگەڵ یەکتردا ، بۆ نموونە تێکچوونی عەبدوڵلا پاشای مەحموود پاشاو حەسەنبەگو سلێمانبەگی برای مەحموودپاشا لەگەڵ مەحموودپاشاداو ، تێکچوونی مەحموودپاشا لەگەڵ پاشای کۆرەی رەواندزداو ، تێکچوونی لەگەڵ کەیخوسرەوبەگی سەرۆکی هۆزی جافدا ، ئەمانە هەموو بوون بە مایەی تێکچوونی ترازووی هێزو دەستدرێژکردنی عوسمانیەکان کە لەوپەڕی لاوازیدا بوون ، یا وەکوو ئێرانیەکان کە وەزعیان لەوان باشتر نەبوو ، بۆ کارو باری ناوخۆی ئەو میرنشینە حاڵ ئەگاتە رادەیەك ، بۆ نموونە شازادە محەمەدعەلی میرزا بە لەشکرێکەوە حوکوومەتی بابان لە مەحموودپاشا دەسێنێتەوەو ، ئەیسپێرێتە عەبدوڵلاپاشای مامی •

---

(٦٨) تأريخ سليمانیو ولاتی ، ل:٤٣ . والسليمانيه من نواحيها المختلفة ، جمال بابان ، ٣٨٥ .

(٦٩) تأريخ سليمانیو ولاتی ، ل : ١٤٩ .

کەیخوسرەوبەگی جاف لە تەمەنی ٤٤ سالیدا سالی ١٢٤٤ی‌ك کۆچی دوایی کردوە • ئەوەی ئاشکرایە میستەر ریچ لە سالی ١٨٢٠زدا دیویەتی‌و لە کتێبەکەیدا باسی کردوە • کەیخوسرەوبەگ نیشانەی گۆڕەکەی لەسەر چەم‌و ئاوێکی نزیك شاری سەیید صادق لە ناوچەی شارەزووردا ئێستایش هەرماوە •

دوای کەیخوسرەوبەگ حەمەپاشای کوڕی لە تەمەنی چواردە سالیدا بە سەرۆکی عەشیرەتی جاف داندرا • حەمەپاشا لە سالی ١٢٣٠ك‌دا (١٧١٤-١٧١٥)لەدایك‌بوە • حەمەپاشا پیاوێکی ئازاو نەترس‌و ژیر بوە • توانیی هۆزی جاف یەك‌بخاو بیانکاتە خاوەن دەسەلاتێکی گەورەو فراوان • سەری بۆ کاربەدەستانی هەردوو دەولەتی عوسمانیی‌و ئێران شۆڕنەکردوەو[٧٠] ، ئەم دوو دەولەتە هەمیشە مەترسییان لێ‌کردوەو تێکۆشیون کە بە هۆی میرنشینە کوردەکان ، یا لە رێی دژمنانی تری ئەم هۆزەوە لە ناوی بەرن[٧١] •

بەپێی یادداشتەکانی کەریم‌بەگی فەتاح‌بەگی جاف (باوکم) ئەحمەدپاشای بابان لەگەل حەمەپاشای جافدا نێوانیان خۆش نەبوە • ئەحمەدپاشای بابان ویستوویەتی ئەحمەدبەگی وەلەدبەگ کە خالی بوە ، بکا بە سەرۆکی هۆزی جاف‌و ، بۆ ئەم مەبەستە ویستوویە حەمەپاشا بە فێلێ بگرێ ، بۆسلێمانی بانگ کردوە ، بەلام نەچوەو چەند بەگزادەیێکی لە خزمانی نزیکی لە جیاتیی خۆی ناردوە • ئەحمەدپاشای بابانیش ئەم بەگزادانە دەگرێ‌و لە کۆیێ زیندانیان دەکات • حەمەپاشایش بەرانبەر بەم کردەوەیە ئەحمەدبەگی وەلەد بەگی جاف دەگرێ‌و ، مالەکەی تالان دەکات‌و

---

(٧٠) گۆڤاری ژیان سالی ١. ژمارە ٤٥٠. هەروەها : العراق الحديث من سنة ١٩٠٠ - ١٩٥٠ . ترجمة سليم طه التكريتي ، بغداد، ١٩٨١، ص ٥٤: .

(٧١) گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژ : ١١٦ ، ١٩٨٨ ، ل : ٤٤ .

لەگەڵ هەموو تیرەو هۆزەکانی جافەتیدا بۆ ناوچەی ئـەردەلان دەچێ •
بەڵام بە هۆی حزمایەتیی ئەحمەدبەگی وەبەدبەگ لەگەڵ والیی ئەردەلاندا ،
کە ژنو ژنخوازییان لە نێواندا هەبوە، ئیتر لەو ناوچەیەدا ناتوانێ بژیو ناچار
بۆ خاکی عوسمایی دەگەڕێتەوەو ، لە دەوروبـەری خانەقـیو قزڕەباتـدا
دادەمەزرێتو ، خۆشی دەچێتە لای والیی بەغدا ، حوکوومەتی بەغدایش
زۆری رێز لێ دەنێو لەگـەڵ عەشایـەری جافـدا ، لـە دەوری قزڕەبـات
جێگیریان دەکاتو زۆریان یارمەتیی دەدات • سەرەنجام ئەحمەدپاشـای
بابان وا بە مەسڵەحەت دەزانێ ، کە لەگەڵ حەمەپاشـادا ئاشتبێتـەوەو ،
ئیتر بەم جۆرە لە پاش سێ ساڵ ، هەردووکیان ئاشتدەبنەوەو حەمەپاشا
دەگەڕێتەوە ناوچەی شارەزوور • واتە تا پایانی میرنشینی بابان کە رێکەوتی
ساڵی ١٢٦٧ ك (١٨٥١ز)[٧٢] لەو ناوچەیەدا دەمێنێتەوە • کاتێ کە لەشکری
نەجیب پاشا والیی بەغدا[٧٣] دێتە سەرئەحمەدپاشای بابان ، بەپێی نووسینی
ئەمینزەکی بەگ ، حەمەبەگی جاف بەدەنگیەوە ناچێت[٧٤] • بەڵام بەپێـی

(٧٢) هەنـدێ لـە مێژوونووسان لـەو بڕوادان نەجیـبپاشا سـاڵی ١٨٤٩ لەکارخراوە ، کە لەگەڵ ئەم تەئریخەدا ناگونجێ . بـەڵام ئـەو مێژووەی سەرەوە راستە ، (بڕوانە : لمحات اجتماعية عن تأريح العراق الحديث . علي الوردي ، ج/٢ ص : ١٩١) .

(٧٣) نەجیـبپاشـا سـاڵی ١٨٤٢ بوەتـە والیـی بەغـدا ، لـە دەورەی سوڵتانمەحـموودی دوەمـدا ، وە بـە توندوتیژیـیو ستەمکـاریی‌و خۆبەزلزانین بەناوبانگ بوە . لەگەڵ عەشایـەرەکانـدا زۆر بە توندیـی جووڵاوەتەوەو ، زۆر رقیانلێیبوە . لـە سـەردەمی ئەودا کوشتـاری کەربـەلا رووی داوە کـە بوە هـۆی تێکچوونـی نێوان ئێرانیەکـانو عوسمانیەکان ، سەرەنجام بەسەرپەرشتیی ئینگلیزو فەرەنساو رووس پەیماننامەی (ارزنةروم)لە ساڵی ١٨٢٣دا بەسرا . (بڕوانە : اربعە قرون من تأريخ العراق الحديث . لونگريك ، ترجمة جعفر الخياط ، بغـداد ، ١٩٦٢) .

(٧٤) تأريخ الدول والامارات الكردية . محمد امين زكی ، القاهرة ، ترجمـة محمد علی عونی ، ١٩٤٥ ص : ٤٢٢ .

یادداشت‌و بەڵگەو دەساوێژێکەوە کە بەدەست بنەماڵەی جافەوە تا ئێستا ماون ، حەمەبەگی جاف ، هەرچەند لە دلەوە لە ئەحمەدپاشای بابان زویربوە، بەڵام کاتێ ئەحمەدپاشا لێی دەقەومێ‌و لەشکری نەجیب‌پاشای دێتە سەرو تەنگی‌پێ‌هەڵدەچنێ ، ناچار دێتە ناو عەشایەری جاف‌و[75] حەمەبەگی جاف بەدەنگیەوە دەچێ‌و لەشکرێکی بۆ پێکەوە دەنێ ، بەڵام وا دیارە لەشکری ئەحمەدپاشای بابان نەیتوانیوە بەرانبەرهێزی رێکوپێکی لەشکری نەجیب‌پاشا خۆی راگرێ •

وەك لە پێشەوە وتمان میرنشینی بابان لە ساڵی ١٢٦٧ی‌ك (١٨٥١ز)دا لەناو دەچێ • پاش ئەحمەدپاشای بابان ماوەیێ عەبدوڵڵا پاشای برای بە ناوی قایمقام لە سلێمانی فەرمانڕەوایی کردوە • ئەم عەبدوڵڵاپاشایە لەگەڵ حەمەپاشای جافدا نێوانیان تەواو خۆش بوە • پاشان لیوا ئیسماعیل پاشای تورك لە لایەن حوکومەتی ئەستەموولەوە کراوە بە فەرمانڕەوای سلێمانی•

ئەوەی نمایانی باسە دەوڵەتی عوسمانیی لە نیوەی یەکەم‌و دوەمی سەدەی نۆزدەهەمدا هەوڵی داوە بە دەستێکی پۆڵایین بەسەر کوردەکان‌ڕابگاو میرنشینەکوردەکان بۆ یەکجارەکیی لەناو بەرێ • بەڵام ئەوی راستە کوردەکان هەروا بەئاسانیی ملیان بۆ کاربەدەستانی عوسمانیی شۆڕنەدەکرد • ئەگەر بە وردیی لەو هۆیانە بکۆڵینەوە دەبینین دەسەڵاتی عوسمانیی لە کوردستاندا هەروا بەناو مابووەوە ، سەرەك‌هۆزو میرە بەدەسەڵاتەکانیان هەرکاو ناکاوێ لە بابی عالیی یاخیی دەبوون‌و ، حوکومەتی عوسمانیی هەر بەوەڕادەگەیشت لەشکر بکاتە سەر کوردستان‌و میرەکوردەکان سەرکوت بکا • بەڵام کوردەکان بەهۆی هاندرانەوە لە لایەن ئێران‌و محەمەدعەلی پاشای میسرەوە هەمیشە لە

(٧٥) دەستنووسی مستەفابەگی جاف ، مێژووی ئێلی جاف .

گوێ بەفەرمانیی عوسمانیەکان سەرپێچییان دەکردو ، جاری شۆڕشیان دەدا • خەبەری شکستی عوسمانیەکان لە سالی ١٨٣٩دا لە لایەن محەمەدعەلی پاشاوە بەکوردەکان گەیشت ، دووبارە شۆڕشیان بەرپاکردو(٧٦) ، پاشاکۆرەی رەواندز ، کە هاوپەیمانی ئیبراهیم پاشای کوڕی محەمەد عەلی پاشابوو ، سوودی لەم هەلە وەرگرتو ناوچەی هەولێرو زاخۆو دهۆكو جزیرەی بن عومەرو دێهاتەکانی دەوروبەری داگیرکرد(٧٧) •

دوای بەستنی پەیماننامەی (ارزنەرومی) دوەم ، کە لە سەرەتای موحەڕەمی ١٢٥٩ك ١٨٤٢زدا دەستی پێکردو ، لە شانزەهەمی جیمادی ثانی ١٢٦٣ك ١٨٤٧زدا تەواوبوو ، لە دوای مردنی سولتان مەحموودی دوەمی عوسمانییو محەمەدشای قاجارییو هاتنەسەرحوکمی سولتان عەبدولمەجیدو سولتان عەبدولحەمیدی عوسمانییو ، ناصرەدین شای قاجار ••شەڕ لە نێوانی ئەم دوو دەوڵەتەدا خاوبووەوەو شەڕی گەرم لە نێوانیانا نەما ، وەك مادەی هەشتەمی ئەم پەیماننامە ئەم راستیەمان بۆ روون دەکاتەوە • لەم مادەدا هاتوە : هەردوو دەوڵەتەکە موافەقەتیان کرد بە هێزی هەردوو لا لەو عەشایەرە کوردانەی کە لەسەر سنوورەکان هاتوچۆ دەکەنو ئاژاوە ئەنێنەوە ، بدەنو ، لەشکری هەردوولا لەسەر سنوورەکان جێگیر ببێ(٧٨) •

لەم قۆناغەدا بوو هۆزی جاف یەکجار بەهێز بوونو ، سەرۆکی هۆزی جاف حەمەپاشای جاف بەهەموو توانایەکیەوە هەولی داوە هۆزەکەی

---

(٧٦) تاریخ عرب درقرون جدید ، لوتسکی ، ترجمة پرویزبابائی تهران ، ١٣٤٩ ص : ١٤١ .
هەروا کتێبی عربو کرد ، منذر الموصلی ، بیروت ، ١٩٨٦ ، ص : ١٩١ .

(٧٧) لمحات اجتماعیة من تاریخ العراق الحدیث ، علی الوردي ، ج/٢ ، ١٩٧١ . بغداد ، ص : ٩٥ .

(٧٨) امیر کبیر در ایران ، دکتر فریدون ادمیت ، تهران ، ١٣٤٨ ، ص : ١٣٦

بەسەربەخۆیی بژین و . لەم ڕووەوە ، وەکوو باسمان کرد هەوڵی داوە سەر بۆ کاربەدەستانی ئێران و عوسمانیی دانەنوێنێ . لەبەر ئەمە عەشایەری جاف گرفتاریی و ناڕەحەتیەکی زۆریان بۆ دەوڵەتی عوسمانیی پێك هێنا(٧٩) .

دەوڵەتی عوسمانیی بۆ ڕاکێشانی حەمەپاشا نازناوی پاشایەتیی پێ بەخشیوە . بەلام درانی ئەم نازناوە بە حەمەپاشا ئەو لە بیری سەربەخۆیی ناهێنێتەخوارەوە . لە ساڵی ١٨٢٣دا لە نارچەی شێروانە لە دەوروبەری کەلاری ئێستادا قەلایەکی گەورە دروست دەکات و(٨٠) ، ئەم قەلایە تا ئێستا ماوەو ڕەمزی سەربەخۆیی و دەسەلاتی ناوبراوە(٨١) .

---

(٧٩) تاریخ العراق الحدیث في نهایة حکم داود پاشا الی نهایة حکم مدحت پاشا القاهرة ، ١٩٦٨ ، ص : ٧٠ .

(٨٠) بۆ زانینی زۆرتر لە بارەی ئەم قەلاوە بڕوانە گۆڤاری (الف باء)ژمارە (١٠٩٩) ساڵی ١٩٨٩ . هەروەها : ڕۆژنامەی عیراق ژ : ٤١٨٧ ساڵی ١٩٨٩ .

(٨١) شاعیری بەناوبانگی کورد شێخ ئەحمەدی شێخ محەمەدی شێخ سەعیدی شاکەلیی بە چەند شیعرێکی جوان باسی ئەم قەلای بەم جۆرە نووسیوە .

کوردی شیروانە سەیرانی سیروان
مەنزەڵەی بەزمی خاسی ئەمیران
قەلای سەربەرزو قەسری تاجدار
جێگەی عوشرەتی میری کوردەوار
چاو ئەندازی تۆ دوو قەزای کوردن
یەك لەیەك زیاتر بە دەس و بردن
بەئیخلاسەوە ئاوەکەی سیروان
داوەن بۆستە بە کوڵ بەگریان
سروەی دەشتەکەت وەرەم لابەرە
شنەی ئاوەکەت نەشئەی دولبەرە
بینای ئەساسی نەوشیرەوانی
یا قەلای قایم (کوردەمیر)انی
هاتە سەر زمان بە گریانەوە
خۆی و ئەمیری ئەلاوانەوە :

حەمەپاشا ئەبێ بە هۆی ناڕەزایی عوسمانیەکانو لەسەر ڕووداوێك کە بوە بە هۆی هەلسانی حەمەپاشاو جێهێشتنی حالی عوسمانیی . ڕووداوەکەیش ئەوە بوو لە سەردار عومەرپاشا(٨١) داوا لە حەمەپاشای جاف دەکا لە ناوچەی شارەزووردا زەوی‌وزار بکڕێ ، بەمەرجێ جافی کۆچەریی تێدا نیشتەجێ بکاتو ڕەسمێ بخاتە سەریان . حەمەپاشا ئەم فەرمانەی بەدڵ نابێ ، چونکە لای وا دەبێ دامەزرانی جافو بەکشتوکالەوە

بانی ئەساسم نەوشیرەوانە
تەئریخی ڕۆشن نەوشین‌ڕەوانە
بەلام ئەم قەسرەو ئەم بورجە سەختە
کردەی میری جاف ئەو [دارابەخت]ە
لایق بە جێگەی نەوشیروان بوو
حوکمی عەدالەت ئەمری ڕەوان بوو
ئەم ئەرزو ئاوو شاخو درەختە
ئەو حاکمی بوو لەسەر ئەم تەختە
چەن میرو وەزیر مەجلیسیان ئەگرت
لە عورووسیا تەدبیریان ئەکرد
جێگەی عوشرەتو مەزرەی بەرزم
کلاوفەرەنگیی شاهانە تەرزم
من قەسری چەرخی پاشای جافانم
کۆنەهەوارگەی (کوردەمیر)انم

بڕوانە : دیوانی شاکەلی ، شاعیری گەورەی دەشتی گەرمیان ، ساغکردنەوەی جەمال‌محەمەد . ١٩٧٨ ، ل : ١١٩ ـ ١٢١ .

(٨٢) عومەرپاشا سالی ١٨٥٧ز بوەتە والیی بەغدا دوای ڕەشیدپاشا بە ڕەگەز هەنغارییە . لە شەڕی (قرم)دا کە لە نێوان دەولەتی عوسمانییو ڕووسدا ڕووی‌دا بە بێباکییو ئازایەتییو کەلەمێردیی ناوبانگی دەرکرد . سیاسەتێکی یەکجار تیژی لەگەل هۆزەکانی کوردو عەشایەرەکانی عێراق بەعەرەبو کوردەوە ، بەکارهێناو ، هۆزەکانی کوردیش بوونە قوچی قوربانیی ئەم سیاسەتە نالەبارەی عومەرپاشا ، بە تایبەتی چەند ناسراوێکی لە هۆزی ئازای هەمەوەند لەناوبرد . عومەر پاشا ٢٥ی ئەیلوولی ١٨٥٩لە ویلایەتی بەغدا دەرکرا . (بڕوانە : **لمحات اجتماعیة ج/٢** ، ص : ٢١٦) .

خەریکبوون مانای بەدیلبوونیانەو ، بەمە سەربەستیی خۆیو هۆزەکەی لەدەست دەدا ، ئیتر بەم بۆنەیەوە حەمەپاشا سەرپێچیی لە فەرمانی عومەر پاشا دەکاتو پێیڕادەگەیەنێ کە ئەوان وەکوو بازێك سەربەستنو کوێیان بەدڵ بوو لەوێ دەنیشنەوە ، چۆن بەدەستی خۆیان دەستو پەلی خۆیان دەخەنە زنجیرەوە ؟ هەر شوێنێ ئەوانی پیابڕۆن مولکی جافە چ لە ئێرانو چ لە عوسمانیی(٨٣) •

عومەر پاشا لەم وەڵامەی حەمەپاشا زۆر قارس دەبێو ، بڕیاری ئازاردانی عەشرەتی جاف دەدا • حەمەپاشایش لەتەك گشت تیرەکانی جافدا روو دەکاتە ئێران ، بەڵام تایەفەی کەرەموەیسیی ،کە فیرقەیەکن لە تیرەی شاتریی ، لەتەکیا ناڕۆن بۆ ئێران • حەمەپاشا روو دەکاتە ناوچەی جوانڕۆ لە هاویندا و ، زستانیش دەچنە ناوچەی زەهاو کە گەرمیانە ، دەوڵەتی ئێران بۆ نزیکبوونەوە لە هۆزی جافو راکێشانیان بۆ خزمەتی سیاسەتیان رێزێکی زۆریان لە حەمەپاشا گرتو لە لایەن ناصرەدینشای قاجارەوە نازناوی خانی پێبەخشراو ، میرنشینی زەهاوی پێدراو ، هەموو ناوچەی سەرسنووری ئێرانو عوسمانیی پێسپێردراو ، عوسمانبەگی کوڕی دەکرێ بە حاکمی جوانڕۆ • بۆ نموونە ئەم فەرمانەی ناصرەدین شایە کە حەمەپاشای جافی پێکراوە بە حاکمی ناوچەی زەهاو لێرەدا بڵاودەکەینەوە :

---

(٨٣) یادداشتەکانی حەسەنفەهمی جافو مستەفابەگی کەریم بەگی جاف ، هێشتا دەستنووسن •

(حکم فرما شد انکه عالیجاه اخلاص‌و ارادت آگاه مقرب الحضرة محمد پاشای حاکم زهاب سرافراز بوده بداند چون خدمات آباءو اجداد آن عالیجاه که همواره در ان صفحه نموده‌اند منظور نظر سرکار والا بوده ومراتب

خزمتگزاری وصداقت آن عالیجاه بدرجه وضوحی ظهور رسیده بپاس خدمات اسلاف و لیاقت و کاردانی آن عالیجاه واز (...)حسـوست زهابرا کمـا فی السابق بعهده آن عالیجاه سرش ... مرحمت فرمودیم که مشغول انجام خدمات محوله بخود بوده وحسن کفایت خودرا بعرصه ظهور رسانیده با تمام اهتمام در صدد آبادی نظم آن صفحه آسایش رعیت وساکنین آنجا برآمده مالیات دیوانی بخود مقرر عاید دارد مقر عالیجاسان میباشد که (دیوانی) وکدخدایان و ریشسفیدان زهاب عالیجاه مشارالیه را در قرار این رقم مبارک حاکم خـــود دانسته از سخن‌سان او ... مبسوس ... آنرا در احـــدو استیفای مالیات دیوانی ... شمرده تعهده باشد شهر شوال المکـرم ١٢٩١)

مۆری ناصرەدین‌شای قاجار

تەرجــەمەکــەی :

فەرمــان‌درا محەمــەد پاشــای فەرمــانڕەوای پایەبلنــدو دلســۆزو لەئێمەوەنزیك کە بەم فەرمانە سەرفرازکراوە بزانێ‌لەبەر ئەوەی خزمەتــی باووباپیرانی ئەو پایەبلندە لە لەو ناوچەیەدا کردوویانە جێی ڕەزامەندیــی ئێمــە بوە ، پلــەی خزمەتــوزاریی‌و ســەرڕاسییــی ئــەو گەیشتوەتــە ڕادەی ئاشــکرایــی‌و ڕوون‌بوونــەوەو بەرانبــەر خزمەتــی باوباپیرانیــی‌و لێهاتوویی‌و کارزانیی ئەو پایەبلندە فەرمانڕەوایی زەهاومــان وەك جــاران بەزەوڕووی کردەوەو ، بۆ ئــەوەی خەریکــی ئەو خزمەتــە بێ کــە پێــی سپێرراوەو ، بۆ ئەوەی لێهاتوویی‌و کارزانیی خۆی لەم مەیدانەدا بنوێنێ‌و بەوپەڕی پەرۆشەوە هەوڵی ئاوەدانکردنەوەو ئاسایشت فەراهەمکردن بــۆ خەڵکی ناوچەکە بداوماڵیاتی‌و خەرج‌و باجێکی کە بۆ دەوڵەت دانــدراوە جێ‌بەجێ بکاو پێویستە لەسەر کوێخاو ڕیشسپیی‌و پیاوماقووڵانی ناوچەی زەهاو بەپێی ئەم فەرمانە پیرۆزە ، ناوبراو بە فەرمانڕەوای خۆیان بزانن‌و لە قسەی حیسابیی دەرنەچن‌و ، هەر پسووڵەو قەبزێکی ئەو بۆ وەرگرتنی باج‌و خەراجی دیوان بەڕەسمیی بزانــدرێ • مانگی شــەوالی موکــەڕەم ، ساڵی ١٢٩١ • مۆری ناصرەدین شا •

حەمەپاشا نزیکەی سێ ساڵ لەئێران دەمێنێتەوە ، لەم ماوەیەدا هۆزی جاف دەسەڵاتو توانایەکی ئێکجار زۆر پەیدا دەکەن • دەستدرێژیی دەکەنە سەر ناوچە سنوورەکانی دەولەتی عوسمانیی • حەمەپاشا ئەو ناوچەیە دەشێوێنێ • کە کاربەدەستانی دەولەتی عوسمانیی بەجارێ تەنگەتاو دەبنو هەرچی تیدەکۆشن لە ناوی‌بەرن دەستیان نایکاتێ ، ناچار ئەم دەولەتە پەنا دەباتە بەر دیبلۆماسییەتو بە هۆی بالیۆزخانەکەیانەوە لە تاران داوای تەسلیمکردنەوەی حەمەپاشا دەکەن[٨٤] • بەڵام ئێران بەدەستیەوە نادات • دەسەڵاتی فراوانی حەمەپاشا لە ئێراندا نارەزایی کاربەدەستانی ئێران دێنێتە گۆیەوە ، بەتایبەت کە حەمەپاشا لەگەڵ شازادە (معتمد الدولە)فەرهاد میرزادا، کەمامی ناصرەدین‌شاه بوو[٨٥]لە ساڵی ١٢٨٤-١٢٩١كدا والیی سنە بوە تێکدەچێ • والیی داوا لە حەمەپاشا دەکات عەشایەری جاف لە ئێراندا جێگیر بکاتو تابیعییەتی ئێران وەربگرنو رێگای دەستدرێژیی تیرەکانی جاف نەدا بۆ سەر ناوچە سنوورەکانی ئێرانو ، ئەگەر بێتو سەرپێچیی لەم فەرمانە بکرێت ماوەی هاتوچۆی تیرە کۆچەرییەکانی کورد نادرێ کە لە خاکی عوسمانییەوە بێنە ناو خاکی ئێران • حەمەپاشا ئەم فەرمانە

---

(٨٤) ئەم داخوازیەی دەولەتی عوسمانیی لە یادوداشتەکانی میرزا ملکم خان لە گۆڤاری (بررسیهای‌تأریخی)ژمارە یەکەمی ساڵی پێنجەمی نیسانی ١٩٧٠ - ١٣٢٩دایە •

فەرهاد میرزا (معتمد الدولە) کوڕی فەتحعەلی‌شایە ، مامەی ناصرەدین‌شاه ساڵی ١٢٣٣ك لەدایك‌بوە بە سەختگیریی‌و خوێنرێژیی بەناوبانگە ، لە ناو فارس‌و کوردستاندا فەرمانرەوایی کردوە ، دەستی نووسینیشی بوە • کە کتێبی زنبیل‌و مقتل قائمقام‌و جامجم لە دانانی ئەون • ساڵی ١٣٠٥ مردوە •

بڕوانە : تأریخ عضدي ، شاهزادە عضدالدولة سلطان‌احمد میرزا ، بە اهتمام د.حسن‌نوایی ، تهران ، سال٢٥٣٥س‌ص : ٢٨٨ •

(٨٥) تأریخ مردوخ ج/٢ ، ص : ١٩٥ - ١٩٧ •

قوبوولّناکاتو شەڕو شۆڕێکی زۆر لەناو عەشایەری جافو هێزی دەوڵەتی ئێراندا روودەداتو لەشکری جاف لەوشەڕانەدا بەسەختیی دەشکێت •

ئیتر بەم جۆرە نێوانی حەمەپاشاو فەرهادمیرزا تێکچوو ، فەرهادمیرزا نامەی هەڕەشە بۆ حەمەپاشا دەنێریّو پێی رادەگەیێنیّ کە پێویستە بەرگرین لە دەستدرێژیی ئەو جافانە بکرێت ، ئەگینا بە توندیی ئازار دەدرێن • فەرهادمیرزا تەنگ بە حەمەپاشا هەڵدەچنیّ ، حەبیبوللاخانی باوەجانیی ، سەرۆکی تیرەی باوەجانیی ، کە تیرەیەکن لە جافی ئێران بەنددەکات • ئەم حەبیبوللاخانە زۆر خۆشەویستو نزیکی حەمەپاشا بووەو هەرچی حەمەپاشا پێیبگوتایە دەسبەجیّ جیّبەجێی دەکرد • فەرهادمیرزا حەبیبوللاخان دەگریّ ، هەرچی حەمە پاشا تکای لیّ دەکاو قەولی پارەو نەختینەیەکی زۆری دەداتیّ ، هەر بەرەڵلای ناکات • ئەم راستیە لە نامەیێکدا کە فەرهادمیرزا بۆ حاجی ئەمیر نیزامی گەڕووسیی ناردوە ، روونددەبێتەوە • لەو نامەیەدا دەڵێت حەمەبەگی جاف هەزار تمەنو قەتاریّ هێستری پێشکێشکرد ، حەبیبوللاخان ئازاد بکەم ، بەلام من شەفاعەتی ئێوبراوم قوبووڵ نەکردو لەسەر نامەی کاک ئەحمەدی شێخ (قدس سره العزیز) بەرەڵلام کرد[٨٦] •

توندوتیژجووڵانەوەی ئێران لەگەڵ عەشایەری جافدا حەمەپاشا دڵکرمیّ دەکات • دۆستەکانی لە دەوڵەتی عوسمانیدا ، بە تایبەت تەحسینپاشای والیی موصڵ[٨٧] چەندجاریّ مەحموودبەگی کوڕی

---

(٨٦) کتێبی سەیدطاهیری هاشمیی بەسەردێری (مەولەوی تاوگۆزیی)

(٨٧) ئەم تەحسینپاشایە دۆسی نزیکی مەحموود پاشای کوڕەگەورەی حەمە پاشابوو ، دوای بەستنی لیوای سلێمانیو کەرکووك بەموصڵەوە ، بوەتە والیی موصڵ موصادیفی ١٨ی شەوالی ١٢٩٦–١٣٠٤ بڕوانە رۆژنامەی (الزوراء) ژمارە ١٠٤٣ ١٩ رجب ١٢٩٦ •

بەشوێنیدا دەنێرن بۆ ئەوەی بۆ خاکی عوسمانیی بگەڕێتەوە • سەرەنجام حەمەپاشا ناوچەی زەهاو بەجێدەهێڵێو دەگەڕێتەوە بۆ خاکی عوسمانیی‌و(٨٨) ، والیی بەغدا (٨٩) بە مەسڵەحەتی دەزانێ ڕێزێکی زۆری لێ دەنێ ، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە ، کە زۆربەی کاربەدەستانی دەولەتی عوسمانیی لێی ناڕەحەت بوونو زۆریان ڕكبوٚوەو هاتنەویان بەهەل زانیوە کە داوێکی بۆ بنێنەوە • بۆ ئەوەی بەدگومانیی حەمە پاشا نەوروژێنن ، پێشان ، دەیکەن بە وەکیلی موتەسەڕیفی سلێمانی(٩٠) • پاش ماوەیێ دەیکەن بە قایمقامی هەڵەبجە • ئەوەی شایانی باسە لەو ماوەیەدا حەمەپاشا لە ئێران بوو بە پێی سیاسەتی پاراستنی (هاوسەنگی)هێز، عوسمانیەکان بۆ ئەوەی هێزێکیان لە جافەکان بەدەستەوە هەبێ ، دەسەلاتێکی زۆر ئەدەن بە عەزیزی شاوەیس ، سەرۆکی تایفەی کەرەم‌وەیسیی ، کە لەگەڵ حەمەپاشادا بۆ ئێران نەچووبوون دەولەتی عوسمانیی موڵکێکی زۆری بەم تایفەیە بەخشیبوو • پاش دانانی حەمەپاشا بە قایمقامی هەڵەبجە ، کەرەم‌وەیسی‌یەکان هاندەدەن دژی حەمەپاشا بجووڵێنەوە • تایفەی کەرەم‌وەیسیی تایفەیەکی دڕو ئازابوون ، سەرۆکەکەیان ، عەزیزی شاوەیس ، پیاوێکی دەسەلاتدارو خاوەنی کەس‌و عەشیرەت بوە • هاندانی ئەم تیرەیە گەیشتە ڕادەیێ ڕێگای پیاوەکانی حەمەپاشایان نەداوە کە کاروباری ڕەسمیی قایمقامی هەڵەبجە بەڕێوەبەرێ • عەزیزشاوەیس ماڵی لە بەشارەتی نزیکی هەڵەبجە بوە • حەمە پاشا دەنێرێ بەشوێنیا ، ئاڕوا بۆ لای • حەمەپاشا ناچار دەبێ دەنێرێ لە هەلێکدا دەیگرێ ، دەیخەنە بەندیخانەوە • ماوەیەکی زۆر لە بەندیخانەدا دەمێنێتەوە،

---

(٨٨) تاریخ سلیمانی‌و .. ل : ١٨٣ .

(٨٩) لەو سەردەمەدا عەبدوڕەحمانپاشا والیی بەغدا بوە ڕێکەوتی ١٢٩٦ - ١٢٩٧ك .

(٩٠) بڕوانە گوٚڤاری ژیان ژ : ٤٩٧ سالی ١٩٣٦ .

سەرەنجام بە نەخۆشیی سیل یا (ذات الرئة)بە مردنی خوایی دەمرێ •
کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانیی ، بەتایبەت دژمەنانی حەمەپاشاو هەروا
هەندێ لە دژمنانی ناوخۆی حەمەپاشا ، پڕوپاگەندەیێکی زور بڵاودەکەنەوە
کە حەمەپاشا عەزیزی شاوەیسی لەبەندیخانەدا دەرمانخواردکردوەو لە
چەسپاندنی ئەم تۆمەتەدا سەرەتاکانی تیرەی شاوەیسیی دەچیتە
دڵیانەوە ، کە سەرۆکی تیرەکەیان دەرمانخواردکراوەو ئەمە ئەگرنە دڵ ،
بەشوێن هەلێکدا دەگەڕێن ، حەمەپاشا لەناوبەرن • ئەوەبوو کاتێ حەمەپاشا
لە ساڵی ١٢٩٩کدا ، لە چیمەنی برایمسەمین نزیك شاری نەریی خەریکی
راوکردن دەبێ ، دەیکوژنو قاتیلەکانی خۆیان دەدەنە پاڵ جوامێر ،
سەرۆکی بەناوبانگی هۆزی هەمەوەند ، کە ئەو سەروبەندە ناوی بە
ئازایەتییو دلێریی عالەمگیر بووبوو • وا دیارە هەمەوەندەکان لەسەر
کوژرانی خولەپەزە ناکۆکییان لەگەڵ حەمەپاشادا هەبوە[٩١] • لەبەر ئەم
دژمنایەتییو ناکۆکییە قاتیلەکانی حەمەپاشا دەگرنە خۆیانو کاربەدەستانی
دەوڵەتی ئێرانیش بە هەلی دەزانن کە هەمەوەندەکان بەرامبەر بە هێزی جاف
راوەستێنن ، ئەوەبوو هەموو ناوچەی زەهاوی پێبەخشیو ، هەزار تمەنی
مانگانە بۆ بڕییەوەو ، دەسەڵاتێکی زۆری وای دایە ، قەڵایێك لە قەسری
شیرینی بەرامبەر بە قەڵاکەی حەمەپاشای جاف لە ناوچەی شیروانەدا
دروستبکاتو ، ئەم قەڵا تا چەند ساڵێك لەمەوپێش پاشماوەکەی لە قەسری
شیریندا هەر مابوو • بەڵام هەروەکو لەمەوبەر باسمانکرد[٩٢] ، دوای
پەیماننامەی (ارزنە رومی)دوەم ، کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانیییو
ئێران هەوڵیانداوە سەرۆکێکی هەڵکەوتووی کورد لە مەیداندا نەهێڵنو ،

---

(٩١) خۆشخوانی ، عەلائەدین سەجادی ، بەغدا ، ل : ١٢٤ •

(٩٢) بروانە : وتاری د. حەسەنجاف بەسەردێری : باوەردتر لە رووداوە
مێژووییەکان بکۆڵینەوە ؛ گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ، ژ ١١٦ کانوونی
یەکەم ، ساڵی ١٩٨٨ ل : ٤٠ ـ ٤٦ •

ئیتر بەم جۆرە دەبینین جوامێری هەمەوەند لە ئەنجامدا لەسەر پیلانگێڕیی و دەسیسەی کاربەدەستانی عوسمانیەکان و ئێرانیەکان سەری تیاچوو •

لە حەقیقەتدا هەم حەمەپاشای جاف و هەم جوامێری هەمەوەند و سەدان سەرۆکی کوردی تر بە شمشێری یەك سیاسەت کوژراون و، دەسیسەی ئەم دوو دەولەتە لەناوی بردوون • بۆ ئیسپاتکردنی ئەم نووسراوە ئەمینزەکی بەگ سەبارەت بە جوامێری هەمەوەند ئەڵێت : بە پێی تەزویرات و نێوانشێواندنی حوکوومەتی ئێران جوامێر یاغی بوو تا مەسافەیێکی دوور ئەو ولاتەی =خستبە=ژێر ترس و لەرزەوە ، نیهایەت ئەم دوو حوکوومەتە (عوسمانیی و ئێران) بۆ تەسکینی ئیتتیفاقیان کرد لەشکری ئێران لە قومانداریتیی (حسام الملك)دا بوو لە تەرەفی حوکوومەتی عوسمانیەوە فورت ئیسماعیل پاشای دیاربەکریی بۆ ئەم حەرەکاتانە مەئموورکرا • (حسام الملك)بە درۆ وەعدەی صولحی دا بە جوامێر ، جوامێری بانگ کردە قەرارگاکەی کە لە نزیك قەسری شیرینەوە بوە ، کە جوامێر هاتەئەوێ چەند کەسێکی لە پشت خێوەتەکەوەی قایم کردبوو ، لە پشتەوە هوجوومیان کردە سەری و کوشتیان لە سالی ١٨٨٦زدا[٩٣] •

لە صەحنەی ئەم سیاسەتەدا ئەبینین ئێرانیەکان و عوسمانیەکان بۆ لەناوبردنی هەر حەرەکەت و جووڵانەوەیێکی کوردەکان هاوکارییەکی تەواویی ئەکەوێتە نێوانیانەوە و ، هیچ کامێکیان یارمەتیی سەرۆکە کوردەکانیان نەدەدا دژی یەکتری و ، لەم بارەوە دەعەبدولعەزیز سولەیمان نەوار ئەلێت : وا دیارە ئیتتیفاقێك کەوتە نێوان عوسمانیەکان و ئێرانیەکانەوە بە هاوکاریی ئینگلیسەکان بۆ لێدانی شۆڕشی هۆزی جاف لەسەر سنووری ئەم دوو دەولەتە[٩٤] • هەردوو دەولەتەکە هەولیاندەدا کۆمەلێك سەرۆك

---

(٩٣) تأريخ سليماني و ولاتي ، ل : ١٩٦ .

(٩٤) تأريخ الشعوب الاسلامية في العصر الحديث ج/١ ، بيروت ١٩٧١ ، ص : ٢٥٣ . هەروەها بڕوانە : عرب وكرد ، منذر الموصلي ص : ١٩٢ .

عێل‌و ئاغاو بەگلەرو شێخ لە خۆیان کۆبکەنەوەو ئەرزو مەعاشیان بدەنێ • بۆ ئەوەی لە فکری شۆڕش‌و یاغیبووندا نەمێنن‌و ، ئەم سیاسەتە بە تایبەت لە وڵاتی عوسمانیدا زیاتر بەرچاو دەکەوت • کاتێ مەدحەت پاشا لە ساڵی ١٨٦٩زدا بوو بە والیی بەغدا ، لە عێراق سەربەخۆیی ویلایەتەکانی لەناوبردو مەرکەزیەتێکی تەواوی بەرقەرارکردو ، زەوی‌و زارێکی بەسەر ئاغاو سەرۆك خێل‌و هۆزەکاندا دابەش‌کرد ، کوردستانیش کە ئەو ساکە بە ویلایەتی موسلەوە بەسترابوو ، بریتی بوو لە سێ سەنجەق :سەنجەقی مەرکەزی موسڵ شامیلی قەزای دهۆك‌و زاخۆو عیمادیەو سنجارو عەقرە بوو •

سەنجەقی کەرکووك شامیلی قەزای هەولێرو رانیەو رەواندز تا کۆیسنجەق‌و کفریی بوو •

سەنجەقی سلێمانیە شامیلی قەزای بازیان‌و هەڵەبجەو شەهرەزوورو مەرگە بوو • بە فەرمانی والیی بەغدا ئەجووڵایەوە •

بەڵام ئەم سیاسەتە بەتەواویی نەیتوانیوە ریشەی شۆڕش‌و یاغیبوونی کوردەکان لە بەین ببات • حوکمی درێژی سوڵتان عەبدولحەمیدو ، زوڵم‌وزۆری کاربەدەستانی عوسمانیی لە ناوچەی کوردستاندا ، سەرڕای خراپیی ئیداریی‌و سیاسیی کە لە ناو هەموو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بڵاوبووبووەوە • ئەمانە هەمووی بوون بە مایەی لەناوچوونی ئەمن‌و ئاسایش‌و ئیستیقرار لە کوردستاندا • شۆڕشی عەشایەری بانیانزلی‌کورد لە وڵاتی عوسمانیدا ، هەروا شۆڕشی هەمەوەندەکان‌و هەورامیەکان لە دەورەی مەدحەت پاشادا نموونەی بارو دۆخی کوردستانە لەو سەردەمەدا(٩٥) •

ئەم حاڵەتە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی دوورو درێژی سوڵتان عەبدولحەمیدا هەر بەردەوام بوو • ئەوەی شایانی سەرنجە بارودۆخی

---

(٩٥) تأريخ الشعوب الاسلامية في العصر الحديث ج/١ ص : ٢٥٦ •

ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی لەو قۆناخەدا رۆژ بەرۆژ بەرەو خراپتر دەچوو و ، حیزب و کۆمەڵەو رێکخراوێکی زۆر لە مەرکەزی ئیمپراتۆریەکەدا هاتبوونەکایەوەو ، هەموو هەڵپەی رووخاندنی رژێمی سوڵتانیان دەدا • ناسراوترینی ئەو حیزبانە حیزبی (اتحادوترقی)بوو ، کە زۆربەی خوێندەوارو رۆشنبیرانی ناسراوی میللەتە ژێردەستەکانی عوسمانیی تیابەشدار بوون •

لەم قۆناغەدا مەحموودپاشای (١٢٦١ - ١٨٤٦ / ١٣٣٩ - ١٩٢١) کوڕە گەورەی حەمەپاشای جاف بوەتە سەرۆکی عەشیرەتی جاف • مەحموودپاشای جاف هەر لەسەردەمی لاوێتیدا بەڵگەو نیشانەی هەڵکەوتوویی پێوە دیار بووە لێهاتوویی و زیرەکیی مەحموودپاشا لە لایەن ئەو مێژوونووسانەوەی باسیان کردوە بە ئاشکرا پەنجەی بۆ راکێشراوەو ددانی پێدا نراوە[٩٦] •

بەپێی بارو دۆخی سەردەم و لەچاو خۆیدا هەموو توانستێکی سەرۆکایەتیی تێداهەبوەو ، هەر بە زرنگیی خۆی باری نالەبارو شلۆقی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی لا روون بوە • مەحموودپاشا پاش هەقسەندنەوەی باوکی عەشیرەتی جافی یەکخستو دەسەلاتێکی زۆرو هێزێکی چاکی بۆ پێکەوەنا • لەم بارەوە باسیل نیکتین ، مێژوو نوسی رووس ، دوای پیاهەڵدانێکی زۆر بە سەرۆکەکانی هۆزی جافدا ئەڵێ :

(وا دیارە لە ناو عەشیرەتە کوردەکانا تەنها عەشیرەتی جاف ئەتوانێ نەهێڵێ عەشرەتەکەیان لەناو خۆدا تێکبچێ ، ئەمەش بەهۆی ژیریی و توانایی و بیرتیژیی گەورەکانیانەوەیە[٩٧] کە شتێکی وایان کردوە

(٩٦) مشاهير الكرد وكردستان محمد امين زكي ، ج/٢ ، ص : ١٨١ .
هەروەها : الاكراد ، شاكر خصباك ، بغداد ، ١٩٧٢ ، ص : ١٦٦ .

(٩٧) د. موکەڕەم تاڵەبانیی ئەڵێت : سەرۆکەکانی عەشیرەتی جاف بە نەرمیی و سەبرو پشوودرێژیی لە ئیدارەی عەشیرەتەکەیاندا بەناوبانگن . بڕوانە : ابراهيم خان ، ثائر من كردستان ، سالی ١٩٧١ ، ل : ٧ .

عەشرەتەکەیان هەموو بەرەو سەرکەوتن بڕوا • مەحموودپاشای سەرۆکی هۆزی جاف دانی بەوەدا ئەنا ئەوا لە ماوەی چەند سەعاتێکدا ئەتوانێ چوارهەزار سواری چەکدار کۆبکاتەوە[٩٨] •

میرزا مەحموودخانی (احتشام‌السلطنة)کە[٩٩] لە یادداشتە لەچاپدراوەکەیدا دێتە سەر باسی مەحموودپاشای جاف ئەڵێ : (عێلی جاف عێلێکی کۆچەرەو ئەگەنە وڵاتی کوردستانی ئێرانو تا دوو فەرسەخ لە نزیك سنەوە • ئەم جافانە (مالك‌الرقاب)و موختارن بەسەر وڵاتا ، هەرچی بیانەوێ ئەیکەنو ، کەس ناتوانێ بەرانبەریان راوەستێ • فەوجی سوارەی زەفەر کە گوایە بۆ پاسەوانیکردنی خەڵکی ناوچەکە نێرراون نەبادا جافە کۆچەریەکان دەسدرێژییان بکەنەسەر ، جافەکان سەربازەکانی ئەم فەوجەیان بۆ کۆکردنەوەی ئالیك بۆ وڵاخەکانیانو لەوەڕ بۆ ئاژەڵەکانیانو خواردەمەنیی زمستانەی خۆیان بەکاردێنن • وەك بڵێی فەوجی ناوبراو بۆ خزمەتکاریی ئەو جافانە نێررابن • بێگومان فەوجی زەفەر کە لە (٣٠٠) نەفەری لێکەوتەو بێ‌هێز پێکهاتبێ هەرگیز ناتوانێ بەرابەر بە هێزی توانای جافەکان رابوەستێ کە بریتییە لە پێنج هەزار خێزانی چەك‌بەدەست لە ژێر فەرماندەی مەحموودپاشادا ، کە نە مل بۆ عوسمانیەکان کەچ دەکاو نە بۆ قاجاریەکان •

هەر لەم بارەوە[١٠٠] خوالێخۆشبوو پیرەمێرد ئەڵێ : جاف کە مەحموود پاشا رەئیسیان بوو ، تا پشتی سنە ، کە هاوینان عێلی دەچوە کوێستانی

---

(٩٨) الاکراد ، باسیل نیکیتین ، بیروت ص : ١٦٧ ــ ١٦٩ •

(٩٩) میرزا مەحموودخان (احتشام السلطنة) رێکەوتی ساڵی ١٣١٦ك بوەتە والیی سنە ، دوای بەرکەناریی حەسەن‌عەلی‌خان ، پیاوێکی بیرتیژو حوکمڕانێکی بەدەسەڵات بوە ، تاساڵی ١٣١٨ك حاکمی ناوچەی سنە بوە • بڕوانە تأریخی مردوخ بەرگی /٢ل : ٢٣٠ •

(١٠٠) ئەم قسانە لە نامەیەکی (احتشام السلطنة)دا، کە بۆ ناصرەدین‌شای قاجاری نووسیوە ، بەرچاوئەکەوێ •

تەگەرمەو بەراناں خاكی ئێران لە بەردەمیان ئەلەرزیو والیی كرماشان ، كە پرێنس بوو ، داری سووتەمەنیی بۆ ئەناردە شیروانەو كانی چەفەل[١٠١] .
لەو سەردەمەدا دەوڵەتی عوسمانییو دەولەتی قاجاریی ، بۆ ئەوەی ناوچەی جاف ، كە ناوچەیەكی گرنگو ستراتیژیی بوە ، بگرنە دەست خۆیان ، هەركام لەم دوو دەوڵەتە هەوڵی ئەوەی داوە دڵی سەرۆكەكانی جاف بۆ لای خۆی رابكێشیو[١٠٢] لەم بارەوە حوكومەتی قاجار نازناوی خانو فەرمانی ئەو نازناوەو گەلێ دیاریی تری بۆ مەحموودپاشا ناردوە . ئەمەیش ئەو فەرمانەی (مظفرالدین)شای ئێرانە كە بۆ مەحموودپاشای ناردوە بە دەقە فارسییەكەی :

« چون مراتب حسن نیتو صدق ارادت سعادتمآب محمود پاشای جاف بعرض پیشگان مرحمت دستگاه اقدس همایون شاهنشاهی رسیدەو خاطر مهر مظاهر شاهانە از محاسن خلوص عقیدت او قرین كمال خوشنودی است . لهذا محض ارائەیی رضایت خودمان خاطر مشار الیەرا بە اعطای یك قبضە شمشیر مرصع از درجەء دوم قرین اعتزازو افتخار فرمودیم كە زیبو علاقۀ كمر اعتبار خود ساختە بین الامثال والاقران مباهیو سربلند بودەو عهدەسال ٢٢ شعبان ١٣٢٠ مظفرالدین شاه» .

فەرمانەكە بە كوردیی[*] :

لە سەرەوە مۆری شاه (مظفرالدین)

چونكە نیەتپاكییو راستیی سەعادەتمەئاب مەحموودپاشای جاف بە هەموو جۆر گەیشتوە بە ئاستانەی بارەگای پیرۆزی شاهەنشاهی وە خاتری شاهانەو ئیخلاسمنیەتی ئەو خۆشنوود بوە ، لەبەر ئەمە بۆ ئەوەی رەزامەندیی خۆمان بەرامبەر بە ناوبراو پیشان بدەین فەرمانمان دا كە یەك

---

(١٠١) گۆڤاری ژیان ژ : ٤٩٩ ساڵی ١٩٣٦ .
(١٠٢) الاكراد . د. شاكر خصباك . ص : ٣٧ .
(*) وێنەی ئەم بەڵگەنامە لە وتاری (نەخشی هۆزی جاف لە سایەی چەند سەرۆكێكیەوە . د.حەسەنجاف، گۆڤاری كۆڕی زانیاریی عێراق دەستەی كورد ٢١/٢٢)دا هەیە .

شیری مورەسسەع لە پلەی دوەم بکرێ بە فەرو بەمە ئەومان بەرزکردەوە بۆ ئەوە کە بە هۆی ئـەم خەڵاتـی شاهـانەوە ئەو کەمـەری خۆی پـێ برازێنێتەوەو لە ناو هاوسەرانیا سەربەرزو پایەبڵند ، شایانی ئەوە بێ کە لـە ئاشنایانی ئێمەیە • ٢٢ شەعبانی ساڵی ١٣٢٠ » •

بەڵام ئەوی راستیی بێ مەحموودپاشا کە مرۆڤێکی زیرەكو هۆشیار بوە لە حەقیقەتی سیاسەتی نالەباری هەردوو دەوڵەتەکە گەیشتبوو و ئـەم جۆرە فەرمانو خەڵاتانە لە تەوەرەی دەرنـەکـردوەو نەیخـەڵەتانـدوە • هەمیشە هەوڵی ئەدا ناوچەی جاف لە ژێر دەستی کەسدا نەبیتو ، جـۆرە سەربەخۆییەکی لە بەڕێوەبردنی کاروبـاڕی خۆیا بۆ پێكبهێنێـت • لـە راستیـدا نەك هەر سـەربەخـۆیی ناوچـەی جـاف ، بـەڵـکـو ئامانجـی ئەوە بوو کە سەربەخۆیی بۆ هەموو کوردستانی عێراق بێتەدی • لەم روەوە خوالێخۆشبوو محەمەدئەمینزەکی بەگ ئەڵێ : مەحموود پاشا لەم دواییەدا موتتەهەم کرابوو بە هەندێ مەسەلەی نەتەوەییو ، حوکومەتی عوسمانیی لە رووی ئەم نەتەوەگەرییو سیاسەتی نەتـەوەگەرییەوە دڵی لێ کرمـێ بووبوو »[١٠٣] •

بۆ ئەوەی روونبێتەوە کە مەحموودپاشا دژی سیاسەتی عوسمانیـی جووڵاوەتەوە ، نووسراوەکەی د• کەمال مەزهەر بەشاهید دێنینەوە کـە سوارەی حەمیدییەی عەشایەرە کوردەکانو بەکارهێنانی بۆ چەسپاندنـی دەسەڵاتی خۆیو تێوانی ، بە هۆی ئەم هێزەوە بەرەنگاری بزووتنـەوەی نەتەوەیی میللەتەکانی ژێردەست بکا ، بەتایبەت بزووتنـەوەی کوردەکـان خۆیان • هەروا ئەم هێزە بەکاربێنێ بە مەبەستی بەرپاکردنی هەراو ئاژاوە لە سنووری رووسیادا • شایانی وتنـە زۆربەی عەشایەرە گەورەکانـی

(١٠٣) مشاهير الكرد وكردستان ج/٢ . بغداد ، ١٩٤٣ ، ص : ١٨١ •

کوردستان پشتیوانیی دروستبوونی ئەم تەشکیلاتی حەمیدیە نەبـــوون ، وەکــوو عــەشیرەتی پژدەرو هەمەوەنــدو جـافو عـەشایـەری ناوچـەی بەدلیس (١٠٤) • هەر لەم بابەتەوە لازاریف ، رۆژهەلاتناسی رووس ، ئەلێ : « سولتان عەبدولحەمید چاوی لەوە بوو کە لە سەر حیسابی دراوسێکـەی لای راستیەوە هــەیبەتو زەبرو زەنگــی دەولەتەکـەی بیووژێنێتــەوەو بیچەسپێنێو ، سوپاکەی بەهێز بکاتو چاو لە دۆخە دارزاوەکەی ولات کە هەتا دەهات زیاتر بەرەوشلەقینو شلۆقیی دەرۆیشت بپۆشێت • ئەم دۆخە شلۆقەی کە لەو رۆژەوە دەستی پێکرد کە هاتە سەر حوکمو بـەدرێژایـی ســالانی فـەرمانرەواییەکــەی بەردەوام بوو ، بۆ ئەوە وای دەکرد پیلانی دەستدرێژکردنەسەر ئێران گەرمبێتو جۆش بسێنێت ، ئەوەبوو لە ناوچەی سەرسنووردا تەنیا کورد هەبوو ، ئەم سنوورەش تا ئەو رۆژە دەسنیشــان نەکرابوو ، هەرپاش سوارەی حەمیدیە بە سالێك هەروا بشێوی لەســەر سنووری ئێرانو تورکیــا دەستیپێکــرد ، خێلی جـاف لە عێراقــدا ئــەو ئاشووبەی هەلگیرساندو مەحموودپاشای سەرۆکی ئەم خێلە هەمیشە لەگەل کاربەدەستانــی دەولەتــی عوسمانیــدا لە دووبەرەکیــدا بــوو و دانووی لەگەلیاندا نەدەکولا »(١٠٥) •

ئەوەی راستییە مەحموودپاشا دژی دروستکردنی سوارەی حەمیدیە بووەو ، بیروباوەری خۆیشی لەم بارەوە بە ئاشکرا دەربریوەو ، حوکوومەتی عوسمانیش لەم بارەوە لە سیاسەتی مەحموودپاشا رازیی نەبوە •

پاش کوژرانی حەمەپاشا مەحموودپاشا لە لایەن عوسمانیەوە بوو بە قایمقامی هەلەبجەو سەرۆکــی عەشیرەتــی جــاف • بــەلام پاشــان ، چون

---

(١٠٤) کردستان فی سنوات الحرب العالمیة الاولی ، ترجمة محمد الملا عبدالکریم ص : ٨٩ ــ ١٩٢ •

(١٠٥) کێشەی کورد ، م.لازاریف ، بەشی یەکەم ، وەرگێرانی د. کاوس قەفتان ، بەغدا ، ١٩٨٩ ، ل : ١١٨ •

بیروباوەڕو جوولانەوەی مەحموودپاشایان بەدڵ نەبوو ، کەوتنە خەیاڵی ئەوەوە لە لە دەسەلاتی لەمکەنەوەو ، لە ناو عەشرەبەلەیا لاوازی بکەن . بۆ ئەم مەبەستە ناکۆکییەکی زۆریان خستە نێوان ئەوو براکانیەوەو . بەتایبەتیی عوسمان پاشا ، کە دوو ساڵ لەو بچووکتر بوو ، بەلام عوسمانپاشا لەبەر ئەوەی پیاوێکی هەڵکەوتووی بەدەستو دەهندە بوو و لە هیچ روویەکەوە خۆی لە مەحموودپاشا بە کەمتر نەزانیوەو ژنێکی هەڵکەوتووی وریایشی ، کە عادیلە خانم بوو ، هەبووە(١٠٦) ، ئەم ژنە هەموو جۆرە یارمەتیەکی داوەو ، لە پێشکەوتنیدا درێغی نەکردوەو ، هەمیشە هەر خەریکی پێشخستنی بوە ، مەحموودپاشا لەبەر دانایی‌و لێوەشاوەیی عوسمانپاشا خۆی بەم هەموو توانایەوەی نەیتوانیوە بەسەر عوسمانپاشادا زاڵ بێت .

وەکو پێشتر وتمان ، حوکوومەتی عوسمانیی لە دەسەلاتی مەحموودپاشا لە باکووری کوردستانا نارەحەت‌و نیگەران بوە ، بەتایبەت دژمنانی دەسەلاتی مەحموودپاشا هەمیشە راپۆرتیان دژی ناوبراو گەیاندۆتە حوکومەتی عوسمانیی‌و کاربەدەستانی ئەو حوکوومەتە بە دوای هەلێکا گەڕاون بتوانن مەحموودپاشا لە قایمقامیی هەڵەبجەو سەرۆکایەتیی عێلی جاف بخەن‌و ، لە ناوچەکە دووری بخەنەوە ، بۆ جێبەجێکردنی ئەم نیازە . فەریق نامیق پاشا لە لایەن حوکوومەتی عوسمانیەوە رائەسپێررێ‌و ئەنێررێ بۆ کوردستان ، گوایە لەوە بکۆڵێتەوە ، کە ئاخۆ ئەو هەموو راپۆرتەی لە

---

(١٠٦) بۆ ئاگاداریی زیاتر لە عادیلەخانم بڕوانە کتێبی : رحلة متنكر ، میجرسون ، ترجمة فؤاد جميل . هەروا ئافرەتی کورد ، هارولد هاتسن ، وەرگێرانی عەزیزگەردیی ، بەغدا ١٩٨٣ ، ل : ١٣٧ .
هەر لەبەر هەڵکەوتوویی عادیلەخانم بوو دوای مردنی عوسمان پاشا حوکوومەتی ئینگلیس دوای ئەوەی ناوچەی کوردستانی عێراقی داگیر کرد نازناوی (خانبەهادوری)داین .

دژی مەحموود پاشا ئەکەنە ئەستەمووڵ راستن یا درون ؟ فەریق نامیق پاشایش دێ دەکاتە هەڵەبجەو ئەبێتە میوانی مەحموودپاشا • مەحموود پاشا زوو ئەزانێ نامیق پاشا بەچ نیازێ هاتوە • لەوە کەیشتوە کەوا ئەم سەفەرەی بێمەلامەت نیە • لەبەر ئەوە وەکوو پیاوێکی خاوەن عیززەتی نەفس هیچ جۆرە بایەخێك بە نامیق پاشا ناداو وەك هەر میوانێکی تر لە دیوەخان دایئەنێ‌و چێشت‌و نانی بۆ ئەنێرێ • رۆژێ لە کاتی قسەکردنا بە نامیق پاشا دەڵێ : سوڵتان حەمید ناوچەی دەلێن‌و مووان‌و مالوان‌و باقیی جۆگەکانی شارەزووری کڕیوەو ، بە ناوی خۆیەوە تاپۆی کردوە • ئەم موڵکانەی شارەزوور ژێرپێی عەشرەتی جافن ، کە عەشرەتێکی زۆر گەورەو خاوەن مەڕو ماڵاتن • دیارە زیان بە کشتوکاڵی ئەم دێهاتانە ئەگەیەنن‌و ئەمەش ئەبێتە هۆی پەیداکردنی نارەحەتیی بۆ حوکوومەتی عوسمانیی ، من وای بە باش ئەزانم سوڵتان ئەم ناوچانە بداتە عەشایەری جاف • بۆ سوڵتان پەسەند نیە موڵك بسێنێ‌و خاوەن موڵکایەتیی بکا • ئێمە لە جیاتیی ئەوە قزرەبات کە لە ناوچەی جافەوە دوورە ئەیدەینێ‌و ئیتر هیچ ناخۆشییەك پێك‌نایەت • نامیق‌پاشا لە نانداندو شێوەی قسەکردنی مەحموودپاشا دڵگیر ئەبێ • لە راستیشدا ئەم پاشایە هەر بۆ ئەوە هاتبوو بۆ ئەوەی پیلانێ بۆ مەحموود پاشا بنێتەوە • دوای چەند رۆژێ هەڵەبجە بەجێ‌دەهێڵێ‌و ئەڕوا بۆ ناو جاف • ئەو کاتە عوسمان پاشا لە ناو عەشرەتی جافدا ئەبێ ، میوانداریەکی پڕ شکۆی لێ دەکاو یەکجار رێزی لێ دەنێ‌و کاتێکیش دەگەڕێتەوە هەزار لیرەی ئالتوونی ئەداتێ •

نامیق پاشا ئەگەڕێتەوە بۆ ئەستەمووڵ راپورتێکی یەکجار توندو تیژ لە دژی مەحموود پاشا بۆ سوڵتان عەبدولحەمید ئەنێرێ‌و هەرچی خراپە دەربارەی مەحموود پاشا بۆی تێدەچێنێ • سەربار ئەشڵێ : مەحموود پاشا بە ئەندازەیێ لە خۆی بایی بوە کە خۆی بە هاوپایەی سوڵتان ئەزانێ‌و

نیازی دەربارەی سوڵتان خراپەو لەگەڵ دژمنانی ئەمن‌و ئاسایشی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا هاوبەش‌و دەستی تێکەڵەو دیوەخانەکەی بوە بە جایگای ئەو کوردانەی کە دژی ڕێبازی خیلافەتن • پاش ئەم راپۆرتە لە سالی ١٣٠٦ ــ ١٨٨٨،١٨٨٩ فەرمان لە سوڵتان عەبدولحەمیدەوە دەردەچێ کە عوسمان‌پاشا ببێ بە قایمقامی هەڵەبجەو ئەو سەرۆکایەتیی عەشیرەتی جاف بکا • بەمە مەحموود پاشای جاف دەکرێ بە موتەسەڕڕیفی ئۆرفە[١٠٧] • مەحموود پاشا لەگەڵ بەموتەسەڕیفی‌کرانیا نازناوی (بێگلەربێگی)یشی دەدرێتێ[١٠٨] کە ئەم نازناوە بە رەئیس‌ئەیالەتەکان بەخشراوەو ، لە دەوڵەتی عوسمانیدا لە عێراق تەنها بە چوار کەس بەخشراوە: ئەحمەدپاشای بابان • عەبدولقادرپاشا دیاربەکریی • مەحموود پاشای جاف • ئیبراهیم پاشای بەڕێوەبەری زەوی‌وزاری سەنیە •

کاربەدەستانی عوسمانیی ئەیانزانیی مەحموود پاشا ئەم وەزیفەیە وەرناگرێ‌و سەرپێچیی لێ ئەکا • تا چوار پێنج مانگێك هەر نامەیێکی رەسمیی بۆ ئەهات بە ناوی موتەسەڕیفی ئۆرفەوە بۆی ئەهات • مەحموود پاشا بە باشیی دەیزانیی عوسمانیی ئەیەوێ لە هێزو دەسەڵاتی بخەن‌و لە عەشیرەت‌و کەسوکاری خۆی بکەن • مەحموود پاشا لە ئەنجامدا سەیر ئەکا ئەم وەزعە دەس‌نادا بۆی‌و ئەبێ چارێکی مەسەلەکە بکات ، ناچار ئەبێ بڕوا بۆ ئەستەموول بۆ هەوڵدان بۆ گۆڕینی بە موتەسەڕیفکرانی • کە ئەگاتە ئەستەموول سوڵتان فەرمان ئەدا بە درێژیی تەمەنی لە ئەستەموول دەرنەچێ • خانوویەکی بۆ تەرخان ئەکرێ‌و فەرمانی دەسبەسەریی بۆ

---

(١٠٧) مشاهیر الكرد وكردستان . محمد امين زكی ، ج/٢ ص : ١٨١ .

(١٠٨) لونگریك ئەڵێت : بێگلەربێگیی بەرزترین پلەی پاشنایەتیە ، نازناوی فەرمانڕەوایی ئەیالەتە . بڕوانە : اربعة قرون من تأريخ العراق الحديث. ترجمة جعفر الخياط .

دەرەدەچێ‌و ، لە ژێر چاوێریی‌و هاوچاویدا دەمێنێتەوە • ئەوەی شایانی باسە هۆزی جاف لە دەوری سەرۆکایەتیی حەمەپاشاو مەحموود پاشادا لەگەڵ شێخ عوبەیدوڵلای نەهریدا ، لە راپەڕینەکەی ساڵی ١٨٨٠(١٢٩٨)كدا هاوپەیمانییان بوە(١٠٩) •

پاش دامرکانی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا ، ساڵی١٨٨٢(١٣٠٠) مەحموود پاشا هەمیشە لە پارێزدا بوە ئەو پەیمانە بەجێ بهێنێ‌و لەگەڵ چەند سەردارێکی تری کورددا لەو خولیایەدا بوون رۆژێ دژی عوسمانیەکان راپەڕن • گرتنی مەحموود پاشا لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدەوە یەکجار تووڕەی دەکاو بڕیار دەدات هەرچۆنێ بێ خۆی بگەیەنێتەوە ناو هۆزی جاف‌و ، شۆڕشێ لە کوردستانی باکووریدا بەرپابکات • بێگومان رۆشنبیرانی تورك‌و گەلانی ژێردەستی عوسمانیی لە ساڵانی١٨٨٢–١٩٠٨ز ١٣٠٠–١٢٢٦كدا بۆ رووخاندنی رژێمی سوڵتان عەبدولحەمید لە تەکاپۆدا بوون ، رۆشنبیرانی کوردیش بەسەرۆکایەتیی شێخ عەبدولقادری نەهریی‌و بنەماڵەی بەدرخانیەکان لە ئەستەمووڵ بوون لە ناوخۆیاندا پێوەندیەکیان هەبوە لەگەڵ رێکخراوە نهێنیەکاندا بەتایبەت کۆمەڵەی (جونتورك)و پاش ئەم کۆمەڵە لە گەڵ کۆمەڵەی (اتحادوترقی) پێوەند بوون • وا دیارە مەحموود پاشا لەگەڵ ئەو کۆمەڵە نهێنیانەدا پێوەندیی هەبوەو ، ئەو کۆمەڵانە هانیان‌داوە لە دژی سوڵتان عەبدولحەمید شۆڕشێ بەرپابکات • بەم خولیایەوە ساڵی١٨٩٢ز١٣٠٩ك بڕیاری‌دا لە ئەستەمووڵ هەڵێت ، هەڵئەسێ نامەیەکی یەکجار ناشیرین بۆ سوڵتان عەبدولحەمید ئەنووسێ ئەڵێ : تۆ ستەمکارو خوێنڕێژی‌و لە خوا ناترسی‌و هیچ سەرم سوڕنامێنێ کە ئەم ستەم‌و رەفتارە ناشیرینانەت هەبێ ، چونکە زۆڵ‌و حەرامزادەیت‌و

(١٠٩) راپەڕینی کوردەکان لە ساڵی ١٨٨٠دا ، نووسینی د.جەلیلی جەلیل . وەرگێڕ لە رووسییەوە د. کاوس‌قەفتان . بەغدا ١٩٨٧ ، ل : ١٢٥ .

کوڕی عەبدولمجید[110] نیت ، هەروەها بۆیشی ئەنووسێت ، تۆ سولتانی جائیری و سولتانی جائیریش بە گوێرەی شەرعی ئیسلام (واجب الاطاعه)یە• تۆ پیاوێکی پیری کەچی ٣٠٠ژنی پێزانراوت هەن • ئەمەیش نە لەگەڵ شەرعی ئیسلام نە لەگەڵ رەوشتی مرۆڤایەتیدا یەك دەگرن •

لەو سەردەمەدا هەرکەسێ نامەی بۆ سولتان نووسیبا بە جۆرە نووسینێکی تایبەتیی دەنووسی ، بەو جۆرە نووسینێکی تایبەتیی سەر زەرفەکەی بۆ نووسیوە ، ئیتر کاربەدەستانی دەربار تەماشای نامەکەیان نەکردوەو گەیاندوویانەتە دەستی سولتان خۆی و، سولتان بە دەستی خۆی هەڵی پچڕیوەو خوێندوویەتیەوە • مەحموود پاشا پاش ئەوەی نامەکە ئەخاتە پۆستەخانەوە ئیتر خۆی دەسبەجێ سواری پاپۆڕ دەبێ و لە ڕێگای دەریای ڕەشەوە ئەڕوا تا ئەگاتە قەفقازو لەو سەفەرەیدا پیاوێکی لەگەڵدا دەبێ بە ناوی مەلا حەمدیی سنەیی • پاشان قەفقاز بەجێدەهێڵێ و ئەڕوا بۆ باکۆ • لە مانگی سەفەری ١٢٠٩ی ك(تشرینی یەکەمی١٨٩٢)زدا ئەگاتە باکۆو لەوێ وێنەیەکی خۆی بە بەرگی پیاوێکی هەژارەوە ، کە لەم نووسراوەدا بلاوی دەکەینەوە ، بۆ کەسوکارانی دەنێرێ •

---

(١١٠) سولتان عەبدولحەمید ٢٢ی ئەیلوولی ١٨٤٢ لە کەنیزەکێکی چەرکەسیی سولتان عەبدولمەجید کە ناوی تیری موژگان دەبێت لەدایك بوە . لەیەکەم ڕۆژی لە دایکبوونیەوە پڕو پاگەندەیان بۆ دایکی کرد کە گوایە لە عەبدولمەجیدنیە ، لە خزمەتکارێکی ئەرمەنییە ، کە ئاشپەزی قەسری عەبدولمەجید بوەو ، عەبدولمەجید تاهەفتەیەك دوای لەدایکبوونی ناوی باوکی خۆی پێنەبەخشی ! بەلام ئەم پڕو پاگەندە دووزە لەراستیەوە . بڕوانە : لمحات اجتماعية من تأريخ العراق الحديث ، ج/٣ ، بغداد ، ١٩٧٢ ، ص : ١٢ . هەروا : السلطان عبدالحميد اورخان محمد علي ، بغداد ، مطبعة الخلود ، ص : ٨٢ .

مەحموودپاشای جاف بە بەرگی پیاوێکی
هەژارەوە دوای هەڵهاتن لەئەستەمبول

هەروەکوو خوالێخۆشبوو کەریم بەگی باوکم باسی کردوە ، لە باکۆوە نامەیەکی نووسیوە بۆ قەیسەری رووسیاو داوای یارمەتیی لێ کردوە بۆ ئەوەی شۆڕشێك بە یارمەتیی رووسەکان لە ناو کوردەکانی عێراقدا لە دژی عوسمانیی پێك بێنێ و دڵنیای کردوە کە توانای بە ئەنجامگەیاندنی ئەم کارەی هەیە(١١١) • بەڵام وا دیارە رووسەکان لەبەر شلۆقیی وەزعیان حیسابێکیان بۆ نەکردوە پێوەندییان لەگەڵ نەبەستوە • مەحموودپاشا کە دەست لە یارمەتیی رووسەکان ئەشۆرێ ، لەگەڵ پیاوەکەیا باکۆ بەجێ ئەهێڵێ و روو ئەکاتە ئێران و سواری پاپۆڕ دەبێ ، دەگاتە (بەندەرئەنزەلی) کە بەندەرێکە لەسەر دەریاچەی خەزەر کە تا پێش دەوری خومەینی بەندەری پەهلەوییان پێ دەگوت •

عەشرەتی جاف کە خەبەری هەڵاتنی مەحموودپاشایان پێ ئەگا فەتاح بەگی برای ئەچێ بە پیریەوە لە نیوەی رێدا بەیەك ئەگەن • وا دیارە لە نزیکی چوارشەمەبازاڕ بەیەك گەیشتوون و ، پێکەوە دێنەوە بۆ ناوچەی جاف تا ئەگەنە (گەڵگە) کە هەواری بەگزادەی جاف بوە لە نزیکی پێنجوێن • جافەکان و بەگزادەکان لە مەحموودپاشا کۆدەبنەوەو بەڵێنی دەدەنێ کە هەرچی بکات لە دژی سوڵتان عەبدولحەمید لە گەڵی بن و لێی جوێ نەبنەوە • سوڵتان عەبدولحەمید بڕیاری لەناوبردنی مەحموود پاشا ئەداو فەرمان دەرئەکا کە نازناوی پاشایەتیی و تەنانەت نازناویشی لێ بسێننەوەو ، لە هەموو نامەو فەرمانێکدا ناوی دێ بە (فیراریی) یا (یاخییمەحموود) • ناوبراو بە والیی موسڵ و والیی بەغدا ئەسپێرێ کە بە مردوویی یا زیندوویی مەحموود پاشا دەسگیر بکەن و رەوانەی ئەستەموولی بکەن •

مەحموود پاشا ، وەکوو باسمان کرد ، لە بشێویی وەزعی سوڵتان عەبدولحەمیدو جموجووڵی حیزبە موخالیفەکانی ئاگاداربوەو هەر لەو

---

(١١١) یادداشتەکانی مستەفابەگی کەریم بەگ ، دەست خەتە •

بیرەدا بوە کە کارێك بکا یەکێتیی ریزی هۆزەکانی کورد پێکبهێنێ ، تا بتوانن کەڵك لەو هەلە رەخساوە وەربگرنو جۆرە خودموختارییەك بۆ کوردستان وەربگرن • پیرەمێرد لەم روەوە ئەڵێ :

« هەر سەبارەت بە کوردو ئەو کۆنگرانەی بۆ دەستخستنی مەوجوودییەتێك بۆی ، بەستراوە کۆبوونەوە گەورەکەی کەنار زەلمە • کە مەحموود پاشا لە ئەستەمووڵ بوو شارەزای بشێویی ئەستەمووڵو وڵاتی عوسمانیی بوو کە ساڵی شەش مانگ مانگانەی کاربەدەستانی دەوڵەت نەئەدرا ئەیزانیی هێزێکیان بۆ هیچ شوێنێ پێ نانێرێ ، جا بەو خولیاوە ساڵێکیان هەرچی پیاوی ناوداری ئەم خاکە هەن هەموویان لە سەرچاوەی زەڵم کۆئەکاتەوە ، لە سلێمانیەوە نەقیبو ، شێخ محەمەدی موفتییو ، ئەحمەدی پاشچاوەشو ، سەییدئەحمەدی بابارەسوولو ئەورەحمان ئاغای عەبدوڵلا ئاغا •••لە بەری زەهاوەوە فەقێ سەعیدو ، داوود خانی کەڵهوڕو ، هەموو سەرۆك عەشیرەتەکانو ، سمایل بەگی داودەو ، مەجیدپاشای کۆیە کە دۆستی شێخ رەزای مەشهوور بوو ، شێخ محەمەدرەئووفو ، شێخ عەلی ••• خولاسە ئەو زەڵمە پڕ بوو ، چەند گفتوگۆو تەرتیباتێ کرا ، منیش لە خزمەتێ نەقیبدا بووم ، بە قەدەر رەئیی عومووميی هیوایان بە قەڵەمی من بوو ، منیش قەلەندەرانە بەو هەموو ماڵە بەگزادەدا ئەسووڕامەوە ، رۆژێ پاشا لە ماڵی کەیخوسرەوبەگی کوڕی خۆیو نەقیب بانگیانکردم • وتیان : خوا رێکی خست ، قەڵەمی خۆت تیژکە ، دەستووری ئیدارەو بەیاننامەت بنووسە • منیش شێتانە هاتمەزوبان وتم : پاشا بە خۆڕایی خۆم ماندوو ناکەم • پاشا ئەمەندە تووڕە بوو سێ جار هەڵساو خۆی دایەوە بەسەر دۆشەکەکەیدا • وتی : بە راس ئەوە چی یێژی ؟ منیش بە جەسارەتێکەوە وتم : پاشا ، ئەگەر تووڕە ببی دەنگ ناکەمو ئەگەر عاجز نابی دەیڵێم • فەرمووی : بێژە ! وتم : پاشا وا نەبوە ،

بەڵام تۆ وەزعیەتی خۆمان وە کەللەڕەقیی‌و خۆبڵندزانینی ئەهلی ئەم خاکە لێك بدەرەوە • لە مەحاڵێ بووم لە شارباژێڕ ، دێیەك هەیە بە ناوی کەنارۆوە، سلێمانی ڕەسوول ئاغای تیابوو ، ئاغا سێ کوێخای بوو : کوێخا ئەحمەدو، کوێخا سمایل‌و ، کوێخا حەمە • ئەم کوێخایانە هەر یەکە خۆی بە ئاغایێ ئەزانیی ! » •

وا دەرئەکەوێ کە پیرەمێرد بڕوای بە یەکێتیی سەرۆك عەشایەرو شێخ‌و ناودارەکانی کورد نەبوە ، بۆیە هەر لەو وتارەدا ئەڵێت : ئەگەر تۆ حوکمداریت دا بە نەقیب‌و لە حەقی خۆت چاوت پۆشیی سایری ڕوئەسای تیرەکان بە حوکمداریی قوبووڵیان نیەو ، ئەڵێن : پاشای باوکت ، مەبەستی حەمەپاشایە ، کە لە سلێمانی موتەسەڕیف بوو و تواناو هێزێکی زۆری بەدەستەوە بوو ، چوو دوای مانگێ جێی هێشت • بڕوا ناکەم ڕەسووڵ ئاغای ترشیی فرۆش‌و ، مەحموودئاغای چۆخەڕەشی میراودەلی ، یا فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە ئەگەر بیانەوێتیش چۆن ئەبنە حوکمدار »(١١٢) •

خەبەری جووڵانەوەی مەحموودپاشا بە ڕێکوپێکیی ئەگەیشتە حوکوومەتی عوسمانیی • کاربەدەستانی عوسمانیی ترسێکی زۆریان لێ نیشت • بە تایبەتیی سوڵتان عەبدولحەمید خۆی بایەخێکی زۆری بەم مەسەلەیە ئەدا کە بە هەرچۆنێ بوە مەحموودپاشا لە ناوبەرێ‌و لە ئاژاوەی ئاسوودە ببێ • بەم نیازەوە فەرمان ئەدا بە کەریم‌بەگی خانزادەجوانیی ، کە خەڵکی سلێمانیی بوەو ، لە سوپای عوسمانیدا پلەی عەقیدیی ئەمڕۆی هەبوە ، هەزار سوار بۆ گرتنی مەحموودپاشا تەرخان بکات • مەحموودپاشاش کە بەمە ئەزانێ پەنا ئەباتە بەر شاخی زمناکۆو کەریم‌بەگی

---

(١١٢) بڕوانە : ڕۆژنامەی ژیان ، ژمارە ٤٩٧ ، ساڵی ١٩٣٦ ، ل : ٤ ، ٥ و مەحموودپاشای جاف ، ئومێد ئاشنا ، گۆڤاری کاروان ، هەولێر ، ساڵی ١٩٩٠ •

ناوبراو بە هەزار هێستر سوارەوە بەدوایا ئەچێو ، لەو ناوچەی شەمیرانو زمناکۆیەدا تەعقیبی دەکات • مەحموود پاشا بۆ ئەوەی بکەوێتە شەڕێکی توندو گەرمەوە لەکەلیدا ، زمناکۆ بەجێدێلێ ، رووئەکاتە بناری شارەزوورو ئەچێ بۆ (بانی بنۆك) • بەم جۆرە سالێکی خشت ئەمبەرو ئەوبەر دەکات بەکەریم بەگ لە نێوان زمناکۆو بانی بنۆکدا دەیهێنێو دەیبا ، بۆ ئەوەی دەرفەتی بداتێ پەلاماری بدا بیگرێ • بەلام پیریی‌و ناساغیی‌و پڕوپاگەندەی پیاوانو مووچەخۆرانی میریی لە نێوان عەشایەری جافدا سەر بەدەوڵەتی عوسمانیی ، بەتایبەت ئەم پڕوپاگەندەیە کە .. ئەمە کارێکی زۆری کردە سەر دڵو دەروونی دەوروبەرەکانی مەحموود پاشاو ، تەنانەت کەیخوسرەو بەگی کوڕیشی لێهەلگێڕایەوە • هەروەها ناکۆکیی ناوخۆی نێوان مەحموودپاشاو عوسمان پاشایش ئەوەندەی تر وەزعەکەی لە مەحمووپاشا تاڵتر کردبوو • ئەمە هەمووی بوو بە هۆی بێزاربوونی مەحموودپاشا لەو بارو دۆخەی تیا ئەژیا • لەبەر ئەمانە ئەکەوێتە سەر خەیاڵی دڵوەدەسهێنانەوەی سوڵتانو لێبوردنو چاوپۆشی لێکردنی • بۆ ئەم مەبەستە نامەیەك بۆ والیی بەغدا ئەنووسێت[113] ، بۆی باس ئەکا تیا کە ئەیەوێ خۆی بە خۆی بڕوا بۆ لای سوڵتانو لێی ئەپرسێ : ئاخۆ بەڵێنی ئەداتێ ئەگەر چوە بەغدا نەیگرێ ؟ والیش لە وەلامدا نامەیەکی بۆ ئەنووسێتو پێی ئەڵێ : وەرە بۆ بەغدا ، ناتگرمو بەڵێنیشت ئەدەمێ کە سوڵتان هیچت لێ نەکا • مەحموود پاشا لەسەر نامەو بەڵێنەکەی دێ بۆ بەغداو ، لە ماڵی محەمەد پاشای داغستانیی ئەبێتە میوان • کاتێ بۆ لای والیی ئەڕوا بۆی روون ئەبێتەوە ئەو بەڵێنەی کە دابوو پێی گوایە سوڵتان عەبدولحەمید عەفوی ئەکات ئەگەر بێتو بێتە

(١١٣) لەو سەردەمەدا تەقیەدین پاشا والیی بەغدا بوە (١٨٨٠ – ١٨٨٧) بڕوانە : (أربعة قرون في تأريخ العراق الحديث ، لونكريك ، ل : ٣٦١) و (لمحات اجتماعية من تأريخ العراق الحديث ج/٣ ل : ٤١ – ٤٢) .

بەغدا •• بەدرۆ دەردەچێ • والیی ئیصرار ئەکا بۆ رۆیشتنی بۆ ئەستەمبوڵ چون سوڵتان داوای کردوە(١١٤) •

مەحموودپاشا بە والیی ئەڵێت : ئەرۆمەوە بۆ ئەستەمبوڵ بەڵام لە کفرییەوە بە رێگەی موصڵدا ، چونکەپارەو شتومەکم لەماڵەوە بەجێ هێلاوە، ئەتیرم بۆم بێتە کفریی • والیی رازیی ئەبێت وەکوو ، زیندانیەك تابوورئاغاسییەك لە تەك پانزە سوار ژاندرمەدا لەتەکیا بن تا موصڵ • حەمەعەلی بەگی برای سێ رۆژ بەر لە حەرەکەی مەحموود پاشا بەغدا جێ ئەهێڵێو ، هێزێك لەبەگزادەکانو هۆزی جاف پێکەوە ئەنێو رۆژی گەیشتنی مەحموود پاشا بە قەرەتەپە ، بەم لەشکرە گەورەوە قەرەتەپە داگیرئەکات ، بەم جۆرە مەحموود پاشا دەرباز دەکەنو ، مەحموودپاشا روو ئەکاتەوە شاخەکانی زمناکۆو ، دیسانەوە سوارەکانی کەریم بەگ ئەکەونەوە ئەمسەرەوسەری گرتنی • بەڵام وا دیارە ئەم جارە پڕوپاگەندەی پیاوو مووچەخۆرەکانی سوڵتان عەبدولحەمید ئەگاتە رادەیەك خزمەکانی بەگوێی ناکەنو پشتی ناگرنو ، لە چەند سوارێ زیاتر کەسی لەگەڵا نامێنێو نەخۆشییو پیریی تەنگی پێ هەڵئەچنێ(١١٥) لەگەڵ ئەوەشدا پاشا بەم سوارە کەمانەوە لە مەیدانا ئەمێنێو هەر خۆی بەدەستەوە نادا •

---

(١١٤) مستەفابەگ لە یادداشتەکانیدا ئەڵێت : مەحموودپاشا کاتێ بۆلای والیی ئەڕوا بە پێچەوانەی ئەوەی لە نامەکەیا نووسیبووی بەو بەڵێنەی دابوویێ نەیگرێ، لە ئیچ قەڵا کە ئێستا وەزارەتی دیفاعە زیندانیی ئەکا مەحموودپاشا چەند رۆژێك لە زیندانا ئەمێنێتەوە ، بەڵام ئازایانە ئەتوانێ لە هەلێکا خۆی لە دەست یاساولەکانی بەندیخانە دەربازکاو ، روو ئەکاتەوە ناو جافو پەنا ئەباتەوە بەرچیای زمناکۆ •

(١١٥) ئەڵێن گوایە مەحموودپاشا کە هەستبە پیرییو کەنەفتی خۆی دەکا داخ ئەخوا کە ئیتر ناتوانێ شتێ بوکورد بکاتو ، ئەڵێت : « تا توانیم نەمزانیی ، کە زانیم نەمتوانیی ! » •

مەحموود پاشا زۆری لە کاربەدەستانی گەورەی عوسمانیی ناسیوەو ئاشناو برادەری لەناویاندا زۆر هەبوون • یەکێ لەو ئاشنایانەی (شیخ الاسلام ابو الهدی)[116] بوە ، کە پلەیێکی ئایینیی بەرزی لای سولتان عەبدولحەمید هەبوەو زۆری ریز لێناوە • مەحموودپاشا نامەیەك بۆئەبولهودا ئەنێرێ داوای ئەوەی تیا لێ ئەکا لە سولتان داوا بکات بیبەخشێت • ئەبولهودایش بە سولتان ئەڵێو تکای لێ دەکا بیبەخشێت • سولتان ئەڵێ : سوێندم خواردوە مەحموود لە ناوەڕاستی ئەستەموولدا لە سێدارە بدەم • خۆم ئەزانم گوناهێکی چەند گەورەی چاوپۆشیی لێنەکراوی بەرانبەرم کردوە •

ئەبولهودا بە سولتان دەڵێ : « العفو عند المقدرة فضيلة تکای ئێمە نەدەنە دواوە باشە » • لە ئەنجاما سولتان لەسەر تکای ئەبولهوداو میردەرویش پاشا کە زۆر دۆستی مەحموود پاشا ئەبێ ، دڵی نەرم دەبێو وای لێ دێ کە بڵێ : بە مەرجێ ئەیبەخشم خۆی بەدەستەوە بداو بێ بۆ ئەستەموول • ئەبولهودایش خەبەرەکە بە مەحموود پاشا رائەگەیێنێ ، ئەویش ، کە هیچ چارەیێکی شك نەبردوە ، خۆی بەدەستەوەئەداو بەرەو ئەستەموول بەرێ ئەکەوێ •

لەم سەفەرەدا عەلی بەگی کوڕیو حەمەعەلی بەگی برای لە خزمەتدا

---

(116) (ابوالهدی الصیادی) ساڵی ١٨٤٩ز لە گوندێك لە نزیکی حەلەب لەدایك بوە ، سەر بەتەریقەی رەفاعیی بوە ، لە دوادوایی حوکمی سولتان عەبدولعەزیزدا هاتۆتە ئەستەمبوول ، یەکێ لە باوەڕپێکراوانی سولتان عەبدولحەمید بوە • سولتان خۆی بە موریدی زانیوە • نفووزێکی گەورەی هەبوەو تکای لای سولتان عەبدولحەمید نەگەڕاوەتەوە • (بڕوانە : لمحات اجتماعية من تأريخ العراق الحديث ، ج/٣ ، ص : ٣١ – ٣٧) •

بوه • هەر کە ئەگەنە ئەستەموول یەکسەر ئەچنە ماڵی دەروێش پاشا[117] • ئینجا ئە ناتە بارەگای سولتان عەبدولحەمید ، سولتانیش ئەیەخشیێ و روتبەکانی جارانی بۆ ئەگەڕێنێتەوە • مەحموود پاشا کە ئەگەڕێتەوە بۆ هەڵەبجە حوکوومەتی عوسمانیی سەرۆکایەتیی عەشیرەتی جافی جارێکی تر بۆ دەگەڕێنێتەوە • عوسمان پاشای برای هەر بە قایمقامێتیی ئەمێنێتەوە • پاش لەسەرتەختداگرتنی سولتان عەبدولحەمید ساڵی ١٩٠٨ز مەحموود پاشا هەمیشە دژی رژێمی ئیستیبدادیی بوە ، بە تایبەتی دوای ئەوە حیزبی (اتحاد وترقی) دەست بەزوڵم و زۆرداری دەکەن و هەر بەڵێنێ بە کوردو میللەتەکانی تریان دابوو بە درۆ دەردەچێ و ئیتر مەحموود پاشا لەم قۆناخەدا هەوڵی داوە یەکێتیی و یەکدڵیی لە نێوان سەرۆک هۆزەکان و پیاوماقووڵانی کوردا پێکبێنێ و بۆ ئەوەی مافێ بۆ کورد بپچڕێ • لەم بارەوە نامەیەکی زۆر بۆ پیاوە ناسراوەکانی کورد ئەنووسێ • یەکێ لەو نامانەی ، کە بۆ ئەو ئامانجەی بۆ حاکمی بانەی نووسیوە ، دابووی بە عەلی بەگی رۆستەم بەگی خزمی خۆی ، کە دایکی لە بەگزادەکانی بانە بوو • تورکەکان لە جێگایەک ئەم نامەیان بەدەست عەلی بەگەوە گرتبووو ، لەسەر ئەمە عەلی بەگیان دا بە مەحکەمەی موسڵ • ئەگەر (اتحاد)یەکان نەڕووخابان عەلی بەگ و مەحموود پاشا تێدادەچوون • هەروەها لەم بارەوە مەحموودپاشا نامەیێکی تریشی بۆ غولام رەزاخانی پشتکۆ نووسیوەو پەیمانی لەگەڵدا بەستوە کە بۆ کورد هەوڵ بدەن • تا ئێستاش وەڵامی ئەم نامانە ماون و لە کتێبخانەکەی حەسەن فەهمی جافدان[118] •

---

(١١٧) ئەم دەروێش پاشایە پیاوێکی رەوشت بەرزبوەو چاک بوە ، ئامۆزایەکی سوڵتان عەبدولحەمیدی خواستوە کە ناوی ناظمە سوڵتان بوە • زۆر دۆستی مەحموودپاشا بوە •

(١١٨) یادداشتەکانی حەسەن فەهمی جاف دەستنووسە •

نالەباریی بارودۆخی ئابووریـی ئیمپراتۆرییەتی عوسمـانیی پـاش سەرکەوتنی رژیمی (اتحاد)یەکان‌و سیاسەتی بەتورکردنی ئەو نەتەوانەی کە لەژێر سێبەری ئیمپراتۆریی عوسمانیدا ئەژیان‌و هەوڵدانی کاربەدەستانی ئەم رژێمە بە تایبەت سێ فەرمانده ستەمگەرەکەی رژێمی ئیتتیحادیەکـان ئەنوەرپاشاو ، تەلعەتپاشاو ، جەمالپاشا[119] بەدەستێکـی پۆلایینـەوە خەباتی نەتەوەکانی دەوڵەتی عوسمانییان لەناو دەبرد .

ئەوەی شایانی باسە نەتەوە غەیرە تورکەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانیی جموجـوولێکی زۆریـان دەس‌پێکـردبوو دژی کاربەدەستـانی دەوڵەتـی عوسمانیی‌و ، گەلی کوردیش لە زۆر ناوچەی کوردستاندا بۆ بەدەسهێنانی ئازادیی‌و سەربەستیی چەندین شۆڕشیان بەرپاکردبوو ، بەڵام نەبوونـی یەکێتیی‌و پێوەندیی قایم‌و پتەو لە نێوان شۆڕشگێڕەکاندا یەکێ لە هـەرە هۆیە سەرەکیەکانی لەناوچوونی ئەم شۆڕشانە بوو لە کوردستانا[120] .

لەم رووەوە گاردلیڤسکی ئەنووسێت: «کوردەکان هەر بە تەنیا رائەپەڕین هەستیان‌کرد ئەو هێزو توانایەیان نیە شتێکی پێ دەستبخەن . لەبەر ئەوە کەوتنە رێگاخۆشکردن بۆ ئەوەی لەگـەڵ ئـەرمەنەکانـدا رێك‌بکـەون‌و بەیەکەوە رێگای خەباتکردن بگرنەبەرو ، مافەکانیان دەستبخـەن . لـە هاوینی ساڵی ١٩٠٩دا پارتی (اتحادوترقی)چەند کەسان‌و سیخوڕیان بە نهێنیی نارده ویلایـەتی رۆژهـەڵاتی‌یەکـانی تورکیـا . ئـەم کەسانـە ئەوەیـان پێ‌سپێردرابوو تۆوی دووبەرەکیی لە نێوان کوردو ئەرمەنەکاندا بچێنن . جیاوازیی بیروڕای سەرۆك‌و سەرکردەکـانی کـورد هـۆی هەرەگـەورەو

---

(١١٩) ئەم جەمالپاشایە لە لایەن نیشتمانپەروەرە عەرەبەکانەوە بە جەمـال خوێنرێژ بەناوبانگە .

(١٢٠) بروانە : كردستان في الحرب العالمية الاولى د. كمال مظهر ، ترجمـة محمد الملا عبدالكريم . ص : ١١٥ .

کۆسپی سەرەکیی بوو لە ڕێی یەکگرتنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردا • هەر بۆ نموونە شێخ عەبدولقادری سەرۆکی شەمدینان شیرو تیری لە ئەمین‌بەدرخانی میری بۆتان ئەسوو • هەردووکیان چاویان لەوە بڕیبوو ببنە سەرۆك‌و سەرکردەی هەموو کوردەکانی تورکیا • ئەمین‌بەدرخان پاکانەی بۆ لافلێدانەکەی خۆی بەوە ئەکرد گوایە میرنشینی بۆتان لە کۆنەوە هەبوەو خاوەن سایەو دەسەڵات بوە ، هەرچی شەمدینانە ئەوە لەوە زیاتر شێخ‌و سەییدو خاوەن دەروێش بن هیچی تر نەبوون ، لایەنگیرانی شێخ عەبدولقادر ئەوەیان بلاوئەکردەوە کە میرنشینی بۆتان هەر ئەوەی لەدەست هاتوە سەرکردەی سوپایی‌و نەك حوکمدار دروست‌بکات • هەردوولاشیان لای کاربەدەستانی تورك بوختانیان بۆ یەکتریی ئەکردەو بۆ یەکیان تێ‌ئەچان[121] •

لە شۆڕشی گەورەی میللەتەکانی ئێراندا کە لایەنگیرانی دەستوور بوون لە چەند شوێنێکدا کاریان گرتەدەست‌و لە تەمووزی سالی ١٩٠٩دا محەمەدعەلی شای کوڕی مظەفەرەدین شایان دەرپەڕان •

دەوری کوردەکان لەو ڕووداوانەدا گەورە نەبوو ، زۆر پشتی شاو دەستگای کۆنەپەرستانیان نەگرت ، چونکە قەت شتێکی باشیان لە شاو دەستگای حوکوومەتی شاوە دەستگیر نەبووبوو • لە هەمان‌کاتیشدا شۆڕشگێڕە دەستوورخوازەکان هیچی وایان نەکرد دۆخی گرانی جەماوەری کوردستان چاك بکەن ، ئەوەندە بە تەنگ ڕووداوەکانی تری وڵاتەوە نەبوون ، سەرۆکە کوردەکان لە کرمانشا رازیی نەبوون لەگەڵ بەختیاریەکاندا یەك‌بگرن ، ئەوانەی لەگەڵ شۆڕشگێڕەکانی گەیلاندا بەرەوتاران ئەکشان • کوردەکانی خان‌نشینی ماکۆ زۆر جار رووی ئەدا

(١٢١) کێشەی کورد (١٨٩٦ ـ ١٩١٧) م.س لازاریف ، بەرگی‌یەکەم ، تەرجەمەی کاوس قەفتان ، بەغدا ، سالی ١٩٨٩ ، ل : ٢٢٦ •

ئەبوونە داردەستی خانی ماکۆ کە یەکێك لە کۆنەپەرستە ناودارەکانی ئێران بوو • بەشداریی ئەو هێزانەیان ئەکرد کە ئەچوون بەگژ پێشمەرگە لایەنگیرەکانی دەستووردا • شۆڕشگێڕەکانیش هەوڵیان ئەدا کوردەکان بۆ سوودی خۆیان بەکاربهێنن ، نموونەش رۆژانی خەباتە پاڵەوانانەکەی پایزوزستانی ساڵی ١٩١١بوو لە تەورێز • خۆ ئەگەر سەرۆکە کوردەکان جاروبار یارمەتیی لایەنگیرانی دەستووریان بدابایە ئەوە لەبەر ئەوە بوو سوودی خۆیانی تێدابوو ، کوردەکان لە دوارۆژانی شۆڕشەکەدا بوونە هێزی بناغەیی بزووتنەوەی کۆنەپەرستان کەواتە (سالارالدولە) سەرۆکایەتیی ئەکرد (ابوالفتح میرزا سالارالدولە) کوڕی سێهەمی مظەفەرەدین‌شای قاجارە • (سالارالدولە)مرۆڤێکی بوڵەندپەروازو سروشتێکی سەرکەشی هەبوو ، لە سەردەمی باوکیدا ئارەزووی وەلیعەهدیی بوە ، رۆژگاری تێ‌ئەپەڕان • دوای مردنی مظەفەرەدین‌شاە ٢٤ی‌ذیلقەعدەی ساڵی ١٣٢٤ی‌ك ئیعلانی پاشایی خۆیی کردو ، لایەنگیرانی دەستوور ، چون دژی محەمەدعەلی‌شای برای بوونو بڕوایان پێی نەبوو ، لەسەرەتاوە پشتیوانییان لێ‌کرد دژی محەمەدعەلی‌شای برای ئەو سەردەمە (سالارالدولە) فرمانڕەوای کوردستان وپەیوەندی لایەنگیرانی دەستوور میرزا (نصراللە) لە گەڵ (سالارالدولە)دا لە رێی حاجی (ملك‌المتکلمین)ەوە بوو ،(سالارالدولە)بە ناوی لایەنگیرانی دەستوورەوە خێڵو هۆزەکانی ناوچەی کرماشانو رۆژئاوای ئێرانی لە خۆی کۆکردەوەو ئیعلانی پاشایەتیی خۆیی کرد ، بەڵام ئەم هەوڵو کۆششەی نەگەیشتە قۆناخێك چون لایەنگیرانی دەستوور دەستیان لە پشتیوانیی ناوبراو هەڵگرتو هێزەکانی محەمەدعەلی‌شای برای سەرکەوتن بەسەر لایەنگیرانی (سالارالدولە)دا لە ناوچەی نەهاوەندا زۆربەی لەشکرەکەی (سالارالدولە) لە کوردەکانی خواروو ، واتە کوردستانی عێراق بوو ، کە بریتیی بوون لە هۆزی جاف ،

هۆزی زەنگنە ، هەروەها کوردەکانی موکریانو خانەکانی سەقزیش دایانە پاڵی • لە ناوەڕاستی تەمووزی ١٩١١دا بانگیدا کە سەرداری هەموو کوردستانە • ئەوەی شایانی باسە لەو سەردەمەدا هێزی لایەنگیرانی دەستوور سەرکەوتنە سەر محەمەدعەلیشاداو دەریانپەڕان بۆ رووسیا • بەڵام محەمەدعەلی شاە دەستبەردار نەبوو لەوێوە لەگەل (سالارالدولە)ی برایدا رێککەوت کە هەردوکیان بەهێزەکانیانەوە بەرەو تاران بکشێنو لە دەستی لایەنگرانی دەستووریی رزگاری کەن • زۆری نەخایان زۆربەی کوردەکان لە دەورو بەری (سالارالدولە)دوورکەوتنەوە ، لە پێش هەموان خانەکانی پسقیو کوردەکانی موکریو بەگزادە جافەکان دەستبەرداری بوون • (سالارالدولە)بەرە بەرە هیچ هێزێکی بە دەستەوە نەماو لەم ماوەدا هاتوەتە ماڵی مەحموودپاشای جاف بۆ کۆمەکخوازیی ، بەڵام مەحموودپاشا زۆر گوێی نەداوەتێو لە رەوشتو ئەخلاقی نارازیی بووە ، بەڵام کەیخوسرەوبەگی کوڕی مەحموودپاشا یارمەتیی داوە وایزانیوە ئایندەی (سالارالدولە)روونەو ئەبێتە پاشای ئێران • بەڵام کێشەو هەرای (سالارالدولە)سەری نەگرتو ناوبراو سەری لە ئەوروپاوە دەرکرد (١٢٢) •

بەعزێ لە نووسەرانی کورد ، کە خۆیان بەسەر چەپدا سەپاندووە • لەو بڕوادان لێهاتوەکانی جاف لەگەڵ حوکوومەتو رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا خۆیان گونجاندووە، لە نێوان دوو هێزی دەوڵەتەکانی عوسمانییو فارسدا خزمەتگوزار بوونو ، لەو سەردەمەیشدا هەستی نەتەوایەتیی نەگەیشتوەتە رادەی دروستبوونی رێکخراوو گرۆی سیاسیی

---

(١٢٢) بڕوانە : تأریخمشروطە ایران . احمد کسروی ، تهران ١٣٤٦ ، ص ٢٦٧ ، ٢٦٨ . هەروا : کێشەیکوردل : ٢٩٢ . هەروابڕوانە : وتاری سرهنگ سپهر مسعودی معتمدی بە سەردێری غائلۀ سالارالدولە . گۆڤاری بررسیهای تأریخی ، شمارە٣، ٤ ، سالی سێهەم مرداد — آبان ١٣٤٧ — ١٩٦٨ •

تا شەخسی وەك مەحموودپاشا کاری تێدا بکات‌و ، ئەگەر ئەم ڕێکخراوانە هەیشبووبن هیچ کات جافەکان ئامادەی ئەو کارانە نەبوون(١٢٣) .

نازانین ئەم نووسەرانە بە چ بەڵگەیەك بەو قەناعەتە گەیشتوون کە لەو سەردەمەدا هەستی نەتەوایەتیی نەگەیشتبووە رادەی دروستبوونی ڕێکخراوو گرۆی سیاسیی ؟ هەستی نەتەوایەتیی گەلی کورد هەر لە سەدەی شازدەهەمەوە چەکەرەی کردوەو ، مەم‌وزینەکەی ئەحمەدی خانیی‌و ، شەرەفنامەکەی شەرەفخانی بەدلیسیی‌و ، پاشان شۆڕشەکانی کورد سەرلەبەرو ، ڕێکخراوەکانی ١٩٠٨ لە ئەستەموول‌و ، دەرچوونی چەندین ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردیی‌و تورکیی ڕۆشنبیریی‌و سیاسیی‌و کۆمەڵەی خۆیبوون‌و ... هتد هەموو بەڵگەی چەوتیی راکەی ئەم نووسەرانەیە . ئەمە لە لایەکەوە ، لە لایەکی ترەوە ئەم باوەڕەتان کە گوایە ئەمسالی مەحموود پاشا ئامادەی چوونەڕیزی ڕێکخراوە سیاسیەکان نەبوونەو ، ئەگەر کاری سیاسیی ، حیزبیی ، شۆڕش‌و بزووتنەوەیەك هەبوایە ، کاریان تێدا نەدەکرد ..هەر پووچەو ، نازانین ئەم فەرزی مەحاڵە لە چ شەرایتێکی زاتیی‌و مەوزووعیی قۆناخەکەوە هەڵێنجاوە ؟ ئەوەی راستیی بێ هیچ فەرمانڕەواییێکی داگیرکەر دروستکەری هیچ خاوەن دەسەڵاتێکی نە دەرەبەگایەتیی‌و نە شێخایەتیی نەبوون‌و ، ئەگەر بیسەلمێنین نەتەوەی کورد وەك نەتەوەکانی تر قۆناخی کۆمەڵایەتیی بڕیبێ ، ئەبێ بڵێین : باری کۆمەڵایەتیی‌و هەلومەرجی قۆناخی مێژووینە دروستی کردوون(١٢٤) .

---

(١٢٣) بڕوانە : مۆمێکی نیوەتەمەن‌و وەڵامی مێژوو ، نەجمەدین عەزیزبیانی ، مامۆستای کورد ، ژمارە ١٥ ، سوید ، پاییزی ١٩٩٢ ، ل : ٣٩ .

(١٢٤) بڕوانە : وتاری : خوایەلە دۆستانم بمپارێزی دژمنانم لەسەر خۆم ، حەسەن‌گەرمیانیی ، مامۆستای کورد ژ : ١٧ - ١٨ ، بەهارو هاوینی ١٩٩٣ ل : ٨٢ .

بێگومان مەحموودپاشا قۆناخی مێژووی میللەتی کورد دروستی کردوە نەك پاشاو سولتانەکانی ئێرانو عوسمانیی • مەحموود پاشا وەك سەرەك هۆزێکی نیشتمانپەروەری کورد هەستی بەم سیاسەتە نالەبارەو دژی کوردەی ئیتتیحادیەکان کردبوو ، لە سیاسەتی ئیتتیحادیەکان نارازیی بوە ، بەلام بە دەسپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانیی ١٩١٤–١٩١٨ کاربەدەستانی ئیتتیحادیەکانو ئەلمانەکانی هاوپەیمانیان هەولو تەقەلایەکی زۆریاندابوو بۆ بەهێزکردنی هەستی ئیسلامەتیی لە نێوان میللەتەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیداو لە هەموو ناوچەیەکی ئەم ئیمپراتۆریەتەدا پیاوانی ئاین خەلکیان هاندەدا بۆ جیهاد دژی داگیرکەرە کافرەکان ، کە بریتیی بوون لە دەولەتە هاوپەیمانەکان • ئەم پڕوپاگەندەیە کارێکی زۆری کردبوە سەر ناوچەی کوردستانو ، ئەبینین کە خوالێخۆشبوو شێخ مەحموودی نەمر پاش ئەوەی ئینگلیزەکان بەسرەیان داگیرکرد هەر وەکوو ئیتتیحادیەکانی بە بەرپرسیاری کوژرانی باوکی دەزانی ، بەلام هاوکاریی خۆی لەگەل تورکەکان لە دژ ئینگلیزەکان دەسپێکردو لە شەڕەکەی شوعەیبەدا بەشداریی کرد • مەحموودپاشای جافیش لەبەر هەستی دینیی لەسەر داخوازیی تورکەکان هەزار سوار جافی بە سەرۆکایەتیی حەمەعەلی برایو کەریم بەگی فەتاح بەگی برازای نارد بۆ ئەم شەڕە[١٢٥] •

---

(١٢٥) بەداخەوە مامۆستای بەڕێز موکەڕەم تالەبانیی لە کتێبی (ابراهیم خان ثائر من کردستان)دا باسی بەشداربوونی جافەکانی لەم شەڕەدا نەکردوە • وا دیارە نەیبیستوە ئەگینا باسی ئەکرد •

مامۆستا د. کەمال مەزهەری بەڕێزیش لە گۆڤاری رۆشنبیری نوێی ژمارە ١٢٥ی سالی ١٩٩٠ لە وتاری کوردو شەڕی شوعەیبەدا نووسیویە : « بەشی هەرەزۆر ئەو سێ هەزار کوردەی چوونە شەڕی ئینگلیز بریتیی بوون لە لایەنگرانی شێخمەحموودو کوڕگەلی داودەو ←

تورکەکان لە پەلاماردانی قەڵای شوعەیبەدا شکانو فەرماندەی هێزی عوسمانیەکانو سولەیمانعەسکەریی لە داخان بە دەمانچە خۆی کوشت(١٢٦) .

ئیتر عەشایەرە کوردەکانیش پاش خەسارەتێکی زۆر بڵاوەیان لێ کرد. لە یادداشتەکانی مستەفابەگدا ، کە کەریمبەگی باوکی ئەیگێڕێتەوە ، ئەڵێ : خوالێخۆشبوو تۆفیق وەهبی بەگ لە شەڕی شوعەیبەدا یەکێ لە ئەفسەرە ناودارەکانی لەشکری تورك بوە ، تەمێی سەرەك هۆزە کوردەکان ، بە تایبەت خوالێخۆشبوو شێخ مەحموودو حەمەعەلی بەگی جاف دەکات : کە بە خۆڕایی کورد لە پێناوی تورکدا بەکوشت مەدەن . شێخ مەحموودو حەمەعەلی بەگ قسەکەی بەجێ دەزانن و بەگوێی ئەکەن ، کەریمبەگ ئەڵێ : من لەبەر تافی لاوێیو لەبەر خوێنگەرمیو حەزبەناودەرکردن پێم خۆش بوو لە شەڕەکەدا بەردەوام بین(١٢٧) .

شایانی باسە هەر ئەم هەستی ئاینییە بوو هانی کوردەکانی دژی لەشکری رووسەکان دا ، ئەو لەشکرە رووسەی کە پەلاماری ناوچەکانی

دەڵۆو زەنگەنەو هەمەوەندو جافی دەوروبەری کەلار » . مامۆستا د. کەمال مەزهەر وا دیارە نەیبیستوە ئەم جافی دەورو بەری کەلارە کێ سەرکردایەتیی کردوون ، ئەگینا ئەینووسی .

(١٢٦) بۆ زۆرتر ئاگاداریی لە بابەتی ئەم شەڕەوە بڕوانە : لمحات اجتماعية من تأريخ العراق الحديث ، علي الوردي ، بغداد ، ١٩٧٤ ، ص : ١٤٥ .

(١٢٧) نووسەری ئەم لێکۆڵینەوە ساڵی 1978 لەگەڵ تەحسینبەگی یەزیدیدا لە لەندەن چوەتە ماڵی تۆفیق وەهبیبەگو چۆنێتی ئەم رووداوەی لێپرسیوە ، ئەویش لە وەڵاما وتوویە : چون ئەمزانیی خەسارەتی کوردەکان زۆرئەبێتو سەرکەوتنی تورکەکان مەحاڵە ، ئامۆژگاریی شێخ مەحموودو حەمەعەلی بەگی جافم کردو پێموتن : بەفیڕۆ کورد بۆ داگیرکەر بە کوشتمەدەن ، قسەکەم کاری کرد ، دوای خەسارەتێکی کەم بڵاوەیانلێ کرد .

کوردستانیان داو زولم‌و زۆرێکی فراوانیان له دانیشتوانی ئه‌و ناوچه‌یه کرد • ئه‌م هه‌سته بوه هۆی سه‌ره‌کیی هاوکاریی کورده‌کان له‌گه‌ڵ له‌شکری عوسمانیدا ، ئه‌وه‌بوو کاتێ ده‌وله‌تی عوسمانیی داوای له مه‌حموودپاشاو سه‌رۆك هۆزه‌کورده‌کانی تری کرد که له دژی رووسه‌کان یارمه‌تییان بده‌ن هۆزی جاف به فه‌رمانی مه‌حموودپاشا تاهیربه‌گی وه‌سمان‌پاشا ، عه‌لی‌به‌گی مه‌حموودپاشا ، حسه‌ین‌به‌گی مه‌حموودپاشا ، حسه‌ین‌به‌گی حه‌سه‌ن‌به‌گ ، حه‌مه‌سه‌عیدبه‌گ‌و حه‌سه‌ن‌به‌گی وه‌ڵه‌دبه‌گ‌و ، عه‌لی‌به‌گی ئه‌حمه‌دبه‌گی وه‌ڵه‌دبه‌گ •• دژی رووسه‌کان به‌شه‌ڕهاتن ، ئه‌م شه‌ڕه‌یش له مه‌حاڵی سه‌قز له ناوچه‌ی (قاتان‌قۆری)دا رووی‌داوه خوالێخۆشبوو شێخ مه‌حموودی حه‌فیدزاده له‌م شه‌ڕه‌دا ده‌ورێکی گه‌وره‌ی هه‌بوه‌و ، ئه‌وه‌ی شایانی باسه له‌شکری تورك له‌م شه‌ڕه‌دا ده‌ورێکی گه‌وره‌ی هه‌بوه ، ئه‌وه‌ی شایانی باسه له‌شکری تورك له‌م شه‌ڕه‌دا به هاوکاری کورده‌کان ئازایانه دژی له‌شکری رووس شه‌ڕیان‌کردو ، به هه‌موو لایه‌کیانه‌وه توانییان به‌ربه‌ستی هێرشی له‌شکری رووسه‌کان بکه‌ن •

به‌ڕێز شێخ عوسمانی شێخ عه‌لائه‌دین نه‌قشبه‌ندیی بۆمی گێڕایه‌وه که خۆی لاو بوه له‌م شه‌ڕه‌دا به‌شداریی کردوه‌و ، زۆربه‌ی عه‌شایه‌ری کورد ئازایانه شان‌به‌شانی تورکه‌کان دژی رووسه‌کان شه‌ڕیان‌کردوه •

هه‌ر له‌و ده‌وره‌دا که ده‌وره‌ی ئیتتیحادیه‌کانه مه‌حموودپاشا سه‌رکرده‌ی هێزێکی عه‌شایه‌ری جاف ئه‌بێ له‌گه‌ڵ تابوورێ عه‌سکه‌ری تورك به سه‌رکردایه‌تیی حسه‌ین‌ره‌ئووف به‌گ‌و به‌هاءبه‌گ ، ئه‌یانویست ناوچه‌ی رۆژاوای ئێران ، به تایبه‌ت کرماشان داگیربکه‌ن[١٢٨] •

---

(١٢٨) لونگریك ئه‌ڵێت : هێزی جاف له ناو ئه‌و هێزانه‌دا بوون که له رۆژاوای ئێران شه‌ڕیان‌کرد • بڕوانه : تاريخ العراق الحديث من سنة ١٩٠٠ – ١٩٥٠ ، بغداد ، ١٩٨٨ ، ص : ١٠٤ •

عوسمانیەکان داوا لە مەحمـوودپاشـای جاف دەکەن لەگـەڵ ئـەم لەشکرەدا بەخۆیو دەستو پەیوەندیەوە بڕوات ، ئەگەر چی مەحموودپاشا پێش ئەم داخوازیەی ئیتتیحادیەکان لەبەر هەنـدێ کارو بـاری سیاسـیی کاربەدەستانی ئیتتیحادیەکان کەوتبوونـە گومانـەوە لێی . لـە راستـیـیا مەحموودپاشا نەیئەویست لەگەڵیان هاوکاریی بکات ، بەڵام ناچار لەگـەڵ لەشکرەکەدا رۆیشت لە ناوچەی کرندا عەشرەتی سەنجاویی قەڵخانییو هۆزە هاوکارەکانیان جافەکان دەشکێننو بەرەو قەسری شیرین دەگەڕێنەوە(١٢٩) . لەم روەوە سەرەکی بـەشی جەنگـاوەری قـەفقاس ئـەنووسـێت : زۆری کوردەکان هیچ جۆرە هەستێکی خۆشەویستییو دۆستایەتییان بەرانبەر بە حوکوومەتی تورك نیە . ئەو حوکوومەتەی هیچ باشیەکیان لێنەدیوەو بـە پێچەوانەوە چاوەڕوانن خراپەیان لێبوەشێنەوە . سـەرەڕای هەموو ئـەو چەكو جبەخانەی داویانە بە چەند خێڵێکی کورد ، وەك خێڵی جافو ، ئەو هەموو پەلاتیقەی بۆ چەند سەرۆکێکی تری کـوردی ئەکـەن ، کەچیـی کوردەکان هەر ناحەزن ، هەر بۆنموونە ئاغای خێڵێکی کورد کە نزیکەی دە هـەزار کـەس دەبێ وتـی : خێڵـەکـەی پێـی خـۆشە ببێتـە رەعیەی رووسیا ، چونکە دادپەروەریی لە رووسیا زۆرترە نـەك هەر لـە

(١٢٩) عەلیئەکبەر خانی رەئیسی عێلی سەنجاویی شۆڕشێکی لە شاری کرندا دژی تورك بەرپاکرد ، سەرلەشکرێکی تورکی کوشتو دوو فەرمانـدەی تورکی حسەینرەئووف بەگو ضیائەدینبەگی شکاند ئەم دوو فەرماندەی تورکە صەدان کوردیان بەبێتاوان کوشتبوو ، سەرداری بۆکانیشیان لە سێدارە دابوو ، ئەم عەلیئەکبەرخانە دژی شارەزاخان لەسەر ئەمە کـە پشتیوانیی لە ئەحمەدخانی قاجار ئەکردو لە دەست نـاوبراو هـەڵاتو خۆی گەیاندە ناوچـەی جافو بەسـەدو پەنجـاسوارەوە چوە مالـی عوسمانپاشـای جـاف ، سێ مانگێ لە ماڵیانـــدا میوان بـوو ، ئـەم عەلیئەکبەرخانە لە یادداشتەکانیدا باسی ئـەم رووداوەی کردوەو بـە رێزەوە باسی میوانداریی خانمی وەسمانپاشای جاف دەکات . پێشـەکیی نووس خۆی ئەم یادداشتانەی لە کتێبخانەکەی د.سەنجاویدا پاش هەرای خومەینی دیوە . لەم ئاخرەدا بیستم لە دەرەوەی ئێران چاپکراوە .

ئەنادۆڵ ، بگرە لە عێراقیشدا گەلێك لە خێڵەکان ئەو حەزەیان خستوەتە روو کە پەیوەندییان لەگەڵ رووسیادا هەبێت[130] .

لە راستیدا ئیتتیحادیەکان لە هەڵوێستی کوردەکان رازیی نەبوون . چونکە باش ئەیانزانیی سەرەكهۆزە کوردەکان لەگەڵ رووس‌و ئینگلیزدا پەیوەندییان هەیەو ، زۆر چاکیان لێ روون‌بوو کە میللەتی کورد بە هیچ جۆرێ لەگەڵیاندا نیەو ، عەتفی کوردیان بەیەکجاریی لە دەست‌داوە .

ئەوە بوو زۆری نەبرد لە ساڵەکانی پێش شەڕی گیتیی یەکەمدا ناوچەکانی خوارووی رۆژهەلاتی ئەنادۆڵ‌و کوردستانی خواروو (عێراق) بوەتە بنکەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردو ، لەوێوە زۆربەی بزووتنەوەکانی کورد دژی زۆرداریەتی تورکیا تەقینەوە . ئەوەی راستیی بێ ئاژاوەو راپەڕین لە خوارووی رۆژهەلاتی ئەنادۆڵدا قەت وەستانی بەخۆیەوە نەدی ، دەسەلاتی میریی لەم ناوچانەدا هەرگیز چەسپاو نەبوو . لە چەند ناوچەیەکی تریشدا ئەو دەسەلاتە رووکەش‌و سەرزاریی بوو . هەر بۆ نموونە خێڵی جاف(٥)هەزار ماڵ دەبن قەت سەرانەو باجیان بە میریی نەئەدا ، بگرە زۆربەی خێڵی جاف ، کە بەشێکیان لە ئێرانیشدا بوون دانیان بە هیچ دەسەلاتێکدا نەئەنا ، خێڵی هەمەوەندو کوردەکانی بۆتان(٢٥) خێڵ بوون رق‌وکینەیێکی هەمیشەییان بەرانبەر بە حوکوومەتی تورك هەبوو[131] .

بەم بۆنەوە بە تایبەت لە قۆناغە دواییەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا حوکوومەتی ئیتتیحادیەکان بە توندو تیژییەکی فراوانەوە هەوڵی تواندنەوەی میللەتی کوردیان دابوو[132] .

---

(١٣٠) کێشەی کورد ، م،س‌لازاریف ، ١٨٩٦ ـ ١٩١٧ل : ٣٢٤ .

(١٣١) کێشەی‌کورد ، م،س لازاریف ، ٣٣٢ .

(١٣٢) كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى ، ص : ٢١٨ .

میللەتی کورد لەم قۆناغەدا شۆڕشێکی زۆریان بەرپا کردو ، شۆڕشەکەشیان زۆر جێگای کوردستانی گرتەوەو هۆیەکانیشی ئەو زوڵم‌و زۆرانە بوون کە ئیتتیحادیەکان لە کوردیان ئەکرد •

ئەم خەبات‌و هەوڵ‌و کۆششی کوردە پەیمانی سیڤەری ١٩٢٠ی لێهاتەگۆڕێ ، بەڵام بە هاتنەمەیدانی کەمالییەکان‌و بەستنی پەیمانی لۆزان هەر مافێ کە بۆ کورد دانرابوو بەئاوادرا ، چونکە کاربەدەستە هاوپەیمانەکان ، کە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا سەرکەوتبوون ، پشتیان لەو مافانە کردو کەوتنە هەڵپەی میراتبەشکردن • ئەمەیش هەرچەندە بە هۆیەکی گەورە دەژمێررێ بەڵام وەنەبێ تەنها هۆی لەناوچوونی مافەکانی کورد بێ ، چونکە هۆی تر زۆرن ، لێرەدا بە بەریەوە نیە بە درێژیی باسی لێوە بکەین • هۆزی جافیش وەك هەموو هۆزەکانی تری کورد گرفتاری فرتوفێڵی ئینگلیزەکان بوون ، هەروەك دەوڵەتی عوسمانیی هەوڵیانداوە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ، کوردەکان هاوکارییان لەگەڵ بکەن‌و ، لەم روەوە تەماحیان بەبەر سەرەك هۆزە جافەکان ناوە هاوکارییان لەگەڵدا بکەن •

بە فەرمانی حوکوومەتی ئینگلیز مێجەر نۆئێل پاش داگیرکردنی شاری سلێمانی چوو بۆ لای مەحموودپاشا ، کە ئەو سەروەختە لە دووئاوانی زەڵم بوە • هەر کە خەبەری ئەدەنێ کەوا مێجەر نۆئێل لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی پایەبڵندی ئینگلیزدا هاتوە ، بەپیریانەوە ناچێ‌و بەرگی پاشایەتیی عوسمانیی لەبەرئەکاو ، هەرچی نیشانەو میداڵی پێبەخشراوی ئەبێ سەرلەبەری بەقەد خۆیدا ئەکاو لەناو رەشماڵەکەیدا چاوەڕێیان ئەکا • کاتێ مێجەر نۆئێل دێ‌و مەحموودپاشا بەو بەرگ‌و هەیتوهووتەوە ئەبینێ‌و تەماشا ئەکا روتبەکەی لە روتبەی ئەو زۆرترە ، یەکسەر لە بەردەمیدا تەمەننایەکی بۆ ئەکێشێ‌و لە حوزوورا رائەوەستێ‌و دانانیشێ تا مەحموودپاشا خولکی دانیشتنی ئەکا •

پاش بەخێرهاتنکردنی مێجەر نۆئێل ئەلێ : جەنابی پاشا ئەزانیی بۆ چی مەبەستێ هاتووین ؟ پاشا لە وەلامیدا ئەلێ : بیشزانم حەز ئەکەم لە زمانی خۆتانی ببیستم • مێجەر نۆئێل ئەلێ : ئینگلیز ئەیەوێ خزمەتی ناوچەی کوردستان بکاو یارمەتیی میللەتی کورد بداو ، مافی بۆ دانێو لە دەست زولمو زۆری عوسمانییانی رزگارکا • بۆ ئەم نیازەش چاوەڕوانی پیاوێکی وەکو جەنابتە ، لە سەرکردەی هۆزی جاف ، هاوکاریمان لە گەلدا بکا • مەحموودپاشا لە وەلامدا بێ پێچو پەنا یەکسەر ئەلێ : بەداخەوە لەبەر سێ هۆ من ناتوانم هاوکاریتان بکەم •

یەکەم ئەوەیە : کە باوەڕم ئەوەندە بەهێز نیە مەبەستان راست بێ ، ئەگەر ئێوە بەڕاستیی بتانەوێ خزمەتی میللەتی کورد بکەنو مەبەستتان راست بێ هەزاری وەکو منیشتان لەگەڵا نەبێ ، هەر ئێوە سەرئەکەون •

دووەم ئەوەیە : کە من موسوڵمانمو بیروباوەڕی ئاینیم یەکجار بەهێزەو ئەم بیرو باوەڕەم رێگای ئەوەم نادا هاوکاریتان لەگەلدا بکەم •

سێیەم ئەوەیە : کە پیربووم‌و تاوی هەڵسوکەوتم لێبڕاوەو بۆ کاری وەها دەستنادەم • ئینجا ئینگلیزەکان بۆیان دەرکەوت هەڵوێستی مەحموودپاشا ئەمەیە کەوتنە لاوازکردنی دەسەڵاتی مەحموودپاشاو هۆزی جاف • مەحموودپاشایش ئەوەندە پیرو بێهێز بووبوو هیچی وای پێ نەئەکرا بەربەرەکانی ئینگلیزی پێ بکا •

مەحموودپاشا لەگەڵ خوالێخۆشبوو شێخ مەحموودی حەفیددا نێوانیان خۆش نەبوەو ، لە حەقیقەتدا هۆی دووبەرەکیی سەرۆکەکانی هۆزی جاف لەگەڵ شێخ مەحموودا لەسەر نفووزو ئەرزو ئاو بوە نەك لەسەر کوردایەتیی ، چون مەحموودپاشا باوەڕێکی تەواوی بە رێبازی کوردایەتی بوەو سەرۆکەکانی جاف بەتایبەت مەحموود پاشا لەو بڕوادا بوە ئەوەی دوای

کێشەی کورد بکەوێ سەرئەکەوێو سەرۆکایەتیی میللەتی کور
ئەگرێتەدەستیو ، لەم رووەوە شاعیری بەناوبانگی کورد شێخ سەلام لە
بەسەرهاتی ژیانی خۆیدا ئەم حەقیقەتەمان بۆ روونەکاتەوەو بۆما
ئەگێڕێتەوە کە چۆن ساڵی ١٩١٨-١٩١٩ مەحموودپاشا دوو نامەی تایبەتی
داوەتێ کە بیبات بۆ حوکمداری کوردستان شێخ مەحموودو بۆ حاکمی
وڵات حاجی سەیید عومەری مامی • کە ئەڕواتە سلێمانی شێخ مەحموو
لە دەربەندی بازیان لە شەڕدا ئەبێو شێخ سەلام نامەکەی کەیاندوەتە
دەستی شێخ مەحموود ، بەڵام باسی ناوەڕۆکەکەی نەکردوە سەبارەت بە
چی بوە • شێخ سەلام لەسەری ئەڕواو ئەڵێت : دوای ئەوە نامەکانم برد
شێخ مەحموود لە پاش یەك دوو رۆژ گیرا لە لایەن لەشکری ئینگلیزەوە
بۆیان ئەگێڕێتەوە چۆن توانیویەتی پاش داگیرکردنی سلێمانی لە لایەن
ئینگلیزەکانەوە خۆی دەربازبکاتو بگاتە ناوچەی قەرەداغو لەو بارەو
ئەڵێت : لەوێ بە هەر رەنگێ بوو چوومە لای مەحموودپاشا حیکایەتی
بەسەرهاتی خۆمم بۆگێڕایەوە ، بەڵام پاشا زۆر لێی وردکردمەوە کە ئای
شێخ مەحموود کوژراوە یا گیراوەو زیندوە ؟ پێمووت : بریندارو زیندوەو
گیراوە وتی شێخ مەحموود بوو بە پیاوێکی گەورەو رەفیقی ئێمەمانا
نیە(١٣٣) •

وەك هەموو سەرچاوە مێژووییەکان دەری ئەخەن ململانێیەك لەسەر
دەسەڵاتو سەرۆکایەتی لە نێوان بنەماڵەی بەگزادەی جافو بنەماڵەی
شێخاندا هەبوە ، بە تایبەت ، لە سەردەمی شێخ سەعیدو شێخ مەحموودی
کوڕیدا کە ویستوویانە دەست بەسەر هۆزی جافا بگرنو بیانکەن بە هێزێ
بۆ پاڵپشتی دەسەڵاتی خۆیان • ئەمەیش دوای ئەوەی کە دەسەڵاتی
شێخایەتییان چەسپیوەو لە رووی ئاینیەوە رەگی خۆیی داکوتاوەو ، ئەو

(١٣٣) دیوانی شێخ سەلام ، ئومێد کاکەڕەش ، سلێمانی ١٩٩١ ، ل : ٣٦ •

ەگە لە ناو دڵو دەروونی کوردەواریدا جێگیر بوەو ، شێخان بوون بە
ناوەن زەوی‌و زارو ، ئەبینین کە شێخ مەحموود هەر کە بە پلەو پایەیەکی
ەرچاو ئەگات لەم دەسەڵاتەدا بە گژ عەشرەتی گەورەی جافو ، عەشرەتی
زای هەمەوەندا دەچێو[١٣٤] • ئەم هەڵوێستو دووبەرەکییە خێڵەکییە
ستێکی لە قۆناغ بەدەرنەبوەو ، لەگەڵ سروشتی ئەو سەردەمەدا گونجاوە ،
ەڵام ئەوە شایانی باسە ئەم دووبەرەکییە نەگەیشتوەتە رادەی لەیەکراپەڕین‌و
ەڕو خوێنڕشتن • بۆ پالپشتی ئەم راستییە :

لە سییەکاندا ئەبینین عیزەت بەگی وەسمان پاشای جاف پاش
اپەڕینی شەشی ئەیلوول بە سەرۆکایەتیی شێخ مەحموود دەستێکی باڵای
ەبوە لە هاندانی خەڵکدا دژی ئینگلیسەکان • پشتیوانیی ناوبراو لە
ێخ مەحموود ئەبێتە هۆی ئەوە کاربەدەستانی ئینگلیس بۆ سەرکوتکردنی
اپەڕینەکەو کپکردنەوەی دەنگی هاندەرانی جەماوەر :

١ ـ عەزمی بەگی بابان
٢ ـ شێخ قادری شێخ پاشا
٣ ـ ئەوڕەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا
٤ ـ حەمە صالح بەگی حەمەعەلی بەگ
٥ ـ حەمەغای ئەوڕەحمان ئاغا
٦ ـ عیزەت بەگی وەسمان پاشا
٧ ـ فایەق بەگ
٨ ـ شێخ محەمەدی گولانیی

---

١٣٤) بڕوانە : شێخ‌مەحموودی قارەمان‌و دەوڵەتی خوارەوەی کوردستان
محەمەد رەسووڵ هاوار •

٩ ـ مەجید ئەفەندیی کانیسکان

١٠ـ رەمزی فەتاح

١١ـ تۆفیق قەزار .. دەستگیر بکات(١٣٥) .

مەحموودپاشا لە دواساڵەکانی ژیانیدا بۆی دەرکەوت کە ئینگلیز ب تەواوەتیی بەسەر ناوچەی کوردستاندا زاڵبووەو خۆیشی لەبەر پیریی لاوازیی توانای مامەڵەکردنو کەوتنە کێشەوبەرەی لەگەڵ ئینگلیزدا نیە .. ئیتر لەو رۆژانەدا وازی لە سەرۆکایەتیی هۆزی جاف هێنا بۆ کەریمبەگی فەتاحبەگی برازای . مەحموودپاشا ساڵی ١٣٣٩ك ١٩٢١ز کۆچی دواییکردو لە شاری قزڕابات لەو مزگەوتەدا کە خۆی بنیاتی ناوە بەخاك سپێردرا .

---

(١٣٥) بڕوانە : یادداشتەکانی رەفیق حیلمی ، بەشییەکەم ، بەغدا ، ل : ٦٨. هەروا : خوایە لە دۆستانم بمپارێزی دژمنام لەسەر خۆم ، گۆڤاری مامۆستای کورد . ژ : ١٧ ـ ١٨ ، ساڵی ١٩٩٣ . ل : ٧٧ .

کەریم بەگی جاف

کەریم‌بەگ کوڕی فەتاح‌بەگ کوڕی حەمەپاشای[1]
افە • لە ساڵی ١٣٠٢ك ١٨٨٩زلە ئاوایی(کردەبان)ی وارگەی کانیی‌چەقەڵ
اتوەتە دنیاوە[2] ژیانی منداڵیی لەناو عەشرەتەکەی خۆیدا بوە ، بەڵام بۆ
ەرگرتنی علم چوەتە سلێمانی لە ماڵی ئەوڕەحمان‌ئاغای ئەولاغای خاڵی
ەو بۆ دەرزوەرگرتن چوەتە حوجرەی مەلا سەعیدو لەوێ قورئان‌و کتێبە
یقهیەکان‌و هەروا وردەوردە کتێبە فارسیەکانی تەواوکردوە ، ئینجا
ەڕاوەتەوە بۆ ناو جاف ، لەوێش لای شێخ عەلی بەرزنجیی‌و شێخ غەنیی
ە مەحموودپاشا لە ئەستەموونڵ لەگەڵ خۆیدا هێنابووی‌و .. گەلێکی تر
ارسیی خوێند • لە لای مەلا سەعیدی قزڕەباتیش علوومی عەرەبیی تا
ەناریی خوێند • لە ١٩٠٨دا فەتاح‌بەگی باوکی دنیای بەجێهێشت •

---

١) فەتاح‌بەگ بەهاری ساڵی ١٩٠٧زلە دەشتی مەریوان بە نەخۆشیی گرانەتا
کۆچی دوایی کردو تەرمەکەی لە گۆڕستانی پێنجوێن بەخاك ئەسپێرن •

٢) خوالێخۆشبو وەسمان پاشای جاف بەم شیعرە فارسییە مێژووی
لەدایکبوونی کەریم‌بەگی تۆمارکردوە ، بە خەتی ڕەزابەگی برای کەریم‌بەگ
لە پەراوێزی وێنەکەیدا نووسراوە :

شب نوروز کرم گشت کریم از داور
کوکب سعد پی چاکریش بست کمر
شکر حق گردید از پسرش دل‌روشن
بهرتاریخ بپرسید زمن گفتم من :
چون‌بهاراست ریاحین بسراید ازبیخ
بلبل وسرو سمن نسترن‌و گل تاریخ
١٣٠٢ هـ

کەریم بەگ کەوتە ئیدارەی ئەملاكو کاروباری عەشائیریی‌و تا باوەنوور • ئیبراهیم خانچیی لەسالی ۱۹۱۹دا رەسمەن بوەتە سەرۆکی هەموو عێلاتەکانی جافو بە رێکوپێکی زۆر بە باشیی کارو باری هۆزەکەی بەڕێوەئەبرد[٣] •

خوالێخۆشبوو پیرەمێرد بە هۆی کۆچی دوایی کەریم بەگەوە بەم شێوەیە پێیدا هەڵداوەو ئەڵێ :

ئێلی جاف کە رەونەقی کوردستانەو ، لە شارەزووردا کە بابا ئەردەڵان پەنای بۆ بردن ئەوانیش لێی کۆبوونەوەو بوون بە سەبەبی تەشکیلاتی حوکوومەتی ئەردەڵان‌و پیرلوتی شاعیری یەگانەی دوایی‌فراتەلە سیاحەتی ئەسفەهانیدا پێی‌وتوون سەرئازادی جیهان • دوای سەردار عەشرەتێکی وەك مەحموودپاشا لە گەرمیاندا بە سیفەتی سەرئێلی کەریم بەگی فەتاح بەگیان مابوو ، ئەویش چونکو پیاوی خواو بەڕاستیی ئەهلی نامووس‌و تەقوا بوو خوا بردیەوە بۆ خۆی ، بە هەموو مەعنایەکەوە ضایعات بوو ، بەڵام شوکور جێی خاڵی نیە[٤] ئەو بنەماڵەیە پیاوی وایان هەیە هیوامان وایە جێی پڕبکەنەوە •

کەریم بەگ پیاوێکی تەبیەت ئاچوخ‌و دەس‌بڵاو بوو ، لە سەخاوەتدا گەلێ مەیدانداریی کردبوو[٥] • قاپی دیواخانی بۆ هەموو کەس بەربڵاو بوو •

---

(٣) گۆڤاری گەلاوێژ ژ ٧: ـ سالی ١٠ تەموزی ١٩٤٩ •

(٤) ئێستاکە مستەفابەگی کەریم بەگ لەکەلاردا لەجێی باوکی دانیشتوە • مستەفابەگ بە نیشتمانپەوەریی‌و رەوشتبەرزیی‌و دەهەندەیی‌و رووخۆشیی‌و میوانن‌ەوازیی بە ناوبانگە کەم کەم بەرەو پیریی دەچێت • خوای گەورە تەمەنی زیادبکات •

(٥) شاعیرێکی بەگزادەی جاف سەبارەت بە کەریم بەگ‌و جەمیل بەگی حەمەعەلی بەگ وتوویەتی :

←

کەریم‌بەگ لە ئەربابی نوکتەو نوکتەزانەکان بوە ، هەموو دەم دەم بەپێکەنین بوە ، لەگەڵ کەورەو بچووکدا یەکسانو بەنەرمیی ئەجوولایەوە. خەم لە دنیا جێگەی نەبوەتەوە ، رقەبەریی لەگەڵ کەسدا نەئەکرد ، کەسی رووشکێن نەئەکرد ، بەهانای هەموو کەسێکەوە ئەچوو رێزی لە سەییدو شێخو مەلا زۆر ئەگرت •

مامۆستا نەریمان کاتێ کە مامۆستا بوە لە ناوچەی کفریی‌و کەلارد ١٩٤٤ - ١٩٤٨لە بارەی کەریم‌بەگو ئەڵێت : کەریم‌بەگ بۆ چاوترساندن نەبێ چەوسێنەر نەبوو ، دوو ساڵ لەکەلاردا بووم دزیی‌و شەڕو دەستدرێژیەك نەئەکرا • دالدەی هەژارو لێقەوماوان بوو ، عەلی‌خان ئەکبەری سەرۆکی کەلهوڕ لە ئێرانەوە رای‌کردە لای کەریم‌بەگ لە دەستدرێژیی ئێرانو عێراق پارێزگاریی کرد • گەورەکانی دوو هۆزی پالانی زەنی لە دەستدرێژیی وەنداویی‌و سەیدەکانی کفریی‌و هۆزەکانی دیکە لە زەنگاباتەوە

کەریمی مامە فەتاح‌و جەمیلی مامەعەلی
دوو فەرعی زیادە بەرئەصلن قەسەم بە زاتی عەلی
شەجیع‌و عاقڵو دانا سەخای بارانیان زۆرە
بەرایی جوملەعالەم چە خوفیەوو چە جەلیی

هەروا مەلا محێدینی کوڕی مەلا سەعیدی زلزلەیی کە خۆشەویستی کەریم‌بەگ بوە ئەم پارچە شیعرەی بەکەریم‌بەگدا وتوە :

رووبەڕووی عالیی‌جەنابێ من بە رێی دوورا ئەڕۆم
باسی ئەنعامو سەخای بکرێ لە حاتەم دەس ئەشۆم
مەعنی شەیبان فەرزئەکەین گەربێتە بەزمی هیممەتی
مونفەعیل سەردائەخا : کەوشم لە کوێیە با بڕۆم
وەصفی ئابائی تەواو نابێ بە تەحریری قەلەم
بێ‌زوبان ماون لەگەڵ فورس‌و عەرەب تاجیك‌و رۆم
رووبەڕووی میری کەلار (محی) هەڵسە بڕۆ
هیچ کەس پێم نایژێ عەیبە ئیتر بۆچ نەڕۆم ؟

هانایان بۆ کەریم بەگ هێنا ، ئەویش پیاوانە بڕێ سواری لەگەڵ مستەفابەگی کوڕی نارده ناویانو بوون بە شوورەیەك دژی دەستدرێژکەران[٦] •

کەریم بەگ لەگەڵ ئەوەدا کە پیاوێکی خەیرخوای ئایینی دلخوازی ئایینی بوو ، لە بارەی مێژووی جافانیشدا یەکەمین بەلگە بۆ رابواردنی دیواخانەکەی لەگەڵ ئەربابی عیلمو ئەدەبدا کۆڕێکی ئەدیبانەی ئەگێڕا[٧] لە هەر سووچێکی مێژووی جافەوە قسە ئەهاتە مەیدانەوە کەریم بەگ شاسواری ئەو مەیدانە بوو ، ئەم تەئریخەی کە دایناوە بەلگەیەکی دیارییە بۆ ئەو رایەمان •

کەریم بەگ زەکاوەتێکی ئێجگار سەیری هەبوە ، هەر شوانو سەپانێکی جافی چاوبکەوتایە ناو خۆیو باوکی لێئەپرسی ، ئینجا ئەم ئیتر پێنج پشتی بۆ کابرا هەلئەداو ئەینایە مستی کە لە چ هۆزو بنەماڵەیەکەو چی بەسەرهاتوەو چۆنیان رابواردوە •

کەریم بەگ مرۆڤێکی ئاشتیخواز بوو حەزی بە خوێنڕشتنو دووبەرەکیی لەناو هۆزە کوردەکاندا نەدەکردو ، ئەم رێبازەی لە ماوەی سەرۆکایەتی جافدا گردوەبەرو بۆ ئەوەی دزو جەردەو پیاوخراپ لە ناوچەکەیا پەرە نەسێنێ لە سەردەمی شەڕی نێوان تالەبانییو جافدا کە لە سالی١٩٤٢ لەسەر ناکۆکیی زەویو موڵك رووی‌دا هەر وەك نیازێکی زۆریان بە مرۆڤی شەڕکەر بوو لەو سەردەمەدا ، بەلام چون لەو بڕوادا بوو

---

(٦) بیرەوەریەکانی ژیانم ، مستەفانەریمان ، بەغدا ، ١٩٩٤ ، ل : ٧ ـ ٨ •

(٧) کەریم بەگ دەریایەکی ئەشعارو ئەدەبیات بوو ، گەلێ شیعری کوردییو فارسییو تورکیی لەبەر بوو ، کە لە دیوەخانێکا دابنیشتایە بە قسەی جوانو ئەشعاری ئاودار ئەبوو بە گولدەستەی دیواخانەکە • خۆیشی دەستی شیعری هەبوو زوربەی شیعرەکانی هەزەلییە لە کەشکۆلەکەیدا تۆمارکراوە •

هەروەکو ئیمامی عەلی ئەفەرمێ : (ما ظفر من ظفر الاثم به) سەرکەوتوو نیە ئەوەی زولم‌و گوناه پێی سەرکەوێت‌و ، هەر ناوچەیەك زولم‌و ستەمی تێدا بلاوبێتەوەو فەرمانڕەوای ناڕاست‌و ناعادلی ببێت فەڕو بەرەکەت لەو ناوچەیەدا نامێنێت‌و خەلکەکەی گورفتاری هەژاریی‌و مەینەتیی ئەبن •• بڕیاری دا هەموو جەردەو دزو ڕێگرەکان لە ناوچەکەیدا پاككاتەوەو بەسەر ئەم هەل‌و مەرجەدا کە بارو دۆخی دوژمنایەتیی نێوان جاف‌و تالەبانیی پێکهێنابوو سەرکەوێ‌و هەموو جەردەو دزەکانی ناوچەکەی هەر وەکوو هەموو لە هۆزەکەی بوو دەریکردن‌و ، هەرچیان دزیی‌بوو بەزۆر لێیانی سەندەوەو گەڕاندیەوە بۆ خاوەنەکانی‌و رایگەیاند کە زۆری لا باشترە تالەبانیی دێهاتی ئێمە داگیربکا تا ئێمە ببین بە پەناگای دزو جەردەی جاف[8] •

کەریم‌بەگ کوردێکی نیشتمان‌پەروەرو باوەڕێکی تەواوی بە میللەتەکەی هەبوو • بڕوانە لە سەرەتای نووسراوەکەی سەبارەت بە مێژووی جاف چۆن بیری خۆی سەبارەت بە مێژووی کورد دەردەبڕێ‌و ، ئەلێت : بۆ موحافەظەی تێکنەچوونی ئیستیقلالی بابان زۆر بەگزادە لە بەگزادەکانی جاف‌و پیاوی چاکی جاف کوژراون‌و بەم رەنگە رۆییون‌و خۆیان فیدای وەطەنی کورد کردوەو ناویشیان نیە • ئەمەش بە واسیطەی ئەمەوەیە کە ئومەراو پاشاکانی کورد موبالاتیان بە تەئریخی کورد نەکردو ، تیکرار ئەینووسم‌و بەیانی دلگیریی ئەکەم کە رابوردووی هەموو میللەتێ ئەچێتە غەوری تەئریخەوە ، ئەمما رابوردووی کوردی بێچارە چوەتە ژێر خاکوخۆلی بێ‌تەئریخیەوە • ئەگەنا ئەتوانم بنووسم بۆ موحافەظەکردنی ئەم خاکە کەمەی بابانە نیوەی میللەتەکەی خوێنی خۆی رژاندوەو ناویشیان نیە !

---

(8) بڕوانە : ئاوڕێك لە رابوردوو ، نووسینی محەمەدسەعید جاف ، رۆژنامەی هاوکاریی ، ژمارە ٢٢٢٣ • ١٩٩٠/٦/٢٠ •

کەریم بەگ لەگەڵ خوالێخۆشبوو شێخ مەحموودی حەفیددا پێوانیان زۆر باش بووەو ناوبراو تا کۆتایی ژیان بە ئەوپەڕی ڕێزو خۆشەویستیوە باسی ئەو زاتەی دەکرد • وە لە شەڕی ئاوباریکدا بە هەموو توانایەکەوە لەگەڵ شێخ مەحموودا هاوکاریی کردوە • پاش کۆتایهاتنی حوکمداریەتی شێخ مەحموودی حەفید ئینگلیزەکان سلێمانییان بۆمباران کردو شێخ مەحموود پالی دا بە چیاکانی کوردستانەوە • ئەو هێزانەی سەر بە کوردایەتیی بوون لە بزووتنەوە نەکەوتن ، وەك سەیید محەمەدی جەباریی کە هێزێکی سەرەکیی شێخ بوو لە ناوچەی کەرکووکدا لەولایشەوە هێزی چەکداری ناوچەی جاف کەوتنە هەستانو بزووتنەوە ، سەرۆکی ئەو بزووتنەوەیە کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف بوو ، کە پەیوەندیی بە شێخەوە کردو داوای لێکرد ناوچەی گەرمیانو ئاوباریك بە مۆڵگەی ئەو کۆبوونەوەیە دانرا ئاوایی ئاوباریك مۆلکی شێخ مەجیدی تاڵەبانیی بوو ، جووتیارەکانی لە هۆزی جاف بوون • شێخ مەجید خۆیشی سەربەشێخ بوو پێش ئەوەی شێخ بگاتە جێ تیرەی گەلالیی جاف بە سەرکردایەتیی کەریم قوبادو حەمەی کوڕیو صەدسوارێك لە ئاوباریك ئامادە بوون لە تیرەی صۆفیوەندیش صەد سوارێك بە سەرکردایەتیی تۆفیق مستەفاو حەمەنامیقی کوڕی گەیشتە جێ ، هەروەها سوارەکانی تەرخانییو ڕۆغزادیش حازرئەبن • لە مانگی شوباتی ساڵی ۱۹۳۱ شەڕ لە ئاوباریك دەستپێدەکا • کەریم بەگو داودبەگی برایو محەمەدئەمین بەگ[٩] سەرکردایەتی شۆڕشگێڕەکانی تیرەو لقەکانی جاف وەرئەگرن لەگەڵ هێزی شێخ مەحموودا یەکانگیر ئەبن، لەو کاتەی شێخ مەحموود لە ماڵ شێخ مەجیدی تاڵەبانیدا هەر لەسەر

---

(٩) محەمەدئەمین بەگ لە شاری بەغدا وەفاتی کرد . بڕوانە : مینەجاف، بەغدا ۱۹۹۰ ، ل : ۳

مینەجاف دوو کوڕی بوە : سەرتیپو ، حەمە . دووکچیشی بوە : هەتاوو ئافتاو ، ئافتاوو حەمە جوانەمەرگ بوون . سەرتیپ ئێستە دانیشتووی کەلارەو جێگەی باوکی گرتوەتەوە .

نانخواردن لەپڕ لە لایەن فەوجێك سەربازی عێراق‌و ژمارەیەکی زۆر پۆلیس‌و لەشکری چەند پیاوی سەربەدەوڵەت‌و تەیارەی ئینگلیزەکان پەلامار دەدرێن‌و دەوریان دەگرن • هێزی سەرەکیی میریی بەسەرۆکایەتیی حاجی رەمەزان • جەنگاوەرانی کوردیش ئەکەونە بەرەنگاری‌کردنەوە ، ئەو رۆژە تا ئێوارە شەڕێکی گەرم‌و خوێناویی بەردەوام ئەبێت ، شۆڕشگێڕان دلێرانە هەڵمەت ئەبەنەسەر دوژمن‌و تەنگیان‌پێ‌هەڵئەچنن‌و ناچاریان ئەکەن پاشەکشێ بکەنەوە • لەم شەڕەدا دوو چەکداری ئازای شێخ مەحموود بە ناوی جەمال‌و جەلال ئەکوژرێن‌و تەرمەکەیان ئەبەنەوە سلێمانی • لە هێزی جافی گەرمیان مەجیدی مایەخان‌و محەمەدئەمینی ئەلەیارە ئەکوژرێن • حسەین‌سوورکەیی رۆغزادیی بریندار ئەکرێت •

لەم شەڕەدا داودبەگی فەتاح‌بەگ برای بچووکی کەریم‌بەگ ئەوپەڕی ئازایەتیی ئەنوێنێ • تا ماوەیەکی زۆری پاش ئەو شەڕەش کەریم‌بەگ هەر لەچیای دۆڵەکانی ناوچەی جافدا بە یاخێتیی ئەمێنێتەوە پاش ئەوەی شێخ مەحموود لە نیسانی ١٩٣١دا کەوتە دەست میریی‌و بۆ خوارەوەی عێراق دوورخرایەوە کەریم بەگیش چارەی نەما خۆی دا بەدەستەوە •

شەڕی ئاوباریك نموونەی قارەمانێتییەکە کە مێژووی کورد هەتاهەتایە شانازیی پێوەبکاو نەوەی کورد هەتاهەتایە بە شانازییەوە بیگێڕێتەوە[١٠] • ئەوەی شایانی باسە تیرەکانی جاف بەتایبەت تیرەی رۆغزایی بە سەرۆکایەتیی خەلیفە یۆنس‌و حەمەعەلی رۆستەم‌و ، تیرەی سماعیل‌عوزەیریی بەسەرۆکایەتیی مەحموودی فاتێ لە شۆڕشەکانی شێخ مەحموود بەشداریبیان‌کردوە[١١] •

---

(١٠) بڕوانە : وتاری د.حەسەن‌جاف بە سەردێڕی چەند تێبینییەك دەربارەی شەڕی ئاوباریك ، رۆژنامەی عێراق ، ژمارە ٢٧٢٥ سالی ١٩٨٥ • گۆڤاری رۆژی نوێ ، ژمارە ٧ •
هەروا بڕوانە : شۆڕشەکانی کورد ، عەلائەدین سەجادیی ص : ١٢٧ •
(١١) بڕوانە : چیمەدی ،ئەحمەدی خواجە ، ١٩٦٦ ، بەرگی ٢ ، ل : ١٣ •

کەریم بەگ رۆژی چوارشەمەی رەمەزانی ۱۳٦٨ك کە ئەکاتە ۱۹٤۹/۷/۱ز لە شاری کفریی کۆچی دوایی کردوەو ، تەرمەکەیان لە گۆڕستانی سەیدخەلیل نێژراوە •

خوالێخۆشبوو پیرەمێردی هێژا بەم بەیتانە مێژووی وەفاتی کەریم بەگی بە تەئریخی کۆچیی‌و زایینیی تۆمارکردوە • بەیتەکە ئەمەیە :

ئیلهامی خوا کەریمە لەرووی خۆشەویستی‌یە
مژدەی کەریمی ئەو بوو کەریمی بەهەشتی‌یە

کە ئەکاتە ۱۳٦٨ك بەزایینیش بەم بەیتە تۆماری‌کردوە :

کەریم بەگ ئێلەکەت شینییە لە شوێنت • ۱۹٤۹ •

ئەوەی‌شایانی باسەژمارەیەك لە شاعیرانو زانایانی کوردی بەناوبانگ مەرثیەو شیوەنیان بۆ کەریم بەگ کردوە وەك عەلی‌کەمال باپیر ، شێخ‌سەلام ، شێخ ئەحمەدی شاکەلیی[12] •

کەریم بەگ سێ ژنی هێناوە :

۱ ــ دورسون‌خانم کچی حەمەهەسەنی سەرەك‌هۆزی تەرخانیی • دایکی مینەجافی شاعیری بەناوبانگ‌و حەبیبەخانمە •

۲ ــ فەهیمەخانم کچی حاجی عەبدولکەریم ئەفەندی وەنداوی‌یە ، کە یەکێ لە پیاوماقوولانی شاری کفریی بوە • لە فەهیمەخانم چوار کوڕی بوە مستەفابەگ‌و عەلی‌بەگ‌و حەسەن‌و فەتاح • دوو کچیش زێباو ئیقبال •

مستەفابەگ شەش کوڕی هەیە : ئەندازیار هەڵگورد ،شاهۆ،ئەلبورز، ئەمین ، ئاریا ، سەروەر • دوو کچ : سوهەیلاو ، نەسرین •

۳ ــ ناهیدەخانم کچی وەسمان‌پاشای جاف ، لە عادیلەخانم کە ئامۆزایشی بوە • لەم ناهیدەخانمە نەوەی نەبوە •

---

(۱۲) بڕوانە : گۆڤاری گەلاوێژ ، ژمارە ۷ ، ساڵی ۱۰ تەمووزی ۱۹٤۹ .

حەمەبەگی فەتاح‌بەگی حەمەپاشای جاف

١٩٠٤ ـ ١٩٣٤

حەمەبەگ سێهەمین کوڕی فەتاح‌بەگە ، پیاوێکی لێهاتووو زیرەك‌و هۆشیارو جەربەزە بوو ، خوێنەوار بوو ، خوێنەوارێکی بەپێی قۆناغزانیاریی لە پلەیەکی بەرزا بوو • وەك حەمەسەعید جافی کوڕی ئەیگێڕێتەوە[١] کە رۆمانێکی زۆر نایابی بە ناوی طاهیرو طاهیرە دانابوو ، بەڵام لە هەڵکەوتی زەمانەدا تیاچوو •

حەمەسەعیدبەگ باوکی خوسرەوجاف‌و ، خوالێخۆشبوو نەبەرد جاف‌و ، کیسراجاف‌و ، ژیان‌و ، جوان جافە • خوسرەو کوڕە گەورەی حەمەسەعیدبەگ هەم لە ئەندازیاریی‌و هەم لە رۆمان‌نووسیدا خولقێنەرەو بەرهەمەکانی پڕ بەرەکەتەو تەقدیمی کتێبخانەی کوردی کردوە • یەکێ لە شاهکارەکانی (دائرةالمعارف)ی کوردیەو ، رۆمانی پاشایان کوشت‌و رازو گەماڵ‌و کۆردەرەیە •

حەمەبەگ دوای ئەوەی حوکوومەتی عێراق دامەزرا کردیان بە ئەندامی دامەزراندنی پارلەمان لە ساڵی ١٩٢٩ دانیشتوانی قەزای کفریی لەگەڵ سەعیدوەنداویدا هەڵیان‌بژاردن بۆ ئەنجومەنی پارلەمان لە بەغدا پێوەندیی

---

(١) حەمەبەگ کوڕێك‌و دوو کچی هەبوە . محەمەدسەعیدجاف‌و بەهیەو پەریخان . پەریخانیان کۆچی دوایی کردوە . محەمەدسەعید جاف ساڵی ١٩٢٦ لە دێی کەلار هاتۆتە دنیاوە . یەکێکە لە رۆشنبیرە ناسراوەکانی کورد ژمارەیەکی زۆر وتارو نووسین‌و چیرۆکی هەیە . لە پەنجاکانەوە شوێن‌دەستی لە نووسیندا دیارە . ئێستاکە سەرگەرمی نووسینی یادداشتەکانیەتی . لە راستیا مەوسووعەیەکی یەکجار بەکەڵك دەردەچێ•

لەگەڵ ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمەی کورد ئەکاو لەگەڵ ئەو مرۆڤانەدا بە نامەنووسین هەوڵئەدات کە مافی ڕەوای گەلی کورد بەلاربەدەستانی ئینگلیزو عێراق بسەلمێنن‌و تەنانەت یادداشتیان بۆ (عصبە الامم) نووسیوەو لەو نووسینانەدا داوای حوکوومەتی فیدرالییان بۆ کوردستانی عێراق کردوە •

لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٢٩ نوێنەرانی پارلەمان : عەبدوڵڵا محەمەد موفتیی نوێنەری لیوای موصڵ ، جەمالبابان نوێنەری لیوای هەولێرو ، محەمەدسەعید حاجی حسەین‌و محەمەدجاف نوێنەرانی لیوای کەرکووكو ، سەیفوڵلاخەندان‌و صەبری عەلیئاغا نوێنەری لیوای سلێمانی یادداشتێکیان دایە سەرەکوەزیران عەبدولموحسین سەعدوون • لەو یادداشتەدا لە بارەی بەجێنەهێنانی ئیدارەی حوکمی هەرێمی کوردستان نارەزایی خۆیان دەربڕیوەو داوایان کردوە کە ئامۆژگاریەکانی (عصبة الامم) لەو بارەوە بەجێبێنن[٢] •

لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٣٠ نوێنەرانی کورد دووبارە یادداشتێکیان لە بارەی کێشەی کوردەوە داوە بە مەندووبی سامیی بەریتانیاو هەروەها لە مانگی مارتی ١٩٣٠دا بۆ بەجێهێنانی مافی گەلی کورد نامەیەکی تریان بۆ سەرەکوەزیران نووسیوە•[٣] بە بۆنەی ئەوەوە بە یاداشتێکی گرنگ

---

(٢) یادداشتی سەرەوە لە راپۆرتێکی دەوڵەتی بەریتانیدا نووسراوە کە لە بارەی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٣١دادراوە بە (عصبة الامم) بڕوانە : ڕۆژنامەی (العهد الجديد) العدد ٢٨٥ ٢٣ تموز ١٩٨٣ . تاريخ العراق الحديث ، عبدالرزاق الحسني بغداد . ص : ٣١٢ .
هەروەها : چیمدی ئەحمەدخواجە بەرگی ٣ل : ٥٢ ، سلێمانی ، ١٩٧٠.

(٣) هەرچەندە مێژووی وەزاراتی عێراق ناوی ئەو کەسانەی کە یادداشتی سەرەوەیان ناودوە ، بلاونەکردوەتەوە . بەلام رووداوەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان ئەو ڕاستیەمان بۆ دەرئەخا کە محەمەدجاف یەکێك لە مۆرکەرانی ئەم نامانەی سەرەوەبوە . بڕوانە : تاريخ الوزارات العراقية . عبدالرزاق الحسني . ج/٢ . بغداد ، ص : ٤٧ — ٥٣ .

ئەژمێرریت[٤] •

نەخشی حەمەجاف لە کۆنگرەی مەندووبی سامیی ئینگلیزدا لەگەڵ کوردەکانی سلێمانیو کەرکوكو هەولێر لە شاری کەرکوکدا زۆر گرنگ‌بوەو ، دەقی وتارەکەی ئەو کۆنگرە سەنەدێکی پڕ ئەرجە لە مێژووی میللەتی کوردا[٥] •

ئەحمەدموختار جافو[٦] محەمەدجاف خاوەنی یەك بیرو ئەندیشە بوونو بەیەکەوە زۆر هەوڵیاندا کە بڕیاری (عصبةالامم) بۆ کورد بەدیبێتو هەر

---

(٤) شاعیری کورد ئەسیریی ئەم نوێنەرە کوردانەی دەستنیشان‌کردوەو ئەڵێ :

شەش مەردی نیشتمانی لە شەش گۆشەی وەتەن
هێشك‌گرن بەگیانو بە دڵ هەوڵو رەنج دەدەن
سەردەستەیە سمایلی سۆران ، جەمال‌بابان
نەوزادی پڕژدەر صالح‌بەگی جوان
بێتو کەسێ بڵێ : چۆنە حەمەدبەك ؟
سەرداری جافە نایەگوفتارو ناوونیشان

(٥) **بڕوانە : گۆڤاری ژیان • ژمارە ٢٧٥٥، ڕێکەوتی ڕۆژی ١٩٣٠/٨/١٤ •**
هەروا بڕوانە : مأساة بارزان المظلومة ، معروف جیاوك بغداد ، ١٩٥٤ ، ص : ١٠٠ – ١٠١ •

(٦) ئەحمەدموختار کوڕی وەسمان‌پاشا کوڕی محەمەدپاشای جافە • ساڵی (١٣١٦ك ١٨٩٨ز) لەدایك بوە • دایکی عادیلە خانم‌وکە یەکێك بوە لە ژنە هەڵکەوتوو دیارو بەدینەکانی کورد ، کە دەستێکی باڵای بوە لە دامەزراندنی هەندێ دیمەنی شارستانێتیی لە ژیانی دانیشتوانی سلێمانیو هەڵەبجەو تا رادیەك عەشائیری جافدا • ئەحمەد لە ساڵی ١٩٢٢دا قایمقامی هەڵەبجە بوەو لە ١٩٢٤دا بوە بە نائیب لە پەرلەمانی عێراقدا ، بەڵام دوایی بەو چەشنەی خەڵکی ئەیزانن وازی لە هەموو ئەمانە هێناوە ، شاری بەجێهێشتوەو شۆڕشێکی بەرپاکردوە • چون ئەحمەد موختار لەو بیرو باوەڕەدا بوو کە دەبێت هەموو نەتەوەی کورد دەستبەدەستی یەکدا بکەنو لە پێناوی سەربەخۆییدا خەباتێکی بێ‌وچان دەست‌پێ‌بکەنو ،

←

بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ رۆشنبیرانی کوردا یادداشتو نامەو تەلگرافیان دا بە (عصبة الامم) کە ویلایەتی موصل لە تورکیا جیابێتەوەو لەو بارەوە درێغیان نەکرد ، بەڵام لە پاشان بۆیان دەرکـەوت کە دەوڵەتـی بەریتانیا نایـەوێ کێشـەی کـورد بە بارێکـا بکەوێو ماوەنـادات لە رێگـا ی گفتوگـۆو نامەنووسینەوە بە ئاشتیی بڕیاری (عصبة الامم)بۆ گەلی کورد سەربگرێت • بەم هۆیەوە ئەم دوو زاتە کەوتنە تەقەلاو خەباتێکی بێوچانەوە کە شۆڕشێکی چەکداریی بەرپابکەن •

لەو کاتەدا ئەحمەد موختار بەمەبەستی هاندانی جەماوەری کوردستانەوە ئەم پارچە شیعرەی وتوە(٧) •

تا رۆژی سەرکەوتن لەو رێگایە لانەدەن . لـە تەمەنی ٣٨ساڵیدا بـە گوللەتفەنگی دەستێکی پیس لەسەر ئاوی سیروان کوژراو جوانەمەرگ بوو •

بۆ زانین سەبارەت بە شەهید ئەحمەد موختار جاف بڕوانە : دیوانـی ئەحمەد موختار جاف . د.عیزەدین مستەفا رەسوول . بەغدا ، ١٩٨٦ ، ل : ٣٧مێژووی ئەدەبی کوردی عەلادین سەجادی ل : ٥٤٥ .

هەروا بڕوانە : وتاری شوانگەرمیانیی • بەسەردێڕی شیعرێکی ناتەواو مۆمێکی نیوەتەمەن • گۆڤاری مامۆستای کورد ، ژمـارە : ١٤ بەهـاری ١٩٩٢ ، هەمان سەرچاوە ، وتاری حەسەن گەرمیانی بە سەردێڕی خوایە لە دۆستانم بمپارێزە دوژمنانم لەسەرخۆم • ژ :١٧-١٨بەهارو هاوینـی ١٩٩٣ ، هەروا شیعرو ئەدەبیـاتی کـوردی ، رەفیـق حیلمـی ، سـاڵی ١٩٤٢ •

(٧) محەمەدجاف لە کۆتایی بیستەکاندا پەیوەندیی لەگەڵ چەند رۆشنبیرێکی کوردی ئەو سەردەمەو مرۆڤی ژیری ناوچەی کفریدا هەبوە ، بۆ ئەوەی پارتێك پێکبێننو لە ئەنجامدا کۆمەڵێك بە ناوی(پارتیئازادیی کوردستان)یان پێکهێنا، ئەندامانی ناسراوی ئەم پارتە بریتیبوون لە :

١ ــ رەئووفبەگی جەلالی کەرکوکیی .
٢ ــ ئیبراهیمئەدهەم .
٣ ــ شێخ محەمەدی گولانیی .
٤ ــ میرزا تۆفیق قەزاز .
٥ ــ ئیسماعیلبەگی رەواندزیی .

ئەم قەراری عوسبەیە خەڵقی ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ
هەر قسەی رووتە قسەش ناچێتە ناو گیرفانەوە

هەروەها خۆیشیان خولیای شۆڕشی چەکداریان کەوتەسەرەوە . بۆ بەجێهێنانی ئەو مەبەستە لە پێشدا خەریکی دانانی پارتێکی رامیاریی بوون، لە ناو عەشایردا کەوتنە جموجووڵو لە ریزی جافی کۆچەردا بنکەی

---

٦ ــ حسەین حوزنیی موکریانیی .
٧ ــ ئەحمەدموختار جاف .
٨ ــ عەلی کەمال باپیر .
٩ ــ جەلال صائیب .
١٠ــ جەمال بابان .
١١ــ سەیفوللا خاندان .
١٢ــ سەیدمحەمەدی جەباریی .
١٣ــ حازم شەمدین ئاغای زاخۆ .
١٤ــ مەعرووف جیاووك .
١٥ــ شێخ صالحی قەرەداغی .
١٦ــ عارف جیاووك .
١٧ــ شێخ جەمال تالەبانیی .
١٨ــ شێخ سلێمانی شاکەلیی .
١٩ــ مەلاسەعیدی موفتی کفریی .
٢٠ــ شەریف سەعیدی هەولێر .
٢١ــ سەعید وەنداویی .
٢٢ــ صالح زەکی بەگ .
٢٣ــ محەمەدئاغای عەبدورەحمان ئاغای سلێمانیی .
٢٤ــ تۆفیق ئاغای گەلاڵیی .
٢٥ــ وەستاصالحی بەرگدوور لە کفریی .
٢٦ــ رۆستەمی محەمەدی مەحموودی رۆغزادیی .
٢٧ــ رۆستەمی محەمەدی فەتاحی رۆغزادیی .
٢٨ــ رۆستەمی حەسەنی میکایەلیی ...

بەڵام بە هۆی ئەوەوە برێك لە ئەندامانی ئەم پارتە بوونە کارمەندی دەوڵەتی تازەی عێراقو چەند مرۆڤێکیشیان کۆچی دواییان کرد ، ئەو پارتە نەیتوانی رۆڵێکی باشو دەرکەوتوو ببینێتو زۆری نەخایان رێکخراوەکەیان تێکچوو .

شۆڕشیان پێکهێناو ، له ڕێگای ئێرانەوه ویستیـان پەیوەنـدیی لەگـەڵ دەوڵەتی ئەڵماندا بگرن • بۆ ئەو مەبەستە چەند جارێك له شـاری قەسـری شیرین‌و ناوچەی هەورامانەوه پەیوەندییان لەگەڵ کاربەدەستانی دەولەتـی ئێراندا گرت •

ئەم سیاسەتە دژی ئینگلیزەی ئەحمەدموختار بوو بە مایەی کوژرانی له لایەن دەستەیەکی نەفامەوه لەسەر روباری سیروان کوژرا(۸)• هەردوکیان لەگەرمەی‌تەلاش‌و هەوڵدانی بەرپاکردنی شۆڕشدا بوون چەرخی چەپگەرد بە پێچەوانەی نیازو ئاواتیانەوه وەستا له ماوەی نۆ مانگـدا یـەك له دوای یەك هەریەکە بە دەردێکی ناوەخت کۆچی دواییان کرد •

بەڵگەیەکی تر له بارەی تێکۆشانی محـەمەدجافـەوه بـۆ بەدیهێنانـی بڕیاری (عصبة الامم) ئەم نامەیه که له کاتێکدا لەگەڵ مەعرووف جیاوکـدا ئەندامی پارلەمان بـوون • ئـەم یادداشتەیـان داوه بە مەنـدووبی سامیـی بەریتانیی سیرفرانسیس همفریز • ئەم نامەیه بە پێنووسی مەعرووف جیاووك نووسراوەتەوەو دەقی ئەم نامە حەمەسەعیدجاف له سامانی کوڕی مەعرووف جیاووکی وەرگرتوه •

دەقی نامەکە :

« فەخامەتی مەندووبی سامیی سیرفرانسیس همفریز زۆرگەورە •

له پاش عەرزی ئیحتیرام :

بە ناوی میللەتی کورد عەرضی خۆش‌ئامەدیـی جەنـابی گەورەیی‌تـان ئەکەین • ئومێدەوارین که ئەم عەرضەمان لـە لای فەخامەتتـان پـەزیرای قەبووڵ بێ‌و بە حوسنی نیەتتان تەئویل‌بکرێ •

ئێمە که ناردراوی (مندوب)ی کوردین بە لازمان زانیی ئەوی لـە

(۸) بڕوانە : دیوانی ئەحمەدموختارجاف ، ئامادەکردنی د.عیزەدین مستەفـا رەسووڵ ، بەغدا ، ۱۹۸٦ ل : ۲۳ . هەروەها : شیـعرو ئەدەبیاتـی کوردیی ، رەفیق‌حیلمی ، بەغدا ، ۱۹۸۳ ، ل : ۱۳ .

هەناوی هەر کوردێکدا ئەکوڵێو جۆشانەیە عەرضی جەنابی گەورەییتان بکەین ، مەعلوومی جەنابی عالیتانە کە کوردان لەو ڕۆژەوە خۆیان خستە پەناهی حوکوومەتی بەریتانیای گەورە دائیم موتەرەقیبی سیاسەتی بوونو [بەو بۆنەیەوە] هەرگیز موخالیفی ئەم سیاسەتە چشتێکیان لێ پەیدانەبوو ، بە ئیعتیقادێ کە ئەم سیاسەتە دەستگیری حوقووقی کوردان ئەبێ • ئەم حوقووقە کە بە موعاهەداتو موقەرڕەراتی(عصبە الامم) موئەیەد بووەو دیسان هەر کوردێك وای ئومێد ئەکردو ئیستەش ئەمەل ئەکا کە ئەم حوقووقەی موفەرڕەرەی بە ئاهەنگو تەوازونێکی ڕاستو موفیدو زۆر ڕووناكو صەریح بچێتە پێشەوە •

فەقەط چی سوود لەم موددەتی چەندساڵەو خوصووصەن لەم ڕۆژانە صەدای هاتو هاواری قەومەکانی ترو تەوەقوفو تاریکی سیاسەت هەموو کوردێکی پەشۆکاندوە ، چونکە لەم ئەتوارو وەضعیەتە وا دەفام دێتەوە کە حوقووقی کوردان زۆر لە سستییەو بە زوبانێکی فەصیح لە دائیرەیێکی تەنگو تاریك لە ژێر بارێکی زۆر گران ناڵانە • میللەتیش کە خزمەتکاری سیاسەتی فەخیمەیە بە دڵێکی ئاتەشینو سۆزان مونتەظیری لوطفی عالیتانەو، هەرچەند ئەسلافی فەخامەتتان ، وەکوو (سیر هانری دوبسن) بە موژدەی خۆش میللەتی صەبرو تەسکین کردبوو ، ئۆمێدمان وایە کە عەهدی جەنابی سامیتان بە عینایەتی گەورەییتان عەهدی ڕووناکیی حوقووقی کوردان بێ •

ئیتر زۆر حورمەتو ئیشی کوردان پێویستی مەرحەمەتی جەنابی گەورەییتانە ، قوربان(٩) •

ناردراوی کەرکووك — ناردراوی هەولێر

حەمەجاف — مەعرووف جیاووك

حەمەجاف لە ڕۆژی ١٩٣٤/٥/١ دا لەتەمەنی ٣٩ساڵیدا بە نەخۆشیی ریخۆڵەکوێرە کۆچیدوایی کرد •

---

(٩) بڕوانە : گۆڤاری ڕەنگین ژمارە ٦٣ی ساڵی ١٩٩٤ ل : ١٨ •

داودبەگی جاف

داودبەگ لەساڵی١٩٠٥زدا لە میرەدێ لەدایك بوە • ئەم زاتە پیاوێكی شۆخو شەنگو گفتولفت شیرینو ئازاو چاونەترسو قسەلەڕوو بوە • فەراسەتێكو زیرەكییەكی تایبەتیی تیا بوە • باوەڕێكی زۆر بەهێزی بە كوردایەتیی هەبوەو لەو بڕوایەدا بوە كە كورد ئەگەر دەستی تەفرەقەو دوودڵیو جیاوازییان لە نێواندا نەبوایە زوو بە قۆناغ ئەگەیشتن • هۆی هەرەسەرەكیی دواكەوتنی نەتەوەی كورد هەر ئەم دەردەكوشندەیەیە •

داودبەگ زمانی كوردیو عەرەبییو فارسيو توركیی بەڕەوانیی دەزانیو ، زۆربەی شیعری شاعیرانی فارسی زمانی لەبەربوو • داودبەگ شۆڕەسواری شەڕی ئاوباریكە • لەو شەڕەخوێناوییەدا لەگەڵ كەریمبەگی براگەورەییو حەمەمینبەگی برازایدا ئازایەتیەكی زۆریان نواند ، تا رادەیەك دوای تەواو بوونی شەڕ بە سوودی شۆڕشگێڕانی كورد بە سەرۆكایەتیی شێخ مەحموودی نەمر • شێخ مەحموود لە پیاهەڵدانی جەنگاوەرەكاندا كە هێزی دوژمنیان شكاند ، فەرمووی : « داوود شێرە شێر »[10] ئەمەی ئاشكرایە بەگزادەكانی جاف تادواهەناسە لەگەڵ شۆڕشی شێخ مەحمووددا مانەوە •

بۆ روونكردنەوەی چەند هەڵوێستێكی ئازایانەی داوودبەگ پیش شەڕی ئاوباریكو ، پاش ئەو شەڕە كورتە باسێك ئەكەین :

كاتێ كە میریی لە نیازی كەریمبەگو براكانی لە ساڵی ١٩٣١دا كە ئەیانەوێ هاوكاریی لەگەڵ شێخ مەحمووددا بكەن ، بۆ بەرگریی ئەم

(١٠) بۆ زیاترزانین لە بارەی شەڕی ئاوباریك بڕوانە شۆڕشەكانی كورد ، عەلائەدین سەجادیی ل : ١٣٨ . هەروەها : رەنگدانەوەی شەڕی ئاوباریك لە شیعری كوردیدا ، كاروان ، ژ : ٨٧ ، حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٠ ، ل : ٣٢ ـ ٤٢ .

هاوكاریـــه میریی دەستــی كردە پیـلانگێڕانو نەخشـەكێشـانو بۆ بـە ئەنجامكەیاندنی نەخشەكەیـان مودیر ناحیـەی شیروانە رۆیشـت بـۆ لای كەریمبەگ لە دێی كەلار ، نامەیەكی رەسمیی كفریی داپێی كە تیایدا داوایان لێ كردبوو بچێ بۆ كفریی بۆ راوێژكاریی •

كەریمبەگو براكانی كاتێ گەیشتنە كفریی میریی گرتنیو خستنیـــە زیندان ، لەو كاتەدا داودبەگ لەگەڵ محەمەدئەمینبەگدا بۆ ئامادەكردنـی عێلیجاف ، بۆ بەشداربوون لە شۆڕشی شێخمەحموودا رۆیشتبوون بۆ ناو خێڵاتی جاف • كاتێ كە خەبەر گەیشتە داودبەگ كە كەریمبەگو براكانی گیراون ، بە پەلە لەگەڵ چەند چەكدارێكی جافدا خۆی گەیاندە ناوچـــەی سەرقەڵا ، چون بیستبووی كۆلۆنێل لاینی ئینگلیز راوێژكاری حوكومەتی عێراق بۆ هەرێمی كوردستان ، لە كەركووكەوە هاتبوو بـۆ كفـرییو بـەو ئامانجەوە پەیوەندیی لەگەڵ سەرەك هۆزەكانی جافدا بكا كە پشتیوانیی لە شۆڕشی شێخ مەحموود نەكەن • داودبەگ بەو سوارانــەوە ئابلووقـەی سەرقەڵا ئەداتو كۆلونێل لاینو قایمقامی كفریی ئەگرێتو ، پێیان ئەڵێ : تا براكانم بەرەڵلا نەكەن ئێوە لای هۆزی جاف بارمتەنو ، ئەگەر درێژە بە زیندانیكردنیان بدەن ژیانتان ئەكەوێتە مەترسییەوە •

ئیتر بەو جۆرە كۆلۆنێل لاین ناچار دەبێ لە سەرقەڵاوە ئوتومبێلـێ بنێرێ بۆ كفریی ، كە كـەریم بەگو براكانـی لە زینـدانەوە بێنـێ بۆ لای داودبەگ • داودبەگ پاش ئەوەی براكانی بە چاوی خۆی ئەبینێ لایـــنو قایمقام بەرەڵلا ئەكاتو ، دوای ئەم رووداوە كەریمبەگو براكانی ئەچنـــە پێشوازیی شێخ مەحموودەوە ، دوای ئەوەشەڕی ئاوباریك دەقەومـێ كـە لە پێشـــەوە باسمانكـرد •

هەروەها لەساڵی ١٩٤٣زدا شەڕێك لە نێوان جافو تاڵەبانیدا لەســەرماڵو موڵكو زەوی دەقەومێ•لاین ئەو كاتە راوێژكاری سوپای بەریتانیا بوە

له کەرکووك • بە هۆی قایمقامی کفرییەوە داوای هاتنی کەریم‌بەگ‌و داوودبەگ ئەکا • کە لە رۆژی ١٩٤٣/٨/٢دا لە دایرەی لاین ئامادەبن • کەریم‌بەگ‌و داودبەگ دەسبەجێ ئەڕون بۆ کەرکووك • ئەوکاتە شەفیقی ئەحمەدئاغا سکرتێری لاین‌بووە،لە شەفیق‌ئاغا ئەپرسن:هۆی داواکردنەکەیان چیە ؟ لە وەڵامدا ئەڵێ : پەیوەندیی لە گەڵ کێشەی ئێوەو تاڵەبانیدا هەیە • هەرچۆنێ بێ کەریم‌بەگ‌و داوودبەگ ئەچنە لای لاین • ناوبراو زۆر بەگەرمیی خێراتنی کەریم‌بەگ ئەکات ، بەڵام بە پێچەوانەوە بەرانبەر بە داوودبەگ زۆر گرژو مۆن ئەبێ • لاین بێ پێچ‌و پەنا وتی : داوودبەگ تۆپیاوێکی زۆر خراپی‌و ئاژاوەگێڕی • باشم لە یادە لە ناوچەی کفریی من‌و قایمقامت دەسگیرکرد ، ئێستاش بە ئارامیی دانانیشیت‌و هەوڵ‌ئەدەی لە قەزای کفریی‌و ناوچەی جافدا ئاژاوە بنێتەوەو ئەم شەڕەی لە نێوان تاڵەبانی‌و جافدا رووی‌داوە تۆ هەڵت‌گیرساندوە • ئەگەر هەواڵی ئەم شەڕی تاڵەبانیی‌و جافە بگاتە گوێی گۆبلزی وەزیری پڕوپاگەندەی ئەڵمانیا یەکسەر ئەڵێ شۆڕش دژی حوکمی بەریتانیا لە عێراق پەیدابووەو ! ئەیکاتە بەڵگەیەکی سیاسی دژی بەریتانیا • تۆ پیاوێکی رەق‌و سەرکەشی‌و پیاوی رەقیش گورج ئەشکێت • وا ئاگادارتان ئەکەم ئەگەر جارێکی تر شەڕ لە نێوان جاف‌و تاڵەبانیدا رووبدا دوورتان ئەخەمەوە بۆ ئەفریقای باشوور ، ئەگەر تۆ بە چەکتا ئەنازیی من سەدان تۆپ‌و فڕۆکەم هەیە •

داودبەگ لە وەڵامیدا وتی : جەنابی‌لاین ، من رێگام لە جەنابتان گرت خۆ بۆ چەتەگەریی نەبوو ، خوانەخواستە رووتتان‌کەمەوە یان نیازێکی خراپی تر • گرتنی ئێوە لە لایەن منەوە هۆیەکی رامیاریی هەبوو • چون ئەو کاتە ئێمە هاوپەیمانی شێخ‌مەحموود بووین‌و ئەم مەسەلەیەیش هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ شەڕی ئێمەو تاڵەبانیدا نیە • ئەم شەڕە من هەڵم‌نەگیرساندوە ، بەڵکو تەماحی شێخ وەهابی تاڵەبانیی بەرپای‌کردوە •

چون ئەیەوێت موڵکی باوباپیرمان داگیربکاتو ، ئێمە تا دواتنۆکی خوێنمان لەسەر مافی خۆمان بەر گری ئەکەینو ، کە هەڕەشەم لێ ئەکەیت کە چەکت هەیەو تۆپو تەیارە ، بێگومان تۆ ئەتوانی هەموو شتێك لەگەڵ ئێمە بکەی ، چون تۆ نوێنەری بەریتانیای گەورەی کە حاکمی عێراقە ئیمڕۆ ، بەڵام ئەگەر ئەم سیفەتەت لێ لابەن تۆ ناتوانی هیچم لێ بکەیت ، چون دڵت بەوە خۆشە ئازاری ئێمە بدەیت فەرموو ئەمر بکە هەرچی زووتر بمانگرنو دوورمان بخەنەوە !

داوودبەگ لە سەرەتای چلەکاندا کە نوێنەری کەرکووك بوو لە پەرلەمانی عێراقدا لەو کاتەدا بۆ چارەسەرکردنی زۆر لایەنی دواکەوتووی باری ژیانو گوزەرانی کۆمەڵایەتیی کوردەواریی قسەی خۆی بێ پەروا کردوەو ترسی نەخستوەتە بەر خۆی ، تەنانەت خوێندەوارانو رۆشنبیرانی کورد هەڵوێستی خۆیان لە زاری ئەوەوە بە میریی ئەگەیاند • کە میریی بڕیاری لە سێدارەدانی چوار ئەفسەرەکەی دا ، هەندێ لە پیاوماقووڵانی کورد شەوو رۆژ خەریکی ئەوەبوون ملی ئەو نیشتمانپەروەرانە لە پەتی دوژمن رزگار کەن ، داوود بەگ پێشڕەوی ئەو هەوڵدەرانە بوو • کە کار لەکار ترازا خوڕخوڕ فرمێسکی بۆ ئەڕشتن •

داوودبەگ پشتوپەنایەك بوو بۆ گەلێ لە نیشتمانپەروەران ، ئەوەبوو هەر لە چلەکاندا توانیی بەڕێز حەمەئەمین دەربەندفەقەرەیی لە مەترسیی رزگار بکاتو لە پەنجاکانیشدا بۆ مامۆستای جوانەمەرگ حەسیب محەمەدبەگ هەوڵێکی زۆری داو دەنگی گەیاندە کاربەدەستان[11] •

داوودبەگ لە ساڵی ١٩٥٩دا لەگەڵ عەبدولکەریم قاسم تێکچوو کە ناسیاری بوە بە بۆنەی تێکچوونی ناوچەکەیانەوە ، عێراقی بەجێ‌هێشتو چوە خاکی ئێرانەوەو لەوێ زۆری رێز لێ گیرا ، بەڵام کاربەدەستانی

---

(١١) گۆڤاری رەنگین ژمارە (٤١)ساڵی ١٩٩٢ ل : ١٦ – ١٨ •

حوکوومەتی ئێران دەسەڵاتو هاتوچۆی کوردی بۆماڵی داوودبەگ بـۆ قووت‌نەچوەو ، وشیارییان خستۆتە سەری کە ڕێگە نەدا کورد هاتوچـۆی بکەن • بەڵام داوودبەگ بەوپەڕی ئازاییەوە لە وەڵامی سەرۆکی ساواکی غەربی ئێراندا ئەڵێ : من نامەردیم لە عێراقدا قوبووڵ نەکرد ، بۆیە بوومە پەناهەندەی ئێوە ، بڕوا بکە نامەردیی لای ئێوەیش قوبووڵ ناکەمو هەرچی زووتر وڵاتەکەتان بەجێ‌ئەهێڵم • سەرەنجام کە مەسەلەکە تەشەنـەی کـرد ناچار وازیان لێ هێناو بە زەرەری ئەوان کارەکە دوایی هات •

لە ساڵی ١٩٦٦زدا لە ماوەیەکی کورتدا داوودبەگ تووشی نەخۆشیـی خوێنبڕژانی گەدە بوو و لە بیمارستانی (میهری‌تاران)دا کۆچی دوایی کردو . لەسەر وەسیەتی خۆی تەرمەکەیان هێنایـەوە بۆ کوردستانی عێـراقو لـە گۆڕستانی بنەماڵەی بەگزادانی جافو خێڵی جافدا بەخاك سپێردرا •

داوودبەگ لە ژیانیدا سێ ژنی هێناوە ، دوانیان لە بەگزادەی جـافو یەکێکیان لە تاڵەبانیەکان • سەرداربەگ کـوڕە گەورەیەتی بەڕاستیـی توانیویەتی جێـی باوکـی پڕکاتـەوە • براکـانی تری برتـین لـە : دارا ، سالار[١٢] ، سەربەست ، سەروەت ، سەریـاس ، شەهریـار ، سەرچـڵ ، نەوزاد • چوار کچیشی هـەن بە ناوی : گـەلاوێژ ، خورشیـد ، تابـان ، سەرگـوڵ •

زۆرکەس لە بەگزادەکانی جـاف ، وەك خوالێخۆشبـوو حەسـەن فەهمی جاف کە ئەدیبو نووسەرێکی زەبردەستی کـوردبوو ، هـەروەهـا ئەحمەدبەگی حەمەسالح‌بەگ[١٣] ، بورهان‌جاف، ئەنوەری جەمیل‌بەگی جاف

(١٢) سالاری خوالێخۆشبوو کەپیاوێکی هەڵکەوتوو بوو لە سـاڵی ١٩٧٩ دا لە لایەن حوکوومەتی ئێرانی خومەینی‌یەوە بێ‌گوناه کوژرا .

(١٣) حەمەصالح‌بەگ دوو کوڕی بوە ئەحمەدبەگو عیزەت بەگو لە بنەماڵەی بارام‌بەگییە ، ساڵی١٨٩٧ لە دایك بوەو ، تەمووزی١٩٧٣ لە بەغـدا کۆچی دوایی کردوە . ئەم زاتانە کوڕو کچین : حـەمەڕەشیـدبـەگ ، جەمیل‌بەگ وەفاتیان‌کردوە . محەمەدئەمین بەگو پەروێزبەگو حەمەدبەگو هۆشیاربەگ

...لە ڕووداوەکانی شۆڕشی مایسی(١٩٤١)دا کە لەو بڕوایەدا بوون هەلو مەرجێکی باش بۆ کورد پێکدێنێ بە نامەو تەلگراف تەئییدی ئەو شۆڕشەیان کـــــردوە .

وە لــە پـارتە کوردیـەکانـا وەك حـیزبی‌هیواو بزوتنـەوەی کوردا هاوبەشییان‌کردوە . لەم زاتانە ئەتوانین ناوی مستـەفابەگی کەریم‌بـەگ‌و خوالێخۆشبوو ئەنوەرجاف‌و ، مینەجاف‌و ، مەحموود بەگی ڕەزابـەگ‌و ، شەوکەت‌بەگی ئەحمەدبەگی مەحموودپاشـاو ، بورهان‌جـاف‌و عەلی‌بـەگی حسەین‌بەگی حەسەن‌بەگ ناوبرێن[١٤] .

زۆربەی کوڕانی ئەم زاتانە لەم ڕۆژانەدا بێ‌لایەنن‌و خەریکی ژیانـــی ئاسـایی خۆیـانن .

دکتۆر حەسەن جاف

لەحەیاتان . کچەکانی : ڕەعنا ، ئەختەر ، پەریخان ، نەسرین شەونم . عیزەت‌بەگ ئـەم‌زاتانـەی لێ‌بەجێ‌ماوە : ئەمجەدبـەگ ، ماجیـدبەگ ناجی‌بەگ ، بەهجـەت‌بـەگ ، لـە کچیش : طەلعـەت‌و ، بـەدیعـەو ئامنەو ، عالیەو ، پەروین .

(١٤) بڕوانە: بیرەوەریەکانی ژیانم ، مسقەفا نەریمان ل ٨٣ ـ ٩٢ هەروەهـا ڕەنگین ژمارە ٦٦ سـالی ١٩٩٤ وتاری فائیق هۆشیار ، یەکەم ئاهەنگی جەژنی نەورۆز .

(١٥) لە بەلگەنامەگانی (میرزا ملکم خان)دا هەندێك زانیاریی هەیە کە تیشك ئەهاونە سەر هەندێ باری ژیانی محەمەدپـاشـای جـاف‌و لە کاتـی کتێبەدا بوێرابوو ، بۆ ئـەوەی خوێنـەر ئاگاداری ئەوانـەیش بێـت‌و سوودیشیان لێ‌وەربگیرێت .. لێرەدا تۆماری دەکەین :

«...ولی بار رسما تبلیغ میشود و بابعالی خالی از مناسبت ندیده در تلغرافنامه مزبوره صریحا مندرج داشته است که از امور معوقـــه متراکمه است فقره جناب شیخ عبیدالله افندي ومسئله محمد بیگ جاف وچون اطلاع خاطر محترم جناب مستطاب اشرف از مراتب لازم بود به ترقیم وتصدیع این مراسله پرداخت زیاده زحمت نمی‌دهد ٢٥ شهر ذی حجه ١٢٩٠ امضاء » .

لە جێگەیەکی دیکەدا هاتوە :

«...اما مسئله محمد بیگ در این باره دوستدار بهیچوجه نمی‌داند دولت عثمانی چه ایرادی به اولیای دولت علیه ایران وارد می‌توانند آورد . اولا عشیرت جاف ورؤسای آنها تبعه خالصهٔ دولت عثمانی نبودند بلکه فیما بین دولتین متنازع فیه بودند . چندی در خاك عثمانی توطن کردند حالا بعضی از آنها بمیل خاطر خودشان بدون هیچ قسم تشویق‌و ترغیب بوطن اصلی خود معاودت نمودند و دولت ایران تا امروز بهیچوجه اسبابی که موجب امید کامل آنها تواند شد محض ملاحظه حسن همجواری با دولت علیه عثمانی فراهم نیاورده‌است لیکن کارگزاران دولت علیه عثمانی هر قسم عشیرت صحیحه‌و [ب] خالصه دولت علیه ایران که بخاك عثمانی رفته‌اند فورا کمال تصاحب و حمایت را از آنها نموده نظیر انواع تلطفات و نوازشات می‌دارد و هر قدر مطالبه او با تبعید آنها از سرحد ایران می‌شود بهیچ قسم تمکین نکرده چنانچه اگر سیاهه اسامی این قبیل اشخاص را بخواهید دوستدار حاضراست که با اسم و رسم و تاریخ‌و موقع با سواد تحریرات رسمیه که مبادله شده است باستحضار آنجناب جلالتماب برساند در اینصورت که سفارت ایران اینقدر امور معوقه درخاك عثمانی داشته باشد و این طور فضاحت‌و قباحت از عبدالرحمن اقای هرتوشی با تجاوز حدود در خاك بوقوع رسیده باشد و اینقدر از تبعه و عشایر صحیحه ایران‌را تصاحب نموده در سرحد اسکان بدهند ایا در نظر انصاف جای این دارد قرارنامهٔ که باید مبنای رفتار طرفین بدون عایق‌و سکته واقع شود . مشروط بجزئی امورات معوقه سفارت و فقره شیخ عبیدالله‌و محمدبیگ جاف که قرار همه از روی کمال حسن نیت‌و حقانیت داده‌شده است بشود و دوستدار یقین دارد که وکلای دولت عثمانی بعد از اطلاع از مضمون این مراسله تجویز این نوع شروط وقیدرا نکرده از برای اجرای هر نوع منظورات حقه خودشان در ایران اقدامات منصفانه در امورات متعلقه به ایران را شرط خواهند دانست لاغیر» .

(مجله بررسیهای تاریخی ش ۱ سال ۵ اسنادو نامه‌های تاریخی ، مجموعه اسناد میرزا ملکم‌خان ناظم‌الدوله ص ۵-٦) .

چەند وێنەیـەك

وێنەی چەند لاپەڕەیەك لە دەستخەتی (تەئریخی جاف) کە خەتـــی خوالێخۆشبوو ڕەزابەگی جافە .

ڕەزابەگی فەتاح‌بەگی حەمەپاشا مرۆڤێکی خوێندەوارو خەتخۆش بوە .
ئەم نەوانەی لێ بەجێ‌ماوە : [redacted] خالیدبــەگ ، مەحموودبـەگ ، عەلی‌بەگ ، قادربەگ ، بەهرام‌بەگ . ئەمنەخانم ، حەپسە ، ڕەعنا ، خدیجە نیهایەت ، پەروین .

محمد پاشا بە مقدارێکی کم سوارەوە و فتاح بگی کوری لەگلیا
ئەلی اچینە چیمنی برایم بگی لەوفرقە جافە لە شاطری کە پیادەکانیا
لەچیمدا ابوی مالیان لەچیمنی ئەلی و خیتیان خراب ئەلی بەمحمد پاشا
ام خبرە اون محمد پاشا اهمیتی ناداتی ئەلی جاف حیانتی دا
لەتک منا ناکن و نا توانن جارت و لەکن کورە اوفرقە لەتک
صد سوارا دیت بولای محمد پاشا بم فکرە اگر بتوانن دست بوشلین
وقتی کە تەمی اروانن فتاح بگ کوری بە مشتا سوارن محمد پاشادە
الەوی کە امە ابیلن قرانی ابنە لای محمد پاشا وای انانی و عموسیان
دسی پیا اون الان امە فتنە جافە وە ایمە ذمەبرین و خرمان نیە
ایمە عبدی توین و عبدیش لەتک صاحبی خوبیدا ناتوانی خیانت
بکا هەموم دست و پی ماچ اکن کە ام بختانە بویان کرد وکین
لە وان درکە محمد پاشاش پیان ائلی من هیچ وقت خیالم دا
لە ایوە نامی وروزە وە بو مالی خویان محمد پاشا مرادورو ئتە
فتاح بگ لەتک حفتا سوار دسوارەکانی انسیرقە بوقشتادە
ئەلی خوتیشم بیانی اچمە کفری والی کرکوک ئەبوی نوسیوم
چاوم پێ بکوی هر چند فتاح بگ تقلاشی اکا باامشو بمینوە
وبیانی لەنکەدا بیم تاکفری منی نایەسشار. چونکە اجل

ئەگەرچی خانەقین بە تاریخی کرداوە اما کە بدریم کردەوە

لە خاک ایران و جاف داخل عراق پێنج طایفە

داخل ئەکردووە و چوار طایفە یان داخل خاکی ایرانە

و یکی کیان داخلی عراقە ولر ئەبردە عددی مال عدد

سوارە و پیادە یان لەگەل اسم کورە طایفەکیان و جگە

زور ئەنووسم بە تاریخیان موافق اسم عددی سە

اسم طایفە	عدد مالی	عدد سوارە	عدد پیادە	اسم کورا	جگە نشینیان	[illegible]
کورو کوردی ...	٤٠٠	١٠٠	...	[illegible]	زنجاو	[illegible]
قلعان چلک	٢٠٠	٠٦٠	١٥٠	شامراد سوالک	زەهاو	تەلک
فەلکی	١٠٠	٠٢٠	٠٤٠	مراد خان	حاکم ...	[illegible]
لە جاف عراق دانیشتە جافە ...	٢٠٠٠	٤٠٠	٨٠٠	کرێ احمد		

لە سورطاش و سید

شارستین اوا

دانیشتون

دەمێن ولو ...

جیا ...

وسایرە

هه‌یانی گه‌لێکی کوردستانا که زور به ده‌سته‌لات و اقتدار و صاحب

امر بون گم نکردایه و داخل صحیفه‌ی تاریخ بودایه‌ن بو ایمه‌ش تسهیلات

ده‌بو خصوصا بو من که اوم کیتیبه انوسم ناره‌حه‌تی یه‌کم نه‌ابو ده

له کمال سهولت دا بوم تواو ابو امه تێ په‌ڕی امرو که زمان

زانینه و حکومتی فخیمه‌ی انگلیس که هاتوته عراق بواسطه‌ی تلاشی

ام حکومته‌وه که بو زیادی زانین وکردنه‌وه‌ی مکتب و پێگه‌یاندن

منداله‌کانی عراق له کورد و عرب براستی شایان توصیفه امّا من

خوم دوره‌ی مکتب و تحصیلم تێ په‌ڕاندووه اسف بو حالی له‌مه‌و بر

آیا بو خوم و آیا بو باتی تێ په‌ڕی ده‌کان و امه‌م به مصلحت زانی

بو تسکینی خوم و اه‌وانی تریش بو عشرتی جاف که عشرتی ایمه‌یه

و له اه‌وان ایمه جوێ بوینه‌ته‌وه و مدتی حوت صد سال

له‌مه‌و به‌ر باوک و باپیری ایمه له‌وان استفاده‌ی مالی و

دولت و نفوذیان کردووه هم بوناوی اه‌وان و بوناوی

بعض له اجدادی خوم بینیته ده بیکه‌م به کیتبی وناوی

سواریکو اەنی رێبەرە وەبولشتاله خوبانا اروەن بوسراو فرقە اوانیش
کەبام مسالە ائن اجنە ناو کلدلی بکزادە کلدلی ابابندنە برقەتک
وەریان اکن روبە روغزادی باراکن کە جیغە ناو اوان واوانیش
بە خوبانە وەبیس بکن خربیان ناچارە کە روغزادی وان لەناو
فشارکبزادە وابە یەک دفعە لەشکری پشتاو ترخانی و روغزادی
اورشینە ناو کوچ وماڵیان بتوادی تالان اکرن خریان ونزیبان
خصوص ابن بە سعط بوارە اجنە جم چال الای بکزادە همو نە
طاقم خق قدر جوابیان اوان لەوی اجنە داری هلاء ملای
جوامیر جوامیر بیاوان لە ناو عموم هوند و عشایرە کانی
خارجی جاف خوم بە جان فدای کە با تا زانیوه ایه
لە بیاتان ماو دوو. تانا ناکم و نالیش تواز مقابلە
لوەری نەمانە و جاف بکم هەر دو توانیوه فرار بوون منیش
لەگەل نما هەر ئیمە اموش بویە ائی منیش دوو چار
ماتی تی نە هەم جیرە سید احمد ئاغا کزی بە تعداف
ایدا بە محمود پاشا لە سلیمانی محمود پاشایش لە ترک عثمانی
پاشاش لە سلیمانی خزانەیان دەحن ... رابجە اوەیش





له راستەوە بۆ چەپ : داودبەگی جاف ،رەزابەگی جاف ، کەریم بەگی جاف ، عەبدورەحمان بەگی جاف .

ئەم وێنە ساڵی ~~١٩٢٢~~ لە کەلار لە لایەن (ادموندس)وە گیراوە .

١٩٢٩

تەئریخی جاف

... خۆیان کە لە خاکی کوردستانا ، کە زۆر بەدەسەڵاتو ئیقتیدارو صاحیب ئەمر بوون ، گوم‌نەکردایەو ، داخلی صەحیفەی تەئریخ‌بوایەن ، بۆ ئێمەیش تەسهیلات ئەبوو . خوصووصەن بۆ من کە ئەم کتێبە ئەنووسم نارِەحەتییەکم نەئەبوو ، لە کەماڵی سوهوولەتدا بۆم تەواوئەبوو . ئەمە تێپەڕی .

ئەمرِۆ کە زەمانی زانینەو حوکوومەتی فەخیمەی ئینگلیس کە هاتۆتە عێراق ، بە واسیطەی تەلاشی ئەم حوکوومەتەوە کە بۆ زیادیی زانین‌و کردنەوەی مەکتەب‌و ، پێگەیاندنی منداڵەکانی عێراق لە کوردو عەرەب[1] بەرِاستیی شایانی تەوصیفە . ئەمما من خۆم دەورەی مەکتەب‌و تەحصیلم تێپەرِاندوە . ئەسەف بۆ حاڵی لەمەوبەر ، ئایا بۆ خۆم‌و ئایا بۆ باقی تێپەرِیوەکان . وە ئەمەم بە مەصلەحەت زانی بۆ تەسکینی خۆم‌و ئەوانی تریش بۆ عەشرەتی جاف ، کە عەشرەتی ئێمەیەو ، لە ئەوان ئێمە جوێ‌بووینەتەوەو ، موددەتی حەوتصەد ساڵ لەمەوبەر باوك‌و باپیری ئێمە لەوان ئیستیفادەی ماڵو دەوڵەت‌و نوفووذیان کردوە ، هەم بۆ ناوی ئەوان‌و بۆ ناوی بەعزێ لە ئەجدادی خۆم بمێنێتەوە بیکەم بە کتێب‌و ، ناوی بنێم (تەئریخی‌جاف) .

وە ئەم کتێبە بە سێزدە فەصڵ بەیانی ئەوضاع‌و ، ڕەووش‌و ، حەرەکاتی گەورەکانی جاف‌و ، عەدەدی نفووسی جاف‌و ، طایفەکانی جاف لە خاکی

---

(١) لێرەدا (دەیکا)یەك هەبێت باشترە .

ئێرانو عیراقداو ، هاتنی جاف لە ئێران بۆ کوردستانی بابانو ، گەڕانەوەیان بۆ ئێرانو ، دووبارە هاتنەوەیان بۆ ولاتی بابانو ، شەڕێ کە لە بەینی خۆیانا واقیع بوەو ، لەگەڵ ئەو طایفەو عەشایرانەی کە دراوسێیان بوون .. بوویانەو ، جێگەی کوێستانیان لە ئێرانو ، جێگەی زستانیان لە لیوای سلێمانیو لیوای کەرکووکو ، جێگەی ئەو طایفەئانی ئێرایان لە ویلایەتی کرماشانو سنە ، کە مەشهوورە بە ولاتی ئەردەلان ، تێدا بەیان بکەم .

فەصڵی ئەوەڵ :

بەیانی عەدەدی طایفەکانی جاف لە ئێرانو لە کوردستانی باباندا کە داخلی عێراقە . ئەم عەشیرەتە بە عومووم پێیان ئەڵێن جافو ، ئەم طایفانە ئیسمیان ئەمەیە :

طایفەکانی جافی بابان :

ئیسمی فیرقە : میکایەلی ، شاتری ، رۆغزادیی ، تەرخانیی ، باشکیی. هاروونیی ، صەدانیی، کەماڵەیی، بەداخیی، عەمەلە، عیسایی گەلالیی ، نەورۆلیی ، یەزدانبەخشیی ، وەلیی ، نەژوێنیی ، مەسۆدیی . شێخئیسماعیلیی ، صۆفی وەند ، تاووگۆزیی ، میراولیی ، پشتماڵە . سمایلعوزێریی ، بێسەریی ، چووچانیی ، تیلەکۆ .

ئەم چەند طایفە لە جافەکانی ئێران جوێ بوونەوەو هاتوونە شارەزوورو خاکی بابان ، کە داخلی عێراقەو ، طایفەکانی جاف کە لە ئێران ماوەتەوە ئەمەیە(٢) کە ئەینووسم :

قوبادیی ، باوەجانیی ، ئیمامیی ، یەناخیی ، قادرمیروەیسیی . طایشەیی ، کۆیك ، تیرژی ، دەروێشیی ، وەڵەدبەگیی ، دەلەژێریی ، کۆکۆیی ، زەردوویی ، عەلیئاخەیی ، پەپلیی ، تاووگۆزیی ، دووڕوویی . کوێرەکیی .

---

(٢) ئەگەر لێرەدا بنووسرێ :(ماونەتەوە ئەمانەن کە ئەیاننووسم) باشترە .

فەصـــڵی دوەم

ئەم طایفانە لە ناو خۆیانا چەند فیرقەیەو ، ناوی گەورەی فیرقەکانی کـــێن ؟

میکایەلیی چوارفیرقەیە : محەمــەد ئەلیوەیسیــی ، رەشوبۆریـی ، شوانکارە ، ئالیی‌بەگیی ٠

فیرقەی محەمەد ئەلیوەیسیی ، تەخمینــەن دانیشتــووو گەڕیاویـان هەزار ماڵ ئەبن ٠ حەوصەدیان گەڕیاون‌و ، سێصەد ماڵیان دانیشتــوون ٠ گەورەیان رۆستەمی حەسەنی حاجی قادرەو ، میرزای حاجی حسەینــەو ، عەلی حاجی قادرە ٠

دانیشتوەکانیان لە ئاژداغی دەلۆو . کچانو ٠ طەرەفی ژاڵەو ، رەباطو کارێزەو ، کۆیك‌و ، ناحیەی تانجەرۆ ، چ لە طەرەفی عەربەت‌و ، قەراڵیی‌و ، چ لە طەرەفی نەمەڵ‌و ، بێ‌پوورەو ، قسرد ، دائەنیشن ٠ تەخمینەن ئەم فیرقە سێصــەد سوارو سێصەد پیــادەی موسەللەحیــان ئــەبێ ٠ لــە رێگــەی زوستانەیانەوە کە سەگرمەو دەربەند‌ئاوداری باصەڕەیە ئەچنە قــەرەداغ‌و ، لەوێوە ئەچنە ناحیەی تانجەرۆو ، لە رێگەی پووشێنەوە داخڵی ناحیــەی سرۆچك ئەبن‌و ، لە رێگەی گژی‌تاری‌دەرەوە ئەچنە قزلجە ،کە ناحیــەی پێنجوێنە ٠ لە طەرەفی سەری باپیرە ، کە شیمالی پێنجوێنــە ، رەش‌دەوار هەڵئەدەن ٠ لەوێوە ئەچنە چەمی بێسان‌و رەشیدو ، لە چــەمی بێسانــەوە

داخلی خاکی ئێران ، کە مەحەلی هاوینو،[٣] ناوی نەکەرۆزو کەلی خانە لە بەینی بانەو سەقزدایە ئەمێنن •

فیرقەی دوەم کە رەشوبۆرییە : ئەم طایفە وەکوو محەمەدئەلیوەیسیی بوون • سی سال لەمەوبەر خۆم بۆ تەکالیمی عەشیرەتیی چوومەتە ناویان ، زۆر بە تفاقو دەوڵەمەندو صاحێبسوار بوون • بیست سال لەمەوبەر لە تەك عەسکەری تورکا بەشەڕ هاتن ، نزیکی بیست عەسکەریان لە تورکەکان لە شارباژێڕ کوشتو ، تورکەکانیش لەوان نزیکی بیستکەسێکیان کوشت • لەم خوصووصەوە دووچاری فەرتەنەیەکی گەورە بوون • بەشی گەڕیاویان زۆر کەم بۆوەو ، زەرەری مەڕو بزنو باقی حەیواناتیان بوو ، مەئموورەکانی لیوای سلێمانی بە چاوی دوشمنیی تەماشایان ئەکردن • زۆر نوقصانیی هات بەسەریانا • ئێستە گەڕیاویان دووصەد ماڵ ئەبێو دانیشوویان سێصەدو بەلکو چوارصەد ماڵیش ئەبێو ، ئەمانە لە طەرەفی مەملەحەو قەیتوولو ، دەرەبایزو ، ئیمامشاسوارو ، صەدوبیستو ، زرگوێزەڵەو ، زرگوێز لە ناحیەی تانجەرۆ دائەنیشنو ، گەڕیاویان لە رێگەی دەربەندئاودارو سەگرمەوە ئەچنە قەرەداغو ، لەوێوە ئەچنە ناحیەی تانجەرۆو ، لە پشت سلێمانیو وێلەدەرەوە ئەچنە شارباژێڕو ، لە چەمی ئاشانەوە ئەچنە سەر رێی پیرێژن گلێنی تاریدەرو ، لەوێوە داخلی ناحیەی قزلجە کە پێنجوێنە ئەبنو ، لەوێوە ئەچنە سەر باپیرەو ، لەسەر باپیرەوە ئەچنە چەمی رەشیدو بێسانو ، داخلی خاکی ئێران ئەبنو ، لە مەوقیعی حەمەئەلیوەیسیی ، لە بەینی سەقزو بانەدا دائەنیشنو ، گەورەی ئەم فیرقە محەمەدخان سلێمان ئەحمەدخیبالییو ، فارسی عەزیز مەردانو مەجیدمەردان و مەحموودیوسفە

---

(٣) لێرەدا (ئەبن)ێك ببێ باشە •

ئەمڕۆ صەد سواریان ئەبێ‌و ، دووصەد پیادەی سیلاحداریـان ئـەبێ زۆر لە زەمانی پێشـوو کـەمترن •

فیرقەی سێیەم کە شوانکارەیە : ئەم فیرقە صەدو پەنجا ماڵ گەڕیاویان ئەبێ‌و ، دانیشتوویشیان صەدو پەنجامال زیاترە • دانیشتوویـان وان لـە هەشەزین‌و ، کوورەگەچینەو ، گۆپتەپەی سەنگاوو ، ژاڵەو ، دوودەرو ، لە ڕێگەی ڕەشوبۆریی‌و حەمەئەلی وەیسیوە ئەچنە سلێمانی ، لە طەرەفـی ئاوبارەو ئاشەسپیی ئەبن‌و ، لەوێوە بە گۆیژەدا ئەچنە گەڕەدێ‌و ، چەمـی ئاشان‌و ، داخڵی ناحیەی پێنجـوێن ، هەروەکـوو حەمەئـەلی‌وەیسیـی‌و ، ڕەشوبۆریی ئەچنە خاکی ئێران‌و لەجێی ئەوانا دائەنیشن‌و ، گەورەی ئـەم فیرقە ڕەمەزانی بەخشەو ، ناصری مەحموودە ، صەدسوارو صـەد پیـادەی تفەنگداریان ئەبێ‌و ، ئەم فیرقە لە ناو میکایەڵی‌دا زۆر ئازاو دڕن •

فیرقەی چوارەم : ئاڵی‌بەگییە • ئەم فیرقەیە گەڕیاویان صەدو بیست ماڵ ئەبێ‌و، دانیشتوویان لە سەنگاوو لە تانجەرۆ صەدو پەنجا ماڵ ئەبێ • حەفتا سوارو هەشتا تفەنگداریان ئەبێ • گەورەیان حەمەصالحی حاجـی نـادرو حەمەخورشیدی حاجی شاسوارو حەمەطالیبی برایەتی • ئەمانە عەینـەن وەکوو حەمەئەلی‌وەیسیی‌و ڕەشوبۆریی ئەچنە تانجـەرۆو ، لـەو ڕێگـەوە ئەچنە پێنجوێن‌و خاکی ئێران • ئەم فیرقە پیاوی موسوڵمانیان زۆر بوو و ، خۆم گەورەکانیان کە دیومن زۆر پیاوی چاك بوون‌و ، حەزرەتی مەولانـا خالید ، کەئیحتیاجی بە تەعریف نیە ، لـەم فیرقـەی میکایەڵییەیـە ، کـە ئاڵی‌بەگییان پێ ئەڵێن‌و ، شاعیری مەشهووری کورد کە جـەنابی (نالی)یـە ئـەویش لـەم فیرقەیـە •

وە بەعزێ فیرقەی تر وەکوو میرەیی ، کاکلی ، ڕژدەیی ، ئاخەسووریی، ئەمانەش میکایەڵیـن‌و ، ئەمانـە لەبەر کەمـیی لە نـاو باقـیی فیرقەکـانا شاررراونەتەوە • عومووميان تەخمینـەن دووصـەدو پەنجـا ماڵ ئەبـن‌و ،

نیوەیان دانیشتوو ، نیوەیان گەڕیاونو ، بە ئیعتیباری عومووم پێیان ئەڵێن میکایەلیی • ئەم طایفە سی ساڵ لەمەوبەر زۆر تەرەقییان بوو، لە حەد بەدەر دەوڵەمەند بوون • خۆم لە فکرم دێ باوکم کە فەتاح بەگ لە تەك عەبدوللاپاشادا کە بەشی گەورەی میکایەلیی لەحسابی تەقسیماتی ئێلی کە لە بەینی بەگزادەدا کرابوو عایدی عەبدوللا پاشابوو، بۆ ژمارەی بزنو مەڕیان چوونە ناو میکایەلیی عەدەدی حەیوانیان گەیشتە صەدوبیست هەزار سەرو ، خۆم لە باوکم ئەبیست ئەیفەرموو : سیهەزار سەر شارراوەیان زیاتر بوە • ئێستە ئەو دەوڵەتەیان نەماوەو لەو سەرەدا[٤] تەخمینی میکایەڵییان بە پێنجیەکی عەشرەتی جافی مرادییان[٥] ئەکردو ، تەخمینەن صەد ماڵی وای تێدابوو کە هەزار لیرە پارەی نەقدی ببێو ، زۆری سەرخێڵەکانیان حاجی بوون ، پارەی زۆریان بوو ، ئەچوون بۆ حەج • سی ماڵی وا لە ناو میکایەڵییا بوو کە صاحیبی رەووگ بوو ، یەعنی کە صەد مایني یەڵخیی بوو لە صەحرادا • ئێستە لەو ماڵانە چواریان نەماوە • حاجی قادر ، کە باوکی حەسەنی حاجی قادرە ، بە تەنها سێصەد ماینی یەڵخیی بوە ، لەمەوبەر کە وەها دەوڵەمەند بوون پیاوی چاکیان زۆر بوو ، ئەمما ئیستە کە فەقیر بوون خراپیان زۆرە • ئەوسا دزیان نەبوو ئیستە پەیدایان کردوە • وەقتە بنووسم بەقەدەر گەلاڵیی دزیان هەیە •

طایفەی دوەم : شاتریبە • ئەمانیشە طایفەیەکی گەورەن لە ناو جافدا لەناو خۆیانا بە چوار کۆمەڵ ناوئەبرێن : کۆمەڵی برایمیی ، میروەیسیی ، وردەشاتریی ، یوسوجانیی • کۆمەڵی برایمیی ئەبن[٦] ، دووصەد ماڵ گەڕیاوو دانیشتووشیان صەد ماڵ ئەبن • گەورەیان حەمەی مەحموودو

---

(٤) (لەو سەردەمەدا)یەو ، بە هەڵە وانووسراوە .

(٥) ئەگەر (مرادیی)بێ رەساترە .

(٦) ئەم (ئەبن)ە نەبێ باشترە .

حەمەی برایمە • دانیشتوەکانیان لە باوەنوور داخلّی ناحیەی شێروانەو ، لە دزیایش لە ناحیەی وارماواو ، لە کەلی دووڕانو ئەطرافیان لە ناحیەی خورماڵ دانیشتوون • ئەمانە گەڕیاویان لە ڕێگەی مەخوڕنوو لەو کانی ئەللاوە دەچنە چوار مڵان لە ناحیەی سەنگاو • وە لەوێوە لە ملەی پەیکولی یەوە ئەچنە ناحیەی وارماواو ، لەوێوە ئەچنە ناحیەی خورماڵ لە لای سەیدصادق لە شارەزوورو ، لە ڕێگەی چەقانو چەوتانەوە ئەچنە ملەکەوەو ، لەوێوە داخلّی ناحیەی پێنجوێن ئەبن لە بەردەمی مەسوود • بەرامبەری پێنجوێن ئەبەزنو ، لە خەڵووزەوە ئەچنە شلێرو ، لەوێوە ئەچنە خاکی ئێران ، لە ڕێی سوورەتووان ئەچنە جێگەی خۆیان ، کە کوڵو دۆزەخدەرەو کانیفەرانگێزە • دە سەعات لە سنەوە دوورە •

کۆمەڵی دوەم : میروەیسیی ، گەڕیاویان دووصەد ماڵ ئەبیو ، دانیشتوویان صەد ماڵ ئەبێ • حەمە فەرەجی ئاخەو قادری پیروەیس گەورەیانن ، ئەمانە عەینەن وەکوو برایمیی لەو ڕێگەوە ئەچنە ئێرانو ، لە کەژی سوڵطانئاخزۆتی ئەمێننەوەو ، ئەمانە شانزە سەعات لە سنەوە دوورنو ، دانیشتووی ئەمانە لە ناحیەی شێروانەو لە دزیایش ، کە داخلّی ناحیەی وارماوایەو ، لە قەرەتەپە ، کە داخلّی ناحیەی خورماڵە ، دانیشتوون

کۆمەڵی سێیەم : وردە شاتری یە • گەڕیاویان صەدو پەنجا ماڵ ئەبنو ، دانیشتوویان هەم صەدو پەنجا ماڵ ئەبن • ئەمانیشە لە ڕێگەی دوو کۆمەڵی پێشوو ئەچنە خاکی ئێران لە قاویلبەگو شاقەڵاو طەرەفی هەزارکانیی دائەنیشنو ، چواردە سەعات لە سنەوە دوورنو ، دانیشتوەکانیان وان لە ناحیەی شێروانە طەرەفی کانی چەقەڵو ، لە بانی خێڵانو کانیسارد کە داخلّی ناحیەی وارماوانو ، لە سوەیلەمشو هەیاس ، کە داخلّی ناحیەی خورماڵن • گەورەی ئەمانە فەرەجی حەمەی رەسووڵو ،

حەمەی خوسرەوو ، یەك دوو پیاوی ترن ، وەکوو حسەینی حاجی محەمەدو سلێمانی حەمەی رەسووڵ •

کۆمەڵی چوارەم : کەیوسوجانیە • ئەمانە گەڕیاویان صەد ماڵ ئەبن و دانیشتوویشیان صەدو بیست ماڵ ئەبێ • ئەمانە لە رێلەی داری خلە کە ها بەسەر گژی سێدارەوە ئەچنە ناحیەی وارماوا ئەسەر رێی ئەو سێ کۆمەڵەکەی ترو ، لە عەینی رێگەی چەقانو چەوتانەوە ئەچنە پێنجوێنو لەوێوە ئەچنە خاکی ئێرانو ، لە کوێستانی ئێران لە کەلیباو مێشوولە هەوار دائەنیشنو ، پانزە سەعات لە سنەوە دوورن • وەلیو ، نەژوێنیو ، کەرۆیی • ئەم فیرقە بچکەلانە صەدماڵی ئەبن هان لە ناو ئەم کۆمەلانیی[7] شاتریا وەکو شاتری حسێب ئەکرێن ، ئەم طایفە بە عومووم کە پێیان ئەڵێن شاتریی چوارصەد سوارو چوارصەد پیادەی تفەنگداریان هەیە ، گەڕیاوو دانیشتوویان •••[8]

رۆغزادیی ئەبێ بە چوار فیرقە : کۆمەڵی حەمەجان ، کۆمەڵی سەرحەد ، کۆمەلی رۆغزاد ، کۆمەلی سمایل • کۆمەلی حەمەجان گەڕیاویان سێصەد ماڵ ئەبێو ، دانیشتووشیان صەد ماڵ ئەبێ • گەورەی ئەم فیرقە رۆستەمی حەمەی مەحموودو ، حەمەفەرەجی باوەجانو ، رەشیدی باوەجانە • ئەمما بۆ ناو کۆمەڵی خۆی رۆستەم لە گشتیان گەورەترەو ، سلێمانی حەمەجان ئەویش گەورەیانە ئەمما وا لە ئێران دانیشتوە ، بوە بە صاحیبی هەشت نۆ دێ لە مەحاڵی خوڕخوڕەداو ، ئەم چوارصەد ماڵی گەڕیاوو دانیشتوە عومووم ئامۆزاو برازاو برای یەکنو ، دانیشتووی ئەمانە وان لە سەرقەلا ، کە داخلی ناحیەی شێروانەیەو ، هەم لە زەڕایەنو ، کانیڕەشو محەمەدخانی ، کە داخلی ناحیەی وارماوان ، دانیشتوون ،

---

(٧) ئەگەر (کۆمەڵەی) بێ باشترە •
(٨) لێرەدا هەست بە ناتەواویی دەکرێت •

ئەم کۆمەڵی حەمەجانە لە ڕێی کەوەڕێوە ئەچنە بۆرمحەمەد لە ناحیەی سەنگاوو ، لەوێوە ئەچنە کۆڕیئەسپو طالەبانو ، لەوێوە لە کەلی پەیکۆلیوە داخلی هەردو ناحیەی قەرەداغو وارماوا ئەبنو ، لە کەنی گەورەقەڵاوە ئەچنە کانیڕەشو زەڕایەنو ، لەوێوە لە ڕێی بنەجووتو دوودارەوە ئەچنە کەولۆزو ، لە کەولۆزەوە بە ڕێگەی هەرزەڵەدا ئەچنە پێنجوێن ، لە بەردەمی پێنجوێن ئەبەزنو ، لە خەلووزەوە ئەچنە شەیدانو میشیاو ، وە لەوێوە بە ڕێی[درەرادا]ئەچنە خوسرەوخانو ،هانەتاڵەو ،مەولاناواو ، دەرەهوانو ، کەوکۆسان ،کە داخلی خوڕخوڕەو خاکی ئێرانە • وە ئەمانە هان لە بەینی سەقزو سنە[٩] پێنج سەعات لە سەقزەوە دوورن •

فیرقەی سەرحەد : ئەمانە صەد ماڵ ئەبن • ئەمڕۆ گەڕیاویان نیە هەموو دانیشتوون ، حەفتا ماڵیان وا لای خەلیفە یونس لە دزکەرەو ئەطرافیو ، سی ماڵیان وا لە قولیجانی سەرحەد • گەورەی ئەمانە خەلیفە یونسو ئەحمەدڕۆستەمی ئامۆزایەتی • وە ئەم صەد ماڵە گشتیان براو ئامۆزای یەکنو دوورنەکەوتوونەتەوە لەیەك • زەلامو سواری تفەنگداریان صەد کەس ئەبن • ئەمانە پانزە ساڵ لەمەوبەر گشتیان گەڕیاو بوونو ، لەم میقدارەش زیاتر بوون ، صەدوپەنجا ماڵ ئەبوون •

کۆمەڵی سێیەم : کە کۆمەڵی ڕۆغزادە ، ئەمانە صەدماڵ گەڕیاویان ئەبێو ، دانیشتوویان صەدو پەنجا ماڵ ئەبن ، دانیشتووەکانیان وان لە ناحیەی شێروانە[١٠] دێهاتی سەرقەڵاو ، لە ناحیەی سەنگاو لە تەپەگەڕووسو ،بەراوگەڵو دێی ئەمینی کاکەمەدو ،کوردەمیرو ، لە ناحیەی تانجەرۆ لە دێی سێتەڵانو قازاو دانیشتوونو ، گەڕیاویان وەکوو کۆمەڵی

---

(٩) (سنەدا) ڕەوانترە .

(١٠) (لە دێهاتی) بێ باشترە .

حەمەجان لە پەیکولیوە ئەچنە قەرەداغو ، لەوێوە داخلی ناحیەی تانجەرۆ لە شارەزوور ئەبن‌و ، لە عەینی ڕێگەی کۆمەڵی حەمەجانەوە ئەچنە پێنجوێن‌و ، لەوێوە بە ڕێی شەیدان‌و مشیاوا ئەچنە جێگەی هاوینە کە سێوەسوورەو لە مەحاڵی‌خوڕخوڕەو ، چوار سەعات لە سەقزەوە دوورە ، گەورەی ئەمانە فەتاحی کامەران‌و ، وەثمانی ئەمین‌و ، حەیدەری عەزیزو ، تۆفیقی محەمەدی شاوەیسە •

فیرقەی سمایل گەڕیاویان حەفتا ماڵ ئەبن‌و ، دانیشتوویان هەشتا ئەبێ ، دانیشتوەکانیان وان لە ناحیەی شێروانە لە دێهاتی سەرقەڵاو ، بەشێکیان وان لە دێی قەڵاسوورە لە ناحیەی وارماواو ، بەشێکیان وان لە دووکان‌و دووکەرۆ لە ناحیەی قەرەداغو ، بەشێکی تریان وان لە محەمەدخانیی‌و مووان‌و قاڵیی‌جۆ لە ناحیەی خورماڵ • گەورەی ئەمانە مەدحەتی صاڵحی کاکەخان‌و ، ڕۆستەمی حەمەی فەتاح‌و ، عەولکەریمی ڕۆیتەنە • ئەمانە گەڕیاوەکانیان لە ڕێگەی کۆمەڵی حەمەجان‌و ڕۆغزادەوە بەپەیکولیدا ئەچنە قەرەداغو وارماواو • لەوێوە ئەچنە مووان لە ناحیەی خورماڵ‌و، لەوێوە بە ڕێگەی کەولۆسا ئەچنە پێنجوێن‌و ، لە شەیدان‌و مشیاوەوە داخلی خوڕخوڕە لە خاکی ئێران ئەبن‌و ، ئەمانە لە طەرەفی عیساقاواو شەدەرە دائەنیشن‌و ، شەش سەعات لە سەقزەوە دوورن • ئەم چوار طایفە کە پێیان ئەڵێن ڕۆغزادیی گەڕیاوو دانیشتوویان بە هەیئەتی عومووم چوارصەدو پەنجا سوارو چوارصەدو پەنجا پیادەی تفەنگداریان ئەبێ‌و ، زۆر ئازاو مەزبووت‌و شەڕکەرن‌و ، لە ناو عەشرەتی جافدا بە ئازایی مەشهوورن‌و ، زۆر صاحیب نانیشن‌و ، ئەمڕۆ پیاوی صاحیب‌پارەشیان زۆرەو ، زۆر مەیلیان لەسەر فەلاحەت‌و کەسابەت هەیە •

تەرخانیی طایفەیەکن ئەبن بە دوو فیرقە • بەشی ئەلك‌و ، بەشی قاچۆڵ • گەڕیاویان سێصەد ماڵ ئەبن‌و ، دانیشتوویان صەدو پەنجا ماڵ ئەبێ‌و ،

دانیشتوەکانیان وان لە ناحیەی شێروانە لە طەرەفی سەرقەڵاوە ، لە دێی زەردەو توورانو کانیمارانو پیازەجاڕو ، لە ناحیەی قەرەداغا دێی هۆمەرقەڵا عیبارەتن لەوانو ، لە ناحیەی وارماوا لە چبووخو کانیکەوەو کەریمئاواو ، تەپەکەل دانیشتوونو ، گەڕیاویان لە ڕێی ڕۆغزادیوە ئەچنە ناحیەی سەنگاوو لە کەلی پەیکولیوە ئەچنە ناحیەی قەرەداغو وارماوا ، لەوێوە ئەچنە شارەزوور ، لە طەرەفی یەخشییو مالوانەوە لە عەینی ڕێگەی ڕۆغزادیوە ئەچنە پێنجوێنو ، لە شەیدانو مشیاوەوە داخلی خاکی ئێران ئەبنو ، جێی هاوینیان عیبارەتە لە باشورتیو ، کانامەدو ، قەرەخانو ، ئاڵغوزاغاجو ، ئەمانە شەش سەعات لە سەقزەوە دوورن ، گەورەی ئەم طایفە بە عومووم حەمەحەسەنو حەمەی شاسوارە • ئەم طایفە فیرقەیێکن لە ڕۆغزادیی ، یەعنی بە عومووم لە پێنج بران • تەرخانی کە بە ناو جیابوونەتەوە لە بەر ئەمەیە بەشی ئەلکی پیروەیس لە قەدیمەوە خزمەتکاری گەورەی جاف بوون وەکو بەگزادە بیو ، لە تەکالیفی عەشیرەتیی تەرخانکراون ، یەعنی لە تەکلیف رزگاربوونو ، خوصووصەن لە زەمانی ریاسەتو گەورەیی محەمەدپاشادا زۆر خزمەتی نومایانیان بە محەمەدپاشا بوەو ، بەم واسیطەوە ئیسمیان لە ڕۆغزایەتیی گۆڕاوەو ناوبراون بە تەرخانیو ، ئەم طایفە گەڕیاوو دانیشتوویان بە هەیئەتی عوموومی دووصەد سوارو دووصەد پیادەی تفەنگدار ئەبن • ئەمانیش وەکوو ڕۆغزادیی زۆر ئازاو شەڕکەرنو ، ئەمڕۆ زۆریش دەوڵەمەندن بە حەیوانو بە نەقد •

باشکیی : کە یەك فیرقەن صەد ماڵ ئەبن • وە ئەم فیرقە لە (شەرەفنامە)دا ، کە لە هەزارو پێنجی هیجریدا تەئلیفکراوە ، ئەمیر شەرەفخانی بەدلیسی کە یەکێکە لە حوکمدارانی کورد ناوی بردوون ، ئەمانە دانیشتوویان زۆر کەمە ، عەینەن لە ڕێگەی ڕۆغزادیو تەرخانیوە ئەچنە شارەزوورو لە عەینی ڕێگەی ئەوانەوە داخلی خاکی ئێران ئەبن • لە

ناو تەرخانی لە باشورتی دائەنیش • ئەم طایفەیە زۆر کوردن‌و ، زوانیـان وەکو کوردی سێصەد ساڵ لەمەوبەر وایە ، هیچ نەگۆڕیاوە • چل سوارو چل پیادەیان ئەبێ • ئەمانەش عەلاوەجاتی رۆغزادی‌و تەرخانین • گەورەیان خەلیفە حەسەن‌و مەحموودیاسینە •

هاروونیی : ئەمانیش ئەبن بە چوار فیرقە : کۆمەڵی سەلیم • کۆمەڵی نەدرشەیی • کۆمەڵی قارەمانی‌و خوڵامی •

کۆمەڵی هاروونیی : ئەمانە بە عوموم سێصـەد مـاڵ گەڕیاویـان ئەبێ‌و ، سێصەدیش دانیشتوویان ئـەبێ • دانیشتوەکانیـان لە ناحیـەی سەنگاو لە مەحاڵی پێبازاو لە ناحیەی وارماوا لە تووەقوت‌و ، جەرداسنەو ، گوڵان‌و بێسەڵمێن‌و ، کانی‌بەردینەو ، قەلبەزەو ، لە دێهاتێ ، کە تابیعـی مەرکەزی قەزای هەڵەبجەن ، دوو دێیان هەیە کە ناوئەبرێن بە قارەمانی‌و خوڵامیی‌و ، لە ناحیەی خورماڵدا تەپەزێڕینەو ، قوڵخوردو ، قەدەفەریی‌و ، ریشێن • دانیشتوەکانیان لەم دێهاتانە دانیشتوون‌و ، عایـدی ئەوانـەو ، گەڕیاوەکانیان جێی زوستانیان پێوازەو ، لەوێوە لە ڕێی دەربەندیخانـەوە ئەچنە شارەزوورو ، لە شـارەزوورەوە لە عەینی ڕێی شاتریـوە ئەچنـە پێنجوێن‌و ، لە پێنجوێنەوە لە ڕێی کاسەکەلەوە ئەچنە دەشتی میل‌و چەمـی چنارو ، لەوێوە ئەچنە گژی سان‌ئەحمەدو هەزارمێرگ‌و تەیناڵ‌و ، ئەم طایفە کەوتوونە غەربی جەنووبی سنەوەو ، دوانزە سەعات لە سنـەوە دوورن • ئەم طایفە گەڕیاوو دانیشتوویـان دووصـەدو پەنجـا سواریـان ئـەبێ‌و ، سێصەدو پەنجا پیادەی تفەنگـداریان هەیـەو ، ئـەم طایفـە زۆر ئـازاو مەزبووتن • ئەمما زۆر حەز لە پیاوخراپیی ئەکەن‌و ، شەرەفنامەش وەکـو واشکیی ناوی بردوون • ئەمـانە گـەورەیـان عـەلی‌محەمـەدئەمیـن‌و ، ئەحمـەدی‌حسەیـن‌و ، عەبـدولکـەریمی حاجـی‌و ، عەبـدولحەمیـدی حەمەئەمینەو ، هەم حەسەنی حاجی قـادرو حەمەطاماسـە • ئـەم طایفـە

پانگزه ساڵ لەمەوبەر گەڕیاویان زۆر بوو • چوارصەد سواریان زیاتر بوو • لە تەك عومومی مەریوانیا دوشمن بوونو ، نزیکی حەفتا هەشتا لەسیان لێ‌کوشتنو لەمانیش زۆر کوژراو ، بە واسیطەی ئەم دوشمنایەتیەوە زۆر تەرەقییان کرد لە ماینو تفەنگو فیشەك • ئیستەیش دوشمنن ئەمما شەڕ ناکەن •

طایفەی صەدانیی ئەبن بەسێ فیرقە : سەید مورادیی ، ناودیریی صەدانیی • ئەمانە چوارصەد ماڵ ئەبن • گەڕیاویان زۆر کەمە • بە زەحمەت حەفتا ماڵ ببێ[11] •دانیشتوویان زۆرترە • قیسمێ لە ناحیەی قۆرەتووانو ، باقی تریان لە ناحیەی خورماڵا لە شیرەمەڕو ، گێلەكو ، شێخ‌مووساو ، ولۆسێنانو ، چەقەڵاوا دانیشتوون • گەورەی ئەمانە خوسرەوی‌مچەو ، عەبدوڵڵای رۆستەمی حەسەنە • گەڕیاوەکانیان لە رێگەی شاتریوە ئەچنە شارەزوور ، وە لە عەینی رێگەوە ئەچنە پێنجوێنو ، لەوێوە ئەچنە خاکی ئێران ، لە فەرهاداواو توودارو دووەیسە دائەنیشن ، ئەمانە لە سنەوە چوار سەعات دوورن • ئیستە زۆر بڵاون ، ئەمما بەشی زۆری دانیشتوویان لە ناحیەی خورماڵان • بە عوموم ئەم طایفە حەفتا سوارو صەد پیادەی تفەنگداریان ئەبێ • لە وەقتی خۆیدا طایفەیەکی گەورە بوون ، بە واسیطەی ئەمەوە کە گەڕیاویان کەم بوە ئیستە بچووك بوونەتەوە • وەکوو لەمەوبەر نەماون •

کەماڵەیی : ئەم طایفە ئەبێ بە چوار فیرقە : شیروانیی ، سووسکیی ، کەچەڵیی ، مەحموودخانە • ئەم طایفە دووصەد ماڵ گەڕیاویان هەیە ، وە صەد ماڵ دانیشتوویان هەیە • سی ماڵیان لە ناحیەی شێروانە لە گۆبان وە قەرەچیلو دوومیلان هەیە • باقیی تر لە قلرخو دێی خەرجانەو جۆلانن لە ناحیەی خورماڵو تانجەرۆدان • گەڕیاوەکانیان لە رێگەی داری خلەوە

---

(11) لێرەدا (دەبن)ێك لەبیرکراوە .

ئەچنە ناحیەی سەنگاوو ، لە کەلی پەیکولیوە ئەچنە قەرەداغو ، لە ریکەی سوورەوە ئەچنە شارەروور لە طەرەفی بیستانسوور لە ناحیەی تانجەرۆ ئەبن‌و ، لە ریکەی محەمەدئەلی‌وەیسیوە ئەچنە بەرزنجەو ، لە تاری‌دەرەوە ئەچنە ناحیەی پینجوین‌و ، لەویوە ئەچنە خاکی ئیران کەژی کەوتەرەش • وە لە بەینی بانەو سەوزدا دائەنیشن • ئەم طایفە بە عوموم سەد سوارو سەد تفەنگداریان هەیە ، زۆر ئازاو مەزبووتن لە ناو جافدا ئەدەبیان نی ئەکەن ، ئەمما زۆر وەحشین ، وەکوو سێصەد ساڵ لەمەوبەر وان ، نا ئەتوانم بنووسم لەم گۆرپیانەدا کە حوکوومەتی تورك رۆیی‌و ، ئینگلیس هات‌و ، حوکوومەتی عێراق تەشکیل کرا کەمتر خەبەریان بی‌و ، هەر تەکلیفێکی حوکوومەتی کە بێتە سەریان ئەیدەن بە دەست کوێخاکانەوە • هەروا ئەزانن خەرج‌و پیتاکی زەمانی رەئیسی جاف محەمەدپاشایە ! ئەمما لە خوصووصی نوێژو رۆژوو و ئەمانەوە زۆر قایمن‌و خەرافاتیان زۆرە • گەورەی ئەمانە سەمینی شاوەیس‌و ، فەتاحی مەحموودو ، مەحموودی‌ئەمین‌و ، مەحموودی‌حەمەی‌عیسایە •

بەداخیی : ئەم طایفە دووصەد ماڵ ئەبن • گەرپاویان ئەمرۆ پەنجا ماڵ ئەبێ • دانیشتوویان لە ناحیەی قۆرەتوو و هۆرێن‌و شێخان زۆرە • وە لە ناحیەی شێروانە لە باوەنوور بیست ماڵێکیان هەیە • وە لە ناحیەی خورماڵ لە قەرەتەپە هەم هەن • ئەمانە وەکوو صەدانیی لە گەرپان کەوتوون ، کەمیان ئەگەرێن • سی سوارو پەنجا پیادەی تفەنگداریان هەیە • گەرپاوەکانیان لە رێی شاتریوە ئەچنە شارەزوورو ، لە عەینی رێگەی شاتریوە ئەچنە پێنجوێن‌و خاکی ئێران‌و ، لە کانی تەمرخان لە بەردەمی کەژی تۆراخ‌تەپە دائەنیشن‌و ، جێی زوستانیان هەواسان‌و قەرەچەم‌و قەڵاتەپەو ئەلی‌پەکانە لە ناحیەی قۆرەتوو • بەحثی جێگەی زوستانی ئەوان‌و صەدانیی لە بەحثی جێگەی بەگزادەی جافدا مەعلووم ئەبێ •

گەورەی ئەم طایفە بەسەر گەڕیاوەکانیانەوە حەمەعەلی مرادخانە • دانیشتوەکانیان هەرکەس گەورەی دێی خۆیەتی •

عەمەڵە : ئەم طایفە ئەبێ بە سێ کۆمەڵ • جامبازیی ، ئاخەوەیسیی • هۆزی حەمە • ئەم سێ کۆمەلە سێصەدو پەنجا ماڵ ئەبن • گەڕیاویان زۆر کەمە • باقی تریان دانیشتوون • ئەم طایفە بە واسیطەی ئەمەوە گشتیان سوارەی تایبەتیی رەئیس‌و بەگزادەی جافن ، کە بەگزادەکان بەسەر ملکەوە دانیشتن ، تەرکی گەڕیانیان کرد ، حاڵی حازر لە دێی کەلار لای خۆم‌و براکانم شەصت ماڵیان زیاتر هەیەو ، لە دەککەوقوڵە ، کە داخلی قەزای خانەقین ، لای حاجی ئیبراهیم بەگ‌و باقی‌و ، لە کۆکس ، کە داخلی قەزای کفری‌یە ، لای ئەحمەدبەگ‌و عەلی‌بەگ‌و حەمەڕەشید بەگ پەنجا ماڵیان زیاد هەیەو ، بیست ماڵیان دووبارە لە ناحیەی شێروانە لە تازەدێ‌و قولەسووتاو لای خۆم هەیە • باقی تریان لە ملکی حەسەن‌بەگی عەلی‌بەگی مەحموودپاشاو باقیی بەگزادە لە قەزای هەڵەبجە بە بڵاویی دانیشتوون • گەڕیاوەکانیان حەفتا ماڵیان ئەبێ • بەسەر گەڕیاوەکانیانەوە حاجی محەمەدو حاجی قادری سلێمانە • ئەمما گەورەیان لە عەشیرەتی‌دا فەتاحی رۆستەم‌و ئەمینی‌محەمەدو ئەحمەدی محەمەدئەمینە • سوارەو پیادەی تفەنگداریان ئەمڕۆ لە دانیشتوو گەڕیاویان صەدوپەنجا زیاتریان هەیەو ، ئەمانیش گەڕیاوەکانیان لە رێی شاتریوە ئەچنە شارەزوورو پێنجوێن‌و ئێران‌و ، لە کوڵ‌و دۆزەخدەرەو سێ‌پەلکان دائەنیشن •

عیسایی : ئەم طایفە صەد ماڵێ ئەبن • پانزە ساڵ لەمەوبەر عوموومی دانیشتوون ، لە ناحیەی شێروانەدا لە ژاڵەو باوەنوورو مامیل‌و سەیدمەحموودو بییەڕەشەو ، گەڕیاویان نیە مەگەر دە پانزە ماڵێ نەبێ لە ناو شاتری‌دا • گەورەی ئەمانە فەرەجی کوڕی عەلی ئەمیرخانە • سی سوارێک‌و سی پیادەیێکی تفەنگداریان ئەبێ •

گەلاڵیی : طایفەیەکی گەورەن لە ناو جافدا • ئەمانە ئەبن بە حەوت کۆمەڵ : حدروەیسیی ، بورە ، پشدەریی ، کەرمەوەندیی ، سەرتەپ ، سێزدەئاغای تەلانیی • ئەم طایفە بە عومووم هەزارو دووصەد ماڵ ئەبێ • دانیشتوویان زۆر ئەمە ، رەنگە بە بلاویی لە ناحیەی شێروانەو زەنگئابادو ناحیەی وارماوا لە حاصلو چالەی ئەیجەلیل صەدو پەنجا مالیان ببێ ، وە لە خاکی ئێران لە مەحالی خورخورەدا پەنجا ماڵێکیان ئەبێ • باقیی تریان گەڕیاون،و ، ئەمانە لە رێگەی سیدارەو داریحلەوە ئەچنە ناحیەی سەنگاوو لەوێوە بە ملەی پەیکوڵیدا داخلی ناحیەی وارماوا ئەبن،و لە رێگەی شاتریوە ئەچنە پێنجوێن،و ، لەوێوە بەسەر ریی رۆغزادیو تەرخانیدا داخلی خاکی ئێران ئەبن • جێی هاوینی ئەمانە لە مەحالی خورخورەو سوورمووسا دوورەقەڵا گاوەکەچ ، و لە مەحالی دیواندەرە کەلی هەواس بەکو ، هۆبە توو و ، کەلەکان،و [جیران مینکایە]ئەم طایفە چوارصەد سوارو پێنجصەد پیادەی تفەنگداریان بەزیادیوە ئەبێ • ئەمما زۆر دزن • بە عوموومیی ئەم طایفە خوویان دزییەو ، دزیی ئەمانە لە ناو عموومی عالەمی کوردو عەرەبدا مەشهوورە • عادەتەن بوە بەخووی سەریان • دە دوانزەیێ لە ئاغاکانیان وەکو کوڕانی عەباسئاغاو شەریفیفەتاحئاغا نەبێ لەم خوە بێ بەشن ، باقیی تر گەورەو بچووك بەشدارن ، عادەتەن وەکوو دەرس،و تەحصیل وەریئەگرن،و ، عموومی جاف ، بەگەڕیاوو دانیشتوویانەوە ، بە دەستیانەوە هەراسان بوون،و جەردەییش زۆر ئەکەن •

لەمەوبەر خۆم فکرم دێ لە ئێران سواریان بە صەد سوار تاکو زەنگان،و طەرەفی تەبریز ئەڕۆیین،و کاروانیان ئەهاورد • گەورەی ئەم طایفە ئاغاکانەو بە سەر فیرقەی پشدەری،و کەریمقوبادەو ، ئاغای مەعلوومیان محەمەد ئاغاو شەریفئاغاو تەوفیقئاغاو مصطفائاغاو محەمەد داودی مەحموود ئاغایە •

نەورۆڵیی : ئەمانەیش طایفەیەکی گەورەن لە ناو جافدا ، بە سێ کۆمەڵ ناو ئەبرێن : کۆمەڵی پارچە • ساتیاریی ، بەشیحەمە • کشتیان هەزار ماڵ ئەبن • ئەمانە سی ساڵ لەمەوبەر عومومیان گەڕیاو بوون ، لە ڕێگەی شاتریوە ئەچوونە کوێستان لە کەژی سانئەحمەد دائەنیشتنو زوستان لەم جێگەی خۆیانەدا ئەمانەوە • بنەڕانیان ئەهات بۆ گەرمیان بەشێکی بۆ قەزای کفریی وە بەشێکی تری لە کەوزەینالیی لە ناحیەی هۆرێنو شێخان ئەبوون • ئەمما ئیستە بە واسیطەی ئەمەوە جێگاکانیان ئەنهاری زۆرەو ئاودارەو تووتنی زۆریشیان ئەکردو ئەیکەن ، قانزاجی زەراعەتیان لە قانزاجی بزنو مەڕو حەیوان بەچاکتر زانی ، بە عوموومی تەرکی گەڕیانیان کرد لە مەحالی گوندەو سەراوو پریسو بەرجۆگەی دەلێنو دێهاتی ئەطرافی هەڵەبجە وەکوو حەسەنئاواو بامۆکو بەکراواو تریفە دانیشتوون •

جێگەی نەورۆڵیی دێهاتێکە کە تابیعی مەرکەزی قەزای هەڵەبجەیە • ئەم طایفە بە عوموومی سێصەد سوارو حەوتصەد پیادەی تفەنگداریان ئەبێ ، گەورەی عوموومیان بەسەر هەموویانا عەبدوڵڵای محەمەدخواکەرەمو ، عەلی محەمەدمارفو ، قادری نادر ئەولحەمەدمحەمەدو ئەحمەدی ذولفەقارو خەلیفە محەمەدئەمینو ، حاجیمیرئەحمەدە •

یەزدانبەخشیی : ئەوانیش طایفەیەکی گەورەن لە ناو جافداو ، ئەبن بە سێ کۆمەڵ ، کۆمەڵی خاڵە ، کۆمەڵی بەگزادە ، کۆمەڵی مامەشەیی • بەشی خاڵە ناو ئەبرێن بە یەزدانبەخشیی • بە عوموومی ئەم سێ کۆمەڵە حەوتصەد ماڵ ئەبن ، ئەمانیش ، وەکوو نەورۆڵیی سیساڵ لەمەوبەر گەڕیاوبوون ، ئیستە عوموومی دانیشتوون ، فەلاحەتو زەراعەت ئەکەن لە شەمێران کە مولکی حەسەن بەگی عەلی بەگی مەحموودپاشایەو ، کەوتۆتە جەنووبی قەزای ئەڵەبجەوە ، گەورەی عوموومیان محەمەدی سانئەحمەدو ،

ئەحمەدی حسەین‌و ، تۆفیقی فەرەج‌و ، ئەحمەدی سان‌ئەحمەدو ، مەحموودی حەمەی چراغەو ، جێگەیەکی زۆر باش‌و قایم‌و هەوا خۆشیان هەیەو ، کەژی زمناکۆیان بەدەستەوەیە ، کە جێگەیەکی زۆر سەخت‌و موهیمە • ئەمانە بە عومووم چوارصەد پیادەو صەد سواریان ئەبێ دایمە گەورەکانی جاف وەکو محەمەد پاشاو ، قادربەگ‌و سلێمان‌بەگ کوڕانی کەیخوسرەو بەگ ئەم طایفەیان بۆ ئیسنادگای خۆیان لە حودوودی ئێران‌و بابانا دایان‌ناون •

وەلی‌و ، نەژوێنی : ئەم دوو طایفەیە صەد ماڵ ئەبن ، لە ناو شاتریدا وەکوو شاتریی حسێب ئەکرێن •

مەسۆدیی : ئەوانیش تابیعی رۆغزادیی‌و تەرخانین ، صەد ماڵێ ئەبن • حەفتا ماڵیان لە ناحیەی سەنگاو دانیشتوون ، گەڕیاوەکانیان هان لە ناو رۆغزادیی‌و تەرخانییا •

شێخ‌سمایلیی : طایفەیەکی زۆرن ، ئەوانەیان هان لە ناو جافدا ئەبن بە دوو کۆمەڵ • کۆمەڵێکیان پێیان ئەڵێن : شێخ سمایلی‌سوورەجۆو ، کۆمەڵێکیان پێیان ئەڵێن : شێخ سمایلی‌بنەجووت • هەردوو کۆمەڵەکە پێنجصەد ماڵ ئەبن • سێصەد ماڵیان کە تاقمی فەقێ ئەولایەوان لە سوورەجۆو ، دووصەد ماڵیان وان لە گرێزەو بنگردو سەراوو قالیجۆو موان‌و بنەجووت‌و بالان تەران • لە ناحیەی خورمالا دانیشتوون • مەڕو بزن‌و رەشەولاخیان زۆرزۆرە • فەلاحەتێکی زۆر چاك ئەکەن • بۆ گەنم‌و جۆو نۆك‌و نیسك‌و • تاقمی فەقێ ئەولا هان لە سوورەجۆ کە مولکی حسەین بەگی مەحموود پاشایە • ئەم دوو کۆمەڵە هاوینیان لەگەڵ جافدایە، یەعنی بە رێگەی رۆغزادیی‌و تەرخانیدا ئەچنە کەژی هەواس‌بەگ‌و هۆبەتوو • زوستانان لە باتی دەوار لە خانوودا دائەنیشن • بە هەردوولایان تەخمینەن صەدو پەنجا سوارو دووصەدو ، بەڵکە سێصەد ، پیادەی

تفەنگداریان ئەبێ • ئەم طایفەیە بەشی زۆریان هەزارو سێصەد ماڵ ئەبن هان لە ئێرانا • هاوین ئەچنە بەینی هەمەدانو قوڕیەو زوستان بەعزێ ساڵی تێن بۆ دەوری سەرقەڵاو جێگیران ، کە لە موضافاتی قەسری شیرینە •

تاوگۆزیی : دوو طایفەن : طایفەکیان وان لە جوانڕۆو ، لازمە لە تەك جافی ئێرانا بنووسرێ • ئەم طایفەکەیان وان لە پشتقەڵای شەمێران • ئەمانە مولحەقاتی جافی مورادیی – کە عەشیرەتی ئێمەن – دووصەد ماڵ ئەبن‌و ، عوموومیان ئیددیعای سیادەت ئەکەن • هەموویان دانیشتوون • شاعیری مەشهووری کورد کە جەنابی مەولەوی‌یە گەورەی ئەم طایفەیە • صەد پیادەیەکێ تفەنگدارو ، دە دوانزە سوارێکیان هەیە ، هان لە مولکی حەسەن‌بەگی عەلی‌بەگی مەحموود پاشادا • ئەمڕۆ گەورەیان سەیید محەمەدی سەیید عەبدوڵڵای مەولەوی‌یەو ، سەیید کاك ئەحمەدو سەیید مەحموودی کوڕی سەیید عەلی مەولەوی‌یەو ، شاعیری فاضیل جەنابی مەولەوی ئەگەر تەعریفی ئەو بنووسم لەم کتێبە جێی نابێتەوە • تەصنیفی ئەو لە عیلمی کەلام‌و لە عەقایدا بە زبانی عەرەبی‌و کوردی‌و فارسیی زۆرە •

میراولی : پەنجا ماڵ ئەبن هان لە قەزای هەڵەبجەو گەڕیاو نین • لە ئەطرافی نەورۆلیی پارچەدا دائەنیشن •

پشتماڵە : ئەمانە سێ تاقم بوون : پشتماڵەی حەمە پاشا ، کە بەگزادەی کەیخوسرەوبەگی‌یەو ، پشتماڵەی عەبدوڵڵاپاشا ، کە بەگزادەی بەهرام‌بەگی‌یەو • پشتماڵەی قادربەگی ڕۆستەم‌بەگی وەلەدبەگ ، کە بەگزادەی وەلەدبەگی‌یە • پشتماڵەی محەمەدپاشا سێصەد ماڵ ئەبوو ، خۆشم لە فکرم دێ کە سێصەد ماڵ بوەو ، سێصەد سواری تێدا بوە • ئەمانە گشتیان خزمەتکار بوون ، ماین‌و تفەنگیان‌و ئیدارەیان لەسەر بەگزادە بوە • مەڕو بزنیان نەبوە ، بۆ گەڕیانیان گاو ئێستریان بوە ، هەچی

مەصاریفاتیان بوە لەسەر بەگزادە بوە • وەکو عەسکەر بەخێوکراون بۆ ئیدارەی جافو ئەملاك •

پشتمالەی بەهرام بەگ ، صەدو پەنجا ماڵ ئەبوون ، عەینەن ئەوانیش بۆ بەگزادەکانیان وەضعیەتیان وەکو پشتمالەی محەمەدپاشا وابوونو پشتمالەی قادربەگی رۆستەم‌بەگ صەد ماڵ ئەبوون ، ئەوانیش وەکو دوو پشتمالەکەی تر وەکوو عەسکەر بۆ ئیدارەی جافو ئەملاك راگیراون• ئەمانە لە وەقتی خۆیا گەڕیاو بوون • لەو وەقتەوە کە بەگزادەکان دانیشتوون ئەوانیش بە خزمەتکاریی بەگزادەکان دانیشتوون •

سمایل‌عوزێریی : هەشتصەد ماڵ ئەبن • ئەمانە ئەبن بە چوار فیرقە : گۆمەیی ، قەرەوەیسیی ، میرئالآیی ، سمایل‌عوزێریی ، ئەمانە گەڕیاونو لە رێگەی میکایەڵیوە ئەچنە نەکەرۆزو ، کەلی‌خانو ، پیرهۆمەران ، لە بەینی بانەو سەقزدا دائەنیشن‌و جێی زوستانەیان بەعزێ ساڵ لە ناو میکایەلیدا دائەنیشن‌و • ئەمما جێی دایمییان ها لە بەینی سلێمانی‌و چەمچەماڵو سوورطاشا • ئەمانە سێصەد سوارو سێصەد پیادەی تفەنگداریان ئەبێ‌و ، طایفەیەکی زۆر ئازاو بەغیرەتن • ئەمما صەد ساڵ لەمەوبەر لە جاف جیابوونەتەوەو ، ناو ئەبرێن بە ئیڵیغەوارەو ، تەکالیفیان لەگەڵ جافدا نەبوە •

صۆفی وەند : ئەمانیش صەدماڵێ ئەبن ، پیاوی ئەولآپاشا بوون . ئەگەڕیان وەکوو جاف • ئیستە عومومیان دانیشتوون ، نزیکی شەصت‌ماڵێکیان وان لە ناحیەی شێروانەو ، بیست‌ماڵێکیان وان لە ناحیەی قەڵخانلوو ، بیست ماڵیان وان لە هووانە نزیکی سلێمانی •

بێسەریی‌و چووچانیی : ئەمانە چوارصەد ماڵ ئەبن وان لە ناحیەی سرۆچك لە دۆڵی گەلاڵ دانیشتوون بە زستانو ، لە هاوینا لە تەك جافدا ئەچن بۆ کوێستانی ئێران •

تیلەکۆ : صەدماڵێ ئەبن • پەنجا ماڵیان گەڕیاون وان لە ناو ڕۆغزادییو تەرخانیداو ، ئەوی تری لە ناحیـەی شێروانـە دانیشتوون • ئـەم طایفـە هەشتصەد ماڵیان وان لە ئێران لە مەحالی خوڕخوڕەو باشماخا دائەنیشن •

فەصڵی سێیەم

بەیانی طایفەکانی جاف لـە جوانڕۆ کـە داخڵی ئەیالـەتی سنەیـەو ، ئەوانەیان کە هان لە ئەیالەتی کرماشانا :

قوبادیی : هەشتصەد ماڵ ئـەبـن وان لـە جـوانڕۆدا گەڕیـاونو ، دانیشتویشیان هەیە لە جوانڕۆو مەحاڵی خۆیانا • بە هاوین ئەچنە کـەژی شاهۆو بەنیگەز • ئەمانە ئێلی حەبیبوڵڵاخانن ، سێصـەد سوارو سێصـەد پیادەی تفەنگداریان ئەبێ •

باوەجانیی : ئەمانەش هەزارو پێنجصەد ماڵ ئەبن ، بە هاوین ئەچنـە بەنیگەزو شاهۆ لە تەك قوبادیدا ئەچنە چـەمی خاناشـوورو [لوشـە] ئەمانەش پێنجصەد سوارو پێنجصەد پیادەی تفەنگداریان ئەبێ ، ئەمانە بـە عوموومیی رەعیەتی حەبیبوڵڵاخانن •

ئیمامیو یەناخیی : ئەوانیش پێنجصەد ماڵ ئەبن • ئەم طایفەش ئێلی حەبیبوڵڵاخاننو ئەمانیش بە هاوین ئەچنە بەنیگەزو شاهۆو زوستانان دێنە پشتی کەژی شنروێ بە رووی ئێرانا تا سەرچەمی سیروان دائەنیشن •

قادرمیروەیسییو تایشەیی : ئەم دوو طایفەشە جافنو داخڵی ئەیالەتی کرماشانن • زوستان لە سەرقەڵاو جێگیران تا ژووری فۆرەتوو دائەنیشنو، بە هاوین ئەچنە دالاهۆ • ئەم دوو طایفە هەشتصەد مـاڵ ئەبن بەگەڕیـاوو دانیشتوویان • گەورەی طایشەیی ئەلی سولطانە ، هەردوو لایان سێصـەد سوارو ، سێصەد پیادەی تفەنگداریان ئەبێو ، گەورەی قادرمیروەیسیـی مستەفای مەحموودنەظەرە •

کۆیكو ، تێرژیی : ئەمانیش داخلی ئەیالەتی کرماشانن ، بە زوستان لە زەهاو دائەنیشن‌و ، بە هاوین ئەچنە دالاهۆ • گەورەی ئەمانە رەزاخانی کوڕی یارەویس‌سولطانەو ، ئەمانە دووصەد سوارو دووصەد پیادەی تفەنگداریان ئەبێ‌و ، هاروونیی لە تەك ئەم دوو طایفەدا یەك رەگن . لەیەك جیابوونەتەوە •

دەروێشییو ، وەڵەدبەگییو ، دەلەژێریی : ئەم سێ طایفەیە وەڵەدبەگییان پێ‌ئەڵێن ، هەرسێ طایفەکەیان شەشصەد ماڵ ئەبن • گەورەی ئەمانە بەهرام بەگی کوڕی فەتاح‌بەگی سەعید بەگە • ئەمانیش داخلی ئەیالەتی سنەن • بە هاوین ئەچنە بەنی‌گەزو کرێوەو دەوڵەت‌ئاواو ، زوستان دێنە سەرقەڵاو جێگیرانو ، طەرەفی شەواڵدرەو ، کەلی تیلەکۆ • دووصەد سوارو دووصەد پیادەی تفەنگداریان ئەبێ‌و زۆر ئازاشن •

کۆکۆییو زەردۆیی : ئەم دوو طایفە وان لە جوانڕۆ ، سێصەد ماڵ ئەبن • پیاوی وەکیلی جوانڕۆ عەبدولغەفووربەگن‌و بە هاوین ئەچنە شاهۆو ، پەنجا ماڵیشیان وان لە قەزای هەڵەبجەو ، زەردۆییش محەللەیەکیان لە کرماشان هەیە •

عەلی‌ئاخەیی‌و پەپڵیی : ئەم دوو طایفەیە دووصەد ماڵێ ئەبن . عەلاوەجاتی وەڵەدبەگی‌و طایشەیی‌و قادرمیروەیسین •

تاوگۆزیی ئێران : پێنجصەد ماڵ ئەبن ، ئەمانیشە ئێلی حەبیبوڵلاخانی جوانڕۆن ، بە هاوین ئەچنە بەنی‌گەزو کرێوەو ، شاهۆ ، دووصەد سوارو دووصەد پیادەی تفەنگداریان ئەبێ • عومومیان پیاوی حەبیبوڵلاخانی جوانڕۆن ، لە تەك تاوگۆزیی خاکی عێراقا یەکێکن‌و ، زوستانیش دێنە نزیك پشت‌قەڵای شەمێرانو گومەو پشتە •

دڕۆیی : سێصەد ماڵ ئەبن‌و ، ئەمانیش بە هاوین ئەچنە شاهۆ . گەڕیاون دانیشتوویشیان هەیە ، گەورەیان فەرەجی فەتاحە ، کە مەشهوورە

به فەرەجوڵڵاخان • صەد سوارو دووصەد پیادەی تفەنگداریان ئەبێ ، زۆر ئازاشن •

گوێرەکیی : صەدماڵێ ئەبن لە ناحیەی هۆرێن‌و شێخان دائەنیشن‌و ، لە بەر ئەمە لە پێش تەحدیدی حودوودا داخلی ئێران بوە ، لە تەك جافی‌ئێرانا بەحشم‌کردن‌و ئەمانە گەڕیاو نین ، ئیستە داخلی خاکی عێراقن •

حەبیبوڵڵاخان کە رەئیسی قوبادیی‌و ، باوەجانیی‌و ، تاوگۆزیی‌و ، ئیمامیی‌و ، ئێناخیی بوە (٣٤)سی‌وچوار کوڕی بوە ، عومووميان سوار بوون ، نزیکی دە کوڕیان صاحێب پشتماڵەو بەشیان لە ئێلا بوە • سیانیان لە گشتیان قابیلتر بوون ، مصطفاخان ، محەمەدبەگ ، کە لەقەبی ئەمیر ئەسعەدە ، محەمەد تەقی‌بەگ • حەبیبوڵڵاخان بیست‌و پێنج سال لەمەوبەر مردوە • کوڕی گەورەی کە مصطفاخان بوە جێداری بوە ، زۆر تەرەقی کردو عومووميی جوانڕۆی کەوتە ژێردەست‌و ، هەرچە جافی جوانڕۆ بوو تەکلیفی ئێلیی‌و عەشیرەتییان وەکو طایفەکانی خۆیان ئەیاندایەو ، ئەو دێهاتانەی کە ئێستە وان بە دەست کوڕانی جەعفەر سولطانی حاکمی هەورامانی لهۆنەوە گشتی بەدەست مصطفاخانەوە بوون تاکو پانزە ساڵ لەمەوبەر • ئیقتیداری گەیشتە ئەدەرەجەیێك عەشرەتی هەمەوەند ، کە حوکوومەتی تورکیان تەضییق‌کردبوو بە خراپەکردن‌و جەردەیی ، حوکوومەتی تورك لە پاش ئینقیلابی سلانیك‌و مەشرووطییەت دوو ساڵ خەریکی تەدبیر بوو بۆ تەربییەی هەمەوەند ، میقدارێکی زۆر عەسکەری پیادەو سوارە لە ژێر قوماندەی مەظهەربەگی میرئالاداو عومووميی عەشایرەکانی لیوای کەرکووك‌و لەشکری جاف سەوقی چەمچەماڵیان کرد • هەمەوەندەکان عومووميی فیرقەکانیان لە چەمچەماڵ‌و بازیان دەرچوون‌و ، چوون بۆ جوانڕۆ لای مصطفاخان ، ئەویش بە

بەگزادەو گەورەکانی هەمەوەندی وت : ئەگەر عومووم لای من دائەنیشن عوموومتان ئیدارە ئەدەم • ئەم هەزارو دووصەد سوارە بە تەواویی بوون بە تەبەعەی مصطەفاخان • لە عەینی وەقتدا عەلیئەکبەرخانی کوڕی شێرخانی کوڕی ئەسەدخانی حاکمی سنجاویی لە تەك سەردار موظەفەری حاکمی کەلهوڕ ، کە داودخانە • بەشەڕهاتن ، عەلیئەکبەرخان هاواری ناردە لای مصطەفاخان ، مصطەفاخانیش پەنای دا ، داودخان بە عوموومی سوارەی کەلهوڕو هەمەوەندو بێتوویوە ، وە طەلەبی ئیمدادیشی لە والیی کوردستان کردبو ، ئەویش میقدارێ لەشکری بۆ ئەنێرێ ، عەلیئەکبەرخان کە ئەم هەشت نۆ هەزار سوارە دێت بۆ سەری خەبەر ئەدا بە مصطەفاخان ، لە بێ بەختیی مصطەفا خان لەو ڕۆژەدا هەمەوەندەکان بەچوار تاقم بۆ دەوری کەرکووكو سلێمانیو چەمچەماڵ ئەڕۆن بۆ جەردەیی • صەد سوارێکیان لای مصطەفاخان ئەبێ •

مصطەفاخان ، لەشکری خۆیو هەمەوەند ، هەزارسوارێ ئەبا بۆ یاریەدانی عەلیئەکبەرخان، ئەبێ بەشەڕیان، لەشکری داودخان ئەشکێنن • مصطەفاخان لە وەقتی شەڕدا لەسەر ماین ئەکەوێ ملی ئەشکێ ، ڕەحیمی کاكئەولای عەزیزی خاڵەی هەمەوەندو زۆراو واڵك هەمەوەند ئەکوژرێن ، کە دوو پیاوی زۆر ئازاو گەورە بوون لە ناو هەمەوەندا •

لەشکری داودخان کە ئەزانن مصطەفاخان نەماوە ئەگەڕێنەوە دووبارە ئەبێ بەشەڕیان ، صەد کەس لە لەشکری داودخان ئەکوژرێ •

بەفارسی ئەڵێن : صەدسەر بە توربەیێو یەك سەر بە توربەیێ ! حسابی مصطەفاخانیش هەروەهایە • گومکردنی پیاوێکی وەکوو

مصطەفاخان قووەتی مەعنەویی بۆ لەشکری جوانڕۆ نایێلێت ، هەردوو لەشکرەکە ئەگەڕێنەوە وە لەیەك جوێ ئەبنەوە •

لە دوای مصطەفاخان گەورەیی عەشیرەتەکانیان کەوتە دەست محەمەدبەگ ، ئەو بە عەکسی مصطەفاخانی برای فیتنەیی خستە ناو براکانی، وە پانزە برای لە ناو خۆیانا یەکتریان کوشتو ، محەمەدتەقیبەگی برای ، کە بۆ ئەوە ئەشیا ناوی بچێتە ناو لاپەڕەی تەئریخەوە ، بە دەستی خۆی ، بە تەحریکی سەردار رەشیدی حاکمی رەوانسەر کوشتیو ! لە تەك محەمەدصالحبەگی کوڕی مصطەفا خانا ،کە ئەویش وەکوو باوکی پیاوێکی زۆر چاك بوو ، کردی بە شەڕ دوو برای محەمەدصالحبەگی بە ناحەق کوشت ! ئەمما بەسەر محەمەدصالحبەگا موەفەق نەبوو • محەمەدصالحبەگ ئێلی قوبادیی برد بۆ خۆی تاکو حەوت ساڵ لەمەوبەر بەدەستیوە بوو • محەمەدصالح بەگ مرد ئەحمەدبەگی برای زۆر پەلەپەلی کرد موقابەلەی محەمەدبەگ بکا نەیتوانی • محەمەدبەگ خۆیو کوڕەکەی ها بەسەر قوبادیی تاوگۆزییو باقی دێهاتو عەشیرەتەکەیەوە •

فەصڵی چوارەم

ئەم عەشیرەتی جافە کە هان لە عێراقدا بۆچی پێیان ئەڵێن جافی مورادیی ؟ ئەمانە لە پێش ظاهیربەگدا لە زەمانی سەلطەنەتی صەفەوی یەکا ناو خەلافەتی سولطان مورادخانی رابیعدا هاتوونە کوردستانی بابان • موددەتێ لە خاکی بابانو شارەزووردا ئەمێننەوەو ،تیکرار ئەچنەوە بۆ جوانڕۆو جێگەی خۆیان ، گەلالیی ، ئەمێننەوە لە شارەزوور ناگەڕێنەوە • جافەکانی جوانڕۆو ئەیالەتی کرماشان بەمان ئەڵێن : جافی مورادیی • تیکرار لە پاش موددەیێکی زۆر کە تەصادوفی زەمانی ظاهیربەگو طاهیربەگ ئەکا ، کە

ئەولادی یارئەحمەدبەگی کوڕی سەیفوڵلابەگی کوڕی سەیدئەحمەدبەگی رەئیسی ئێلی جافن • ظاهیربەگ‌و طاهیربەگ لە جوانڕۆ ، کە جـاف زۆر ئەبن‌و زیادی نوفووسیان ئەبێ ، ظاهیربەگ بەخۆی‌و چـوارصەد ماڵ لـە تەك خانەبەگدا ، کە باوکی گەورەی بەگزادەی وەڵـەدبەگی‌یـە . دێنـە بانی‌خێلان •

لە تەئریخی هەزارو صەدو پەنجای هیجریدا، شتنی ئەوەنی جاف لە زەمانی سوڵطان‌موورادی رابیعدا لە تەئریخی هەزارو چل‌و پێنجی هیجریدا بوە ، ئەمانە لە بانی‌خێلان ئەمێنن کە مەوقیعێکە لە لێواری سیرواندا لـە بەینی ئەڵەبجەو پێبازدایـەو ئەمڕۆ داخلـی ناحیەی وارماوایـەو ، لـەوێ ئەمێننـــەوە •

شارەزوور کەلائیی‌و مەنمیی‌و ئەنباغیی‌و کەلهوڕو تیلەکۆو بلباسـی تێدا ئەبێ • نزیکی هەشت نۆ هەزار ماڵ زیاتر ئەبن . وەکوو جاف ئیسە ئەچنە کوێستانی ئێران • ئەمانە ناتوانن بچنە ناویان لەوەڕخۆریی بکەن • بەم وەضعییەتە هەشت نۆ ساڵ ئەمێنن ، ئەمما لەم‌ـدەم لە جافی جوانڕۆ دە ماڵ‌و پانزە ماڵ بۆیان دێ ئەبن بە هەزار ماڵ ، لـەو وەقتەدا چـل کەس جەردە لە حاکمی قەلاچوالان ، کە حاکمی بەبەیی ، یاخیی ئەبن ، حاکمـی قەلاچوالان زۆر مەطلەب ئەبێ لە گلای گرتن یا کوشتنـی ئەم جەردانـەو • جەردەکانیش دێن بۆ دەوری دزیایش‌و بانی‌خێلان • لە طەرەفی حوکمداری بابانەوە مەئموور دێتە ئەسەر ظاهیربەگ : ئەبێ یا ئەم جەردانەم بۆ بگری یا بکوژی وە یا نایەلم لە خاکما دانیشی ، ظاهیربەگیش ئەڵێ بە تاقمـــی خۆی : ئەمڕۆ لە خاکی بابان زۆر ئەبین لازمە خزمەتێ بە حوکمداری بەبە بکەین کە لێمان مەمنوون بێ ، ئەوانیش ئەچن بۆ شوێنی ئەو جەردانـە • لای دەربەندیخانا تووشیان ئەبن ، ئـەبێ بەشەڕیـان هەر چـل جەردەکـە ئەکوژن‌و سەرەکانیان ئەبەن بۆ حاکمی بەبە ! حاکمی بەبەش لە موکافاتـی

ئەمەدا بانی خیلاّنو نۆ دێی دزیایشیان ئەداتێ بۆ خۆیان • لە پاش ئەمە چاو ئەکەنەوەو ئەچنە قەلاّچوالاّنو ، ئەم دێهاتانە بەدەستیانەوە ئەبێو ، حاکمی بەبە زۆر حورمەتیان ئەگرێو ، لە جافی جوانڕۆ مالی تریشیان بۆ دێ لەو دێهاتانەدا دایانئەنێن • دانیشتووی ئەو دێیانە لەو جافانەن کە لە زەمانی ظاهیربەگا هاتوونو ، زۆریان لە عەشرەتی شاترین •

بەو دەلیلە کە دانیشتووی ئەو دێیانە گشتی شاتری‌یەو شاتریش لەتەك ظاهیربەگدا لەو وەقتەدا زیاتر هاتوونەتە ئەمبەرەوە • لە زەمانی ظاهیربەگدا کەمێ قوەت ئەگرنو ، زۆر ئەبن، ئەمما ناتوانن لەبەر ئەو عەشیرەتانەی کە لە شارەزووردا بوون بچن بۆ کوێستانی ئێران • لەو زەمانەدا تاکو نانپارێزو تاری‌دەرو مەحالّی سرۆچك هاوینان ئەڕۆیشتن • لە تەئریخی هەزارو صەدو شەصتو پێنجی هیجریدا ظاهیر بەگ بەڕەحمەت ئەچێو ، قەبری ها لە فەقێجنە ، کە یەکێکە لەو دێهاتانەی کە حاکمی بەبە دای بە ظاهیربەگو گومەزەکەشی ئیستە ماوە •

برای بچووکی ظاهیر بەگ ، کە طاهیربەگە ، وەقتێ کە لە تەك ظاهیر بەگدا دێنە بانی‌خیلاّنو خاکی بابان لە پاش دوو سالّ خۆی‌و عایلەیی‌و چەند کەسێکی تر لە ئەقاریبی ئەچنە شامو ، ئیستە لە محەللەی (صالحیە)ی شامدا ئەولادیان ماوەو ، هەموو وەقتێ کاغەذیان بۆ لای عومومی بەگزادەکانی جاف نووسیوەو ، بۆ لای خۆشم هاتوە • سالّی هەزارو سێصەدو چلو نۆ لە نیساندا عیزەدین‌بەگ ، بۆ صیلەی رەحم ، لە شامەوە هات بۆ لامان •

فەصلّی پێنجەم

بەحثی کوڕەکانی ظاهیربەگ کە لە پاش خۆی ماونەوە :

قادربەگ‌و سلێمان‌بەگ ، هەردوانیان کوڕی ظاهیربەگن • سلێمان بەگیان برای گەورە بوە • قادربەگ کە برابچووکە پیاوێکی زۆر ئازاو

سەربەدەرەوە بوەو ، تەبیعەی زور نەرم بود • وەقتێ لە طاهیربەگ ئەمری و جافەکانی ئەطراتیان ئەبێ بە هەزار ماڵێ ، ئەبن بە صاحیبی سوارەو تفەنگێکی زۆر لەم دەم خەیای کوێستانو چووی ئێران نەئەوینە سەریان •• بە شوێنی ئێلی گەلالیی و گەلباغیی و کەهورو باقیی تردا تە طەرەفی حودوودی ئێران ئەڕوی • ئەمما ناتوانن بچنە ناو ئەو عەشایرانەوە • رۆژێ لە وەقتی کۆچدا یەکێ لە بەگزادەی وەلەدبەگیی خالیدبەگ ناوێکیان سەگێکی ئەڵەوینە ناو کۆچی گەلالیی و ، سەگەکەی ناوی شێرە ئەبێ و ، لەو وەدەدا رەئیسی گەلالیی شێراغا ئەبێ • خالیدبەگ بێغەرەض ، سەگەکەی خۆی بانگ ئەکا ، هەرچی لە گەلالیی وایە ئەم پیاوە بە سووکیی ناوی رەئیسەکەیان ئەبا ، بە دەفعەیێ دووصەد سێصەد کەس پەلاماری ئەدەنێ کلکی ئەسپەکەی ئەبڕنو ، نەختێکیشی لێ ئەدەن ! خالیدبەگ دێتەوە بەو نەوعە کە بەسەریا هاتوە ئەیگێڕێتەوە • قادربەگ و سلێمان بەگ ، کە رەئیسی ئەو هەزار ماڵە جافە ئەبن ، زۆر عاجز ئەبن و غیرەتی عەشیرەتیی ئەیانگرێ قادربەگ لەشکر ئەکات ، نزیکی هەشتصەد نۆصەد سوارو پیادەیێ گردئەبێ بۆی • سلێمانبەگی برای ئەڵێ بە قادربەگ : ئەم عەشرەتانە زۆرنو نزیکی پێنجشەش هەزار سوارو تفەنگچییان هەیە • ئێمە بەرو دوا ناگەینە هەزار کەس • رجا ئەکەم نە خۆمانو نە عەشرەتەکەمان بەقڕ بدەین ! بوێستە تاکو پایز ئەچینەوە شارەزوور ، خەبەر ئەنێرین بۆ جافی جوانڕۆ لەشکرێکی زۆرمان بۆ بێ ، ئەم حەقەیان لێ ئەسێنینو ، ئەم بێشەرەفییە لەسەر خۆمان لائەبەین • قادربەگ ئێژێ بە سلێمانبەگی برای : ئەمە نابێ ئێمە هەر تۆزێ گەرمیمان بگاتێ خەبەر بنێرین بۆ جوانڕۆ بۆ لەشکر • ئیمڕۆ ئەم شەڕە ئەکەم ، ئەگەر فایەق بووم هەم ناوێ بۆ خۆمانو ، هەم جێگەو رێگەیێکی زیاد بۆ ئەم عەشیرەتە پەیدا ئەکەم • ئەگەر فایەق نەبووم جوانڕۆمان لە دەست

دەرنەچوە ، ئەچینەوە بۆ جێی خۆمان بۆ جوانڕۆ • ئەگەر صەد کەسیشمان بکوژرێو بڕۆینەوە ئێلی جوانڕۆ گەمەمان پێ ئالەن بلێن : لای ئێمە رۆیین بە هەتککراویی هاتنەوە ! ئەلێن : پەلەپەلیان کرد موەفەق نەبوون • نەك هەزار کەس ئەگەر صەد کەسم ببێ ئەچم بەگژیانا !

یەکێ لە کوێخاکانی جاف بە قەرەولیو جاسووسیی ئەچێتە ناو لەشکری گەلاڵییو کەلباغییو مەنمییو ، دیتەوە ئەلێ بە قادربەگ : هیچ مەوەستە بچۆ بە گژیانا ، تەماشای ئەوانم کردوە ئەوەر چە زۆرن ئەمما وەکوو سەگ وانە ، هەمووڕەنگن ، رەشو سپیو بۆرو بازگن • لەشکرەکەی ئێمە یەك نەوعە ، وەکوو گورگ یەکڕەنگە ، بۆرو دەمڕەشن• ئینشائەڵڵا موەفەق ئەبین • لە تەك قسەی ئەم کویخایەدا لەشکر رائەکێشن بۆ سەریان ، ئەبێ بەشەڕیان ، چونکە دەوری تەرەقیو طاڵعی ئەمان بوو بەو کەمیەوە بە نەوعێ ئەیانشکێنن شەشصەد حەوتصەد کەسیان لێ ئەکوژن • گەلاڵیی نزیکی صەدکەس تەلەفیاتو خەسارەتیان ئەبێ • ئەمە گەڵباغییو مەنمییو کەڵهوڕ زۆریان لێ ئەکوژرێو ، زۆر موفەشەق ئەبن • مەنمیی بەشێکیان بە شپرزەیی ئەگەڕێنەوە بۆ ئەطرافی سلێمانی • مەنمیی ئەو باقیەکەی تریان لە تەك گەڵباغییو کەڵهوڕدا ئەچنە لای والیی سنە کە حاکمی ئەردەڵان بوە ، ئەویش لە بەینی گەڕووسو سنەدا جێگەیان ئەداتێ • کەڵهوڕو تیلەکۆ لە خوڕخوڕەو باشماخدا دائەمەزرێنێو ، گەڵباغیی لە سارالو هۆبەتوو و ، دیوانەدەرە دائەنێ گەلاڵیی چونکە لە رەگی جاف ئەبنو کەمیشیان لێ ئەکوژرێ •• دەخالەت بە قادربەگ ئەکەنو ئەبن بە عەلاوەجاتی طایفەکانی جاف •

ئەو شێراغا ، کە رەئیسی گەلاڵیی بوە لەو وەقتەدا ، باپیرە گەورەی حەمەئاغای رەضائاغایە کە ئیستە رەئیسی گەلاڵییە • رەضائاغا کوڕی عەباسئاغایە ، ئەویش کوڕی ئەحمەدئاغایە ، ئەحمەدئاغا کوڕی بارامئاغایە •

بارام‌ئاغا کوڕی شێراغایەو، ئەو کوێخا جاسووسە جافە سوورەی نەوی‌جان بوە • کە گەورەی طایفەی وەلی بوە • قادربەگ‌و سلێمان‌بەگ کە ئەم فەتحەیان بۆ ئەکرێ زۆر تەرەقی ئەکەن‌و ، ئەو ساڵە ئەچنە کوێسان لە جێگەی ئەو عەشیرەتانەدا دائەمەزرێن • پایز کە دێن بۆ شارەزوور حاکمی بەبە زۆرزۆر حورمەتیان ئەگرێ‌و ، لە شارەزووردا ئەبن بە صاحیب جێگەو رێگە • بەڵێ (بەراتی‌نەجات بە خوێن نووسراوە) •

جافەکانی جوانڕۆو ئەیالەتی کرماشان کە ئەمەیان دی‌و شارەزووریش جێگەیەکی صاحیب ئاوو خەلەهاوەرەو جۆگەی بێ‌تەکلیفی زۆرە •• بە عومووم حەرەکەتیان کرد هاتن بۆ لای سلێمان‌بەگ‌و قادر بەگ • ئەم پانزە هەزار ماڵە لە جاف ، گەڕیاوو دانیشتوو ، کە ئێستە داخلی کوردستانی بابان‌و عێراقە ، ئەو ساڵە تا بەهار عوموومیان هاتن لە مەنطیقەی شارەزوورو لیوای کەرکووك دامەزران‌و ، جێگەی ئەو عەشیرەتانە ، کە ناومان‌بردن ئیشغالیان کردو کەوتەدەستیان •

کە وەقتێ ئەم عەشیرەتانە لە ئەطرافی سلێمان‌بەگ‌و قادربەگ زۆر بوون‌و بوون بە صاحێبی پانزە شانزە هەزار ماڵ ، بۆ ئیدارەکردنیان‌و تەکلیف‌لێ‌سەندنیان ، کە ئەمە رەسمێکی حەوتصەد سالیی بوە ، بۆ رەئیسانی جاف‌و ، هیچ حوکوومەتێ لەو وەقتەدا ، نە لە ئێران‌و ، نە لە خاکی بابان‌و عێراق طەڵەبی قرانێ‌و مەڕێ‌و بزنێکی لە عەشیرەتی ئەوان نەکردوە ، واریداتی ئەمانە مەخصووص بوە بۆ ئیدارەو گوزەرانی خۆیان •• قادربەگ ئەساسێکی عەسکەریی عەشایریی بۆ خۆیان دانا • سێصەد ماڵی لە عوموومی طایفەکانی جاف هەڵبژارد ، ناوی نان : (پشتماڵە) ماین‌و تفەنگ‌و رم‌و دەمانچە ، کە ئەسبابی شەڕی ئەو وەقتە بوە ، تەسلیمی کردن‌و طایفەی عەمەڵە کە طایفەیەکە لە جاف‌و سێصەدو پەنجا ماڵ ئەبێ ، ئەوانیشی لە تەکلیفی عەشیرەتی تەرخان‌کرد ، صەدو پەنجاسواری داخلی

دەفتەری سوارەی خۆی کرد ، طایفەی بەداخیی پەنجا سواریـان مایـن‌و تفەنگ‌و رمی بۆ تەدارەك‌کردن • ئەوانیشی داخلی دەفتەری سوارە کرد • صەدانیی پەنجا سواری لـێ مەخصـوص کـردن • ئـەم صـەدسوارەی صەدانیی‌و بەداخیی‌یە ، هەر وەکـوو لـە تەکلیـف ئـازادبوون ، وەکـوو خزمەتکاری پشتماڵەو عەمەڵە ، بەرات‌و جیرەو مەعاشیان بوو ، باقیـــی سوارەکانی صەدانیی‌و بەداخیی ماین‌و تفەنگیان هی خۆیان بوو ، ئەمما لە وێرگوێیی شەخصیی ، کە پێی‌ئەڵێن (خەرج) ، خاریج کرابوون‌و ، دایما بۆ هەموو خزمەتێکی مەجبووریی حازر بوون • لە زەمانی سلێمان‌بەگ‌و قادربەگ لە پشتماڵەو عەمەڵەو بەداخیی‌و صەدانیی پێنجصەدو پەنجا سوار سوارەی خزمەتکار دایما مەوجود بوەو ، لە طایفەی صەدانیی‌و بەداخیی صەد سواری لە خەرج‌دەرکراویش حازر بوە• وەڵەدبەگ کە کوڕی خانەبەگ بوە ئەویش پشتماڵەیێکی بوەو دایما صەدو پەنجا سوار خزمەتکاری تێدا بوە ئەو صەدو پەنجا سوارەی وەڵەدبەگەش تابیعی فیکری قادربەگ‌و سلێمان بەگ بوە • ئەگەر طایفەیێ لە جاف سەرپێچیی بکردایە بەم قوەتانـە تەربیە ئەکراو ، جەزایەکـی زۆر سەختیشی لـێ ئـەسێنرا ،وە بەڵـکـو لێشیـان ئەکوشتن • ئەگەر چە عەشیرەتەکەیان ئیطاعەیێکی مەعنەویی‌و خالیصانەیان بوە بۆیان‌و ، خۆیان هەر تەکلیفێ کە دایێتیان زۆر لایان خـۆش بـوەو ، ئەساسێکی تر بۆ سەلامەتیی وەضعیەتی جاف‌و بەگزادە تیکرار قادربـەگ دایناوە • ئەو دوو طایفە ، کە صەدانیی‌و بەداخیی بێ ، لە وەقتی زوستانا لە گۆڕەشەلەو ، سەنگەرو ، قەڵاتەپە ، کە ئەمڕۆ داخلی ناحیەی قۆرەتوون‌و ئەوسا خاکی ئێران بوە ، بە زوستان داینـاون • لەبەر ئەمە ئەگەر لە وەقتی زوستاندا لە حوکوومەتی بابان عاجز ببێ کوتوپڕ بچێتە ناو ئەوان تاکـــو باقیی جاف بۆی ئەپەڕێتەوە لە ئاوی سیروان‌و ، جێگەی ئەو دوو طایفە لـە تەك جێیی زوستانی قادربەگدا ، کە قەڵای کانـیچەقەڵـە وە ها بەســەر

سیروانەوە ، فاصیلە لە بەینیانا ئاوی سیروان بوەو ، ئەو دوو طایفە ئیستەیش جێی زوستانیان هەر ئەوێیە .. هەر وەکوو قادربەگ ئەم ئیحتیاطەی کردوە ، وەلەدبەگیش ، لە جێی زوستانی پێباز بوە ، طایفەیەکی لە مەیدانو کەوزەینالیی داناوە وەکو فیرقەی سەلیم لە هاروونیی، ئەمانە لە وەقتی بەهاردا لە شەکەمەیدانەوە بە کەلەک ئەپەڕینەوە ئەشارەزوور . بۆ وەقتی هاوین موحتاج بەم ئیحتیاطە نەبوون ، چونکە بە عومووی عەشایرەوە لە خاکی ئێران بوونو ، ئەم فیکرەیان بۆ ئیدارەی ئێلیو عەشیرەتیی خۆیان فیکرێکی زۆر بەرز بوە .

قادربەگ ئەولادی نەبوە ، بە بێ ئەولاد مردوە .

سلێمانبەگ دوو کوڕی بوە یەکێکیان ناوی قادربەگ بوە ، ئاوناوی مامەی خۆیو ، یەکێکیان ناوی کەیخوسرەوبەگ بوە .

فەصلی شەشەم

بەحثی کوڕەکانی سلێمانبەگە : هەردوانیان رەئیسی عومووی جاف بوون . ئەمانە لە پاش باوکو مامەیان مودەتی پانزە ساڵ لە کەمالی دەسترۆیندا ئیدارەی ئەم عەشیرەتەیان کرد . بەهرامبەگی میرەبەگ ، کە میرەبەگ برای بچووکی ظاهیر بەگ بوەو ، وێنەی لە ناو تەئریخی حوکمدارانی بابان کە رێکخراوی سەییدحوسەینی رەواندزییە ، هەیە .. کەوتە ناو عەشیرەتی جاف بە فیتنەییو ، حاکمەکانی بەبەیش نەیانئەویست . کە بەگزادەی جاف نوختەموقابیلیان لە خاکی باباندا بوێستن ، کە هەم ئیقتیداری ماڵییان بوو هەم عەشیرەتێکی وەکوو جاف لە ئێرانو عێراقدا ، کە ئەوان دایما موراجەعەتیان پێئەکردن بە ئێرانو عێراقو ترسی سیاسەتیان لە ئێرانو عێراق بوو ، نەیانئەویست کە عەشیرەتی جاف تەوەسوع بکەن

له کەماڵی صولح‌و سەلامەتی‌دا بمێننەوەو شارەزایی لەگەڵ وەزارەتی بەغداو حوکوومەتی ئێران‌دا پەیدا بکەن .. یاریدەی بەهرام‌بەگی میرەبەگیان ئەدا لەسەر ئەو فیتنەیی‌یەو ، بەهرام‌بەگیش هەم ئامۆزای قادربەگ‌و کەیخوسرەو بەگ بوو ، هەم حیصصەیێکی گەورەشی لە بەگزادەتی ئەبردو ، خۆشی پیاوێکی زۆر ئازاو عاقڵ‌و دەوڵەمەند بوە ، موەفەق‌هات بەسەر فیکری خۆی‌دا ، بوو بە رەئیسی عموومی جاف . قادربەگ‌و کەیخوسرەوبەگ لە ناو جاف دەرچوون ، چوونە یەنگیجەو بابۆلان‌و سێ ساڵ لەوێ‌دا مانەوە بە هەزار ماڵێ لە جاف‌و پشتماڵەوە . وەزیری بەغدا زۆر حورمەتی ئەگرتن . ئەمما دەستی بەسەر وڵاتی بابان‌و جاف‌دا نەبوو ، کە ئیشیان چاك بکاو ، بەهرام‌بەگی میرەبەگ زۆر تەرەفی کردو ئەساسی گەورەیی بۆی تەواو بوو . لە پاش سێ ساڵ عموومی جاف کوێخاکانیان لە عموومی فیرقەکان گردئەبنەوە ، ئەڵێن : ئێمە بە چوارصەد ماڵ فەقیرو فوقەراوە لە جوانڕۆ هاتینە ئەوڵاتی بابان لە سایەی سەعی‌و تەلاشی قادربەگ‌و سلێمان‌بەگی ظاهیربەگەوە ئەم جێگە زۆرە لەتەك شارەزووردا ئەدەستی ئێمە کەوت ، ئیستە بۆچی بە فیتنەیی بابان ئێمە وەلی‌نیعمەتزادەی خۆمان بفەوتێنین ؟ بە دەفعەیێ سێ هەزار سوارو سێ هەزار پیادە ئەبەنە ماڵی کەیخوسرەوبەگ‌و قادربەگ بێ‌پرس باریان ئەکەن ئەیان‌دێرنەوە ناو خۆیان‌و بە بەهرام بەگی میرەبەگ ئەڵێن : ئێمە بە صوورەتی قەطعیی تۆ بە رەئیس نازانین ، رەئیسی ئێمە کەیخوسرەوبەگ‌و قادربەگە کە کوڕی سلێمان‌بەگن‌و ، ئەگەر حاکمی بەبەش دەست لەم فیتنەیی‌یە هەڵنەگرێ ئیدارەی ئەویش تێك‌ئەدەین‌و ، ئاوەدانیی لەحوکوومەتی بەبەدا نایەڵین !

وە حاکمی بەبە لەو وەقتەدا سلێمان‌پاشای باوکی ئەحمەدپاشا ئەبێ . کە ئەم خەبەرە وەرئەگرێ زۆر ئەکەوێتە پەلەپەل ، وەقتی بەهار کە عەشایر

عوموم ئەچنە شارەزوور ، خۆی بە عومومی پیاوە گەورەکانی بەبەوە
بتە مانی کەیخوسرەوبەگ لەسەر ئاوی زەلم • زور دلخۆشییان ئەداتەوەو
،فەرموێ : لەم مەسئەلەی ئێوەدا من قەباحەتم نەبوە • برای خۆتان لەتەك
ەشیرەتەکەدا ئەمەیان کرد • ئیستە مادام خۆتانو عەشیرەتتان موافیقن من
بیچم ناوێو ، لە عومومی شارەزوور من سێ جۆگەم هەیە کە عیبارەتن
ە : دەلێنو ، موانو ، مالوان • باقیی دارو بەردی قەزای ئەلەبجەو
ـرۆچكو پێنجوێن عایدە بە ئێوە ، عەشرەتی خۆشتان هەچی تەکالیفی
مەیە هی خۆتانە ، بەخۆڕایی لە من عاجز مەبن لازمە منیشو ئێوە(١٢) بۆ
سەلامەتیی ئیستیقلالی خاکی بەبە پەلەپەل بکەین کە دوو دوشمنی وەکو
ئێرانو وەزیری بەغدا کە چاویان تێبڕیوین بە عومومی پیاوە گەورەکانی
بەبە وەکوو عەزیزئاغای مەصرەفو ، حاجیبەگ ، ئەحمەد بەگی
صاحێبقرانو ، عەبدوڕەحمان ئاغای بارچاوەش لە تەك کەیخوسرەو بەگو
قادربەگ ئیتتیحاد ئەکەن بۆ تەحکیمی مەوقیعی سلێمان پاشا، وە سلێمانپاشا
عەزیزئاغای مەصرەف ئەنێرێتە لای کەیخوسرەوبەگ ئەلێ : من حەز ئەکەم
کە خزمایەتیەکی زیادە لە تەك ئەوانا بکەم کە دایما من لەوان ئەمین بمو
ئەوانیش لە من ئەمین بن ، داوای کچی کەیخوسرەوبەگ ئەکا ،
کەیخوسرەوبەگ ئەلێ بە عەزیزئاغا : ئێمە ژن بە غەیری جینسی خۆمان
نادەینو ، ئەم قاعیدە وەصیەتی ئەجدادیمانە • ئەمما وەلەدبەگ ، کە یەکێکە
لە بەگزادانی جاف ، کچی هەیە بە ئەو ئەلێم بیداتێو ، کچی وەلەدبەگ ،
پەریزادخانم ، ئەدەن بە سلێمانپاشا ، لەو کچە ئەحمەد پاشاو عەبدوللاپاشاو
محەمەدپاشای باوکی حەمدیبەگ لێی ئەبێ •

ئەم قاعیدە ، کە ژن بە غەیر نەدرێ ، ئیستەش دەوام ئەکا ، ئەمما لە
جینسی ئێمە ، کە بەگزادەی کەیخوسرەوبەگین ، دوو ژنمان بە سەییدداوە،

---

(١٢) ئەگەر (ئێوەیش)بێ رەوانترە •

یەکێکیان بە کوڕی کاك ئەحمەد، کە شێخ سەعیدی باوکی شێ
مەحموودەو ، کچێکی قادربەگی کەیخوسرەوبەگ دراوە بە شێخ فەرە
بەرزنجەو ، لەم ئاخریشەدا کچێکی سلێمانبەگی محەمەدپاشایان دا
بە جەمیلبەگی مەجیدپاشای بابانو ، ئەم قاعیدەیە هەروەك لە نـ
موتتەفیكدا جاریی بوە ، لە ناو ئێمەشا جاریی بوە ، تا ئیمڕۆ دەوا
کردوە ، بزانین لەمەولا چۆن ئەبێ ؟

قادربەگ لە تەئریخی هەزارو دووصەدی هیجریدا بەڕەحمەت ئەچێ
ریاسەت بە عومومیی حەصر ئەبێتە سەر کەیخوسرەوبەگ • قادربە
تەنها کوڕێکی ئەبێ کە باوکی گەورەی بەگزادەی بەهرامبەگیە ، مند
ئەبێ عومری لە دەوری دوانزەدا ئەبێو ، ناوی محەمەد بەگ ئەبێ
کەیخوسرەوبەگی مامەی زۆر غەدری لێئەکاو لە جافدا بەشی ناداو ، جا
عوموومی خەرجو پیتاكو تەکالیفی بۆ خۆی وەرئەگرێ[١٣] • دایکـ
محەمەدبەگ ، کە ناوی زوبەیدەخان بوەو کچی میرەبەگ بوە
محەمەدبەگی کوڕی ئەباتە سلێمانی لای حاکمی بەبە شکات ئەکات لـ
کەیخوسرەوبەگ • حاکمی بەبەش بە لەشکرەوە دێتە شارەزوور ، ل
ماڵی کەیخوسرەوبەگ دائەبەزێ • عوموومی بەگزادە گردئەکاتەوە
عوموومی کوێخای جاف لە دانیشتووو گەڕیاو حازرئەکاتو ، ز
سەرزەنشتی کەیخوسرەوبەگ ئەکا ، پێیئەڵێ : ئەم کوڕە برازاتەو باوکیشـ
براگەورەت بوە ، لەسەر تۆ لازمە لەتەك کوڕی خۆتا فەرقی نەکەی •
مەجبوورم لە بەر خاتری قادربەگی سلێمانبەگ هەواخواهیی ئەم کو
بکەم • ئایا لە جافو ، ئایا لە دێهاتی شارەزوورو ئەطراف ئەبێ بەشی ب
دابنێیم • کەیخوسرەوبەگ رازیی ئەبێ بە تەقسیمی دێهاتو جاف ل
عەشیرەتی جاف • لە طایفەی میکایەلیی حەمەعەلی وەیسییو ئالیبەگـ

---

(١٣) لێرەدا هەندێك نارەسایی لە داڕشتندا هەیە .

شوبۆریی ، خاریجی شوانکاره ، به گەڕیاوو دانیشتوویانەوه ، عوموومی
ـریٚ به محەمەدبەگ‌ەوه ، له عەشیرەتی شاتریی‌و وردەشاتریی ، به کەڕیاوو
نیشتوویانەوه ، ئەویشی ئەدریٚتیٚ‌و ، فیرقەی نەژوینی ، که عەلاوەجاتی
تری‌یه ، له تەك صۆفی‌وەنداو عوموومی نەورۆلیـــی ، خاریجـی فیرقەی
ـمه ، ئەویشی تەسلیم ئەکریٚ‌و ، له دیهاتی فەزای ئەلەبجەو شـارەزوور
ـنـدەو چروستـانه له تـەك قارەمـانیـی‌و ، غولامـی‌دا ، دانیشـتوو و
ڕیاویانو ، لەتەك رەنگاڵو ، کاکردەڵو ، زەردیاڵو ، عومووومی وارماوا،
عیبارەته له سێداره (سیاره)و ، بیرکیٚ‌و ، چنـارەو ، ئەحمەدبرِنـدەو ،
ـلاڵو ، وازۆڵو ، عازەباڵو ، تووەفوتو ، جەرداسنـەو ، خەنەکـەو .
ماش‌و ، سوەیلەمش‌و ، قاینەیجه ، له ناحیەی خورماڵو ، دوو نەهر لـه
ـیەی پێنجوێن‌داو ، له قەرەداغ سێوسێنانو ، کەلوەش‌و ، مەسۆدیی‌و ،
ـمەتەی ئەدەنیٚ • بـاقیی تری جـاف له تەك شـارەزووردا وه ناحیـەی
ـجوێن عومووومی بۆ کەیخوسرەوبەگ ئەمێنیٚتەوه •

محەمەد بەگ له پاش ئەم تەقسیماته له پشتماڵەی کەیخوسرەوبـەگ
ـرئەچیٚ ، صەدوپەنجا ماڵ پشتماڵه بۆ خۆی دائەنیٚ‌و ، پیاوێکی زۆر ئازاو
ـسکەر بوه • بەگزادەی بارامبەگیی هەموویان ئەولادی ئەونو ، شەش
ـوڕی بـوه : بارامبـەگ ، میرانبـەگ ، ئەمـینبەگ ، عەزیـزبەگ ،
ـحمەدبەگ ، فەتاحبەگ • بارامبەگ کوڕی گەورەی بوه ، لەم ئاخریەدا
ـگزادەی بارامبەگیی به ناوی ئەوەوه ناوئەبرێن • ئەمما له تەك بەگزادەی
ـیخوسرەوبەگی‌دا ، که ئیمەین‌و ، ئەحفادو کوڕەزای کەیخوسرەوبەگ‌و
ـەمەدپاشاین ، یەك رەگ‌و ، یەك خوێن‌و ، ئامۆزاین • ئەگەرچی ئەوانیش
ـاحیٚب ئیٚل‌و جیٚگەو رێگـه بـوون وەکـوو ئیٚمـه ، ئەمـما له زەمانـی
ـیخوسرەوبەگـەوه ریـاسـەتی عومووومی جـاف‌و بـەگزاده به دەستـی
ـیخوسرەوبەگ‌و کوڕو کوڕەزایەوه بوەو ، وەقتێکیش که حوکوومەتی

تورك ولآتی بابانی گرتو ، ئینقیراضی حوكوومەتی بابان بوو ، لە تەئریخی هەزارو دووصەدو شەصتو شەشی هیجریدا ، لەو زەمانەشەوە ریاسەتی عومووميی ، كە بە ئەمری حوكوومەتی عوثمانیی بوە بەدەست بە ئزادەی كەیخوسرەوبەگیوە بوەو ، كەیخوسرەوبەگ لە پاش ئەو تەقسیماتە تا سالی هەزارو دووصەدو چلوچواری هیجریی ئیدارەی عومووميی جافو بەگزادەی كردو ، لەو تەئریخەدا بەرەحمەت چوو • پیاوێكی زۆر موسولمانو صاحێب ئیحسان بوە ، لە لیباسی حاكمیدا زۆر بێ نەفس بوەو ، دایما دوو دەواری گەورە ، كە هەر یەكێكیان دە دیرەگی بوە ، بۆ فەقیرو فوقەراو سەییاح مەخصووص بوە • عادەتا مالی وەكوو تەكیەیەكی بێ فێل بوە • لە تەك ئەمەشدا ئوصوولی عەشایری خۆی تێك نەداوە ، وە ئەوەی كە موحافەظەی سەطوەتی بكا لە دەستی بەرنەداوە لە لەشكرو سوارو كۆمەل • وە زۆر تەرویجی ئەهلی عیلمو تەدریسی كردوە • چەند مەدرەسەیەكی مەخصووصی لە دێهاتانا بوە ، بە واسیطەی ئەمەوە كە زستانان لە بەغدا نزیك ئەبوونەوەو هاوینان ئەچوونە ئێرانەوە طەرزی حەیاتێكی موتەمەددینانەیان وەرگرتبوو و ، زۆر بە ثەروەتو صاحێب پارە بوە ، بە دەرەجەیێكی وا كە سالی صەدكەسی فەقیری بە مەصرەفی خۆی ئەنارد بۆ حیجازو ، نەیهێشتوە لە پشتمالەی كەسی لە مالی خۆیدا نان بخوا ، ئیللا لە سەر سفرەی كەیخوسرەوبەگ نەبێو ، لە پاش خۆی پێنج كوڕی بوە : سلێمان بەگ ، قادربەگ ، عەبدوللابەگ • محەمەدبەگ ، عەبدوڕەحمان بەگ •

فەصلی حەوتەم

بەحثی كوڕەكانی كەیخسرەوبەگە لە تەئریخی هەزارو دووصەدو چلو چواری هیجریدا ، سلێمان بەگ ، كە ئەرشەدی ئەولادی بوە ، ئەبێ بە رەئیسو لەجێی كەیخوسرەوبەگ دائەنیشێو ، لە تەئریخی هەزارو

دووصەدو چلو پێنجی هیجریی‌دا لەشکری والیی سنە ، کە حوکوومەتی ئەردەلانە ، دێن بۆ سەر سلێمانی ، حاکمی بەبە طەلەبی یاریدە لە سلێمان‌بەگی کەیخوسرەوبەگ ئەکا ، سلێمان‌بەگ عەبدوللابەگی برای بە دوو هەزار سواری خوصووصیی خۆیانو جافەوە ئەنێرێ بۆ سلێمانی ، لە گردە گڕوێ ، کە نزیکی سلێمانی‌یەو کەوتۆتە شیمالی سلێمانی ، لە تەك لەشکری بەبەدا لەو مەوقیعە لە تەك لەشکری ئێران‌دا ئەبێ بە شەڕیان ، لەشکرەکەی ئێران لە پاش هەشت نۆ سەعات مودافەعە ئەشکێنن ، روو بە شاربازێڕ تەعقیبیان ئەکەن ، زۆریان لێ ئەکوژن ، لە ئاخری شەڕدا گوللەیێ تەصادوفی قاچی عەبدوللابەگ ئەکا ، زۆر کەم زامار ئەبێ ، لە تەك ئەوەش‌دا کە زامەکەی زۆر بێ‌ئەهمییەت ئەبێ پێی ئەمرێو ، ئێستە قەبری عەبدوللابەگ لە مەقبەرەی حاکمانی بەبە لە گردی سەیوانی سلێمانیدایە .

بۆ موحافەظەی تێکنەچوونی ئیستیقلالی بابان زۆر بەگزادە لە بەگزادەکانی جافو پیاوی چاکی جاف کوژراونو ، بەم رەنگە رۆیونو خۆیان فیدای وەطەنی کورد کردووەو ، ناویشیان نیە . ئەمەش بە واسیطەی ئەمەوەیە کە ئومەراو پاشاکانی کورد موبالاتیان بە تەئریخی کورد نەکردووەو ، تیکرار ئەینووسمو بەیانی دلگیریی ئەکەم کە رابوردووی هەموو میللەتێ ئەچێتە غەوری تەئریخەوە ، ئەمما رابوردووی کوردی بێ‌چارە چۆتە ژێر خاکو خۆڵی بێ‌تەئریخیەوە ! ئەگەنا ئەتوانم بنووسم بۆ موحافەظەکردنی ئەم خاکە کەمەی بابانە نیوەی میللەتەکەی خوێنی خۆی وژاندوە ، وە ناویشیان نیە .

وە ئەم عەبدوللابەگە عومری بیستو دوو سال بوە کوڕێکی زۆر لاوچاكو جوان بوە ، جوانییو شەوکەتی ئەو لە کوردستانی بابانو ئەردەلانا مەشهوور بودو ، لەو زەمانەدا کە جافو بەگزادەی جاف داخلی خاکی ئێران بوون رەسمی حوکوومەتی قاجاریی

ئەمە بوە کە طەلەبی گرەویان کردوە لە بەگزادەی جاف بـۆ موحافـەظەی خاکی ئێران لە تەعەرزی جاف • ئەم عەبـدوللا بەکە چوار ساڵ هـەموو هاوینێ بە پەنجا سوارەوە چوەتە خزمەت شا لە طـەهران زۆر حورمەتـی گرتوەو ، زۆریشی خۆش گەرەكبوە ، حەتتا لە پاش کوژیانی کە بەگزادەی تر لـە جێی ئـەو ئەچێتە طەهران زۆر ئەسـەفی بـۆ ئەخـواو کاغـەزی تەعزیەی[١٤] بۆ سلێمان بەگی برای ئەنووسێو ، ئـەو کاغەزە ئێستـەیش ماوەو ، عەبدوللا بەگ پیاوێکی زۆر موتەمەددینو ، تەحصیلی جاریی ئەو وەقتەی زۆر تەواو بوەو ، دوو ساڵ یا سێ سـاڵ لە پێش کـوژیانیا لـە کوێستانی ئێران دووچاری نەخۆشمیەکی زۆر خراپ ئەبێ• کەیخوسرەو بەگی باوکی کاغەز ئەنووسێ بۆ خزمەت شای ئێران حەکیمێکی خوصووصـی خۆی بۆ ئەنێرێ تەداوییەکی زۆر چاکی ئەکاو ، لەو نەخۆشیـە نەجاتـی ئەبێو ، هەموو ساڵێ شای ئێران خەلاتی ئەکا • یەکێ لەو خەلاتانە ساڵێ کتێبێکی شاهنامەی خەطخۆشی صوورەتداری ئـەداتێ ، تا ئەم بەینـە مابوو ، لەم نزیکانەدا حەسەن‌بەگی عەلی‌بەگ لـە بەغـدا بە عەنتیکەیـی فرۆشـتی •

لە تەئریخی هەزارو دووصەدو چلو هـەشتی هیجریـدا لە وەقتـی زوستاندا کە عەشایری جاف دێنە جێی زوستـانە عـەشیرەتی صەدانیـیو بەداخیی لە خاکی ئێران ئەبن • لە ئەیالەتی کرماشانەوە عەسکەرێکی زۆری ئێران بۆ سەر قادرمیروەیسیو طایشەیی حەواڵە ئەکرێ ، ئەوانیش بـە حەسبەی جافێتییو هاوجینسێتی وە صەدانییو بەداخیی کە درواسێیـان ئەبن دێن بۆ ناو ئەوان ، وە کوێخاکانی صەدانییو بەداخیی خەبەر ئەنێرن بۆ سلێمان‌بەگ ئەویش قادربەگی برای بە پێنجصەد سواری خوصووصیی خۆیەوە ئەنێرێتە ئەوبەر سیروان کـە بەداخییو صەدانیـی بـار بکـات

---

(١٤) (تەعزیە) راستترە .

بیان‌هێرێ بۆ ناو جاف ، کە لە تەعەڕوضی عەسکەری ئێران مەحفووظ بن•
گەیشتنی قادربەگ ئەناو صەدائیی‌و بەداخیی تەصادوفی لەشکری
عەسکەری ئێران ئەکا کە لەتەك طایشەیی‌و قادرمیروەیسی‌دا شەڕیان ئەبێ ••
ئەکا ، گوللەیێ تەصادوفی قادربەگ ئەکا بە لەشکرەکەی خۆی نالێ
زامارم ! ئەمما تەحریکیان لەسەر شەڕ ئەکا ، لەشکرەکەی ئێران ئەشکێنن‌و
صەدانیی‌و بەداخیی بار ئەکات ، ئەیان‌هێرێتە ئەمبەری سیروانەوەو ،
خۆشی کە ئەگاتە ماڵ لە پاش دوو سەعات بەو زامە ئەمرێ • سلێمان‌بەگی
برای لە ئەسەفی ئەودا کوتوپڕ نەخۆش ئەکەوێ ، لە پاش دوو رۆژ
ئەویش بەڕەحمەت ئەچێ •

ئەم قادربەگە ئەگەر چە سلێمان‌بەگ براگەورەی بوەو وەظیفەی
گەورەیی تەواو بەدەست ئەوەوە بوە ، ئەمما هەر ئیشێ کە رووی کردبێتە
جاف ، چە لە طەرەفی بابانەوەو ، چە لە طەرەفی ئەردەڵانەوە ، عومومی
جێبەجێکردنی لە عۆدەی قادربەگا بوە ، وە لە داخلی جافیش‌دا کەم‌و زۆر
ئیش‌و کارو تەکلیف‌سەندن‌و ئومووراتی سوارەی خوصووصیی خۆیان لە
پشتماڵەو طایفەکانی جاف‌دا ئەو جێبەجێی کردوە ، سلێمان‌بەگ هەر
ئیسمی گەورەیی بوەو ، رەواجیشی بە عیلم‌و عیرفان لە مەحاڵی خۆیان‌دا
زۆرداوە • ئیستەش سێ مزگەوت لە ئەطرافی ئەڵەبجە ، کە بینای ئەوە ،
ماوە ، یەکێکیان لە هانەسوورەیە دایما لە صەدوپەنجا طەلەبەی عیلم زیاتر
لەو مەدرەسانەدا بە خۆیان‌و مەلایانەوە ئیدارەی تەواوی لە طەرەفی
قادربەگەوە تەئمین‌کراوە • لە پاش مردنی ئەهلی عیلم‌و مەعاریف لە وڵاتی
خۆی‌دا زۆر موتەئەثیر بوون بۆی‌و ، نزیکی بیست (مرثیە) زیاتر بۆیان
هەڵبەستوە ، خوصووصەن شاعیری مەشهووری کورد جەنابی مەولەوی
چەند مەرثیەیەکی بۆ وتوە ، بۆ دواکەوتوانی ئەو زۆر عاجزیی ئەداو ، ئەم
دوو سێ شیعرە لە مەرثیەکانی مەولەوی‌یە :

شارەزوور ماتەن پەی نەدینی تۆ
رەوان گەرد ئەسرین زەلم و تانجەرۆ
عەمەلە ماتەم ، پشتمالە بێ رەنگ
سەرکۆمار بێزەوق ، مەدرەسە بێ دەنگ
شێروانە جە فکر شکاربازیی تۆن
ئینتیظار وە دەنگ زەنگی تازیی تۆن

ئەم قادربەگە هەرچلۆنێ قادربەگی ظاهیربەگ جێی جافی لە ئێران ویسعەت پێدا وە داگیری کرد ، ئەمیش ویسعەتی بە جێی زوستانی داون • عەشیرەتی دەلۆو ، گێژو ، پالانیی و ، رۆژبەیانیی و ، وەنایی و ، هۆمەراغاجانیی ••• ئەمانەی بارپێ کردوون و خستوونیە خوار کفریوەو جافی تێدا دامەزرانوە • خزمەتی زۆری بۆ جاف و بەگزادە بوەو ، قەبری ئەوو سلێمان بەگی برای هان لە مەقبەرەی (سەیدخەلیل) سەعات و نیوێ لە شیمالی شێروانەو ، گومەزێکی گەورە کە وان تێیدا ئیستەش ماوەو ، تەئریخی مردنیان لە بەردی قەبرەکانیان نووسراوەو ، قادربەگ و سلێمان بەگ کوریان نەبوە • قادربەگ دوو کچ و ، سلێمانبەگ یەك کچی بوە کە ئەم سێ (۱۵) کورەی کەیخوسرەوبەگە لە موددەتێکی زۆر نزیکا ئەمرن محەمەد پاشا ، کە برایان بوەو مندال بوە ، بە عومری شانزەسالیوە ئەمێنێتەوە لە دوایان •

محەمەدبەگی قادربەگی سلێمانبەگ ، کە ئامۆزایان ئەبێ و ، لەو وەقتەدا زۆر صاحێب دەست ئەبێ هەر وەکوو کەیخوسرەوبەگ لە پاش مردنی سلێمانبەگ تەعەرِوض بە حوقووقی ئەو محەمەدبەگە ئەکا • ئەویش تەماع ئەکاتە ئێل و پشتمالەی محەمەدپاشا • لە وەقتی تەعزیەی سلێمان

---

(۱۵) ئەم جێگەم باش بۆ ساغنەکرایەوە •

بەگ‌و قادربەگی کەیخوسرەوبەگ‌دا حوکم ئەکا لە پشتماڵەی محەمەدپاشا یاریان بکا بیان‌باتە پشتماڵەی خۆی پیاوە گەورەکانی پشتماڵەی محەمەدپاشا لەتەك گەورەی عەمەڵەو شاتری‌دا تەدبیر ئەکەن بۆ مەنعی ئەمە • ئەچنە لای محەمەدبەگی قادربەگ ، ئەڵێن : ئێمەبە هیچ نەوعێ ئەمە قوبووڵ ناکەین‌و محەمەدپاشا ، با منداڵیش بێ ، نایدەین بە دەست تۆوە . هەرچی تەکلیفی ئێلی‌و عەشیرەتیی هەیە خۆمان گردی ئەکەینەوە ئەیدەین بۆ ئیدارەی خۆی‌و پشتماڵەو عەمەڵەو لەشکری‌و . لە عەینی وەقت‌دا کچی محەمەدی برایم ، کە رەئیسی فیرقەی برایمیی ئەبێ لە شاتری . بۆی مارە ئەکەن • مەحموودپاشاو عوثمان‌پاشا ، کە کوڕی محەمەدپاشان ، لەو ژنەن •

فەصڵی هەشتەم

بەحثی زەمانی ریاسەتی محەمەدپاشایە :

لە تەئریخی هەزارو دووصەدو چل‌و هەشتی هیجری‌دا محەمەدپاشا بە عومری شانزە ساڵیوە ئەبێ بە رەئیسی عموومی جاف‌و بەگزادە ، کە وەقتێ ئەبێ بە رەئیس ئەوقاتی خۆی بۆ زیادیی سوارەی پشتماڵەو عەمەڵە حەصر ئەکا ، طایفەی ئەلك‌پیروەیس لە نەرخانی‌دا پەنجا سواریان مەخصووص ئەکا بە سوارەی خصووصی خۆیەوەو . لە تاقمی وردەبەگزادە ، کە پێیان ئەڵێن : بەگزادەی حەسەن‌بەگی ئالی‌بەگ . چل‌سواریان ماین‌و تفەنگ ئەداتێ . ئەوانیش عەلاوەی سوارەی خۆی ئەکاو بەعزێ ماڵی تر لە جاف هەڵئەبژێرێ ئەیانهێنێتە پشتماڵە ، پشتماڵەکەی ئەکا بە چوارصەد ماڵ‌و ،هەر سوارەیێ،کە لە پشتماڵەی خۆی‌دا ئەبێ حوکمیان لێ ئەکا نابێ لە وەقتی بەهارو هاوین‌دا سواری ئەسپ بین • کوللی سوارێکی ماینێکی بەرگردیان ئەداتێ • ئەسپ بۆ سوارە مەخصوصی

پایزو زستان بوەو ، سوارەی خوصووصیی خۆی ئەگەیەنێتە شەشصەد سوار • تا دە ساڵ لە کەماڵی دەستو تەرەقی‌دا ئیدارەی جاف ئەکا •

ئەحمەدبەگی وەڵەدبەگ ، کە رەئیسی فیرقەی وەڵەدبەگی‌و خاڵۆی ئەحمەد پاشای حاکمی بەبە بوەو ، پیاوێکی زۆر ئازاو صاحێب‌دەست بوە لە ناو جاف‌دا •• ئەحمەدپاشا گەرەکی ئەبێ بیکا بە رەئیسی عموومی جاف‌و ، ئەحمەدبەگیش زۆر فیتنەیی ئەکا لای ئەحمەدپاشاو محەمەدپاشا لە ناو حاکمەکانی بەبەدا هەواخوای عەبدوڵڵاپاشا ئەبێ‌و ، دوشمنیی عەبدوڵڵا پاشاو ئەحمەدپاشای بەبەش تەئریخەن مەعلوومە • کە وەقتێ عەبدوڵڵاپاشا لە سلێمانی نامێنێ‌و ، ئەحمەدپاشا ئەبێ بە حاکمی سلێمانی نیەتی ئەمە ئەکا کە محەمەد پاشاو محەمەد بەگی قادربەگ لە تەك کوڕەکانی‌دا ، بە هەر فێڵێ بێ بیان‌گرێ !

لە وەقتی بەهاردا ، کە ئەچنە شارەزوور ، کاغەز ئەنووسێ بۆ شوێن محەمەدبەگی قادربەگ‌و کوڕەکانی‌و ، بۆ شوێن محەمەدپاشاش • محەمەد پاشا ناچێ بۆ سلێمانی ، ئەڵێ : من نەخۆشم • محەمەدبەگ خۆی‌و بارام‌بەگ‌و ئەمین‌بەگ‌و میران‌بەگ‌و عەزیزبەگی کوڕانی ئەچنە سلێمانی لای ئەحمەدپاشا ، لەوێ هەر پێنجیان ئەگرێ ، ئەیان‌نێرێ بۆ کۆیە حەبسیان ئەکا ، محەمەدپاشا ، بە قاعیدەی هەموو ساڵە ، لە تەك عەشایری جاف‌دا ئەچێتە کوێستان ، لە وەقتی پایزدا کە دێنە خوارەوە بۆ طەرەفی مەریوان شەو پیاوەگەورەکانی پشتماڵەی لە تەك پیاوموناسبانی جاف‌دا ئەچنە لای پێی ئەڵێن : ئەحمەدپاشا خەریکە تۆ بفەوتێنێ • ئامۆزاکانی تۆ ، کە وەکو محەمەدبەگی قادربەگ‌و کوڕانی بێ ، گرتوونی •تۆ بە تەنها ماوی ، وە دوشمنێکی وەکو ئەحمەدبەگی وەڵەدبەگ کە چاوی وا لە جێگەو رێگەی تۆو باقیوە ، وە خاڵۆی ئەحمەدپاشاشە وا لە ناو جاف‌دا ، وە زۆر صاحێب‌دەستیشە وا لە بەرامبەرتەوە ، بۆ تۆ مومکین نابێ هەم شەڕی

خاریجو هەم شەڕی داخل بەی ، لازمە تۆ فکرێ بە حالی خۆتدا بکەی !

محەمەدپاشا پێیان یێژێ : ئەگەر خوا منی گەرەك بێ بەمانە نافەوتێم.
لە پاش دوو رۆژ ئەحمەدبەگی وەلەدبەگ بە حوێو عوموومی بەگزادەی وەلەدبەگیوە نزیکی دووصەد سوار ، لاێ بۆ دێیەیو ، لە لایەکی کەوە بۆ خۆنوانو شادامی ، دینە مالی محەمەدپاشا .
محەمەدپاشاش نایخاتە ئەڕووی شەو . لە پاش نانحواردن خەبەر ئەدا بە سوارەی پشتمالەو ، زۆریش سوارەی عەمەلە لای محەمەدپاشا حازر ئەبن ، عوموومیان بە کۆمەلێ دینە دیواخان ، ئەمر ئەکا پێیان ئەحمەدبەگی وەلەدبەگ لە تەك عەزیزبەگی حەبیببەگو ، عەزیزبەگی حسەینبەگو محەمەدئەمینبەگو ، سەلیمبەگی باوکی یارئەحمەدبەگی مەشهووردا .. ئەگرنو بالیان ئەبەستنو ، ئەو سوارانەی ئەحمەدبەگە کە لە پشتمالەی محەمەدپاشادا ئەبن ، ئەمر ئەکا بە کوللی مالێ سوارەی خۆی بگرێو ، هەر ئەو شەوە بە حەوتصەد سوارەوە ئەچێتە سەر مالی ئەحمەد بەگی وەلەدبەگ ، لە بەردەمی هۆمەرەسێنانی پێنجوێنا ، مالی خۆیو بەگزادەکانی وەلەدبەگیی لەتەك پشتمالەکەیا تالان ئەکاو ، هەرچە مالیان ئەبێ ئەیدا بە خزمەتکارو ، ئەگەڕێتەوە بۆ مالی خۆی . هەر ئەو رۆژە خەبەر ئەدا بە عوموومی عەشایری جاف ، خاریجی ئێلی ئەحمەد بەگی وەلەدبەگ ، کە هەزار مالێ ئەبێ ، ئەلێ : من ئەگەڕێمەوە بۆ خاکی ئێران ، ئەبێ عوموومتان بچنە شارەزوور ، عوموومتان لە تەکما بێنەوە بۆ ئێران .

عموومیجاف بە یەك دەفعە روو بە ئێران ئەگەڕێنەوە ، بە مالەوە ئەچێتە سێسەعاتیی ئەجەنووبی سنە ، خۆیو هەشتصەد سوار لەتەك ئەو بەگزادە حەبسەکانی وەلەدبەگیدا ، کە ئەیانبا ، ئەچێتە سنە . ئەحمەبەگی وەلەدبەگ هەرچلۆنێ ئەحمەدپاشاو عەبدوللاپاشای بەبە خوشکەزای ئەبن ،

والیی سنه ، که حاکمی ئەردەلان ئەبێ ، ئەویش خوشکەزای ئەبێ ، چونکە کچێکی وەلەدبەگی باوکی ئەحمەدبەگ ، که پیرۆزە خانمی ناو ئەبێ ، دایکی حاکمی ئەردەلان ئەبێو ، محەمەدپاشا بە فکری خۆی وا ئەزانێ حاکمی ئەردەلان تەماشای ئەمە ناکا که ئەحمەد بەگ خالۆیەتی ، چونکە محەمەدپاشا تەشەبوثی پێکردوەو ، جاف ئەکا بە تەبەعەی • له تەك ئەم فکری محەمەدپاشادا نیەتی والیی موافیق نەهات • وەقتێ له سنه له ماڵی میرزامحەمەد ڕەزای وەزیری ئەردەلان دائەبەزێو ، له بەیانیدا ئەچێتە لای والیی ، تێئەفکرێ والیی موعامەلەی سارده له مەجلیسدا • والیی تەذکەرەیێ ئەیا بە میرزا محەمەدڕەزا • ئەنووسێ بۆی : محەمەدپاشا بە چە مەعنا خالۆکانی من حەبس ئەکا وە بە حەبسیی ئەیانهێرێتە لای منو ، لەتەك ئەمەشدا ئومێدی موعاوەنەتی له من هەیە ؟ میرزا محەمەدڕەزا ئاپا خۆیو ، ئاپا باوکی ، له تەك محەمەدپاشاو کەیخوسرەو بەگی باوکیدا حوقووقێکی صەداقەت له بەینیانا ئەبێ ، لەم تەذکەرەی والیە زۆر عاجز ئەبێ ، ئەمما له مەجلیسدا بۆی مومکین نابێ بە محەمەدپاشا بڵێ والیی فکری خراپە • تەذکەرەکەی والیی له بەردەمی خۆیدا دائەنێو ، والیی له مەجلیسەکە لەگەڵ میرزامحەمەدڕەزا ئەچێتەدەشتەوەو ، میرزامحەمەدڕەزا تەذکەرەکە بەجێئێلێ بۆ خاتری ئەمە که محەمەدپاشا بیخوێنێتەوە •

محەمەدپاشا ئەیخوێنێتەوەو کوتوپڕ له فکری والیی تێئەگاو دێتە ئەدەرەوە بە سواریی ئەچێتەوە بۆ ماڵی میرزامحەمەدڕەزاو خەبەر ئەدا بە عوموومی لەشکرەکەی له کاروانسەرا ئەبێ • سوارئەبن ، له شار ئەچنەدەرەوە • والیی که دێتەوە ئۆدەی مەجلیس خەبەری محەمەدپاشا ئەپرسێ ، ئەڵێن : چوە بۆ ماڵی میرزامحەمەدڕەزا ، پیاو ئەنێرێ بۆ تەحقیقاتی ، خەبەری ئەدەنێ که محەمەدپاشا بە خۆیو لەشکریوە رۆیی • عیتاب له میرزامحەمەدڕەزا ئەکا ، ئەڵێ : تۆ خەبەرت داوەتێ ! ئەڵێ :

خەبەرم نەداوەتێ ، ئەمما لەو وەقتەدا کە بانگت کردم تەذکەرەکە لە خەیاڵم چوو • ئەشێ خوێندبێتیوەو ، حوکم ئەکا لە عەسکەری خۆی کە بچن بە شوێن محەمەدپاشادا •

میرزامحەمەدڕەزا پێژێ بە والیی : لەم خوصووصەوە حەقت نیـــە • ئەوەڵەن ئەم پیاوە پەنـای ئەخاکـی تۆ هـاورد ، تـۆ کە موعـاوەنەتـت نەکرد حەقی تەعەڕوضی ئەوت نیە • گوێ لە من بکە بە دەستکەوتنەوەی خالۆکانت رازییبە ، ئەم لەشکری محەمەدپاشایە کە دوێنی من دیومـــە لەوانە نین بە فەوجی ئاغاموساو ئاغانەصری تۆ دەردەست بکرێن‌و ، هەم ئیطاعەیێکی واشیان هەیە بە ئامیری خۆیان هەر وەکوو بوت بۆ بوتپەرست واتەو ! لەتەك ئەمەش‌دا ئەم پیاوە دە هەزار ماڵ عەشیرەتی خـۆی وا لـە تەکیا ، ظەریف فکربکەرەوە ،ئەمانە بە چەندێ قووەت تەربییە ئەکرێـن ؟ والییبە قسەی میرزامحەمەدڕەزا دەست لە تەعقیب هەڵئەگرێ‌و بە ئەدەبی خۆیەوە دائەنیشێ •

محەمەدپاشا کە لە ئەردەڵان‌دا مەئیووس‌بوو بە ڕێی کولیایی‌دا خۆی‌و عومومی عەشیرەتی دێن بۆ جەبەڵی قزراباط‌و شارەبان‌و ، محەمەدپاشـا خـۆی ئەچێتـە بەغـدا لای وەزیـر ، ئـەویش بۆ زوستـان‌و مەحەڵلـی عەشایرەکەی جـەبەڵی شـارەبان‌و بـەینی خانەقـی‌و قزرابـاط لـە تـەك جەبەڵی باخچەدا ، کە ها لە پشت خانەقیوە تا حـودوودی مەندەلیـی •• ئەیداتێ‌و ، لە تەك حاکمی کرماشانا بۆ جێی هاوینەیان طەرەفی دالاهـــۆو ئەطرافی سەرمیل‌و کرن‌و سوورەدزە ، بۆیان رێ‌ئەخـاو ، موددەتـی سێ ساڵ محەمەدپاشا بە خۆی‌و جافەوە لە ژێر ئیـدارەی وەزیـری بەغـدادا بوون ، لە بەینی ئەم مودەتەدا ئەطرافی سلێمانی‌و شارەزوور ، بە واسیطەی تەعەڕوضی جافەوە ، لە زەحمەتێکی زۆرا ئەبن • ئەحمەدپاشا ئەکەوێتـــە پەلەپەل بە خۆی‌و هەیئەتی حوکومەتەکەی لە تەك دووهەزار سواردا دێتە

گردی شێروانە • عەزیزئاغای • مەصرەف ئەنێرێتەماڵی محەمەدپاشا لە جەبەلی شارەبان‌و محەمەدبەگی قادربەگ لە تەك کوڕەکانیا ئەوانیش لەتەك خۆیدا ئەهێرێت بۆ شێروانە •

عەزیزئاغا کە ئەچێتە ماڵی محەمەدپاشا زۆر پەلەپەل ئەکا لەتەك محەمەداپاشادا ئیقناع نابێ کە بێتە لای ئەحمەدپاشاو ، جوابی کاغەزی ئەحمەدپاشا ئەنووسێتەوە : « من دەستم لە خاکی بابان‌و شارەزوور هەڵگرتوە بۆ خۆت‌و خاڵۆت » !

ئەحمەدپاشا دووبارە عەزیزئاغا لە تەك عەزیزبەگی مامی‌و محەمەدبەگی قادربەگ‌و ، هەر چوار کوڕەکەی بە کاغەزی دلخۆشیی‌و تەئمینەوە ئەنێرێتەوە لای محەمەدپاشا ، ئەنووسێ :

« من ئەگەر خراپەیەکم کردبێ بەم خراپەی خۆمە ئیقرار ئەکەم • بە هەرچە تۆ تەئمین ئەبی ئەمین بە من لە خاکی بابان هەرچە تۆ گەرەکت بێ من نامەوێ • ئەوا محەمەدبەگ‌و ئامۆزاکانتم ناردەوە ، ئەگەر خۆشت نایەی با ئەوانیش لەوێ بن » •

عەزیزئاغا ، کە پیاوێکی زۆر زیرەك‌و عاقڵ بوە ، بە هەر نەوعێ ئەبێ محەمەدپاشا ئیقناع ئەکا دێتە لای ئەحمەدپاشا ، ئەمما لەشکرێکی زۆر گەورە موقابیل بە لەشکرەکەی ئەحمەدپاشا لە تەك خۆیدا دێنێ • وەقتێ کە لەتەك ئەحمەد پاشادا یەك ئەبینن ، ئەحمەدپاشا پێی ئەڵێ : من زۆرم پەلەپەل کرد کە تۆ بفەوتێنم ، ئەمما جیلوەی طالیعێ لە ناوچاوی تۆدایە ، نەك بە من ، لە منیش گەورەتر نایکوژێنێتەوە ! ئەمما شەرت بێ تا من بمێنم هەرچە تۆ پێت خۆش بێ من ئەوە بکەم‌و ، تۆش لەمەولا بە خیلافی رابوردووەوە موعامەلە بکە •

لەیەك رازیی ئەبن ، ماڵی محەمەدپاشا لە تەك عوموومی جافدا ئەپەڕنەوە بۆ جێی خۆیان‌و ، عەزیزئاغاش هەر لەم سەفەرەدا کچی

عەبدورەحمان ئاغای بارچاوەش ، کە برازای ئەبێ بۆ محەمەدپاشای مارە ئەکاو ، لەو کچە سێیەمان بەناو محەمەدعەلی بەگ ئەبێ • (بەختیان لە وەقتی خۆی دائەکرێو) محەمەدپاشا لە پاش ئەم سەفەرە لە هاتەوە حزاپەیێکی لەناو جافو شارەروورردا بوو ، نەماو ئەچێتە مالی ئەحمەدبەگی وەلەدبەگ دڵخۆشیی ئەداتەوە ، هەم خزمی ئەبێو ، لە لایەکیشەوە زاوای ئەبێ ، وە خوشکێکی محەمەدپاشا ژنی ئەبێ • ئەو گرتنی محەمەدپاشایە لە دڵ دەرئەکا ، وە ئەڵێ بە محەمەدپاشا : من بەمە ئیفتیخار ئەکەم کە لە بەگزادەی جافدا پیاوی وەکوو تۆی وا تێدا ، ئەگەرنە خۆت ئەزانی من بۆ هیچ کەسێکی تر سەرم دانەنەوانوە • (في الواقع) ئەحمەدبەگ ئازاترینی زەمانی خۆی بوە • محەمەد پاشا تاکو ئینقیراضی پاشاکانی بەبە ، کە ساڵی هەزارو دووصەدو حەفتاو چواری هیجریی بوە •• ئیدارەی عەشیرەتی جافو شارەزووری کرد •

حوکوومەتی تورك کە سلێمانی گرت ، وە وڵاتی بابان کەوتە ژێر ئیستیلای تورکەوە ، ئەوانیش ئیدارەی محەمەدپاشایان تێك نەداو هیچ تەکلیفێکیان لە جاف داوا نەکرد • تاکوو زەمانی عومەرپاشای سەردار ، کە دەستووری موکەڕەم بوە لە طەرەفی خەلیفەی عوثمانیوە ، بە لەشکرێکی زۆرەوە دێتە شارەزوور ، محەمەدپاشا بانگ ئەکاتە مووان ، ئەچێتە ئەلای، بە محەمەدپاشا ئەڵێ : من هاتووم بۆ تەشکیلاتی شارەزوورو سلێمانیو خاکی بابان • لازمە جاف کە داخڵی ئەم خاکەیە رەسمێکی بۆ دابنێین •

محەمەدپاشا ئەڵێ : ئێمە خۆمان سی ماڵ بەگزادەینو هەزار سوار خزمەتکارو تەبەعەمان هەیەو ، ئەم عەشیرەتە ، کەپێیئەڵێن جاف بۆ خۆمان لە خاکی ئێران هاوردوومانەتە خاکی بابانەوەو ، ئێمە ئیدارەمان وا بەسەر ئەمانەوە ، کە تۆ داخڵی رەسمت کردن بۆ حوکوومەتی عوثمانیی ، ئێمە بە چی ئیدارە بکەین ؟ ئابائو ئەجدادی ئێمە ، کە لە ئێران بووین ، چە لە

زەمانی صەفەویداو ، چە لە زەمانی حوکوومەتەکانی پێشووی ئێراندا تەکلیفی هیچیان لە ئێمە نەکردوە • عومەرپاشا بە توندیوە ئەڵێ بە محەمەدپاشا : بە خوا جاف ئەخەمە ژێر تەکلیفەوە ، وە چاوت دەرێنم ! محەمەدپاشاش بە توندیوە موقابەلەی ئەکا ، ئەڵێ : بەخوا چاویشت دەرێنمو تەکلیفیشت نادەمێ !

کوتوپڕ لە ئۆردوودا سوار ئەبێ بە هەزارو پێنجسەد سوارەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆی •

مەحموودپاشای کوڕی لە عەینی ئەم گفتوگۆی عومەرپاشاو محەمەد پاشادا مەوجوود ئەبێ ، ئەمما منداڵ ئەبێو ، عەینی ئەم گفتوگۆیە خۆم لە مەحموودپاشام بیستوە • هەر ئەو رۆژە کە لە ئۆردوو دێتەدەرەوە بۆ ماڵ ، سوار تەعیین ئەکا بۆ ناو عوموومی جاف : ئەبێ ئیمشەو تا صبحەی ئێوارە عوموومی جاف لەسەر سیروان حازربن ئەپەڕەوە بۆ خاکی ئێران •

میکایەڵیی ، کە لە شارەزووردا کەوتوونەتە طەرەفی سلێمانیوە ، ئەوانیش وەکوو جافەکانی داخڵی قەزای ئەڵەبجە لە عەینی وەقتدا ئەگەنە سەر سیروان • عومەرپاشا پیاوە گەورەکانی بەبە ، کە لە پاش پاشاکانی بەبە مابوونەوە ، وەکوو عەزیزئاغای مەصرەفو ، حاجی بەگی مەصرەفو باقیی تر لە تەك عومەرپاشادا ئەبن لە مووانەدا ، پێ‌ئەڵێن : تۆ موعامەلەیەکی زۆر خراپت‌کرد لە تەك محەمەدپاشادا • ئەم پیاوە زۆر بە نوفووذەو ، خۆیو عەشایرەکەی دایما هان لە حودوودی ئێرانداو ، ساڵی چوار مانگیش بە تەواویی لەسەر خاکی ئێران دادەنیشێو رابیطەی سیاسەتی لەتەك حوکوومەتی ئەردەڵانو شاهی ئێراندا هەیەو ، حوکوومەتی ئێران بە عوموومی مەوجوودییەتیوە پەلەپەل ئەکا بۆ ئەم تەبەعەی قەدیمی خۆیە

که بیکاتەوە بە تەبەعەی خۆی • موحەققەق سلێمانی دانامەزرێ محەمەدپاشا لە خاکی ئێراندا بێ‌و ، سلێمانی ئەبێتەوە بە عەلاوەجاتی ئێران •

عومەرپاشا زۆر پەشیمان ئەبێتەوە لەو موعامەلەیە ، یەکێ لە پیاوە گەورەکانی خۆی لە تەك عەزیزاغادا ئەنێرێ بە شوێن محەمەدپاشادا . زۆر تەئمینات ئەدەن بە محەمەدپاشاو ، محەمەدپاشا دووبارە ئەبەنەوە لای عومەر پاشا ئەمووان • ئەم دەفعەیە زۆر حورمەتی ئەگرێ‌و روتبەی میری میرانی بۆ جەلب ئەکاو ، تەشکیلاتی قەزای ئەڵەبجەی بە قایمەقامیی بۆ ئەکا • بە صوورەتی مەحەببەت ئەڵێ : ئێوە ئیسلامن‌و حوکوومەتی عوثمانیش خەلیفەی ئیسلامە • ئیمڕۆ جافیش ئەگەر بە ئیسم ، بۆ چاوی خەڵق‌و عەشیرەتەکانی تر ، لە ویلایەتی موصڵدا ئەگەر جوزئیی رەسمێکی بەسەرەوە بێ زۆر چاکە • محەمەدپاشا کە رازیی ئەبێ لە عومەرپاشا پێی‌ئەڵێ : جاف لە کوردستاندا‌و ، شامار لە قیطعەی عەرەبستاندا هاوموقابیلی یەکن • ئەوان چە تەکلیفێ ئەدەن بە حوکوومەتی عوثمانیی ئەمانیش ئەیدەن • عومەرپاشا ئەڵێ : شامار چل‌یەك لە مەڕو وشتر ئەدەن . محەمەدپاشاش ئەڵێ : جافیش چل‌یەکی مەڕو بزن ئەدەن • رەسمی چل‌یەکی مەڕو بزنیان لەسەر دائەنێن ، ئەم رەسمە لەناو جافدا دەوامی کرد تا ئینقیلابی عوثمانیی‌و هاتنی ناظم‌پاشا ، محەمەدپاشا بە قایمەقامیی ئەڵەبجەو ریاسەتی جاف ماوە تا هەزارو دوو صەدو نەوەدی هیجریی • لەو تەئریخەدا والیی بەغدا مەحموودپاشای کوڕی ، کە بەسەر جافەوە گەرمیان‌و کوێستان ئەکا وە ئەگەڕێ‌و ماڵی لە قەڵای شێروانەدا ئەبێ ، لە وەقتی زوستاندا تەلغراف ئەنووسێتە شوێنی بۆ بەغدا •

مەحموودپاشا ئەچێتە لای بۆ بەغداو یەك دوو کوێخایەکی شاتریی • کە خزمەتکاری ئەبن لە تەکیا ئەبن‌و ، یەکێ لەو کوێخایانە تورکیی زۆر چاك ئەزانێ•مەحموودپاشا کە ئەچێتە لای والیی، والیی پێی‌ئەڵێ : ئەم عەشیرەتی

جافه ، قیسمی گەڕیاویان ، حوکوومـەت دانیشتنیـانی زۆر مەطلەبـەو ، ئەراضیشیان ئەداتێ بە طاپۆ بە شەرتی دانیشتن • مەحموودپاشا ئەڵێ‌پێی : من صوورەتی راستیی بە تۆ ئەڵێم : ئەم عەشیرەتە دانانیشن‌و ، مەحموود پاشا حەقانییەتەکەشی ئەڵێ • ئەو کوێخا شاتری‌یە لە بەردەمی قاپیی ئۆدەی والیدا ئەبێ ، لە دەرەوە لە گفتوگۆی والیی‌و مەحموودپاشا حالیی ئەبێ •

وەقتێ کە مەحموودپاشا ئەگەڕێتەوە بۆ شێروانە ئەویش ئەچێتـەوە ناو طایفەی خۆی دە دوانزە کوێخایەکی شاتریی ئیقناع ئەکاو ، ئەچنـە خانەقێ لای قایم‌مەقامی خانەقی ، کە ئەحمەدبەگی قادرپاشای بەبە ئەبێ‌و ، ئەحمەدبەگیش بە حەسەبەی بابانیوە کە حوکوومەتی عوثمانیی حوکمداریی بابانی تێکدابوو ، محەمەد پاشاش لە خاکی بابان‌دا لە پاش بابان مەوقیعێکی زیاتر لـە پێشـووی خـۆی دەست‌کـەوتبوو ، لە محەمەدپاشـاو کـوڕی محەمەدپاشا عاجز بوون ، ئەگەرچە ناحەقیشیان بوو ، حوکوومەتێکی وەکو خەلافەتی ئیسلامیی بە محەمەدپاشا مەنع نەئەکرا ، هەر ئەوەی پێ‌ئەکـرا کە مەوقیعی عەشیرەتەکەی خـۆی موحافەظـە بکا دەسـت‌خۆشی رۆزگار نەبێ •• ئەحمەدبەگ ئیشیان بۆ رێک ئەخاو تەلغرانیان بۆ ئەنووسێ بـۆ والیی بەغدا ، ئەمانە ئەڵێن : ئەگەر حوکوومەت ئەراضـیی بـدا بە ئێمـە دائەنیشین • حوکوومەت بەعزێ ئەراضیی بۆ ئەوان مەخصووص ئەکا •

مەحموودپاشـا لەم موعامەلـە دڵگیر ئەبێ ، کاغـەز ئەنووسـێ بـۆ محەمەدپاشای باوکی لە ئەڵەبجە • ئەویش جوابی ئەداتەوە ئەڵێ : هیـچ موعامەلەیێ لەتەک جافەکانا مەکە تا وەقتی بەهار ئەگەڕێتەوە بۆ هەڵەبجە وەضعییەتی جاف کەمێ تێک ئەچێ ، لە وەقتی بەهاردا کە ئەچنەوە شارەزوور لە شەک‌مەیدانی بەرامبەر شەمێران ، کە ها بەسەر سیروانەوە ، پشتماڵـە لەوێ ئەبەزێ • محەمەدپاشا لە ئەڵەبجەوە دێتە ئـەناو پشتماڵـە • ماڵـی مەحموودپاشاو کوڕەکانی بەگزادەی بارام‌بەگی وەڵەد بەگیی گشتی دێنە

لای ، پێیان ئەڵێ : حوکوومەتی تورك فکری تێکچوە لە تەك ئێمەداو . ئێمە لە کوردستاندا بەم نەوعە ئیدارە ناکەین ، وە بۆشمان مومکین نابێ بچین بە گژ حوکوومەتی عوثمانیدا وە لە خاکیدا بین . لازمە ئێمە بچینەوە خاکی ئێران . ئەم خزمەتە کە بە حوکوومەتی تورکی بکەین بە حوکوومەتی قاجاری بکەین چیمان لێرە ببێ لەوێ زیاترمان ئەداتێ .

مەحموودبەگی عەبدوڵلائاغا ، کە لە تاقمی مەحموودبەگی صاحیبقەرانە دایکی ئەوو دایکی محەمەدپاشا ، کە کەنیشکی محەبەدگی مووسابەگی خورماڵ ، کە بەگزادەی تەقی بەگین ئەبن (١٦) .. خوشك ئەبن . لە پاش ئینقیراضی بەبە بە حەسەبەی خزمایەتیەوە دێتە لای محەمەدپاشاو ، محەمەدپاشاش وەکوو کوڕەکانی خۆی لە پشتماڵەیا ماڵو جێگەو ڕێگەی بۆ دائەنێ . ئەڵێ بە محەمەدپاشا : رجا ئەکەم تۆ ئەمڕۆ ئەووەڵەن قایمەقامی لە ئەڵەبجەو ، دوەم صاحێبی شەصت حەفتا هەزار تەغار گەنمو جۆو چەڵتووکی لە شارەزووردا . ئەم عەمارانە کە قیمەتی سیهەزار لیرەی عوثمانیە .. ئەمانە بکە بە پارە ، ئەو وەقتە ئەگەر حوکوومەتی عوثمانیی موعامەلەیان چاك نەبوو ئێرانمان لە دەست دەرناچێ محەمەدپاشا پێی ئەڵێ : ئەگەر عەمارەکانم گشتی پڕ بێ لە ئاڵتوون رۆژێ بە ئەسارەتەوە قەبووڵ ناکەم ! حوکوومەتی تورك قسەی چوار ژێردەستەی خۆم بخاتە ئەسەر قسەی من !؟

هەر ئەو رۆژە ئەمر ئەدا بە پشتماڵەکان : هەر کەس چەند زەخیرەی بۆ هەڵئەگیرێ بچن بیهێنن بۆ خۆتانو ، صەدانییو بەداخیش ، کە لە خاکی ئێراندا ئەبن ، کاغەزیان بۆ ئەنووسێ لە جێی خۆتان بمێننەوە تاکوو من خەبەرتان لێئەگیرمەوە مەپەڕنەوە بۆ ئەمبەر .

---

(١٦) ئەم (ئەبن)ە زیادە .

له پاش حەوت رۆژ پشتماڵەکـان ئەچنە شـەمێران ئەسـەر کـەژی زمناکۆو ، محەمەدپاشاش له ئەڵەبجەوە ئەچێتە ناو پشتماله ، مەحموودپاشا ئەڵێ بە محەمەدپاشا : من ئەچمە بەغدا ئەمڕۆ حوکوومەتی تورك ئەمری تەشکیلاتی طاپۆی داوە ، هەم ئەراضیی ئەسێنم‌و هەم خزمـەت بـە حوکوومەتی عوثمانیی ئەکەم ، مەحموودپاشا ئەگەڕێتەوە بـۆ بەغداو ، محەمەدپاشا ئەچێتە زمناکۆو ، لەوێوە خۆی‌و قادربەگی رۆستەم‌بەگ ، کە لەو وەقتەدا رەئیسی فیرقەی وەڵەدبەگیی ئەو ئەبێ ، بە صـەد سـوارەوە ئەچێتە کرماشان لای شاهزادە (عماد الدوله) حاکمی کرماشان ، تەلغـراف ئەنووسن بۆ خزمەت شاهی ئێران (ناصرالدین) شاهو شاه جواب‌ئەداتەوە :

ئەووەلەن : چی لازمـە بۆ محەمـەدپاشا ، بۆ خـۆی‌و عەشـرەت‌و تەبەعەی له ویلایەتی کرماشان‌و سنەدا بۆی جێ‌بەجێ بکـەن‌و ، محـەمەد پاشا خۆشی له پاش دامەزرانی ئەبێ بێ بۆ طەهران ، هەر له کرماشانەوە ئەمری عوموومی جوانڕۆ لەتەك عەشایری جافی جوانڕۆدا بۆ ئەنووسێ ، ماڵیان ئەچێتە جوانڕۆو ، ئەچنە کوێستانی شاهۆو بەنی‌گەزو کرێوە ،

له پاش دامەزرانن ئەو قیسمە عەشایرەی کە له تەکیا ئەبێ محەمەدپاشا بە پەنجا سوارەوە ئەچێتە خزمەت شـا بۆ طەهران ، له طـەرەفی شـاوە ئیستیقبالی ئەکەن‌و ، له ماڵی وەزیر یەحیاخان‌دا میوانیی ئەکا ، بە لوطف‌و گەورەیی خۆی مەرحەمـەتێکی مولووکانـەی له تەکا ئەکـاو ، زۆر زۆر ئیحتیرامی ئەگرێ‌و ، گەلێ شەو له سەر سفرەی خۆی حازری ئەکا ،

فرمانی ریاسەتی عوموومی عەشیرەتی جافی ئێران لەتەك عوموومی جوانڕۆداو قەصری شیرین‌و زەهاب‌و هۆرێن‌و شێخـان تاکو حـودوودی عوثمانیی کە سیروان بوە ، وە له تەك مانگی حەوت‌هەزار تمانا بۆ خۆی‌و شەش کوڕی‌و بـەگزادەی بارام‌بـەگیی‌و وەڵـەدبەگیی ،، ئەنووسـێ‌و ، سی‌وهـەشت قیطعە فرمانی پادشـاهی لـە لای خـۆم مەوجـوودە ، وە

خەنجەرێکی مورەصەع لە تەك عەبایێکی شاڵتورمە کە یەخەکەی جەواهیربەند ئەبێو ، کتێبێکی خەطی صوورەتداری عەجایبی کۆنی ئەداتێ • وە ئەو کتێبە لە تەئریخی نۆصەدوبیستو حەوتی میلادیی دا لە ماڵی خۆما بوو ، محەمەدبەگی برام بردیە بەغدا فرۆشتی بە شەشهەزار روپیە •

وە محەمەدپاشا زۆر بە مەسروورییی ئەگەڕێتەوە ئەماڵی خۆی ئەجوانڕۆ • محەمەدئەمین بەگی یەعقووببەگ کە ئامۆزازای ئەبێ ، لە وەکالەتی خۆیەوە لە قەصری شیریندا دایئەنێ • ڕێگەی قەصر تا حودوودی خانەقی موحافەظەی لە عۆدەی ئەودا ئەبێ •

عەشایەری جاف ، کە لە سلێمانیو ئەمبەرەوە بەجێ ئەمێنن ، کۆمەڵ-کۆمەڵ ئەپەڕنەوە بۆ لای محەمەدپاشا ، لە پاش دووساڵ مانەوەی محەمەدپاشا لە جوانڕۆ عەشیرەتی تەرخانیی کاغەز ئەنووسن بۆ محەمەدپاشا کە : ئێمە بە عومووم لە کوێستانەوە تێین بۆ لای تۆ ، دووسێ بەگزادەو میقدارێ سوارمان بۆ بنێرە • محەمەدپاشاش عوثمانپاشاو حەسەنبەگو سلێمانبەگ ، کە کوڕی ئەبنو ، قادربەگی بارامبەگ ، کە ئامۆزای ئەبێو ، ڕۆستەمبەگی سەعیدبەگ ، کە ڕەئیسی بەگزادەی وەڵەدبەگی جوانڕۆ بوەو مامەی بەهرامبەگی فەتاحبەگ بوە ، کە ئەمڕۆ ڕەئیسی وەڵەد بەگی جوانڕۆیە ، ئەویش بە سی سوارەوە ئەخاتە تەکیان ئەیانێرێ بە شوێن تەرخانیدا •

محەمەدبەگی قادرپاشا ، کە لە دوای محەمەدپاشا قایمەقامی ئەڵەبجە ئەبێ ، ئەم خەبەرە ئەزانێ ، ئەچێتە پێنجوێنو حوکم ئەکا لەو جافانەی کە لەمبەرەوە ماونەوە : ئەبێ نەیەڵن ئێلی تەرخانیی لە تەك ئەم بەگزادانەدا بڕوا ، بچن بە گژیانا • بەگزادەکان بە لەشکرەوە ئەگەنە خوسرەوخان ، کە کەژێکە لە خوژخوڕەی ئێراندا ، لەشکرێکی زۆر گەورە ، کە دە

نەوەندەی ئەوان زیاتر ئەبن ، لە ناوەقتدا ئەچنە سەریان ، بەگزادەکـانـ لونوپڕ ، لە تەك ئەو لەشکرە ئەمەدا ، بۆیان سوار ئەبن ، ئەبێ بەشەڕیان لەشکەرەکەی جاف ئەشکێنن • ئەورەحمان خوسرەو ، لە رەئیسی فیرقەی رۆغزاد لە رۆغزادیی ئەبێ ، ئەیکوژدو ، ئاکەخان سمایل رەئیسی فیرقەی سمایلیی لە رۆغزادیی رانی ئەشکێو ، نزیکی چل کەس زیاتر لێیان ئەکوژن• بە راستیی لەو شەڕەدا حەسەن بەگی محەمەدپاشا لەتەك ئەو تاقمە کەمەی پشتماڵەو عەمەڵەدا ئازادیی ئەگەیەنێتە دەرەجەی نیهایەت ، عومووەمی ئێلی تەرخانیی بار ئەکەن ئەیبەنە شاهۆ لای محەمەدپاشا •

دوای ئەم شەڕە لە ساڵی هەزارو دووصەدو نەوەدو چواری هیجریدا جافی ئەمبەر زۆر کەمیـان ماوە ، هەموو چوونـە لای محەمەدپاشـاو . محەمەدپاشا بە یەك دەفعە صەرفی نەظەری لە هاتنەوەی خاکی عوثمانیـی کرد • لە ساڵی هەزارو دووصەدو نەوەدو پێنجی هیجریدا مەحموودپاشا کە بە ماڵەوە لە بەغدا ئەبێو ، محەمەد پاشاش کۆمەڵ ـ کۆمەڵ لـەوبەرەوە پارەی بۆ ئەنێرێو قزراباطـو زەهاوییەو دەککە لـە قـەزای خانـەقیدا . سەرقەڵاو کۆکس لە قەزای کفریدا ، ئاوبارەش لە لیوای سلێمانی •• ئەم موقاطەعە گەورانە ئەسێنێ • محەمەدپاشا فکری وا ئەبێ سیان لە کوڕەکانی تری بنێرێتە لای مەحموودپاشاو ، چەند موقاطەعەیەکی تر بسێنێ ، خۆیو سێ کوڕی لە ئێراندا بنو چوار کوڕی لە خاکی عوثمانیدا بن •

والیی بەغدا ، کە تەحسین پاشا ئەبێ ، کە تێ ئەفکرێتە وەضعیەتـی لیوای سلێمانیو کەرکـووك کـەوا یـەك دەفعە لـە جـاف خاڵیی بوەو ، سیاسەتی ئێران رووی تێکردوە •• خەبەر ئەدا بە ئەستەموول لەوێوە لـە طەرەفی صەدارەتی عوظماوە جوابی ئەدەنەوە کە : بە هەر نەوعێ ئەبـێ محەمەدپاشا رازیی بکەو بیهێنەرەوە • ئەویش مەحموودپاشا لە بەغـدادا ئەبێ ، بانگی ئەکا پێی ئەڵێ : بەهەر نەوعێ کە بۆت ئەکرێ محەمەدپاشای

باوكت ئیقناع بكه كه بێتەوه خاكي عوثمانیی • مەحموودپاشا ئەڵێ : من ناتوانم قەول بدەم بە تۆ كه من بۆم ئیقناع ئەكرێ •

والیي زۆرِ پەلەپەلِ له تەكَ مەحموودپاشـادا ئەكـاو مەحمـوودپاشا مەجبوورِ ئەكا ئەچێتە ماڵی محەمەدپاشا له دەشتی دووڕوو ، كه ئەچێتـه ئەوێ زۆر له تەكَ محەمەدپاشادا تەلاش ئەكا رازیـی نابێ بەهاتنـەوەو ، ئەڵێ بە مەحموودپاشا : من تۆم بە كوڕێكی صاحیب غیرەت ئەزانی ! لـه پاش چل ساڵ خزمەت بە مەئمووریني تورك جەزایان بۆ ئێمە ئەمە بوو بە قسەی چوارِ پیاوي درۆزنی بێ‌ئەهمییەت حوقووقی ئێمـەیان فـەرامۆش كرد ! ئیستە من له خاكی ئێراندا دە هەزار ماڵی جافی ئێران بە ئەمرو فرمانیِ پادشایی تەسلیمم كراوەو ، له جافیِ مورادیی ، كه له خاكی عوثمانیدا بوون، دە هەزار ماڵیانِ گەڕیاوو دانیشتوو لـه تەكَ قەصـری شیـرینو زەهـاوو جوانڕۆ ، كه بە قەد لیوای سلێمانی بەزیادەوه ئەبێو جێگەی ئابائو ئەجدادی خۆمانەو ، لەتەكَ مانگی حەوت‌هەزار تمانا •• ئەمیانه داومێ • پادشایەكیِ وەكوو (ناصرالدین‌شا) بەم هەموو لوطفو مەرحەمەتەوه كه له تەكَ مـندا هەسی هیچ وەقتێ من پشت ناكەمە ئەم وەلی نیعمـەتی بێ‌مننەتـه • تاكـو ئەمڕۆ سی هەزار لیرەم بۆ تۆ ناردوه داوته بە موڵكَ بۆ خۆت ، بیست‌هەزار لیرەی تریش بۆت ئەنێرم[17] ، دوان له كوڕەكانی ترم ئەنێرمە لات ، تۆش كه ئەم لوطفه له حوكوومەتی عوثمانیی ئەگێڕیتەوه ، ئەگەر راستە ئـەوه مۆلكی زۆر بۆت پەیدا كراوه خزمەتیان بكەو ، ئەو جێگـەو رێگـه كـه بەدەست منەوه بوه له تەكَ ئەو باقیی عەشایرەدا ماوەتەوه له خاكی عوثمانیی بیدەن بە تۆ من نامەوێ •

مەحموودپاشـا بە مەئیـووسیی ئەڕواتـەوه بۆ بەغـدا ، قسـەكانی محەمەدپاشا ئەڵێ بە والیـي • والیـی دووبـاره له تـەكَ مەحموودپـاشادا

(١٧) (لیرەی تریشت بۆ ئەنێرم) كوردانەترە •

دەستئەکا بە گفتوگۆو ، ئەمری صەدارەت کە دێت بۆی ئەخوێنێتەوە ، ئەڵێ : مەقصەدی گەورەی حوکوومەت ئەمەیە کە ئەم میللەتە نەبێ بە تەبەعەی ئێران ، هەرچی محەمەدپاشا لە حوکوومەتی عوثمانیی طەڵەب ئەکا من تەعەهود ئەکەم کە بۆی جێبەجێ بکەم ،

دووبارە مەحموودپاشا ئەنێرێتەوە بۆ لای محەمەدپاشا ، مەحموود پاشا لە تەك محەمەدپاشادا ئەم دەفعەی دوەمە زۆر پەلەپەل ئەکا ، دووبارە ئیقناع نابێ ، دووبارە ئەگەڕێتەوە بەغدا ، دەفعەی سێیەم والیی بەغدا لە تەك والیی کەرکووكداو مەظهەرپاشای موتەصەڕیفی سلێمانیی دێنە کانیچەقەڵو ، مەحموودپاشا ئەنێرنە گۆڕەشەلە ، کە ماڵی محەمەدپاشا لەوێ ئەبێ ، مەحموودپاشا بە محەمەدپاشا ئەڵێ : چیت مەطڵەبە بیخەرە سەر کاغەز ئەگەر دروستیانکرد باشە ، نەیانکرد دانیشە بۆ خۆت ، محەمەد پاشا ئەڵێ بە مەحموود پاشا : من هیچ طەڵەبێکم لە حوکوومەتی عوثمانیی نیەو ، خاکی ئێرانم پێخۆشە ، نایەمەوە ، مەحموودپاشا سوێن ئەخوا ئەگەر بێتو ئەم دەفعە من بە مەئیووسیی بنێرینەوە خۆم ئەکوژم ! ئەم هەموو پیاوە گەورانەی عوثمانییە بە واسیطەی منەوە هاتوونو ، من رووم نیە بچمەوە ئەلایان ،

بە عەبدوولاپاشاو بەعزێکی تر لە بەگزادە محەمەدپاشا ئیقناع ئەکەن : قایمەقامیی هەڵەبجە وەکوو سابیق لە تەك ریاسەتی جافداو ، ئەو ئەراضییانە کە بە شەرتی دانیشتن درابوون بە بەعزێ لە جاف ،، ئەوراقی ئەمانە تەسلیمکردنی بە محەمەدپاشا ئەخاتە سەر کاغەز ئەیدا بە مەحموودپاشاو ، مەحموودپاشایش ئەیبا بۆ والیی بەغدا ، ئەویش (ارادەی سنیە)و ئەمری (صەدارەت) بۆ جێبەجێکردنی ئەم طەلەبانە جەلب ئەکاو ، لە موددەتی حەوت رۆژدا ئەیدەن بە دەست مەحموودپاشاوە ، ئەویش ئەیبا بۆ محەمەد پاشا ، محەمەدپاشاش یەتەوە خاکی عوثمانیی ،

ئەگەر چی زۆریشی پێناخۆش ئەبێ • تاکوو تەئریخی هەزارو دووصەدو نەوەدو نۆ ئیدارەی جافی ئەلەبجەی کرد •

قیسمێ لەو جافانە کە خیانەتیان کردبوو بە ئەو گرتنی • دووسییەکیان لە حەبسی خۆیدا مردن • ئەوانیتر لەم مەسەلە موتەئەثیر بوون ، بە فیتنەی بەعزێ ئەشخاصی تریش تەحریکاتی لەناوداکردن‌و • ئەتوانم بنووسم عموومی جاف ـ قیسمێکی کەمی نەبێ ـ لە تەکیانا فەی بوو • لە عەینی تەئریخدا ، لە وەقتی بەهار محەمەدپاشا بە میقدارێکی کەم سوارەوەو • فەتاح‌بەگی کوڕی لە تەکیا ئەبێ ، ئەچێتە چیمەنی برایم‌سەمین • ئەو فیرقەی جافە لە شاتریی ، لە پیاوەکانیان لە حەبس‌دا ئەمرێ • مالیان لە چیمەن ئەبێ‌و نیەتیان خراپ ئەبێ • بە محەمەدپاشا ئەم خەبەرە ئەدەن(١٨) • محەمەدپاشا ئەهمیەتی نادات • ئەڵێ : جاف خیانەتی وا لەتەك منا ناکەن‌و • ناتوانن جەسارەتی وا بکەن !

گەورەی ئەو فیرقە لە تەك ... سوارا دێت بۆ لای محەمەدپاشا بەم فکرە ئەگەر بتوانن دەست‌بوەشێنن • وەقتێ کە دێن ئەڕوانن فەتاح‌بەگی کوڕی بە هەشتا سواری محەمەد پاشاوە وا لە لای • کە ئەمە ئەبینن قورئانێ ئەبەنە لای محەمەدپاشا دایئەنێن ، عموومیان دەمی پیائەدەن ئەڵێن : ئەمە فیتنەی جافە ، وە ئێمە لەمە بەرین‌و خەبەرمان نیە ، ئێمە عەبدی تۆین‌و عەبدیش لە تەك صاحێبی خۆیدا ناتوانێ خیانەت‌بکا • بە عموموم دەست‌و پێی ماچ ئەکەن کە ئەم بوختانە بۆیان کردەوین لە دڵ دەربکە • محەمەد پاشایش پێیان‌ئەڵێ : من هیچ وەقت خەیاڵی وا لە ئێوە ناکەم • ئەڕۆنەوە بۆ ماڵی خۆیان •

---

(١٨) (ئەم خەبەرە بە محەمەدپاشا ئەدەن) رەوانترە .

محەمەدپاشا هەر ئەو رۆژە فەتاح بەگ، لە تەك حەفتا سوار لە سوارەکان ئەنێرێتەوە بۆ پشتماڵە ، ئەڵێ : خۆیشم بەیانیی ئەچمە کفریی ، والیی کەرکووك بۆی نووسیوم چاوم پێ بکەوێ • هەرچەند فەتاح بەگ تەلاش ئەکا با ئیمشەو بمێنمەوە بەیانیی لەتەکدا بێم تا کفریی ، من نایێمە شار ، چونکە ئەجەلی پێوە ئەبێ فەتاح بەگ بەزۆر ئەنێرێتەوە دە سواری خدمەتچیی و قۆشچیی لای ئەمێنێتەوەو ، فیرقەکە چوارصەد ماڵ ئەبن و پێیان ئەوتن : کەرەم وەیسیی • ماڵیان عوموموم نیوسەعات لە خێوەتی محەمەدپاشاوە دوور ئەبێ ، چاویان بە لەشکرەکەی فەتاح بەگ ئەکەوێ کە ئەڕواتەوە بۆ پشتماڵەو ، پشتماڵەیش لە ژاڵەی سەفەر ، کە مەوقیعێکە لە کانیی چەقەڵ ، کە نۆ سەعات لە چیمەنەوە دوورە •• بەفرصەتی ئەزانن ئەچنە ئەسەر محەمەدپاشا هەر ئەو شەوە ئەیکوژن ، لە کوڕەکانی مەحموودپاشاو عوثمان پاشا لە سلێمانی ئەبن و ، حەسەن بەگی کوڕیشی لە ئەڵەبجە ئەبێ • سلێمان بەگ و ، محەمەد عەلی بەگ و ، قادربەگ و فەتاح بەگ ، ئەم چوار کوڕەی لە پشتماڵە حازر ئەبن • بەیانیی لە سەعات سێدا خەبەری کوشتنی محەمەدپاشا ئەزانن • بە لەشکری پشتماڵەو ، عەمەڵەو • لەشکری پشتماڵە عەبدوڵڵاپاشا رووبەچیمەن ئەڕۆن و ، لێشیان مەعلووم نابێ ئەمە عوموومی جاف داخلە یا داخڵ نیە • شەشصەد سواریان لە تەکدا ئەبێ • وەقتێ کە ئەگەنە جەبەلی شاکەل لەشکری تەرخانیی و رۆغزادی یان چاو پێ ئەکەوێ ، خۆیان حازر ئەکەن بۆ شەڕ لەتەکیانا ، کە تێ ئەفکرێن ئەوان لەمان زووتر خەبەریان وەرگرتووەو ، چوون جەنازەی محەمەدپاشایان هاوردوە •

هەر لەوێدا عوموومیان دائەبەزن و تەلاق ئەخۆن ئەڵێن : ئێوە لەم ئیقدامە دەست هەڵگرن ئێمە هەڵی ناگرین • جەنازەکە بە چەند سوارێکو ئەنێرێتەوە بۆ پشتماڵە ، خۆیان ئەڕۆن بۆ سەر ئەو فیرقە • ئەوانیش کە

ئەم موعامەلە ئەکەن ئەچنە ناو گەلالیی ، بە ئزادەی گەلالیی تەیاندەنە بەر تفەنگ دەریان ئەکەن • روو بە رۆغزادیی بار ئەکەن کە بچنە ناو ئەوانەو • ئەوانیش بەخۆیانەوە پیس بەبن • حەبەریان نابێ لە ئەمە لە رۆغزادیی وان لە ناو لەشکری بەگزادەدا ، بە یەك دەفعە لەشکری پشتمالەو تەرخانییی و رۆغزادیی ئەڕژێنە ناو کۆچو مالیان ، بە تەواویی تالانئەکرێن • خۆیانو ژنیان خەلاص ئەبن ، بەسەلتەسوارە ئەچنە چەمچەمال ئەلای بەگزادەی هەمەوەند • تاقمی فەقێقادر جوابیان ئەدەن ، لەوێ ئەچنە داری کەلیی ئەمالی جوامێر •

جوامێر پێیان ئەڵێ : لە ناو عوموومی هەمەوەندو عەشایرەکانی خاریجی جاف خۆم بە جانفیدای محەمەدپاشا زانیوە ، ئێستە کە پەناتان هاوردوە من دەرتان ناکەمو ، نایشتوانم موقابەلەی کوڕی محەمەدپاشاو جاف بکەم ، هەر وەکوو ئێوە فیرار بوون منیش لە تەکتانا فیرار ئەبم ، ئێوەش بۆیە هاتن منیش دووچاری نارەحەتیی بکەنو ، ئەم خەبەرە سەید ئەحمەدئاغای کفریی بە تەلغراف ئەیدا بە مەحموود پاشا لە سلێمانی •

مەحموود پاشایش لە تەك عوثمان پاشادا لە سلێمانی خەبەر ئەنێرن بۆ حەسەنبەگ لە ئەڵەبجە ئەویش لەشکری نەورۆلییو شارەزوور هەر ئەو رۆژە سێسەد سواری لەتەك خۆیدا ئەبا بۆ لای مەحموود پاشاو عوثمانپاشا ، لە قڕگەی سلێمانی ئەگاتە مەحموودپاشا ، عوثمان پاشا وەقتێ کە تەلغرافەکە ئەبینێ ئەوەندە ئەسەف ئەخواو ئەم موعامەلەی لە لا ناخۆش ئەبێ ئەکەوێو دووچاری عیللەتی (تیفۆ) ئەبێ ، کە ئێمە پێی ئەڵێین (گرانەتێ)و • ئەنێرنە ئەڵەبجە بەو لەشکرەوە دێنە طەرەفی نەمەڵو سێتەلان • هەرچە سواری بنەی رۆغزادییو تەرخانیی ئەبێ ئەوانیش عەلاوەیان ئەبنو لەوێوە بەسەنگاودا مەحموود پاشا دێت بۆ قولیجانی سەرحەد ، حەوتسەد سواری رۆغزادییو تەرخانیی عەلاوەی لەشکرەکەی

ئەکات • بەهەزارو دووصەد سوارەوە ئەچێتە کەرکووك موخابەرە لەتەك ئەستەموولدا ئەکا ، ئەمری ریاسەت‌و قایمەقامیی بۆ مەحموودپاشا ئەدەن‌و هەزار نەفەر عەسکەر بۆ ناو جاف رەوانە ئەکەن •

مەحموودپاشا لە کەرکووکەوە دێتە پێباز بۆ ناو پشتماڵەی محەمەد پاشا • مەنعی تەعزیە ئەکات • ئەڵێت : تەعزیە بۆ مردنە بۆ کوشتن نیە • تەعزیەی کوژراو ئیقدامکردن بۆ حەقیەتی‌و ، پشتماڵە بارئەکەن ئەیبەنە عەنەبی پشتی ئەڵەبجەو ، لەشکرێکی زۆر گەورە لە عومومی جاف ئەخەنە رێ بۆ سەر جوامێر بۆ داری‌کەلیی‌و بارۆیی ، بە سێ‌هەزارو پێنجصەد سوارەوە ئەچنە سەری • جوامێر کە ئەم خەبەرە وەرئەگرێ لە تەك ئەو فیرقەی شاتری‌یەدا فیرار ئەکەن روو بە کەرکووك ، ئەمانیش تەعقیب ئەکەن لە طاووغەوە بە شوێنیانا ئەڕۆن بۆ دەشتی قورفە ، تووشیان نابن !

هەمەوەندو شاتریی لای قەرەخانەوە ئەپەڕنەوە ، لەشکری بەگزادەی جاف لای‌توویل کە نوقطەی کۆردەرەیە ئەپەڕنەوە ، لەشکری بەگزادە کە دێنە قزرابات حسابی لەشکری خۆیان ئەکەن هەزار سواری ئەمێنێ ، باقیی تر لەم تەعقیبەدا یا ولاخی لەکار ئەکەوێ ، وە یا ئەگەڕێتەوە • سێ شەو لە قزرابات ئەمێنن ، بۆ ئیستراحەتی لەشکرەکە • لەوێوە بە خانەقی‌دا دێنە بنکوورەو ، ئەچن بە شوێن هەمەوەندو شاتری‌دا بۆ قەصری شیرین • لای قەصردا نزیکی پەنجا سواری لەشکری رۆغزادیی چاویان بە قیسمێ لە سوارەیان ئەکەوێ ، پەلاماریان ئەدەنێ • مەحموودپاشا دەست‌ئەکا بە توندیی بەسەر ئەوانا ، ئەڵێ : ئێوە خەیاڵتان ئەمەیە قەصر تالان بکەن ، خەیاڵتان شەڕ نیە !

هەرچەند هاوار ئەکەن مەحموودپاشا بەری لەشکرەکە ئەگرێ نایەڵێ سوارێکی بڕوات‌و ، ئەگەڕێنەوە سەوزبولاقی بنکوورە ، کە تەحقیقات

ئەکەن ئەو سوارانە لەشکری هەمەوەندو شاتریی بوە ، بەگزادەکان زۆر لە مەحموودپاشا عاجزئەبن • هەر ئەو شەوە دوو پیاو بە قەراوڵیی ئەنێرنە سەریان لە زەهاو تووشیان ئەبن‌و ، ئەگەڕێنەوە بۆ ناو لەشکر • شەو لەشکر سوارئەبێ ئەچنە سەریان ، لە تەك بەیانی‌دا لە زەهاو ئەچنە جێگەی ئەوان ، کە تازە باریان‌کردوە ، بە شوێنیانا ئەڕۆن ، لە پاس نیو سەعات تووشیان ئەبن ، شەڕیان ئەبێ‌و ئەیانشکێنن ، روو بە داڵەهۆ فیرار ئەکەن، لە داڵاهۆدا دەوریان‌ئەگرن • برای جوامێر ، دەروێش ئاغا ، ئەکوژرێ‌و ، قادرحەمەڕەشی ئامۆزاشی ئەکوژرێ • تاڵانیان ئەکەن‌و چل‌کەسیان لێ ئەکوژن‌و ، سەری ئەو چل‌کەسە ئەبڕن‌و ئەیهێرن لە ئۆردوودا تەسلیمی میرئالآ ئەحمەدشەمسی‌بەگی ئەکەن لە شێروانە •

ئەم شەڕە ناوئەبرێ لە ناو جافدا بە شەڕی داڵاهۆ • لە پاش یەك‌مانگ تەعقیب تووشیان ئەبن‌و ئەم‌شەڕە ئەبێ • مەحموودپاشاو بەگزادەکان لە شێروانەوە ئەگەڕێنەوە بۆ پشتماڵە لە عەنەب •

لە لەشکری بەگزادە حاجی قادری ئەحمەدشاسوار ، کە گەورەی فیرقەی محەمەدعەلی‌وەیسی میکایەلی‌یەو باوکی حەسەنی حاجی قادر بوە •• زامدار ئەبێ ، ئیتر کەسیان ناکوژرێ ، ئەمما بیست ماین‌و ئەسپیان لێ‌ئەکوژرێ‌و ، بە گەیشتنی پشتماڵە ــ پشتماڵە بار ئەکەن ئەیبەنە بەردەمی پێنجوێن ، جێی پێشووی خۆیان •

محەمەدپاشا حەوت کوڕی بوە : مەحموودپاشاو ، عوثمان‌پاشاو ، حەسەن بەگ‌و ، سلێمان‌بەگ‌و ، محەمەدعەلی‌بەگ‌و ، قادربەگ‌و ، فەتاح‌بەگ • لە عومومیان گەورەتر مەحموودپاشا ئەبێ‌و ، باقیی گەورەیی عومریان بە تەرتیبی ئەم نووسینەیە •

محەمەدپاشا لە رەئیسە پێشوەکانی جاف لە هەموویان زیاتر دەستی رۆییوەو ، زۆریش دەوڵەمەند بوەو ، تیجارەتێکی زۆر موهیمی کردوە ،

ئەغڵەبی صەرفیاتی لە تیجارەتی خۆی بوە • دایما بیستهەزار سەر مەڕی بوەو ، هەشتصەد مانیی یەلخیی لە صەحرادا بوە • هەر ولاخێ کە دایێتی بە سوارەی خۆی لەو یەلخیانە پەیدا بوە پارەی پێنەداوە • هەموو ساڵێ دوانزە هەزار تەغار گەندم لە دێهاتی ئێران بە پارەیەکی جوزئیی سەندوویەتی ، جاف موکەللەف بوون بە ولاخی خۆیان بێرنیە گەرمیانو ، صەدوپەنجا جووت لە قەزای ئەڵەبجەو ناحیەی وارماواو ناحیەی شێروانەدا بوویەتی ، قانزاجی ئەمانەی ئەدا بە ئەسلیحەی ئەو وەقتە بۆ دەستی سواری خوصووصیی خۆیو ، لە ئەطرافی خۆیدا نە عەشیرەتی خۆیو نە غەیری تریش کەس نەبوە بەرامبەریی بکا • ئەگەر کەسێ بیکردایە قابیل نەبوە صەرفی نەظەری لێ بکاو حەقی لێنەسێنێ •

خضرئاغای هەمەوەند ، کە باوکی مەحموودخضری صەفەروەند بوە لە هەمەوەند ، لە حوکوومەتی تورك عاصیی بووبوو ، ئەچێتە خاکی ئێران • لە ماڵی خۆیەوە بەعزێ تەعەروضی زوبانیی بە محەمەدپاشا ئەکا • نە کوێستانی ئێران خەبەری ئەم قسانە ئەدەن بە محەمەدپاشا • کە ئەو خەبەرە وەرئەگرێ بە هەزارو حەوتصەد سوارەوە لە سانئەحمەد ، کە مەوقیعێکە چواردە سەعات لە سنەوە دوورە ، دێت بۆ سەر خضرئاغا لە مەیدان ناحیەی هۆرێنو شێخانو ، ئەو وەقتە ئەو مەوقیعە داخلی خاکی ئێران بوەو ، دووصەد سواری هەمەوەندی لەلا ئەبێ • خۆیو سیوپێنج کەسیان ئەکوژێ •

لەم نەوعە موعامەلەیانەی زۆر بوە ، ئەگەر هەمووی بنووسم زۆر طوولانیی ئەبێ • بەم کەمە نیهایەتم هێنا • پێنجوێنو ئەڵەبجە ، کە ئێستە دوو قەصەبەن ، لە پێش محەمەدپاشادا دوو دێی بچووك بوون ئەو کردنی بە شار • قەیصەرییو ، حەمامو ، چایخانەی تێداکردنو ، بوون بە شارو • لە ناحیەی قەرەداغا قیسمێکی گەورە دووکانو چایخانەی لە دێی زەردیئاوا

دروستکرد • قەلای شێروانەو ، لە تەك قیسمێ لە قـەلای کانیچـەقەلا بینای ئەونەو ، خانوویەکی زۆر گەورەشی لەسەر گردی بەکراوا بوو ، بە واسیطەی ئەمە کە خاکی شارەزوور کەمدەوامە زۆر دەوامی نەکردو ، دوو مزگەوتیشی هەیە ، یەکێ لە ئەلەبجەو ، یەکێ لە پێنجوێن • مزگەوتـــی ئەلەبجـەی ئێستـەش دەوام ئـەکاو ،ئەسـاسی طاپـۆی ئەراضیی‌و ئـاو ئەو بۆ بەگزادەی داناوەو ، هەرچە بەگزادەی کەیخوسرەوبەگیی ، ئێسـتە کە مەوجوودە ، ئەولادی ئەون ، خاریجی یەك دوو کوڕەزای ئەوڕەحمان بەگ نەبێ کە کوڕی کەیخوسرەوبەگ بـوە •

فەصلی نۆهەم

بەحثی ریاسەتی کوڕەکانی محەمەدپاشایە •

لە تەئریخی هەزارو دووصەدو نەوەدو نۆی هیجری‌دا مەحموود پاشا بوو بە رەئیسی عموومی جاف‌و بەگزادەو قایم‌مەقامی ئەلەبجە • خـۆی‌و براکانی لە پێش هەموو شتێکا عموومی هیممەتی خۆیان صەرفی ئیقدامی حەقی محەمەد پاشا لە کەرەم‌وەیسیی ، کە فیرقەیێ بوون لە شاتریی‌و ئەو موعامەلەیان کرد •• کردیان • ئەو فیرقە ، کە چوارصەد ماڵ بوون ، یەك دەفعە مەحوویان کردنەوە ، نە لە خاکی بابان‌و ، نە لـە ئێران‌دا ماڵێکیـــان نەماوەو نەیانهێشتن • بە قەرارێ وەکوو بیستوومە یێژن : دوو پیاویان کە کوڕەزایانن لە کرماشان ماون ، ئەوانیش بوون بە شیعەو ، ئیسمیان لە ئاوجافی موڕادی‌دا مەگەر بە ناوی وارگەکان‌و جێگەخێڵەکانیانەوە مابێ ئەگەنا نەماوە •

مەحموودپاشـا لە سـاڵی هـەزارو سێصـەدو یەکـدا لە طـەرەفی سوڵتانحەمیدەوە روتبەی میری‌میرانی بۆ هات‌و ، مەحموودپاشا ، کە لـە

ئەڵەبجە قایمەقام بوو ، عوثمان پاشا بەسەر پشتماڵەوە بوو ، ئیدارەی عوموومی جافی ئەکرد ، تا سالی هەزارو سێصەدو حەوت مەحموودپاشا زۆر بە تەرەقیو دەستڕۆین لە ئەڵەبجەدا بوو ، لە عەینی ساڵدا ، لە وەقتی بەهاردا نامیق بەگی میرئالاّ بۆ تەشکیلاتی (ارلضی سنیە) هاتە شارەزوور ماڵی عوثمان پاشا ، لەسەر ئاوی زەلم لە ناو پشتماڵەدا ئەبێ ، خزمەتێکی زۆری پێکردو میواندارییەکی زۆر چاك کراو ، زۆر لە عوثمان پاشاو هەیئەتی ماڵی رازیی ئەبێو ، عوثمان پاشاش ئەم خزمەتە کە پێی ئەکا هیچ مەتلەبێکی پێی نابێو ، قاعیدەی ماڵی عوثمان پاشا ، چە لە عەشایری داو ، چە لە دانیشتن دا زۆر میوان پەروەر بوە • وەقتێ کە ئەچێتە ئەڵەبجە مەحموودپاشا موبالاتی پێناکا ، ئەڵێ بە مەحموودپاشا : من هاتووم ئەم ئەنهارانە کە داخلی طاپۆ نەبوون بۆ سوڵتان عەبدولحەمید خەریطەی بگرمو طاپۆی ئەکا • مەحموودپاشا ئەڵێ : موڵکی میللەت عوموومی موڵکی پادشایەو ، پادشا لە ناو موڵکی میللەت دا موڵکبوونی باعیثی مەغدووریەتی میللەتە •

خۆلاصە بە عاجزیی ئەگەڕێتەوە سلێمانی ، تەلغرافێ بۆ سوڵتان عەبدولحەمید ئەنووسێ تاکوو مەحموودپاشا لە ئەڵەبجە قایمەقام بێ ئەراضیی (سنیە) بۆ تۆ سەرناگرێو ، بەڵکو تەئثیر ئەکاتە لیواکانی تری عێراقەوەو ، عوثمان پاشا ، کە ئێستە وا لە ناو جافدا ، بۆ قایمەقامیی ئەڵەبجە چاکترە •

طەبیعیی مەسئەلەیەکی وا موهیمم سوڵتان عەبدولحەمید عاجز ئەکا ، لە پاش پێنج مانگ تەلغرافێ لە ئەستەموولەوە ، وەقتێ پایز کە عەشایر بۆ گەرمیان ئەهاتین ، وە ماڵمان لە گەورەقەلاّ بوو •• هات بۆ عوثمان پاشا نووسرابوو: عوثمان پاشا قایمەقامی ئەڵەبجەو، مەحموودپاشا موتەصەڕیفی ئۆرفە • کوڕی گەورەی محەمەدپاشا لە پاش عوثمان پاشا رەئیسی جاف ئایا

عوثمان‌پاشاو باقیی کوڕەکانی محەمەدپاشا هەم لەبەر ئەمە کە عوثمان‌پاشا ئەچێتە ئەڵەبجەو لێیان دوور ئەکەوێتەوەو ، هەم لەبەر مەحموودپاشا کە ئەرشەدی ئەولادی محەمەدپاشا بوەو ، لەجێی باوکیان دانیشتبوو •• عادەتەن بوو بە تەعزیەیەکی گەورەو ، ئەمیشیانە لێ‌مەعلووم بوو کە مەحموودپاشا موتەصەڕیفیی ئۆرفە قەبووڵ ناکاو ئەبێتە باعیثی تەفریقی بەگزادە لە یەکو . هەم کوڕەکانی محەمەدپاشا نەیان‌ئەتوانی بڵێن بە عوثمان پاشا : کە ئەم قایم‌مەقامی‌یە قوبووڵ بکە • لەبەر موحافەظەی جێگەو ڕێگەکەیان مەجبوور بوون بۆ ناردنی عوثمان پاشا ئە ئەڵەبجە •

مەحموودپاشا چوارمانگ لە ئەڵەبجە ماوەو عوثمان‌پاشا لەو چوار مانگەدا کەمتر موداخەلەی ئوموووری قەزای ئەکرد • مەحموود پاشا لە بەهاری ئەو ساڵەدا خۆی‌و محەمەدعەلی بەگی برای ڕۆیین بۆ ئەستەمووڵ بۆ لای سوڵتان عەبدولحەمیدو ، سوڵتانیش کە مەحموودپاشای لە ئەستەمووڵ دەستکەوت بە سەهلیی ئیذنی نەدا ، دوو ساڵ لە ئەستەمووڵدا ماوەو بیست هەزار لیرە لە تەك سی ئەسپی زۆر چاكو بەعزێ ئەشیای بەقیمەت لە تەك خۆیدا بردبووی ، ئەسپ‌و ئەشیاکان بۆ پێشکەشی سوڵتان‌وپارەکەش بۆ بەعزێ لە هەیئەتی وزەراو مەصرەفی خۆی •

لە پاش ساڵێ محەمەدعەلی‌بەگ هاتەوە بۆ ناو جاف • ئەمما بە محەمەدعەلی‌بەگدا کاغەزێکی نووسیبو بۆ لای براکانی : هەر وەقتێ کە نووسیم بۆ دوو صەد قەران‌و لیرەیەك بە تەلغراف کە حەواڵەی بکەنە لای حەمەقەدۆ لە موصڵ ئەو بۆم بنێرێ •• ئەمە لاتان مەعلووم بێ کە من لە ئەستەمووڵ بە ڕێی بادکوبەی ڕووسدا فیرارم‌کردوە ، فەتاح‌بەگی برام لە تەك دووصەد سواردا بێت بۆ ڕەشت ، لەوێ لە ماڵی ڕۆستەم‌بەگ ناوێ . کە ئەصڵەن خەڵقی سلێمانی بوەو ، لە طایفەی مەحموودبەگی صاحیبقەرانە،

خەبەری من ئەزانن‌و ، من تا ساڵێکی تریش بەهەر نەوعێ ببێ تەحەمـــول ئەکەم ، بەڵکە لە طەرەفی پادشاوە ئیعادەی لوطفێ ببێ •

ئەم کاغەزە لە بەینی مەحموودپاشاو براکانیا وەکوو (شفرە) وابوو ، ئەمما عوثمان‌پاشایان حالیی نەکرد ، نەوەکوو عوثمان‌پاشا لەبەر مەحەببەتی جێگەو رێگەو نوفووذی خۆی ئەم خەبەرە بڵاوبکاتەوەو ، مەحموودپاشـا لە ئەستەمووڵ دووچار ببێ ، ئەگەر چە مەحەببەتی برایەتییان زیاتر بوو ، وە هەم دایکیشیان یەك بوو ، ئەمما براکانی ئیحتیاطیان ئەکرد ، چونکـــە مەحموودپاشایان زۆر خۆش ئەویست •

مەحموودپاشا لە پاش ئەو ساڵە کە سوڵتان مورەخەصی ناکـات لـە تەك شێخ قادری شێخ‌عوبەیدیللا ، وە کوڕی بەدرخان‌پاشا لە ئەستەمووڵا یەك ئەگرن‌و ، ئیتتیحادێکی قەومییەت ئەکەن‌و ، هەرسێکیان فیرابکـەن هەرکەس بۆ مەوقیعی خۆی • جوابی مەئموورینی تورك بدەن •

رۆژی وەعدەی راکردن مەحموودپاشا موەفەق‌ئەبێ ، ئەوان ئەکەونە دواو ، خەفیە خەبەریان لێ ئـەدا ، وە ئـەگیرێن • شـێخ قـادری شێـــخ عوبەیدیللا ئەنێرنە مەککەی موکەرەمـە ، وە کوڕی بەدرخـان پاشـا بـۆ قەطعەیێکی تر نەفی ئەکەن •

مەحموودپاشا رۆژی راکردنی تەلغرافێکی نووسیبو بۆ براکانـــی لەسەر ئەو قەرارە کە دانابوو ، خۆم لە فکرم دێ‌و لەو وەقتەدا عومـــرم نۆ ساڵ بوو ، تەلغرافەکەیان هاورد ، بەگزادەکان لە ماڵی سلێمان‌بەگـــی مامەم گردبوونەوە ، نەیان‌هێشت کەس لە پشتماڵەو جاف بچێتە ناویـان ، سێ سەعات زیاتر موذاکەرەیان دەوامی کرد • من هەر ئەوەندەم لێ حاڵیی بوو فەتاح‌بەگی باوکم ئەو رۆژە سوار بوو ، رۆیی ، نەمئەزانی بۆ کـوێ ئەچێ ، حەتتا لە ماڵیشەوە ئەهلی ماڵ نەیان‌ئەزانی بۆ کوێ چوە !

بەلەشکرەوە ئەچێتە بیجاڕ. ماڵی عەلیڕەزاخانی حاکمی بیجاڕو. عەلیڕەزاخان دۆستیو یەکجیهەتیی لە تەك طایفەی ئێمەدا زۆری[١٦] بوو. فەتاحبەک قسەکەی لە تەکدا ئەکاتەوە، وە عەلی ڕەزاخان ئەڵێ بە فەتاح بەک هەرچلۆن تۆ برابچووکی مەحموودپاشای منیش هەروامە. ئەمما بەم لەشکرەوە ڕۆیینی تۆ بۆ ڕەشت کە سەرحەدی ئێرانو حودوودی رووسە. ئەمە زۆر بێموناسەبەتە. من تەدبیرێکی چاکترت بۆ ئەکەم. تۆ لازمە تەبدیلی قیافەت بکەی، سوارێکی منو سوارێکی خۆت، ئەوانیش بە تەبدیلی قیافەت لە تەك تۆدا بێن، سوارەکەی من بۆ شارەزایی ڕێگەو. سوارەکەی خۆشت بۆ خزمەتی خۆتو، قیسمێ لە لەشکرەکە بگەڕێتەوە. پەنجا سوارێکی لێرە بمێنن تا مەحموودپاشا (ان شاء الله) ئەگاتە ئێرە. دەستێ لیباسی (میرپنجی) خۆی بۆ فەتاح بەگو دوو دەست لیباسی سەربازی ئێران بۆ پیاوەکان ئەیانداتێ. لە بیجاڕەوە بە ڕێگەی طارمو خاڵخاڵدا ئەچن بۆ ڕەشت.

کە وەقتێ فەتاحبەگ ئەگاتە ڕەشت ئەچێتە ماڵی ئەو ڕۆستەمبەگە. لەوێ خەبەری لێئەپرسێ، ناوی مەحموودپاشا نابا، ناوی ئەو پیاوە ئەبا کە لە تەك مەحموودپاشادا ئەبێ، وەکوو مەلا محەمەدی سنەیی بێ، چونکە ئەو مەلامحەمەدە سنەیی‌یە ئەبێ بە واسیطەی دۆزینەوەی ئەو ڕۆستەم بەگە بۆ مەحموودپاشا. ڕۆستەمبەگ ئەڵێ: ئەم بەیانیە سەعات چوار مەلامحەمەد خۆیو پیاوێك لێرە حەرەکەتیان کرد بۆ طەرەفی سنە، ئێستەو هان لە چوارشەمەبازاڕ، کە پێنج ساعات لێرەوە دوورە. هەر ئەو شەوە فەتاحبەگ دێتەوە چوارشەمە بازاڕ، ئەمما ناچێتە ئەو کاروانسەرایە کە مەحموودپاشای تێدا ئەبێ، نەوەك مەحموودپاشا لە خەو هەڵبسێو بکەوێتە غایلەوە، ئەچێ لە کاروانسەرایەکی ترا دائەبەزێ، بەیانیی زوو

---

(١٩) ئەمەیش ئەگەر (ئێمەدا زۆر بوو) بێ باشترە.

ئەچێ بۆ لای مەحموودپاشا ، مەحموودپاشا سەعاتێ لەشەو ئەمێنێ سوار ئەبێ ئەڕوات • فەتاح بەگ خۆیو رەفیقەکانی بە غار ئەڕۆن بەشوینیدا ، لە رێگە ئەیگەنێ •

وەقتێ تووشی ئەبێ مەحموودپاشا دائەبەزێ خەبەری براکانیو باقیی بەگزادە ئەپرسێ ، بۆ مردنی حەسەن بەگو قادربەگی برای زۆر موتەئەثیر ئەبێ ، چونکە لە تەئریخی هەزارو سێصەدو هەشتی هیجریدا ئەو دوو کوڕەی محەمەدپاشا ، لە بەینی پانزە شەوا ، بە عیللەتی چاوەقوولە مردن • لەو تەئریخەدا مەحموودپاشا لە ئەستەموول ئەبێ • ئەگەر چی زۆر تەلغرافیان بۆ نووسیبو ، کە چاوی ئەکەوێ بە فەتاح بەگی برای طەبیعیی بە تازەیی موتەئەثیر ئەبێ • فەتاح بەگ زۆر دڵخۆشیی ئەداتەوەو ، هەر لەو جێگادا مەحموودپاشا تەبدیلی قیافەتی خۆی ئەکا ، لەبەر ئەمە کە لە خاکی رووسەوە هاتبوو لیباسی ئەهلی رووسی لەبەردا ئەبێ ، لیباسیان بۆ بردبوو ، هەم ماینو تفەنگیشی بۆ ئەبەن •

سوڵتان عەبدولحەمید کە خەبەر وەرئەگرێ تەلغراف بۆ (ناصرالدین) شا ئەنووسێ : مەحموودپاشا بەسەرخاکی رووسدا روو بە ئێران هاتوە،ئەبێ دەردەستی بکەی ، بۆم بنێری ، وە ئەو سوارانە کە لە تەك فەتاح بەگدا ئەچنە بیجاڕ• ئەم خەبەرە لە ئێرانا بلاوئەبێتەوە شاە ئەمر ئەدا بە عەلیڕەزاخانی حاکمی بیجاڕ لە باتیی ئەوە بیگرێ ئەڵێ : ئیحتیرامی بگرەو ئیستیقبالی بکە بەعەسکەرەوە • وەقتێ کە مەحموودپاشا ئەگاتە بیجاڕ عەلیڕەزاخان بەو فەوجە عەسکەرەوە کە لە بیجاڕا ئەبێ ئەچێ بە ئیستیقبالیەوە زۆر خدمەتی ئەکاو ، چوارشەو لە ماڵی عەلیڕەزاخان ئەمێنێ • وە لە بیجاڕەوە دوو سواریان ناردەوە بۆ ئەم خەبەرە •

لە شارەزوورەوە عومووومی بەگزادەو عومووومی لەشکری جاف لە تەك بەگزادەی هەورامیی لهۆندا نزیکی چوار هەزار سوار چوون بۆ

ئیستیقبالی . له پردی گاران لەشکرەکە بە عوموومی گەیشتن • پشتماڵەو جاف لە شارەزوور بوو • هاتنەوە •

حوکوومەتی تورك کەوتە پەلەپەل بۆ مەحموودپاشا • چوار رۆژ دوای هاتنی مەحموودپاشا دووهەزار عەسکەری پیادە هات بۆ ئەلەبجە • ئەو رۆژە عوموومی لەشکری جاف لە پشتماڵەدا بوو • عەبدوللاپاشا کە رەئیسی فیرقەی بارام‌بەگیی بوو لە بەگزادە ، سوار بوو بۆ سەر رێی عەسکەرەکە • مەحموودپاشایش حەزی ئەکرد بەو شەڕە • محەمەدعەلی‌بەگی برای مەحموودپاشا زۆر پەلەپەلی کرد بۆ مەنعی شەڕو باقیی براکانی تری ، وەکوو سلێمان‌بەگ‌و ، فەتاح‌بەگ طالیب بوون بۆ کردنی • محەمەدعەلی بەگ بە هەر نەوعێ بوو پەکی ئەو شەڕەی خست لەو رۆژەداو حەقانیەت ئیصابەتی کرد فیکرەکەی •

عەسکەرەکە بە سەلامەت چوونە ئەڵەبجە لای عوثمان‌پاشا ، لە پاش سێ‌وچوار رۆژ پشتماڵەو جاف باریان‌کردبۆ قەزای کفریی • وەقتێ کە ماڵ گەیشتە کانی‌چەقەڵ ، جێی زووسانەی بەگزادە ، سەیید عەبدولحەمید ناوێ لە طەرەفی پادشاوە هات بۆ لای مەحموود پاشا ئیقناعی بکا بچێ بۆ ئەستەمووڵ • مەحموودپاشا ئیمراری وەقتی ئەکرد تاکو محەمەدعەلی بەگی برای چوە بەغدا لای نەصرەت‌پاشا موشیر،کە نەصرەت‌پاشا شتێکی وا بکا کە مەحموودپاشا نەچێتەوە بۆ ئەستەمووڵ‌و پادشا عەفوی بکا • نەصرەت‌پاشا ئەڵێ بە محەمەدعەلی‌بەگ : لازمە مەحموودپاشا بێت بۆ لای من ئە بەغدا •

محەمەدعەلی‌بەگ لە بەغدا هاتەوە لە تەك مەحموودپاشادا موذاکەرەی کرد بۆ رۆیینی بەغدا • مەحموود پاشا لەسەر قەول‌و تەئمینی نەصرەت‌پاشا کە بە محەمەد عەلی‌بەگی برای دابوو چوو بۆ بەغدا • لە ماڵی نەصرەت‌پاشای

موشیر دائەبەزێ • نەصرەت‌پاشا تەلغراف ئەنووسێ بۆ ذاتی شاهانە ، جوابی تەلغرافەکە ئەداتـەوە : لازمـە مەحموودپاشـا بێتـەوە بـۆ ئەستـەمـوولْ نەصرەت‌پاشا دووبارە تەلغرافێکی زۆر باش بۆ نەچوونی ئەنووسـێ • دووبارە جواب‌ئەداتەوە : قابیل نیە ئەبێ بێ بـۆ ئەستەموولْ • سولْتـان عەبدولحەمید لەو راکردنی مەحموودپاشایە لە ئەستەموولْ زۆر عاجز ئەبێ •

مەحموودپاشا ئەڵێ : ئەڕۆمەوە بۆ ئەستەموولْ ئـەمما بـە ڕێگـەی موصڵدا ئەڕۆمو ، لە کفریوە ، چونکە پارەو ئەسبابم وا لە ماڵدا ، لەوێوە ئەنێرم بۆم بێتەکفریی • طابوورئاغاسی‌یەك لە تەك پانزە سوار ژانـدرمەدا بۆ ڕێك ئەخـەن لە تەکیا بن تـا موصڵ •

محەمەدعەلی بەگی برای سێ ڕۆژ بەر لە حەرەکەتی ئەو لە بەغدا روو بە پشت حەرەکەتی کرد • بە گەیشتنی ئەو ئەپشتماڵە عوموومی بەگزادە لە تەك لەشکری عەمەڵەو پشتماڵـەو شاتریـی‌داو لەشکـری گەلاڵـیی بـە عوموومیی هەزارو پێنجصەد سوار لە ڕۆژی گەیشتنـی مەحمـوودپاشا ئەقەرەتەپە بەم لەشکرە گەورەوە داخڵی قەرەتەپە ئەبن • نییەتی تالانکردنی قەرەتەپە ئەکەن ، مەحموودپاشا نایەڵێو طابوورئاغـاسیی ، کـە لە تـەك مەحموودپاشادا ئەبێ ، ئەچێتە لای مەحموودپاشـا ئـەڵێ : موحافەظـەی نامووسم بکە • مەحموودپاشا ئەو شەوە زۆر حورمەتی ئەگرێو ئینعامیشی لەگەڵا ئەکا •

بەیانیی لە قەرەتەپە بـەو لەشکـرەوە بەسـەر زەنگابـادو پـالانی‌دا بەڕاوکردن هاتەوە بۆ کانیی‌چەقەڵ • لە ناو پشتماڵەدا تاکو بەهار دانیشت• لە وەقتی بەهاردا کە عەشایر ئەگەڕاوە بۆ شارەزوورو کوێستان ، وە جاف لە دەوری سیارەو پشتماڵەکانیش لە زەماوەنگە بوون لە سلێمانیوە شێخ مارفی قازانقایە کاغەزێکی بە خەفیە بۆ مەحموودپاشا نـارد : کـە وا دوو

هەزار سوارەو چوار هەزار عەسکەری پیادە بۆت حەرەکەتی کرد • مەحموودپاشا کە ئەم خەبەرەی وەرگرد لە تەك فەتاحبەگدا لە ئاوی سیروان پەڕیوە ، چوە کەژی زمناکۆو عەشیرەتی یەزدان بەخشیی لە شەمیراندا لە تەك عەشرەتی تاوگۆزیدا بە عوموم چوونە ئەلای • فەتاحبەگ گەڕایەوە بۆ پشتماڵە • لەو عەسکەرە کە بە عوموم گەیشتن ، عوثمان پاشا کە لە ئەڵەبجە بوو بە عەجەلە کاغەزی بۆ براکانی نووسی کە : بە هیچ نەوعێ شەڕ لە تەك ئەم عەسکەرەدا نەکرێو نە خۆتانو نە بێڵن جاف تەعەڕوض بەم عەسکەرە نەکەن • ئیشی مەحموودپاشایش چاك ئەبێو، ئەم عەسکەریشە لە مەحموودپاشا زیاتر حەقی بەسەر کەسەوە نیە هەموو بەگزادە کەسی لە ماڵ دەرنەچوو ، عەسکەرەکە تا ئەلای پشتماڵە خەبەری مەحموودپاشایان پرسیی وتیان : چوە بۆ شارەزوور لە پاش شەوێ عوموومی روو بە شارەزوور گەڕاوە • وەقتێ کە ئەگەنە سەر سیروان لە طەرەفی شەمێراندا خەبەری مەحموودپاشا ئەزانن کە وا لە زمناکۆ نزیکی چل پەنجا کەڵەك ئەبەستن کە بپەڕنەوە • مەحموود پاشا کە ئەم خەبەرە ئەزانێ • لەبەر سەلامەتیی عەشیرەتی یەزدانبەخشیی بەخۆیو سی سوارۆ لە خواری عەسکەرەکەوە ، لە کۆتەرەڕەش لە سیروان ئەپەڕێتەوە • تەسکەرەیێ ئەنووسێ بۆ کەریمبەگی قایممەقام : ئەگەر ئێوە مەقصەدتان منە لەم پەڕینەوە من لە زمناکۆ نیم •

کەریمبەگی قایممەقام خەطەکەی مەحموودپاشا ئەناسێو بە دووربین، هەم فەرقی سوارەکان ئەکا بە خۆیو عوموومی ئێسرسوارەکەیەوە ئەکەوێتە شوێن مەحموودپاشا روو بە دەشتی شارەزوور مەحموودپاشا بەڵەدیی ئەبێ لە دەشتەکەداو ئەوان نابەڵەد ئەبن • عەسکەرەسوارەکە ئەخاتە چەمی ساردکەوە ، بە سێ سەعات لە قوڕ نەجاتیان نابێ ! تا ئەوان لە قوڕ نەجاتیان ئەبێ مەحموودپاشا ئەچێتە بانیبنۆك سەر کەژی هەورامان •

برزوبەگ ڕەئیسی هەورامانی تەخت بەچوارصەد تفەنگەوە ئەچێتە ئەلای عەسکەری تورك • مەعلوومە تەجاوزی حودوودی نەئەکرد ، شەش‌حەوت ڕۆژ لە شارەزووردا عەسکەرەکە ماوە • عومووی چوونە ئەڵەبجە •

مەحموودپاشا دووبارە گەڕاوە بۆ زمناکۆ • تا ئەمانە کرا عومومی جاف‌و بەگزادە گەیشتنە شارەزوور ، مەحموودپاشا لە زمناکۆوە تەلغرافێکی نارد بۆ سلێمانی نووسییان بۆ سوڵتان‌حەمید کە : من بە عەسکەر ناگیرێم• بەم شەرتە مەئمووری حوکوومەت لە تەکما نەبێ‌و ، لە هەموو شارێ بەسەربەستیی تیابم خۆم یەمەوە بۆ خدمەتت‌و ، سوڵتان عەبدولحەمید خان دووبارە مەرحەمەتی کردو تەلغرافەکەی قوبوول کردو ، ئەمری دا بەهاتنەوەی بەو نەوعە کە خۆی طەڵەبی کردبوو • عەسکەرەکەی ئەڵەبجە ڕۆییەوە بۆ سلێمانی‌و کەرکووك •

مەحموودپاشا هاتەوە ئەپشتماڵە ، خۆی‌و عەلی‌بەگی کوڕی ، ، کە لەو وەقتەدا عومری سێنگزە ساڵ بوو ، چوو بۆ ئەستەمووڵ • سوڵتان عەبدولحەمید ئەم موعامەلەیەیی نەخستە ئەڕووی • لە پاش ساڵێ مانەوەی لە ئەستەمووڵ ئیعادە مەرحەمەتێکی زۆری لە تەکدا کرد ، مەعاشی بۆ بڕیوەو ، پانگزە موقاطەعەی گەورەی لە قەزای کفریی‌و ، قەزای ئەڵەبجەو ، سلێمانی‌دا دایە بە پێنج هەزار لیرەو ، پارەکەیشی بە پێنج ساڵ بیداو ، لە پاش سێ ساڵ روخصەتی‌داو ناردیەوە ئەناو جاف‌و شارەزوورو کردی بە ڕەئیسی جاف •

لە ساڵی هەزارو سێصەدو دوانگزەی هیجری‌دا هاتەوە ئەشارەزوور ، تاکوو ساڵی هەزارو سێصەدو بیست‌و شەشی هیجریی لە کەماڵی تەرەقیی‌و دەستڕۆیین‌و نوفووزێکی زۆر لە ناو عەشایرا دەوامی کرد ، بە نەوعێکی وا لە ویلایەتی سنەو کرماشان‌دا زیاتر دەستی ئەڕۆیی تاکوو لە ناو جاف‌دا ! براکانی لەم بەینەدا هەموویان مردن‌و ، مەحموود

پاشا خۆیشی پیر بووبوو و ، تاقەتی بەعزێ موعامەلەی دنیـایی نەمابـووو ، حوکوومەتی تورکیش لە پاش ئیعلانی مەشـرووطییەت فکریـان گـۆڕا ، مەحموودپاشا دەرکەنارییو بێدەغلیی لە هەموو شت پێخۆشتر بوو •

لە سالی هەزارو نۆصەدو هەژدەی میلادیدا کە ئینگـلیس هاتــە کفرییو ، لیوای کەرکووكو ، سلێمانی سوقووطیکرد لەدەست تورك •• مەحموودپاشا بە خۆیو پشتمالەکەیەوە لە قەزای ئەلەبجە مانەوە • ئـەو سالە لە هاوینیدا نەچوونە قزلجەو ، خۆی بە زوستان ئەچوە نەرگسەجاڕو، بە هاوین لە شەمێران ئەما ، تا لە تەئریخی ۱۲۳۹ی هیجریدا لە ۱۵ی مانگی شەعباندا ، لە ڕۆژی چوارشەمەدا بە عومری حەفتاوهەشتەوە بەڕەحمەت چوو • لە سەر چەمی سیروان لە شەکمەیدانو لە جامیعی قزراباط ، کـە بناگە راوی خۆیەتیو ، مەوقووفەیەکی زۆری لە خانەقییو قـزراباط بـۆ داناوە کە سالی هـەزار لیرە واریـداتی ئـەبێ •• مەدفوونـە لە تـەك کەیخوسرەوبەگو ئەحمەد بەگ ، کە کوڕینیو ، محەمەدئەمینبەگ کـە کوڕی کەیخوسرەو بەگەو ، محەمەدبەگ ، کە کوڕی محەمەدعەلیبەگـی برایـەتـی •

مەحموودپاشا پیاوێکی زۆر صاحێب ئیحسان بوو ، ئەگەر چی بـۆ حسابی دنیایی قوصووری نەئەکرد ، طەرەفی خودایـی زۆر موحافەظــە ئەکردو ، زۆر صاحێبی نەقد بوو ، کوللی سالێ زەکاتی شەرعیی لەو پارە نەقدییەی دەرکردوە • وە کوللی سالێ فەرزی کردبوو لە سەر خۆی کە چل کەس بە پارەی خۆی بنێرێتە حیجازو ، ئەم موعامەلەی تا چوار سال بەر لە مردنی دەوامی کرد • هەروەکـوو مزگـەوتی قزرابـاطی دروستکردوە مزگەوتی دەکەو مەدرەسەی خانەقیی ئەوانیش لە بینای ئەون • وە لـە کانییچەقەلیشا زیاد لە بیناکانی محەمەدپاشای باوکی بینایـەکی گـەورەی کردوە •

فەصڵی دەهەم

بەحثی ریاسەتی عوثمانپاشایە :

لە پاش محەمەدپاشای باوکیان کە مەحموودپاشا لە ئەڵەبجە قایمەقام بوو ، عوثمان پاشا رەئیسی جاف بوو ئیدارەی بەدەست ئـەوەوە بـوو ، عوثمانپاشا زووتریش بەحثی کراوە لە وەضعییەتی مەحموودپاشادا •

لەعومری شانزەوە تا عومری گەیشتە شەصتو هەشتو بە ڕەحمەت چوو لە قایمەقامیی ئەڵەبجەو ریاسەتی جاف رۆژێ خاریج نەبوە ، مەگـەر ئەو چوار ساڵە نەبێ کە محەمەدپاشا لە خاکی ئێران بوە ، لەو وەقتەشدا لە ئێران حاکمی جوانڕۆ بوەو ، پیاوێکی زۆر مـەسعوودو صاحێـب نان بوەو ، زۆر صاحێبی نەقد بـوو ، ئاثارەکـانی کە ئیستـە لـە ئەڵەبجـەو پێنجوێندا ماون شاهیدن لە سەر پیاوەتیو ئیقتیداری •

فەصڵی یانزەهەم

بەحثی کوڕەزاکانی محەمەدپاشایە •

محەمەدپاشا ، وەکوو نووسیومانە ، حەوت کوڕی بوە : مەحموود پاشاو ، عوثمانپاشاو ، حەسەنبەگو ، سلێمانبەگو ، محەمەدعەلیبەگو ، قادربەگو ، فەتاحبەگ •

قادربەگ ئەولادی نەبوە •

مەحموودپاشا چوار کوڕی بوە : کەیخوسرەوبەگ • عـەلیبەگ • حسەینبەگ ، ئەحمەدبەگ • کەیخوسرەوبەگ ئیمڕۆ کوڕێکی لەحەیاتدایە کە ناوی عەبدوڵلابەگەو ، دوو کوڕی چاکی بوو لە حەیاتی خۆیدا مردنو ، عەلی بەگ تەنها کوڕێکی هەیە حەسەن بەگی ناوە ، خۆی وەفاتیکردوەو ، حسەینبەگ بەرحەیاتە، سێ کوڕی هەیە، گەورەیان ناوی عەبدوڵلابەگە(*)

(*) خوالێخۆشبوو عەبدوڵلابەگ ئەم کوڕانەی لێ بـەجێماوە : سیروان ، کیسرا ، سالار ، فریا ، کچێکیش بە ناوی ئاواز •

ئەحمەدبەگ وەفاتی کردوە ، کوڕێکی هەیە عومری دەساڵانە ، ناوی شەوکەت بەگەو(*) ، کەیخوسرەوبەگیش بەڕەحمەتچوە .

عوثمانپاشا پێنج کوڕی بوە : مەجیدبەگ ، طاهیربەگ ، محەمەدسەعیدبەگ ، عیزەتبەگ . ئەحمەدبەگ . مەجید بەگو ، طاهیربەگو ، محەمەدسەعیدبەگ بەڕەحمەتچوون . مەجیدبەگ تەنها کوڕێکی هەیە کە ناوی حەمیدبەگەو ، ئیستە فائیمەقامی چەمچەماڵەو ، حەمیدبەگ شەش کوڕی هەیە ، گەورەیان ناوی بورهانبەگە . طاهیربەگ تەنها کوڕێکی هەیە . ناوی مەسعوودبەگە . وەمحەمەدسەعیدبەگ تەنها کوڕێکی هەیە ناوی داودبەگە ، داودبەگیش کوڕێکی هەیە ناوی کەریمبەگە .

وە عیزەتبەگ بەرحەیاتە ، کوڕێکی هەیە ناوی عەلیبەگە ، ئەحمەدبەگیش،کە لە حەیاتدایە ، کوڕێکی هەیە ناوی ئەفراسیاوبەگە .

حەسەنبەگ ، کە بەڕەحمەتی خودا چوە ، کوڕێکی لە دوا بەجێماوەو ،ئیستە مودیری وارماوایە ، ناوی حسەینبەگە ، چوار کوڕی هەیە گەورەیان محەمەدبەگی ناوە .

سلێمانبەگ ، کە ئەویش بەڕەحمەتی خودا چوە ،پێنج کوڕی بوە : محەمەدڕەشیدبەگ . حەسەنبەگ ، حاجی ئیبراهیمبەگ عەبدولقادربەگو ،محەمەدبەگ ، محەمەدڕەشیدبەگ بەڕەحمەتی خوداچوە.یەك کوڕی هەیە ناوی عەلیبەگەو ، ئیستە لەسەر کۆکس دانیشتوە بەسەر مۆلکی خۆیەوە . حەسەنبەگیش بەڕەحمەتی خودا چوە . دوو کوڕی هەیە . محەمەدبەگو محەمەدڕەشیدبەگ ، هەردوکیان لە کۆکس بەسەر مولکی خۆیانەوە دانیشتوون .

(*) نەوەی شەوکەتبەگیش ئەمانەن : ئەندازیار سەرتیپ . دوو کچیش : پرشنگو ، شیرین .

حاجی ئیبراهیم‌بەگ بەرحەیاتە لە دەککە دانیشتوە ، کوڕێکی بچووکی هەیە ناوی عەبدولقادربەگەو ،ئیمرۆ لە عومومی بەگزادەی کەیخوسرەوبەگی بەساڵ گەورەترەو ، پیاویکی زۆر چاکو موەففەق لەسەر طاعەتە • عەبدولقادربەگیش بەرحەیاتە ، ئەویش لە دەککە بەسەر مۆلکی خۆیەوە دانیشتوەو ، محەمەدبەگ لە پێش ژنهێناندا بەڕەحمەت‌چوە •

محەمەدعەلی‌بەگ ، کە خۆی بەڕەحمەت چوە سێ کوڕی زۆر چاکی بوو لە پاش‌خۆی ،لە ظەرفی ساڵێکدا لە تەئریخی هەزارو نۆصەدو هەژدەی میلادی‌دا، جەمیل‌بەگو ئەدهەم بەگو محەمەدبەگ لە بەینی سێ‌مانگ‌دا ئەم سێ‌کوڕەی مردن •

جەمیل‌بەگ دوو کوڕی لە دوا بەجێ‌ماوە : جەماڵ‌بەگو ، ئەنوەربەگ •

ئەدهەم‌بەگ ئەولادی نەبوو •

محەمەدبەگ بەر لە ژنهێنان مردوەو ، ثەروەتێکی زۆر لە دوای محەمەدعەلی‌بەگ مایەوە • دووبەشی جەماڵ‌بەگ لەناوی داو ، بەشێکی بۆ ئەنوەربەگ ماوەتەوەو ، قادربەگ ـذاتاـ نووسیومانە بەبێ ئەولاد مردوە •

فەتاح‌بەگ کە بەڕەحمەت چوە لە تەئریخی هەزارو سێصەدو بیست‌وپێنجی هیجری‌دا شەش کوڕی لەدوا بەجێ‌ماوە : کەریم‌بەگ ، ڕەزابەگ ، محەمەدبەگ ، عەبدوڕەحمان بەگ(*)، ئەحمەدبەگ ، داود بەگو ، هەرشەشیان هان لە حەیات‌دا • کەریم‌بەگ دوو کوڕی هەیە : محەمەدئەمین‌بەگو ، مصطەفابەگ • وە ڕەزابەگ چوار کوڕی هەیە : خالیدو ، مەحموودو ، عەلیو ، جەمیل •

وە محەمەدبەگ کوڕێکی هەیە ناوی سەعیدبەگە •

(*) عەبدوڕەحمان‌بەگ ئەم کوڕانەی لێ بەجێ‌ماوە : خوالێخۆشبوو صەلاح ، د . عەلی جاف ، عوسمان ، حەسەن . سێ کچیش : پەریخان ، نازەنین، ئەختەر .

عەبدوڕەحمان بەگ و ئەحمەدبەگ ژنیان هاوردوە ئەمما کوڕیان نیە، داودبەگ ژنی نەهاوردوە .

بەگزادەی کەیخوسرەوبەگیی ، کە کوڕەزاو کوڕەزازای محەمەدپاشان ، ئەوانەیان کە ئیمڕۆ مەوجوودو بەرحەیاتن و لە قەضای ئەڵەبجەو ، لیوای سلێمانی و ، لیوای کەرکوکو ، قەزای خانەقیی دانیشتوون .. عیبارەتن لەمە کە لەسەرەوە نووسراوەو ، بەگزادەی بارام بەگیی پیاوی مەعلوومیان مصطەفابەگی عەبدوڵلاپاشاو ئەحمدبەگی محەمەدصالح بەگ ، کە ئیمڕۆ مەبعووثەو ، برایەکی هەیە ناوی عیززەت بەگەو ، عەلی بەگی رۆستەم بەگ و، تۆفیق بەگی قادربەگ لە تەك ئەمین بەگی برایا ... ئەمانە پیاوە مەعلوومەکانی بەگزادەی بارام بەگین .

وە بەگزادەی وەڵەدبەگیی مەعلوومەکانیان ، محەمەدسەعیدبەگ ، حەسەن بەگ ، عەلی بەگ ، ئەحمەدبەگی محەمەدبەگ و ، حسەین بەگی برای عەلی بەگە . وە نزیکی چل کەسێکی تر وەکوو کوڕو کوڕەزای یارئەحمەدبەگ و ، کوڕو کوڕەزای عەزیزبەگ ، حسەین بەگ و عەزیز بەگی حەبیب بەگ ، ئەمانە مەوجوودن ، هان لە ناو جاف و شارەزووردا لە قەزای ئەڵەبجە .

فەصلی دوانزەهەم

بەحثی ئادابی جاف بۆ بەگزادەو رەئیسیان و ، ئەمانە بە چەند تەکلیف موکەللەف بوون ، کەبیدەن بە رەئیسی خۆیان :

تەکلیفی ئەووەڵ :(خەرج) بوە . ئەم خەرجە عیبارەت بوە لەمە کوللی ماڵێ لە عەشیرەتی جاف ـ دانیشتوو و گەڕیاو ـ موکەللەف بوە لە بیست قرانەوە تا هەزار قران ، لە بیست قران کەمترو لە هەزار قران زیاتر نەبوە . ئەمە لە دەفتەرێکی ئەساسیی رەئیسانی جاف دا قەیدبوەو ، ئەمەیان داوە بە رەئیسی جاف . ئەم خەرجە بە صوورەتی قەطعیی نەفەوتاوە . ئەگەر

ماڵێکی جافی مورادیی چوویێتە خاکی ئێران ، چە لە قەصری شیرین‌و ، چە زەهاوو ، چە هۆرین‌و شێخان ، مەئموور چوە لێی‌سەندوەو ، لە هەر جێگەیەك لە لیوای سلێمانی‌و لیوای کەرکووك ناو هەر عەشیرەتێ چووبن لێیان سەندوون • ئەگەر صاحێب‌ماڵێ بمردایە بە ئیرثیی ئەو خەرجە ئەهاتە سەر کوڕی بۆ گم‌نەبوونی ماڵی جاف‌و تەحصیلکردنی ئەم خەرجە ، چە بۆ گەڕیاو وە چە بۆ دانیشتوو ، نزیکی سی‌کەس مەعلووم کرابوو پێیان‌ئەوت: (سوریاش) ئەمانە خۆیان‌و باوك‌و باپیریان وەظیفەیان بوو ماڵیان لە ناو جاف‌دا بوو ، لە وەقتی پایز ، کە خەرج ئەسێنرا ، حازرئەبوون‌و لە تەك کوڕەبەگزادەی جاف‌و سوارەی پشتماڵەدا تاقم‌ـتاقم ئەچوون بۆ خەرج‌سەندن •

لە فیرقەکانی جاف نزیکی هەشت نۆ کەس نەبێ ، کە محەمەد پاشا لەخەرج عەفووی کردبوو ، ئەوانیش موکەللەف بوون بەو خەرجە بیدەن ، سوارەی خوصووصیی عەمەڵەو ، پشتماڵەو ، صەدانیی‌و ، بەداخیی ، ئەمانە خاریج بوون لە خەرج • جاف مەگەر رەئیسی فیرقەی صەداقەت وە خزمەتێکی زۆر چە لە قەدیم کرابێ یا تازە ، ئەو رەئیسی فیرقە کردبێتی بە رەئیسی عموومیی ئەو رەئیسی فیرقە لە خەرج عەفوکراوە • ئەم خەرجە بۆ رەئیس‌و بەگزادە ، لە گەڕیاوو دانیشتوو ، عموومی ساڵی دوانزە هەزار لیرەی عوثمانیی زیاتر بوو •

تەکلیفی دوەم : ئەمە بوە پێیان وتوە (سوورانە) ئەمە رەئیسی عموووم نەی‌سەندوە ، حەواڵەی سوارەی پشتماڵە بوە ، هەرکەس لە گەڕیاوو دانیشتوو ، ژنێکی لە ناو خۆی‌دا یا بە غەیری جاف بەشوو درابێ ، ئەگەر دەوڵەمەند بوایە ماینێ یا هێسرێ یا تفەنگێ ، لە تفەنگی ئەو وەقتەو ، ئەگەر وەسەط بوایە گایەکی چاك‌و ، ئەگەر فەقیر بوایە بیست قرانی داوە • وە

ئەگەر پیاوێ لە جاف ژنێکی لە غەیری جاف بخواستایە سوورانەیان لێ نەئەسەندن •

تەکلیفی سێیەم : ئەمە بوە ئەگەر پیاوێکی جاف بکوژرایە لە ناو خۆی‌دا هەزار قران ، کە خوێنی جاری‌یەی عەشایرە ، سێصەد قران لەو پارەیە عایدی رەئیس بوە • ئەمما رەئیس نەیخواردوە عایدی سوارەی خوصووصیی بوە • ئەم خوێنە خوێنی پیاوی وەسەطی جاف بوە • ئەگەر رەئیسی فیرقەیێ خۆی یا کوڕی یا برای بکوژرایە تا صەد لیرەو ماینو تفەنگیش لەگەڵ ژنێکا کە بۆ واریثی کوژراو مارە بکرێ •• لە طەرەفی قاتیلەوە دراوە • ئەمما بە ئەغلەب لەبەینا لەسەر ئەو خوێنە شەڕ واقیع بوە • رەئیس بە تەلاشێکی زۆر موصالەحەی پێ‌کردوون •

تەکلیفی سێیەم : پێنجیەکی حوقووق بوە ، یەعنی ئەگەر کەسێ لە جاف شکاتی بکردایە لە یەکێکی تر بۆ صەد قران یا هەزار قران ، تا هەرچەند سوارەی خوصووصیی رەئیس ئەڕۆیی ، ئەوپارەیەی لە داوالێکراو ئەسەند بۆ داواکەر ،پێنجیەکی ئەو پارەیە حەقی سوارە بوەو ، ئەم پارەیە بێ‌سوئالو جواب نەئەسێنرا • قازیی لای رەئیس بوە ، موافیقی شەرع تەحصیل‌کراوە • ئەم هەموو سوارەی خوصووصی‌یە دایما خالیی نەبوە ، هیچ وەقتێ نەبوە دووصەد کەس شکاتکەر نەبێ ، دایما لە هاتوچۆدا بوونو ،کوللی سالێ حەوت هەزار لباد لە جاف سەنراوە ، وە هەشت هەزار حۆقەی سلێمانیی رۆن دراوە بە رەئیسی عومووەو ئەو بەگزادانەی کە صاحێب ئێل بوون • تەکلیفی رۆنانەو لبادانە تا تەئریخی هەزارو دووصەدو نەوەدو پێنجی هیجریی دەوامی‌کرد •

وە رەسمی جەزاش بۆ رەئیس بوە • حەتتا خۆم لە فکرم دێ ، وە گەورە بووم ، عەشیرەتی تەرخانیی لە تەك روغزانی‌دا شەڕیان بوو ،

چوارپێنج کەس لە بەینا کوژرابوو ، بێخەبەری مەحموودپاشا موصالەحەیان کرد • مەحموودپاشا لەمە عاجز بوو • تەرخانیی جەریمە کرد ، سیصەد گاجووتو ، پەنجا ماینو ، پەنجا تفەنگی جەزا لێسەندن لە تەئریخی هەزارو دووصەدو پێنجی هیجریدا ، وەکوو نووسراوە ، بەگزادەکان ، چونکە بە عوموومی بوون بە صاحێبی موڵكو طاپۆیەکی زۆر ، رەسمی رۆنانەو لبادیان لەسەر عەشرەتەکە لابرد • ئەمما خەرجو سوورانەو جەزاو پێنجیەکی حوقووق تا تەئریخی هەزارو سێصەدو بیستوشەشی هیجریی دەوامیکرد •

لە دوای ئینقیلابی عوثمانیی خەرج نەما ، جاف موکەللەف بوون بە ئەغنامیو نەقدییو ، رەسمی پێنجیەکی حوقووقی شەخصیی لە زەمانی ریاسەتی منیشدا بۆ سوارە مابوو •

ئادابی جاف بۆ گەورەی خۆی لە گەڵ عەشیرەت چاکترە • ئەدەبیان دەرحەق بە گەورە زۆرە ، لە عوموومی جاف بیستو پێنج کەس حەقی دانیشتنی مەجلیسی رەئیسو بەعزێ لە بەگزادەی هەیە و ، عەشیرەتی تر بۆ گەورەیان وا نین • عوموومیان وەکوو یەك فەرقیان نیە •

رەئیسی ئاخریان کە خۆم بوومو لە تەئریخی نۆصەدو نۆزدەی میلادیدا بە ئەمرو تەشکیلاتی حوکوومەتی ئینگلیس بووم بە رەئیسی عوموومی جاف ، وە ئەو تەشکیلاتە تا هەزارو نۆصەدو بیستو پێنجی میلادیی دەوامی کردو ئیدارەم کردنو لەو تەئریخەوە تەشکیلاتەکە نەما • ئومێد ئەکەم کە دواکەوتوانم تەرزی ئیدارەم داخلی صەحیفەی ئەم تەئریخە بکەنو ، ئومێدەکەم لە حەق لانەدەن ، چونکە زەمانی من زەمانی محەمەد پاشاو مەحموودپاشا نەبوو •

فەصڵی سیانزەهەم

بەحثی ئەو شەڕانەی جافەیە کە لەناو خۆیداو لە تەك غەیری جافا بوویانە :

لە تەئریخی هەزارو سێصەدو یەکی هیجری‌دا عەشیرەتی شاتریی‌و هاروونیی‌و کەماڵەیی‌و صەدانیی بە عوموم دەرحەقی ڕۆغزادیی‌و تەرخانیی لە مەریوان‌دا ئیتتیفاقیان‌کرد لە ناحیەی پێنجوین ، وەقتی پایز کە بۆ شارەزوور ئەهاتن ، چوون بە گژ تەرخانیی‌و ڕۆغزادی‌یا لە قەڵای خاو ، کە سێ سەعات لە پێنجوێنەوە دوورەو خاکی ئێرانە ، شەڕێکی زۆر خراپ‌و گەورەیان بوو ، لەو شەڕەدا صەدو پەنجا کەس لە شاتریی‌و باقیی فیرقەکانی تر کوژران ، ڕۆغزادیی‌و تەرخانیی مووەفەق هاتن نزیکی پانزە کەسیان لێ کوژرا • ئەم شەڕە لە ناو جاف مەشهوورە بە (شەڕی‌قەڵای خاو) •

ئەم شەڕو دوشمنایەتی‌یە دەوامی کرد تاکوو هەزارو سێصەدو دووی هیجریی ،لە وەقتی زوستان‌دا ،لە قەزای کفریی ئەم دەفعەیە غەیرەز میکایەڵیی‌و عەمەڵەو پشتماڵە باقیی تری جافی قەزای کفریی لە تەك شاتریی‌دا لەشکریان ڕاکێشا بۆ سەر ڕۆغزادیی‌و تەرخانیی لە گامەخەڵا ، کە مەوقیعێکە لە کەوەڕێ ، بوو بە شەڕیان • چل کەسی تر لە لەشکری باقیی جاف کوژرا ، وە ئەم دەفعەیەش موەفەقی لە طەرەفی ڕۆغزادیی‌و تەرخانیوە بوو ، وە لە ڕۆغزادیی دە کەس کوژرا ، ئەمما پیاوی گەورەو ناوداریان • ئەم شەڕی دوەمە پێی ئەڵێن (شەڕی گامەخەڵ) •

شەڕی سێیەمیان لە شارەزوور بوو ، لە تەئریخی هەزارو سێصەدو نۆی هیجری‌دا لە پاش ئەم دوو شەڕە مەحموودپاشا موصالەحەی کردن‌و لە عەینی تەئریخی هەزارو سێصەدو نۆی هیجریدا تەرخانیی لە تەك ڕۆغزادی‌دا شەڕێکیان بوو پێنج شەش

کەس لە بەینیانا کوژرا • تەرخانیی لە ڕۆغزادیی جیابوونەوە ، لە تەك شاتریی‌و باقیی جافدا بوون بەیەك ، وە چوونە سەر رۆغزادیی رۆغزادی‌یان تالآن‌کرد • ئەمما کوژراو لە طەرەفەین سێ چوار کەس بوو • ئەم شەڕیشە پێی‌ئەڵێن (شەڕی داری‌قەلان) • لە پاش ئەم شەڕە شەڕی ناودارو مەعلووم نەبوە • تەرخانیی‌و رۆغزادیی بوونەوە بەیەك‌و موصالەحەیان کردو، شەڕنەمان تاکوو ئیمڕۆ دەوام ئەکات •

وە تەرخانیی‌و رۆغزادیی هەم لە تەك داودەدا حەوت شەڕیان بووە ئەووەڵ‌و ئاخر لە داودە صەدوپەنجا کەس کوژراو لە روغزادیی‌و تەرخانیی سی کەس کوژرا ، تا تەئریخی هەزارو سێصەدو سی هیجریی دوشمنایەتی‌یان دەوامی کرد ، ئیستە دۆستن • لە حەق لائادەم داودە عەشیرەتێکی زۆر ئازاو بە ئیقدامن‌و ، لەشەڕدا کۆڵ نادەن‌و موقابەلەی رۆغزادیی‌و تەرخانی‌یان ئەکرد •

وە لە زەمانی ریاسەتی محەمەدپاشادا لە تەك هەورامانی تەختدا جاف شەڕی بوە • مەنشەئی ئەم شەڕە ئەمە بوە : بەگزادەیەکی وەڵەدبەگیی لە طەرەفی حەیدەربەگی باپیری مەحموودخانی مەریوانەوە ئەکوژرێ • حەیدەربەگ رائەکا بۆ ناو هەورامیی • عوموومی جاف لەشکر ئەبەنە سەر هەورامان‌و نزیکی صەد کەس لە هەورامیی ئەکوژن‌و ئەحمەد بەگی باسام‌بەگ کە رەئیسی هەورامی ئەبێ ئەکوژرێ • وە ئەم شەڕە مەشهوورە بە (شەڕی چەمی شامیان)و ، لە تەئریخی هەورامی‌دا موفەصەلەن ئەم شەڕە نووسراوە ، چونکە لە حەوتصەدساڵ لەمەوبەرەوە هەورامی‌یەکان تەئریخێکی خوصووصیی خۆیان هەیەو ، ئیمڕۆش باقییە ، وە لە هەورامانی تەختە کە پێی ئەڵێن (پیرڕۆستەم) •

لەم نەوعانە زۆرە بینووسم لەبەر توولپێدان صەرفی نەظەرم لێ‌کردن‌و خاتیمەم بەم تەئریخەدا •

وصلی الله علی سیدنا محمد واله وصحبه وسلم تسلیما کثیرا

ئەگەرچی خاتیمەم بە تەئریخەکە داوە ئەمما کە بیرم کردەوە لە جافی ئیرانو جافی عیراق پێنج طایفەم داخل نەکردوەو ، چوار طایفەیان داخلی خاکی ئێرانەو ، یەکێکیان داخلی عێراقەو لە ژێرەوە عەدەدی ماڵ . عەدەدی سوارەو پیادەیان لەگەڵ ئیسمی گەورەی طیفەکەیانو ، جێگەی زووسانو هاوینیان موافیقی ئەم جەدوەلە یە[٢٠] .

جێگەی هاوین	جێگەی زستان	ئیسمی گەورە	عەدەدی پیادە	عەدەدی سوارە	عەدەدی ماڵ	ئیسمی طایفە
نیشتی دەشتی کرن	زەهاو	وەیس مراد	١٠٠	١٠٠	٤٠٠	گرێ کوڕپلی و وردە گرێ کوڕپلی
نەی لەك	زەهاو	سامراد سرلك	١٥٠	٦٠	٣٠٠	قەڵمان چەك
هەفتەکانی و گلە زەرد	تەنگی حەمام	کەریمی مرادخان	٤٠	٩٠	١٠٠	نەی لەکی لە جافی عێراق دانیشتوون
		کوێخا حەمە ئەمین و کوێخا عیدی و جاسم و سایرە	٨٠٠	٣٠٠	٢٠٠٠	جافی ڕەشکە لە سوورطاش و سیدەر و شارستێن و ئەو ناوە دانیشتوون

(٢٠) بە داخەوە ئەم لا پەڕەی دوایی‌یە دڕاوە و بەشێکی لیستەکە تێدا چوە ، بۆیە وەك سەرەوە پە نیوەچڵیی نووسرا .

پاشبەند

بەشی زۆری فۆرمەکانی ئەم کتێبە چاپ بووبوو ئەم هەواڵەم لە ژمارە (٣٣٧)ی (١٠)ی مانگی سەفەری ١٢٩٠ی‌ك [٩/٤/١٨٧٣ی‌ز]ی رۆژ نامەی (زەورا)دا دی دەربارەی کۆچی حەمەپاشای جاف بۆ ئێران‌و ، دەستێوەردانی حوکوومەتی عوثمانیی لە کاروباری تیرەکانی جافدا بۆ قازانجی خۆی ، جێگەی سوودو بایەخە، بۆیە لێرەدا بەکوردیی دەیخەینە روو .

ح ، ج

بەرگوێمان کەوتووە کەوا سەرەکەکانی هەردوو تیرەی (شاتری)و (هاروونی) لە هۆزی جاف هاتوون بۆ مەڵبەندەکانی حوکوومەت بۆ سوپاسگوزاریی تایبەتی بەرانبەر بەو یارمەتی‌و هەڵوێردنەی لە چاکەی شاهانەوە پێ‌یان‌گەیشتووەو ، بینا لەسەر ئەوەی کە داوایان کردووە کە لەمەولا ڕاستەوخۆ موراجەعەت بە حوکوومەت ئەکەن‌و با لەمەولا مامەڵە لەگەڵ **ئەوانیش وەك مامەڵەی هەموو ڕەعیەتی‌تر بێ** ، ئەم داوایەیان لەم‌بارەوە پەسەند کراوە . جا بۆئەوەی کاروباری ئەم دوو تیرەیەو دەربڕینی خوسووسیەتی خۆیان‌و کۆکردنەوەی زەکاتی ئاژەڵیان بەئاگاداریی موتەسەڕیف‌و قایمقامەکانی ئەو شوێنانە بێ کە ئەمانەیان لێن ، فەرمانی پێویست نووسراوە بۆ موتەسەڕیفیەتی شارەزوورو سلێمانی‌و ، فەرمانیش درا بە سەرەکەکانی هەردوو تیرەو زانی‌یان کە شاهی مەزن چ یارمەتی‌و چاودێری‌یەکی کردوون‌و سوپاسی ئەم مامەڵەو بانگ‌کرانەیان کرد کە ڕاستەوخۆ موراجەعەتی حوکوومەت بکەن‌و مامەڵەیان وەك خەڵکی‌تر لەگەڵ بکرێ . لەکاتێکدا کە زەوی‌وزار بۆ نیشتەجێکردنی جاف بەخۆڕایی دەدرا ، سەرەکەکانی ئەم دوو تیرەیە گفتیاندا کە لە بەرانبەری ئەو زەوی‌وزارەدا پێ‌یان ئەسپێررێ ، شتێ بە گەنجینەی دەوڵەت پێشکەش بکەن . ئەم حاڵەتانە بەشێکن لە نیشانەی دیارو ئاشکرای دادپەروەریی پیرۆزی شاهانە کە هەموو ڕەعیەت‌و خەڵکی خوای گرتۆتەوە . کاربەدەستی تایبەتی‌یش دانرا بۆ پێشاندانی ئەو شوێنانەی پێویستن بۆ کشتوکاڵ تێدا کردنی ئەم ناوبراوانەو لە چوارچێوی دانی سەنەدی تاپۆدا بە هەرکەس بە ناوی خۆیەوە .

ناوەرۆك

بابەت	لاپەڕە
سەرەتایەك	٥
لێکۆڵینەوەیەکی (تەئریخی جاف)	١٢
لە بارەی وشەی جافەوە	١٧
ئەو ناوچانەی کە هۆزی جاڤیان تێدا نیشتەجێیە	٢٣
هۆزی جاف لە مێژوودا	٢٤
نەخشی هۆزی جاف‌لەسایەی چەند سەرۆکێکیەوە	٢٩
لە مێژووی کورددا	
کەریم بەگی جاف	٩٢
حەمە بەگی فەتاح بەگی خەمەپاشای جاف	١٠٠
داود بەگی جاف	١٠٧
تەئریخی جاف	١١٣
فەصڵی ئەوەڵ	١١٤
فەصڵی دوەم	١١٥
فەصڵی سێیەم	١٣٢
فەصڵی چوارەم	١٣٧
فەصڵی پێنجەم	١٣٩
فەصڵی شەشەم	١٤٤
فەصڵی حەوتەم	١٤٩
فەصڵی هەشتەم	١٥٤
فەصڵی نۆهەم	١٧٦
فەصڵی دەهەم	١٨٧
فەصڵی یانزەهەم	١٨٧
فەصڵی دوانزەهەم	١٩٠
فەصڵی سیانزەهەم	١٩٤

رقم الایداع في دار الکتب والوثائق

ببغداد ٢٩٤ لسنة ١٩٩٥